# کتێبی
# دنیای ئەدەب

ژمارە ( 2 ) ساڵی 2026

کتێبێکی ئەدەبیی نیمچە ساڵانەیە لەلایەن ماڵی ڕۆشنگەریی کەمال سەعدی بە زمانی کوردی دەردەچێت

ماڵی ڕۆشنگەریی
کەمال سەعدی
2025

خاوەنی ئیمتیاز
پ.د.کمال سعدی مصطفی

سەرنووسەر
فەرەیدوون سامان

بەڕێوەبەری نووسین
بلند باجەلان

سەرپەرشتیاری گشتی
د. چیایی کەمال سەعدی

تیراژ 500 دانە
چاپ: چاپخانەی هێڤی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1001) ساڵی 2025 پێدراوە

**litreature.book@gmail.com**

## لەم ژمارەیەدا


بۆچی ئەم ژمارەیەی دنیای ئەدەب ..........................سەرنووسەر .......................... ٣

دەق و ڕەخنە

بە پارچەبوون و دواخستنی گێڕانەوە، لەچیرۆکێکی گابریێل گارسیا مارکێزدا.. تەها ئەحمەد ڕەسووڵ.٥

گوزارشتکردن لە خود و ئازارەکانی لای (نیتشە)............. بڵند باجەلان.......................١٩

ڕوانینی سارتەر بۆ مردنی خودا لای فریدیش نیچە........... دڵشاد کاوانی.........................٣٣

زیندووکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی لەڕێگەی ڕۆمانی بایۆگرافییەوە.. د.دیلان سەلام حەمەفەرج.٤٠

فانتازیای کافکا لە ڕاهێزانی دەریاچەی «س»دا.............. عەلی شێخ عومەر........................٦٤

تەلارسازیی شار: ئاوێنەگەلێک لە جەستەکان ............... هەندرێن.............................٨١

شرۆڤەی لایەنی جوانیناسیی زمانی و هزریی موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا.. جەعفەر قارەمانی........٩٣

جیهانبینی حاجی قادری کۆیی لە بەیتە شیعرێکی بەناوبانگیدا.. د. ئیدریس عەبدوڵڵا......... ١١٣

خوێندنەوەیەک بۆ کۆشیعری ستایشەکانی عیشق............ شوان عوسمان..........................١١٨

کتێبی (“خەیاڵی زانستیی منداڵان” لە ئەدەبی کوردیدا).... خوێندنەوەی: دنیای ئەدەب.........١٢٢

ئەزموون

ڕووبارێک نووسین و تەمەنێک ئازار.................... ئەمین گەردیگلانی......................١٢٦

شیعر بۆ من چییە؟........................... ڤینۆس فایەق...............................١٤١

ئەو شوێنەی چیرۆک لێی ناوەستێت ...................... جەلال بەرزنجی.........................١٤٦

ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری.............................. ڕابــەرئەحمەد جۆلەمێرگی..................١٥٤

زانین و بەرژەوەندی.............................. ڕانانی: فەرەیدوون سامان.............. ١٧٢

ئەدەب

چیرۆکی ڕمووده بوونی ڕۆح........................ ئەمین گەردیگلانی........................ ١٧٧

هەمیشە خوداوەندێک هەیە میهرەبانتر................... ڤینۆس فایەق..............................١٧٩

ژینا............................................ سەروین دەروێش.........................١٨١

تەنیایی........................................ تەیب قادر................................١٨٢

ئاوێنە و یادەکان.................................. شنیا عەبدولمەجید...........................١٨٧

ئارام محەمەد: ڕۆمان لەناو ئازادییەکی بێ سنووری تاکدا گەشە دەکات.. دیمانە: بابانی شەن...١٨٩

بەشدار سامی شاعیر و فۆتۆگرافەر ................................................... ٢٠١

سەرمای سەر شۆستەکان....................................................................٢٠٢

گەردەن زەردێ...........................................................................٢٠٥

پرسەنامەیەک لە ناوەندی ((پێنی کورد))ـەوە بۆ کۆچی شاعیر و فۆتۆگرافەر (بەشدار سامی).... ٢٠٧

ڕوون کردنەوە................................................................... ٢٠٨

وتەی ژمارە

# بۆچی ئەم ژمارەیەی دنیای ئەدەب

**سەرنووسەر**

دوای ئەوەی ژمارە یەکی کتێبیی دنیای ئەدەب دەرچوو، خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە وماڵی ڕۆشنگەریی بەڕێز د.کەمال سەعدی منی ڕاسپارد، سەرپەرشتی ژمارە دووی کتێبەکە بکەم، نایشارمەوە من سەرباری سەرقاڵیم بە گۆڤارەکەی خۆم(گۆڤاری زمانناسی زمان و زار) چەند تێبینییەکم خستە بەر چاوی بەڕێزیان، لەوانەش هەوڵ بدەین گۆڤارەکە پتر ببێتە کتێبێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، کە لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانی کوردیدا زۆرتر گۆڤارەکانمان بایەخ بە ڕۆشنبیری گشتی و کەلتوری دەدەن و کەمتریش تایبەتمەندن بە ژانرێکی ئەدەبی وەک شیعر و چیرۆک ن ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، ڕاستە لە ساڵانی ڕابردوو لەو بوارەدا هەوڵی جون و ناوازە هەبووە، وەلێ مخابن بەردەوام نەبوونی ئەو ئەزموونە وای کردووە کە خوێنەران لە شۆپاندنی ئەو مژارە سارد ببنەوە، دیارە لە نێوان گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و ڕەوتی بەردەوامی میدیاشدا، وێڕای ئەوەی خوێنەری جددی کە روئیایەکی شرۆڤەکارانەی بۆ خوێندنەوە مژاری ئەدەبی هەیە، بەڵام خوێنەری بنکۆڵکار کە خوێنەرێکی نائاسایی نییە و کاتێکی وای نییە بەشێکی کەمی بابەتی چاپکراو بخوێنێتەوە، جا چ لە گۆڤاری چاپکراو یان لە ماڵپەڕەکاندا، لەوانەش پلاتفۆرمی سۆشیالمیدیا لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، تەنانەت ئەدیب و نووسەران، ئەوانەش پسپۆڕی ڕاگەیاندنن، چ جای خوێنەری ئاسایی، ئیتر وەک پێش سەردەمی دیجیتاڵی بڵاوکراوەکە لە بەرگەوە بۆ بەرگ ناخوێنێتەوە، بەڵکو لاپەڕەکان دەخوێننەوە، تەنیا چاوی سەردێڕێک دەگرێت کە سەرنجڕاکێشە،

یان تەنانەت ورووژێنەرە، سەردێڕێک کە لەگەڵ پاشخانی کەلتووری و تێڕوانینە هزری و سەلیقەی ئەدەبییەکانیاندا هاوتەریب بێت، هەر بۆیەش خوێنەر بڕیاردەدات کام بابەت شایەنی خوێندنەوەیە، ئەوەی لەگەڵ هزر و ز مەزاجی خۆیاندا دەگونجێت هەڵیدەبژێرن و باقییەکەی پشتگوێ دەخەن. لەو سۆنگەیە هەبوونی بڵاوکراوەی پسپۆڕ و تایبەتمەند زەرووتێکی سەردەکەو ئەو ئەزموونەش لای گەلانی دراوسێ بە زەقی دێتە بەرچاو و لای ئێمەی کوردیش کەمتر.

بۆ نموونە ئەنجامەکانی ڕاپرسییە ڕۆژنامەوانییەکان کە لەلایەن چەند ناوەندێکی توێژینەوەی میدیایی لە سەرانسەری جیهاندا ئەنجامدراون، ئاماژە بەوە دەکەن کە خوێنەرێکی ئاسایی لە هەر پێنج بابەتێک تەنها یەک بابەت دەخوێنێتەوە و بەسەر مانشێتەکانی ئەوانی دیکەدا دەخوێنێتەوە، ئەمەش تەنها بەهۆی کەمی کات یان کەمی حەزەوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە مانشێتەکان خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکە بێ هیوا دەکەن. یان لاواز یان بێزارکەر دەردەکەون، بە تایبەت لەو ماڵپەڕانەی کە لاپەڕەکانی سەرەکی تەنها ناونیشانی بابەتەکان یان چەند ڕستەیەکی سەرەتایی پیشان دەدەن، ئەمەشیان پێویستە خوێنەران کلیک لەسەر سەردێڕەکە بکەن بۆ دەستگەیشتن بە دەقی تەواو لە لاپەڕەیەکی نوێدا، ناونیشان ڕووی بابەتەکە و پێشەکییەکەی و کلیلی کردنەوەی دەقەکەیە، قسە و دەستەواژەکانی ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا دەکەن، بۆیە ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە بڵاوکراوە تایبەتمەندە بریتییە لە ڕاکێشانی خوێنەر و پاڵنەر بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان، کە زۆرجاریش دەبن بە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بۆ تێزنی نامەکانی خوێندنی باڵا، بەم شێوەیە سەرکەوتنی هەر بابەتێک تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش و سەرەتایەکی سەرنجڕاکێشتر، ئەمەش بۆ خوێنەر ئەوە پیشان دەدات کە ناوەڕۆکی بابەتەکە بەنرخ دەبێت. بێ گومان کوالیتی دەقەکە پەیوەستە بە بەهرەی نووسەر و فراوانی زانست و ڕوانینی شێواز، دەقەکە بەقەد ناونیشانەکەی باش بێت، ئەگەر دەقەکە خوێنەر بێ ئومێد بکات، ئەوا باوەڕیان بە هەردوو نووسەر و بڵاوکراوەکە نامێنێت، لەم ژمارەیەدا وێڕای بڵاوکردنەوەی چەندان و وتارو لێکۆڵینەوە لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵماندا بایەخی بە ئەزموونی نووسینی نووسەران بدەین، کە بەزمانی خۆیان باس لەسەرەتاکانی ئەزموونی نووسین و ئەفراندنەکانی خۆیان بکەن و لە ئەنجامیشدا ئەم خوێندنەوانە ببنە سەرچاوەیەک پێویست لە بەردەم خوێنەران و شرۆڤەکاران و تەنانەت نامەکانی خوێندنی باڵاش کە دڵنیام سوودی زۆری دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ئەکادیمی.

دەق و ڕەخنە

# بە پارچەبوون و دواخستنی گێڕانەوە،
# لە چیرۆکێکی گابریێل گارسیا مارکێزدا
# دواهەمین گەشتی کەشتی فریشتەکان

دەقی:
گابریێل گارسیا مارکێز


ڕەخنەی:
تەها ئەحمەد ڕەسووڵ



## " ئێستا دەیبینن من کێم "

بە دەنگێکی گڕی تازە پیاوانەوە ئەوەی وت. پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەسەر بینینی یەکەمجاریدا کە لەو شەوەدا ئۆقیانوسبڕێکی گەورەی هاتە پێش چاو وەختێک بە بەردەم گوندەوە ڕەتدەبوو، بە بێ ڕۆشنایی و ژاوەژاو، بە وێنەی کۆشکێکی گەورەی چۆڵکراو، کە درێژتر بوو لە گوندەکە و بەرزتریش بوو لە قوللەی کڵێساکەی، کەشتییەکە بەردەوام دەریاکەی دەبڕی و لەنێو تاریکیدا بەرەو ئەو شارەی داگیرکەران ملی دەنا کە لە دژی چەتەکانی دەریا شورایەکی بە شێوەی قەڵا بۆ کرابوو و دەکەوتە بەرێکی تری کەنداوەکەوە.. بەخۆی و دەرگا ڕەشە کۆنەکەیەوە، لەگەڵ ڕووناکی ناو قوللەکەیدا کە باڵەکانی بە تیشکێکی خەمناک دەگەڕا و لە هەموو پانزە چرکەیەکدا گەندەکەی دەکردە ئۆردوگایەکی سپی سەوزئاماڵ کە خانووەکانی دەدرەوشانەوە و شەقامەکانیش بەچەشنی بیابانی گڕکان بەدەردەکەوتن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو وەختە هێشتا هەر منداڵێک بوو و نەببووە خاوەنی دەنگێکی گڕ و پیاوانە و هەمیشە مۆڵەتی لە دایکی دەخواست تاوەکو ساتەوەختێکی درەنگ لەسەر ڕۆخەکە گوێ لە ئاوازی شنەبای شەوانە بگرێت، هێشتا دەیتوانی ئەوەی بیربکەوێتەوە کە دەیبینی کەشتییەکە ون دەبوو کاتێک تیشکی قوللەکە لێیدەدا و دەردەکەوتەوە کە تیشکەکە لەسەری لادەچوو، کەوا پێدەچوو کەشتییەکی کەرت کەرت و پارچە پارچە بێت و دەرکەوێت و ون بێتەوە کە ڕووەو کەنداوەکە دەڕۆیشت، بە ئاگاداری و وریاییەوە لەو بەلەمانەش ورد دەبۆوە کە ڕێی تەنگەی دەربەندەکەیان بۆ دەستنیشان دەکرد. بەڵام لەوە نەدەچوو شتێک لە میلی کاتژمێری ئاراستەکەیدا لەکار کەوتبێت، چونکە ڕووەو بەردەڵانەکە ئاراستەی گرت و تێکوپێک شکا، پاشان پارچە پارچە بوو و بێ نانەوەی هیچ دەنگ و سەدایەک نقوم بوو. سەرباری ئەوەی کە پێداماڵینێکی بەو چەشنە بە تاوێرە گەورەکانی دەریادا دەنگ و زایەڵەی ئاسن و تەقینەوەی مەکینەکانی لێ بەرزدەبێتەوە و ئەو ئەژدیها خەتووانە لە ترس و لەرزدا سڕ دەکات کە لەپێش مێژووەوە لەو دارستانەدا بوون کە لەودیو لێوارەکانی گوندەوە دەستی پێدەکرد و لە بەرێکی تری جیهانەوە دوایی دەهات.

بەو چەشنە، لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوەی ڕوویداوە ڕەنگە خەونێک بووبێت. لە ڕۆژی دواتردا کاتێک پێشانگەی بوونەوەرە ئاوییە درەوشاوەکانی کەنداوی بینی، کە تێیدا ڕەنگی کوخەکانی ڕەش پێستەکانی سەر ڕۆخەکە نەدەگونجا لەگەڵ ڕەنگی ئەو بەلەمە چارۆکەدارە بچووکانەدا کە هی چەتەکانی


گابرێل گارسیا مارکێز

گۆیانا بوون و ئەو بڕە تووتییە بەستەزمانانەیان دەهاتە نێو دەستەوە کە چیکڵدانەیان پڕ بوو لە مرواری.

بیری کردەوە.. خەو بردوومیەوە کاتێک ئەستێرەکانم ژماردوون و خەونم بەو کەشتییە گەورەیەوە بینیوە.. تەواویێ قایل بوو بەوە و ئیدی کەسێکیشی لەو بارەیەوە ئاگادار نەکرد و دیمەنەکەشی هێندە بیر نەما.. تاوەکو لە شەوێکی مانگی مارتی داهاتوودا لە دەریاکەدا دەگەڕا بەدوای پاشماوەی دۆلفینەکاندا، بەڵام ئەوەی بینییەوە ئۆقیانوسبڕە خەڵەتێنەرەکە بوو، تۆخ و پەرت و تێکشکاو بەهەمان ئاراستەی هەڵەیەوە لە ڕۆشتنەکەیدا، تەنها بە یەک جیاوازی، کە ئەویش ئەوە بوو ئەمجارەیان دڵنیا بوو لەوەی بێدارە و نەخەوتووە، غاری دایە لای دایکی تاوەکو پێی ڕابگەیەنێت، ئەویش سێ هەفتە دەبوو لە بێ هیوایی و نامورادی خۆیدا دەنوزایەوە.

" تۆ هەمیشە مێشکی خۆت تێک دەدەیت ئەوەندە بەهەڵگەڕاوەیی بیردەکەیتەوە، بە ڕۆژ خەوتوویت و شەوانەش خەریکی سەرکێشیت هەروەکو ئەو خەڵکانەی کە ژیانێکی نابوت دەژین".

لەو ڕۆژانەدا دایکی نیازی ئەوەی هەبوو کە بچێتە شار بۆئەوەی شتێکی شیاو ببینێتەوە تا لەسەری دابنیشێت و بیر لە هاوسەرە مردووەکەی بکاتەوە، چونکە کورسییە لەرزۆکەکەی پێشووی کە خۆی لەسەر دەلەنگاندەوە لەماوەی ئەو یانزە ساڵەدا بە ڕاژەنین هاوسەنگی لەشی تێکدابوو و نەیدەتوانی باش ڕەوت بکات، ئەوەی بە هەل زانیبوو کاتێک لەگەڵ کابرای بەلەمەواندا بەنێو بەردەکانی دەریادا ڕەت دەبن، ئیدی کوڕەکەی بتوانێ ئەوەی بینیوەیەتی بە ڕاستەقینەیی تەماشای بکاتەوە لەنێو دەریای ڕۆشندا.. ئەوینی منتارایس لە بەهاری ئسفنجی دەریادا و ماسی پارجۆی ڕەنگ گوڵین، ماسی کۆرفینای شین و کەوەیی لەو چاڵە فشەڵانەدا خۆیان نقوم دەکرد کە لە هەندێ شوێندا هەبوون، تەنانەت بینینی ئەو پرچ و قژە دروستکراوانەی خنکاوەکانی نێو کەشتی داگیرکاریش کە وەک پاشماوەیەک مابوونەوە،

بەڵام هیچ پاشماوەیەک بۆ ئۆقیانوسبڕی زەبەلاحی بێشومار و تەنانەت منداڵێکی مردووش هەرگیز نەهاتنە پێش چاو.

کەچی زیاد لەوەی کە دایکیشی بەڵێنی پێدابوو لە هەمان شەوی مارتی ئایندەدا دەیباتەوە بۆ دیدەنی ئەو جێگەیە، ئەو هێشتا هەر سوور بوو لەو بەردەوامییەی.. دایکی بە باوەڕەوە ئەو بەڵێنەی پێدابوو، لەو ساتەشدا بێئەوەی پێبزانێت تاقە باوەڕێکی لە ئایندەدا بۆ دەبێتە کورسییەکی زەمەنی فرانشیز دراکی کە لە مەزادێکی تورکیدا کڕیبووی، لە هەمان شەودا لەسەری دانیشت بۆئەوەی بڕێک بحەوێتەوە.

”ئەی هۆلۆفیرنسی بەدبەختم، گەر باش دەڕوانیت و دەبینیت، ئەوەتا ئێستا بیرت لێدەکاتەوە لەسەر ئەم قەدیفە و جێ مەرگی شاژنەدا“.

چەندە یادەوەریی هاوسەرە مردووەکەشی دەهێنایەوە بیری خۆی، ئەوەندەش شپرزەییەکانی ناوەوەی زۆرتر دەبوو و خوێنی نێو دڵی دەمەیی و دەبووە چوکلێتێکی خەست، هەروەک ئەوەی لەبری دانیشتن ڕابکات و لەنێو لەرزوتادا نقوم بووبێت، هەوای پڕ لە تەپوتۆزیش هەڵمژێت.

کوڕەکە کاتێک دەمەو سپێدە گەڕایەوە، دایکی بە مردوویی بینییەوە لەسەر کورسییەکەی، هێشتا گەرم بوو، بەڵام نیوە بۆنکردوو هەروەک گژوگیای کوڵیو.. تەواویٚ وەک ئەوەی لەو چوار ژنەشدا ڕوویاندا کاتێک لەپاش ئەوەوە مردن بەرلەوەی دواجار کورسییە کوژەرەکە فڕێ بدەنە دووری دەریاوە، تاوەکو نەبێتە مایەی ناخۆشی هێن بۆ کەسێکی دیکە. سەرباری ئەوەی لە زۆرینەی هەموو سەدەکاندا بەکارهێنرابوو و توانای بەخشینی حەوانەوەشی لەدەستدابوو.. ئیدی لەسەری بوو خۆی ڕابهێنێت لەسەر مەینەتی هەتیوی، لای هەمووانیش ڕوون بوو کە ئەوە کوڕی ئەو بێوەژنە بوو کە کورسییە شومەکەی هێنابووەوە گوندەوە. دەژیا، نەک لەبەرئەوەی کاری باشی ئەنجام دەدا، بەڵکو بە خواردنی ئەو ماسییانە دەژیا کە لە بەلەمی ماسیگرەکاندا دەیدزین.. لەو ماوەیەشدا هیچ لەو دەنگە وروژاوانە نەهاتنەوە وێزەی و بیری لە ڕۆژانی بەسەرچووی نەدەکردەوە، تاوەکو شەوێکی تری شەوانی مارت هات و لەناکاوێکدا تەماشای دەریاکەی کردەوە.

”ئای دایە، ئەوەتا ئەوە نەهەنگێکی گەورەیە کە لە ڕیسێکی ئاوریشمی دروستکراوە، ئاژەڵێکی بەڵەکە وەرن تەماشای بکەن“.

بەشـێتییەوە هــاواری دەکـرد «وەرن بـۆ تەماشـاکردنی“. هەمـوو ژاوەژاوی حەپـەی سـەگەکان و تـرس و لـەرزی ئافرەتەکانـی وروژانـد و شـێواند تـا ئـەو ڕادەیـەی پیـاوە بەتەمـەن و پەککەوتەکانیـش ترسـی باووباپیرانیـان بـۆ گەڕایـەوە و خۆیـان مـەڵاس دا بـەو بـاوەڕەی کـە ولییـەم دامبیـر دیسـانەوە وا گەڕاوەتـەوە.. ئەوانـەی کـە چوونـە دەرەوە، هیـچ ئامێرێکـی وایـان نەهاتـە پێـش چـاو کـە ئەبڵەقیـان بـکات و سەرسـام بمێننـەوە، لەبەرئـەوە هەریەکـە و چەنـد شـتێکیان پێـوت و جێیانهێشـت تاوەکـو خـۆی لـوول کـردەوە، لـەو وەختەشـدا لـە تووڕەییـدا لیکـی لـێ دەچـۆڕا و دەیـوت «دەیبینـن مـن کێـم“.

بەڵێنـی دا کـە ئـەو خۆڕاگرییـەی لەگـەڵ کەسـدا بـەش نـەکات تاوەکـو سـاڵێکی تـەواو تێدەپەڕێـت و ئـەو بیـرە نەگـۆڕەی (دەیبینـن مـن کێـم) لـە چاوەڕوانـی دەرکەوتنـی ئـەو شـەبەنگانەدا بهێڵێتـەوە کـە سـەرلەنوێ دێنـەوە و بۆیـان دەسـەلمێنێت. بـەو شـێوەیە یەکێـک لـە بەلەمەکانـی دزی و بەنێـو دەریاکـەدا ڕۆیشـت تاوەکـو ئێوارە تێپـەڕی و چاوەڕێـی ئـەوەی دەکـرد لـە سـەختی بەندەرەکـەدا ئـەو سـاتە بێتـە پێشـەوە کـە شـۆربای مەرگـی مرۆڤـی کاریبـی ببینێـت. چونکـە هێنـدەش نغـرۆی ئەشـکەوتی ئـەو ئەندێشـەیەی ببـوو، ڕانەوەسـتا وەکـو جارانـی پێشـووی لـە بـەردەم دوکانـی هندییەکانـدا پەیکـەری فەرمانبەرانـی ئیمپراتـۆری هەڵکۆڵـراو ببینێتەوە لەسـەر عاجـی سـاغی شـفرەی فیلـەکان. بـە نارەحەتیشـەوە بڕوانێتـە ئـەو پێسـت برۆنزییـە هۆڵەندییانـەی کـە بـە سـواری پاسـکیلە کـۆن و شـێواوەکانیانەوە بوون، وەک جارانـی پێشـوو هیـچ گاڵتـەی بـە خەڵکانـی مالایـۆ نەهـات کـە قژیـان بـە ڕەنگـی برۆنـزی بـوو و پشـتیان دەکـردە خەڵکـی و خەیـاڵ دەیبردنـەوە لەنێـو ئـەو دوکانـە نهێنییانـەدا کـە پارچـە گۆشـتی بەرازیلـی سـەر خەڵووزیـان لـێ دەفـرۆشرا، ئـاگای لـە هیـچ شـتێکی ئـەوێ نەمابـوو، لەبەرئـەوەی شـەوانی پـڕ ئەسـتێرە ئیـدی نەدەهاتنـەوە وێـزەی، یـان ئـەو دارسـتانەی دەنگێکـی خۆشـی دەخسـتە نـاو گوڵـی سـپی و قۆڕییـە بۆنکردووەکانـەوە. ئـەو ئێسـتا سـەوڵ لـە بەلەمـی دزراو دەدا و دەچێتـە نێـو زارکـی کەنداوەکـەوە، لەگـەڵ لایتێکـی کـوژاوەدا تـا سـەرنجی پاسـەوانەکان ڕانەکێشـێت، لـە هەمـوو پانـزە چرکەیەکـدا لـە نێوەنـدی تروسـکەی سـەوزی قوللەکـەدا دەبـووە ئەندێشـە و وەختێکیـش تاریکـی دەگەڕایـەوە دەبـووەوە بـە بنیـادەم.. دەشـیزانی لـە نزیـک ئـەو بەلەمانـەوە تێدەپەڕێـت کـە ڕێـی دەربەندەکەیـان وەدەردەخسـت، نـەک تەنهـا لەبەرئەوەی بریسـکانەوەکانی بـە باشـی دەبینـی،

بەڵکو بۆنی ئاوەکە دەگۆڕایە سەر خەمناکی.

ئاوا هەر سەوڵی لێدەدا و لە بیرکردنەوەدا نقوم ببوو، لەناکاوێکدا نەیزانی لەکوێوە هەناسەبڕکێیەکی ماسییەکی قرشی کەوتە بەر گوێ کە وایکرد شەوەکە چڕتر بێتەوە و لەپڕێکدا ئەستێرەکانی ئاسمان خەفە ببنەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئۆقیانوسبڕەکە لەوێ بوو بە هەموو قەبارە ناماقوڵەکەیەوە. "ئای دایە.. گەورەترە لە هەموو شتێکی گەورەی دیکەی جیهان و تاریکترە لە هەموو شتە تاریکەکانی سەر ڕووی زەوی و ناو ئاو».

سێ سەد تەن لە بۆن و بەرامەی ماسی قرش تێدەپەڕی و ڕووبەڕووی بەلەمەکە دەبۆوە، دەشیتوانی هێڵەکانی پێوەلکانی ئاسنە پۆڵاییەکان ببینێت، بەبێ هیچ تروسکاییەکیش لە چاوانی ناکۆتای گاجووتدا. بەبێ هیچ هەناسەبڕکێیەک لە مەکینەکاندا، بەبێ گیان، بێدەنگ هەروا مابۆوە.. ئاسمانێکی خاڵیی و هەوایەکی مردوو و زەمەنێکی داخراو، دەریایەکی پەڕەوازەش کە جیهانێکی تەواوی ئاژەڵە خنکاوەکانی لەخۆ گرتبوو. هەموو ئەوانە لەگەڵ تیشکی قوللەکەدا ڕەوینەوە، بۆ تاوێک هەموو ئەو شتانە گۆڕانەوە بە کاریبییەکی ڕوون و شەوێکی مانگی مارت، بوونەوە بە ئاسمانێکی ڕۆژانەی سەقاوش و کەڵکەکان.. ئیدی بەتەنیا لەنێوان بەلەمەکاندا مایەوە و نەیدەزانی چی بکات، بە سەرسامییەوە پرسیاری دەکرد، ئەگەر ئەو بەڕاستی بێدارە و خەون دەبینێت، نەک تەنها ئێستا، بەڵکو لە هەموو جارەکانی پێشووشیدا.

هێشتاکە لەو پرسیارانەی تەواو نەببوو کە فوویەکی نادیار هەموو ئەو بەلەمانەی یەک لەدوای یەک دامرکاندەوە.. بەو چەشنە، کاتێک تیشکی قوللەکەی تێپەڕاند، ئۆقیانوسبڕەکە سەرلەنوێ وەدەرکەوتەوە، هەنوکە قیبلەنوما ونبووەکەشی دەستگیر کردبۆوە کە نەدەزانرا لە چ جێگەیەکی دەریادا بەدوایدا گەڕابوو و هێنابوویەوە، بەوردی لەدوی نۆکەندە نەبینراوەکە دەگەڕا، بەڵام لەڕاستیدا لایدابوو و ئاراستەی تاشەبەردە ئاوییەکانی گرتبوو.. ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو کە ئەو ڕووداوە دژوارەی بەلەمەکان دوا کلیلی شکاندنی تاریکین. لایتی بەلەمەکەی هەڵکرد و تیشکێکی سووری کزی هەبوو کە هیچ لە پاسەوانانی قوللەکە نەیاندەبینی، بەڵام بۆ دەریاوانەکان دەبووە خۆرێک لە ساتی هەڵاتندا.. ئۆقیانوسبڕەکەش توانی بەوە ئاسۆ و ئاراستەکەی ڕاست بکاتەوە و بچێتە نێو دەروازە

گەورەکـەی نۆکەندەکـەوە.. ئیتر هەمـوو تیشـکەکانی لـە یـەک سـاتدا هەڵکـردن و پێچکەکانـی کەوتنـەوە هەناسـەبڕکێ، ئەسـتێرەکان لـە ئاسـماندا درەوشـانەوە و لاشـەی ئاژەڵـەکان ڕۆچوونـە بنـی ئـاوەوە، دەنگـی قـاپ و بـۆن و بەرامـەی هەڵقرچانـی ڕۆن زەیتونێکـی خۆشـیش لـە چێشـتخانەی کەشـتییەکەوە هاتـە بـەر لووتـی، گوێـی لـە تەقـە و زرینگـە و خلیسـکانی ئـەو چەتاڵـە زیوییانـەش بـوو لەگـەڵ هـەرا و بەزمـی دەریاوانەکانـدا.. بـەڵام هێشـتاکە هـەر تـووڕە بـوو، چونکـە بـەو بەزمـە سەرسـام نەبـوو، هیـچ لـەو جـادوو و پەرجـووەش نەترسـا، وەلـێ بـە باوەڕێکـی زۆرتـرەوە وتـی: "کـەس نایبینێـت ئێسـتا مـن کێـم!.. نەفـرەت، ئێسـتاکە دەیبینـن".

لەبـری ئـەوەی بەلایەکـدا خـۆی لابـدات تاوەکـو ئـەو ئامێـرە گەورەیە پان و پلیشـی نەکاتەوە، کەچـی لەبەردەمیەوە هـەر سـەوڵی لێـدەدا.. چونکـە ئێسـتا دەزانـن مـن کێـم.. ئیـدی لایتەکـەی ئاراسـتەی کەشـتییەکە کـرد و هێنـدەش سـوور بـوو لەسـەر بڕیارەکـەی، تاوەکـو ناچـاری کـرد ڕووەو ڕۆخەکـە مـل بکێشـێت، لـە نۆکەنـدە نەبینراوەکـەوە دەریپەڕانـد و وەک بەرخێـک پـڕی بـە پەتەکـەی ملیـدا کـرد و دایـە بەر تیشـکی گونـدە خەواڵووەکـە.. کەشـتییەکی زینـدوو، سـاغ و تـەواو لەبـەر تیشـکی قوولەکـەدا کـە هەنوکـە نەیدەشـاردەوە، بەڵکـو لـە هەمـوو پانـزە چرکەیەکـدا دەیکـردە ئەلەمنیـۆم.. ئیـدی لەوێـدا خاچـی کڵێسـاکەی ناسـییەوە، مەینەتـی خانـووەکان و وەهـم، ئۆقیانوسـبڕەکەش لەپشـتییەوە هەر دەهـات، دوای کەوتبوو بـە هەمـوو ئـەو شـتانەیەوە کـە بـاری کردبـوون.. کاپتنـی خەوتـوو لەسـەر دڵـی ئارامـی، گاجوتـی ڕمبازێـن لـە بەفـری سـندوقەکانی خواردنـدا، تاقـە نەخۆشـێک لـە نەخۆشـخانەکەیدا، ئـاوی پەنگخـواردوو لـە تانکییەکانیـدا، دەریاوانێکی نامۆش کە بەردەلان و سـەر ڕۆخەکـەی لێ تێکـەڵ ببـوو، چونکە لەو سـاتەدا دەنگی گـەورەی شـەیپوورەکەی بڵندبـۆوە، ئەویـش بـە بارانـی هەڵـم کـە لـە سـەرەوە دەپرژایـە خـوارەوە تەڕببـوو. کاتیـش تـەواوێ درەنـگ ببوو، گوێچکەماسـی و بەردەکانیـش لەسـەر ڕۆخەکـە بـوون، دەرگای خەواڵـوو و گومڕاکانیـش، گوندیـش ڕۆشـن ببـۆوە بـە تـەرزی ئۆقیانوسـبڕی تۆقیـو.. وەلـێ هەلـی ئـەو سـاتەی هەبـوو کـە لێـی دووربکەوێتـەوە و ڕێـی پێبـدات تـا ئـەو تۆفانـە تێپەڕێـت، لەنێو ئەو ژاوەژاوەشـدا هـاواری دەکـرد: "ئەوتانێ لـەوێ مولکـی ئێوەیـە.. ئـەی تیـۆس".

چرکەیـەک بـەر لـە هەڵوەشـاندنی پەیکـەری پۆڵایینـی گـەورە و زەبـەلاح بـە زەویـدا، دەنگـی خاپووربوونێکـی ئاشـکرای نـەوەد هـەزار و پێنـج سـەد

بوتڵە شەمپانیا کە یەک لەدوای یەک دەشکان، لە نوکەوە دەستی پێدەکرد تاوەکو پاشکۆی کەشتییەکە هاتنە بەر گوێ، ئیدی دونیا ڕۆشن بۆوە، ئەوەش سپێدەیەکی مانگی مارت نەبوو، بەڵکو ئێوارەیەکی چوارشەممەی خۆش بوو، توانی چێژێکی تەواو وەرگرێت لە بینینی گومڕاکاندا کە بە دەمی داپچڕاوەوە دەیانڕوانییە ئۆقیانوسبڕی گەورەتر لە جیهان و جیهانەکەی تری ملکەچ بەرامبەر کڵێسا.. سپیتر لە هەموو شتەکان، درێژتر بە بیست ئەوەندەی قوللەکە و نەوەد و حەوت جار گەورەتر لە گوند.. بە ناوە نەخشێنراوە پیت ئاسنینەکەیەوە (هالالسیلاج) کە لە لاکانیەوە ئاوی دێرین و ساردی دەریاوانیی مەرگی لێ دەتکایەوە.

## خوێندنەوەی چیرۆکەکە

چیرۆکی دواهەمین گەشتی کەشتی فریشتەکانی (گابرێل گارسیا مارکێز) گەڕانەوەیە بۆ یادەوەرییەکانی ئەمریکای لاتین و خەون و بەسەرهاتەکانی مرۆڤەکانی دەریای کاریبی، کارکردنە لەسەر خوانی ئەفسانە و فۆلکلۆر و تۆمارکردنی چیرۆکێکی نەبڕاوە کە دەماودەم بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک، خەڵکانی ئەو وڵاتانە و بەتایبەتیش کۆلۆمبیا لەنێو خۆیاندا گێڕاویانەتەوە و تا ئەم چرکەساتەش دەیگێڕنەوە.

کەشتی فریشتەکان یاخود تارماییەکان، چیرۆکێکە هەردوو کیشوەرەکە سەروەختێکە وەک پەرجوویەک لایان ماوەتەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانە لەسەر دیار نەمانی ئەو کەشتییە گەورانەی لە ئەمریکاوە ڕووەو ئەوروپا گەشتیان کردووە.. بەدیاریکراویش ئەوەی بە کەشتی فریشتەکان ناسراوە ئەوەیە کەشتییەک لە بەرواری چواری کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٢ دا لە شاری نیویۆرکەوە بەڕێ کەوتووە و دوای مانگێک لە نێوەندی دەریا و نزیک دوورگەکانی ئازوورەوە بینراوە، کەشتییەکی ئۆقیانوسبڕی گەورەی چارۆکەدار کە تێکڕای تاقمەکەی ونبوون و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی کردوون، کەشتییەکە جگە لە مرۆڤەکان و سەرنشینەکانی، هەموو کەلوپەل و شمەکەکانی هەروەکو خۆیان ماونەتەوە بەو بارەشەوە کە هەڵیگرتووە و دەوترێت گواستنەوەی خواردنەوە کهولییەکان بووە.. خۆ ئەگەر تاقمی کەشتییەکە بە هێرش و پەلاماری چەتەکانی دەریا لەناوچووبن، دەبوو لەو هێرشەدا هاوتای ئەوان، کەلوپەلەکانیشیان دەستگیر و تالان بکرایە، بەپێچەوانەوە، وەک ئەوەی

لای خەڵکی گێڕدراوەتەوە، تەنها سەرنشینەکانی دیار نەماون و خواردن و هەموو شتەکانی دی وەکو خۆیان ماونەتەوە، لە ڕوانین و مەزندەکردنی خەڵکیدا پێیان وابووە دەشێت ئەختەبوتێکی گەورە یان باڵدارێکی زەبەلاح ( باڵداری هۆڵەندی) هەموو سەرنشینەکانی نەهێشتووە و خواردوونی، دەنا مانەوەی کەلوپەلەکان جێی سەرسوڕمانێکی ئەوتۆیە گەر چەتەی دەریا ئەو کارەی ئەنجام دابێت.. مانەوەی کەشتییەکە و بەردەوامبوونی لە گەشتەکەی، لای خەڵکی بەوە لێکدراوەتەوە کە فریشتەکانن دەریاوانی دەکەن و ساڵی جارێک، بە دیاریکراویش لە مانگی مارتدا گەشتەکەیان ئەنجام دەدەن.

دەشێت مارکێز لە منداڵیدا ئەم چیرۆکەی وەک چیرۆکەکانی تر لە دەمی داپیرەیەوە بیستبێ وەک چۆن هەمیشە چیرۆکی سەیر و سەمەرەی بۆ گێڕاوەتەوە. خەڵکی ناوچەکەش ئیتر بەپێی تێپەڕینی کات ئەو بڕوایەیان لا دروست بووە کە لە ساڵێکدا تەنها جارێک هەمان ئەو کەشتییە گەشتەکەی دەکاتەوە و لە مانگی مارتدا دەبینرێت، لەنگەری کەشتییەکە بۆ خۆی دەگەڕێ و ئاراستە دەگرێ و ڕۆشناییەکانی شەوانە داگیرساون، دەنگی قاپ و قاچاغ و کەوچکی تێدا دەبیسترێ و بەزم و ڕەزمی تێدا دەگەڕێت لەکاتێکدا هیچ سەرنشینێکی بەرچاویش بەخۆوە نابینێت، وەک ئەوەیە بوترێت، خێو و جنۆکەکان، فریشتە نادیارەکان تاقمی کەشتییەکەن و ئەوانن گەشت بە کەشتییەکە دەکەن.. ئەمە وەک چیرۆکە دێرینەکەی لای ئێمەیە، کە ساڵانێکی زۆر تاوەکو سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو هەبوو و من بۆ خۆم چەندین جار گوێبیستی بووم، لە وەرزی هاوین و شەوانی پڕ ئەستێرەدا باس لەوە دەکرا هەردوو ئەستێرەی لەیل و مەجنون پاش نزیکبوونەوەیان لەیەکتری، لە چرکەساتێکی خێرادا بەر یەکتری دەکەون و دەستبەجێ لێکتر جیادەبنەوە وەک پێکگەیشتنی دوو عاشق، ئەم چیرۆکە لای ئێمە، بەتایبەتیش لای گوندنشینەکان دەگێڕدرایەوە و باس لەوە دەکرا کەسانێک بە چاوی خۆیان لە هەمان کاتی ساڵدا ئەو بەرکەوتنەیان بینیووە و شەوانی هاوینان خەڵکی تاوەکو بەرەبەیان ئێشکیان گرتووە تاوەکو ئەو دیمەنە دانسقەیە ببینن و بەو بینینەش ئاواتەکانیان هاتوونەتە دی، داوای چ شتێکیان کردبێت مراز و داواکەیان گیراوە و بەدەست هاتووە، هەڵبەتە دەکرێت بڵێین پێکگەیشتنی دوو ئەستێرەی درەوشاوە شتێکی ئەستەمە و ئەوەی زانست دەستنیشانی

کـردووە، تەنها ئەستێرەی نۆڤاکان هەن کـە بـەدەوری یەکتریـدا دەسـوڕێنەوە و سـاتی بەرکەوتنیـان بەیەکـتری سـوپەر نۆڤـا دروسـت دەکـەن کـە تەقینەوەیەکـی بێشـومارە، نزیکبوونەوەی دوو ئەسـتێرەکەی چیرۆکەکـەی لای خۆمـان، دەکرێـت بڵێیـن دوو هەسـارەن کـە بەپێـی خولگەکانیـان ئـەو نزیکبوونەوەیـە چـێ دەکـەن و بێگومـان هەمـوو سـاڵێکیش ڕوونـادات و کارێکـی دانسـقەیە.. هەڵبەتـە مـن لـە ڕۆمانـی (یادەوەریـی شـەقامێک) ئـەم چیرۆکـە میللییـەم تۆمـار کـردووە و بەداخـەوە کـەس لای ئێمـە ئـەم چیرۆکـە دێرینـەی لـە هیـچ شـوێنێکدا تۆمـار نەکـردووە و بـە چەشـنی مارکێـز نەیکردووەتـە بیرۆکەیـەک بـۆ داهێنـان و بەخشـین وەک بیرکردنـەوە و ئەندێشـەی ئـەو وەچانـەی پێشـتر ژیـاون و دەرکیـان بـەو حاڵەتـە کـردووە.

دواهەمیـن گەشـت، کە بەشـی یەکەم و ناوونیشـانی چیرۆکەکەیـە، وەک ئەوەیە چیرۆکنـووس بیەوێـت دوایـی بـەو بەسـەرهات و سەرگوزشـتە نادیارە بهێنێ کـە نزیکـەی سـەدەیەک لای خەڵکـی کیشـوەرەکەی دەمـاودەم گێڕدراونەتـەوە و ڕاسـتەقینەش کارەکتەرێـک بخوڵقێنـێ کـە ئـەو کەشـتییەی بینیـووە و بمانخاتـە نێـو پەرجووی بەسـەرهاتێکی سـەیرەوە.. واتـە دوای خوێندنـەوەی ئـەم چیرۆکـە، لای خوێنـەران، بەتایبەتیـش خوێنەرانـی ئەمریـکای لاتیـن، چیـتر شـتێک نەمێنێ بەناوی بەسـەرهاتی کەشـتی فریشـتەکان و ئەمـە ئیـتر دوا گەشـتی کەشـتییەکە بـێ و دڵنیایـی بـدات کـە ئیـدی تێکشـکاوە و خاوەنـی ئـەو کەلوپـەل و ئـەو بـارەش کـە هەڵیگرتـووە نەمـاوە و دواجـار لەسـەر ڕۆخـی گوندێکـی دەریـای کاریبـی بەتـەواوی دادەڕمێـت و پەیکەرەکـەی لـەوێ جێدەمێنێـت.. یاخـود هێنانـە دی ئـەو خەونـەش بێـت کـە ڕاسـتەقینە بمانخاتـە دۆخێکـەوە کەسـێک ببینـێ و چیـتر لەنێـو خەیاڵـدا نەمێنێتـەوە، بەشـێوەیەکی دیکـەش وەک ئەوەیـە مارکێـز لەبـری هەمـوو خەڵکـی کیشـوەرەکە، دوایـی بـەو حیکایەتە بهێنێ و ئـەو کارەکتـەرە دەستنیشـان بـکات کـە کەشـتی فریشـتەکان دەبینێـت.

لـە دەسـپێکدا ڕووبەڕووی بڕیارێـک دەبینـەوە، یاخـود دەسـپێکی چیرۆکەکـە بـە مۆنۆلۆگـی: " ئێسـتا دەیبینـن من کێم" دەسـت پێـدەکات. واتـە ئـەو ئێسـتایە، ئێسـتایەکە هـەم بـۆ گوندنشـینان و هـەم بـۆ خوێنـەری ئەمریـکای لاتبنـی، وەک وەڵامدانەوەیەکـە کـە گوندنشـینانی نێـو چیرۆکەکـە قایـل بـن بـە توانا و کەسـێتی کارەکتـەر و خوێنەرانـی لاتینیـش بـەو ئێسـتایەی چیرۆکەکـە دەخوێننـەوە و حیکایەتـە درێژخایەنەکەیـان ببێتـە نـووسراو و چیـتر دەربـارەی ئەندێشـەی دیکـە نەکـەن.. ئێسـتا دەیبینـن مـن کێـم، لەخۆیـدا گرێچنێـک دروسـت

دەکات تاوەکو خوێنەر پەلکێشی خوێندنەوە بکات. (ئێستا) هێندەی وەک بەدەرخستنی ئاکامی چیرۆکەکە کاردەکات ئەوەندە سەرەتایەک نییە بۆ چوونە ژوورەوە، ئەو ئێستایە، ئێستای زەمەنی چیرۆکەکەیە کە خۆی دابەش کردووە و لەمیانی گێڕانەوەدا بەرجەستە بووە. بەو ئێستایە ئێمەی خوێنەر تەفرە دەدرێین، وا دەزانین لە ئێستای چیرۆکەکەداین، بەڵام دوا بەدوای ئەو مۆنۆلۆگە دەستبەجێ دەڕژێینە نێو ڕابردووی پاڵەوانەوە نەک ئەو ئێستایەی چاوەڕێی دەکەین، لە ئێستاوە دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانی بەسەرچوو، بۆ ساتەکانی منداڵی کارەکتەر و نازانین ئێستا چ ساتەوەختێکی چیرۆکەکەیە، چەند جارێک ئەو وتەیە بەر گوێمان دەکەوێ و لەنێو هاتنی شەوانی مانگی مارتدا پەرت دەبین و گرێچنەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

هەر لە یەکەم چرکەوە لەبەردەم گێڕانەوەیەکداین کە بەپارچە بووە و دواخراوە، چیرۆکنووس بەرلەوەی وابەستەمان بکات بە بڕیارەکەوە، هۆکارەکانی ئەو وتەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی کارەکتەرێکی هەرزەکار بەتووڕەییەوە ئەو پەیامە دەگەیەنێتە گوندییان کە لای وان هیچ کاتێک جێی بڕوایان نەبووە، چۆن شەوانە لەو ساتانەدا کە ئەستێرەکانی ئاسمانی ژماردووە، لەپڕێکدا ئۆقیانوسبڕێکی گەورە دەبینێ کە پێشتر هیچ کەسێک نەیبینیووە، بۆ ئەو بینینەش دەمەو بەیان بۆ لای دایکی ڕادەکات تاوەکو ئەو هەواڵە گرنگەی پێ ڕابگەیەنێت، بەڵام دایکی، بەپێچەوانەوە، دوای مردنی هاوسەرەکەی و مانەوەی کوڕەکەی بە هەتیوی، ئاماژە بەوە دەکات کە کوڕەکەی دوای مردنی باوکی، ئەویش دوچاری سەرلێشێواوی بووەتەوە و شەوانە بێدارە و بە ڕۆژ هەر خەوتووە، هەربۆیە دەیەوێت بچێتە شار تاوەکو کورسییەکی لەرزۆک بکڕێ و ئەو هەڵەش بقۆزێتەوە کە کوڕە تاقانەکەی بە چاوی ڕوون و لەبەر تیشکی خۆردا دیمەنی دەریاکە ببینێ نەک شەوانە خەیاڵی سەمەرە ببینێ و پێی وابێت ڕاستییە.

بینینی دەریا لەژێر ئاسمانی شیندا، گەڕانەوەی کەسێتی مارکێزە بەرەو منداڵی خۆی، وەک لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێداوە لەگەڵ دایکی بە بەلەم گەشتی دەریاکەی کردووە، هەموو ئەوەی کەسێتی کارەکتەر دەیبینێت، بینینی ڕاستەقینەی مارکێز خۆیەتی.. بەڵکو چیرۆکنووس جڵەوی بۆ کارەکتەرەکانی شل کردووە سەربەست کاری خۆیان بکەن و ئەویش وەک خوێنەرێک دوای ڕووداوەکانیان بکەوێت، ئەم جڵەو شلکردنە وایکردووە بچێتە ناو هەست و بیری کارەکتەرەکانیەوە، پتر لەوەش، هەستی

خۆی ئاوێتەی هەستی کارەکتەرەکانی کردووە و هەندێ شت دزەیان بەو ڕووداوانەدا کردووە. کاتێک کەسێتی دایک کورسییەک بۆ ڕاژەنین لە مەزادێکی تورکیدا دەکڕێ و دەیباتەوەماڵەوە، لەسەر کورسییەکە لەگەڵ ڕۆحی هاوسەرەکەیدا دەدوێ و پێیدەڵێت: " ئەی هۆلۆفیرنسی بەدبەختم، گەر باش دەڕوانیت و دەبینیت، ئەوەتا ئێستا بیرت لێدەکاتەوە لەسەر ئەم قەدیفە و جێ مەرگی شاژنەدا". دەبینین جێ مەرگی شاژن شتێکە کارەکتەر هەرگیز پێشتر نەیزانیووە و ناشزانێت کە کورسییەکە هێندە دێرینە و پێشتر هی فرانشیز دراکی بووە، ئەوە چیرۆکنووسە ئاکام و چیرۆکی ئەو کورسییەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دوای مردنی بێوەژنی دایک، لەسەر هەمان کورسی، وەختێ کورسییەکە لە داهاتووشدا داستاودەست دەکات، چوار ژنی دیکەش هاوشێوەی کارەکتەری دایک لەسەری دەمرن، وەک ئەوەی کورسییەکە ناخۆشی هێن و شوم بێت، بێگومان لەمەشدا شلکردنی جڵەوی گێڕانەوە دزەی بە خەملاندنەکەی چیرۆکنووس کردووە و چووەتە بیری کارەکتەرەکەوە هەربۆیە دەڵێت جێ مەرگی شاژن.

چیرۆکی دواهەمین گەشت ساڵی ١٩٦٨ نووسراوە، واتە ساڵێک دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی). هەڵبەتە دیدگای ڕۆمانەکە پیشاندانی گوندی ماکوندۆیە لە دەرەوەی جیهان، لەم چیرۆکەشدا هەمان دیدگا هەست پێدەکرێت، گوندێک گەرچی دوورەپەرێزە لە دونیا، بەڵام بە جیهانەوە بەندە، ڕەش پێستەکانی تێدایە، هۆڵندییە قژ برۆنزییەکان بە سواری پاسکیلەوە، دوکانی هندی و بەررازیلییەکان، خەڵکانی مالایۆ، سەرباری ئەوەش ئاگاداربوون لە کەشتییە ئەمریکییەکان کە بەرەو ئەوروپا گەشتەکانیان کردووە، هەروەها باسکردنی(ولیەم دامبییر)، کە کەشتییەوانێکی ئینگلیزی بووە و توانیویەتی سێ جار گەشت بە هەموو جیهاندا بکات کە لە یادەوەریی پیر و پەککەوتەکانی گونددا ماوەتەوە.

هۆکاری نادیاری تووڕەبوونی کارەکتەری هەرزەکار لە خەڵکی گوندەکەی، لەوێوەیە کە وەک کەسێکی نابوت و سەرلێشێواو تەماشایان کردووە، کوڕی ئەو بێوەژنەیە کە کورسییەکی شومی هێناوەتە گوندەکەوە و بووەتە مایەی مردنی چوار ژن لەدوای خۆی.. کاتێکیش کە هێشتا منداڵە و هاوار دەکات کە کەشتی فریشتەکانی بینیووە، خەڵکی گوند چەند جنێوێکی پێدەڵێن و سەرکۆنەی دەکەن، کارەکتەر لێرەوەیە وەک بەرەیەکی دژ بە گوندەکەی بڕیاری داوە جارێکی تر بۆیان بسەلمێنێت چ کەسێکە و ئەوانەی گومڕان و بە خراپە باسی دایکی مردووی دەکەن، پێویستە ئەو بەڵێنەی لای کەس نەدرکێنێ

تاوەکو خەڵکی گوندەکەی ببینێت بە دەمی داپچڕاوەوە کەشتییە ڕاستەقینەکە ببینن و ئینجا تێبگەن چ جۆرە کەسێکی لێهاتوو و دانسقەیە.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس ناوی کەشتییەکەمان پێدەڵێت: " بە ناوە نەخشێنراوە پیت ئاسنینەکەیەوە – هالالسیلاج -". وشەی هالالسیلاج بە زمانی مەجەڕی واتە (ئەستێرەی مەرگ)، کەشتییەکەش کەشتی فریشتەکانە کە کەس نایانبینێ و گەشت بە کەشتییەکە دەکەن، هەموو ئەمە جۆرێکە لە دەرخستنی بیرکردنەوەی هەم نووسەر و هەم کارەکتەری هەرزە کە خەڵکانی گومڕا و پێنەزان بە ڕاستییەکان، دەکرێت تۆڵەیان لێ بکرێتەوە.. وشەی هالالسیلاج کە وتمان ئەستێرەی مەرگە لە ئیمپراتۆرییە ئەوروپییەکاندا بە بەهێزترین چەک ناوزەد کراوە، چەکێکە هیچ هێزێک ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە، وەختێ لەسەر کەشتییەکەش نووسراوە، بەو مانایە دێت کە کارەکتەر بە گەورەترین و بەهێزترین چەک ڕووبەڕووی گوندەکەی ببێتەوە و بە فریشتەکان تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

"توانی چێژێکی تەواو وەرگرێت لە بینینی گومڕاکاندا کە بە دەمی داپچڕاوەوە دەیانڕوانییە ئۆقیانوسبڕی گەورەتر لە جیهان و جیهانەکەی تری ملکەچ بەرامبەر کڵێسا". یاخود «درێژتر بە بیست ئەوەندەی قوللەکە و نەوەد و حەوت جار گەورەتر لە گوند» سەرنج دەدەین بیست ئەوەندەی قوللەکە بەرزترە و نەوەد و حەوت جار گەورەترە لە گوند، گەورەترە لە جیهان و جیهانەکەی تری ملکەچ بەرامبەر کڵێسا.. گەر گوند مانای ژیان بێت، ئەوا کەشتییەکە مانای مەرگە، ئەگەر کڵێسا بیر لە هەردوو دونیاکە دەکاتەوە و ترسی لە مردن هەیە، ئەوا ترسی کەشتییەکە زۆر لەوە گەورەتریشە و هاوتای نییە و لەبری مرۆڤ فریشتەکان دەریاوانی دەکەن، بۆچی؟! لەبەرئەوەی خەڵکی گوند خراپ باسی دایکیان کردووە و بە مەرگ هێن ناویان زڕاندووە، کارەکتەر لێرەوەیە دەیەوێت مەرگێکی ڕاستەقینە پیشانی گوندەکەی بدات و پێیان بڵێت ئەمەیە مەرگی ڕاستەقینە نەک کورسییەکی لەرزۆک تاوەکو هەموو ئەوانە بکوژێت وەختێ لەسەری دابنیشن.. لە ناوەوەیدا دەیەوێت شۆربایەکی مەرگی مرۆڤی کاریی ببینێت.

بۆئەوەی چیرۆکنووس پێمان بڵێت ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیە و هیچ جادوویەک و خەیاڵیی نییە، دێت و وەسفی شتەکان دەکات بەوردی و بەوپەڕی پێداگرییەوە «گاجوتی ڕمبازێن لە بەفری سندوقەکانی خواردندا» یان «دەنگی خاپووربوونێکی ئاشکرای نەوەد هەزار و پێنج سەد بوتڵە شەمپانیا کە یەک لەدوای یەک دەشکان"

چیرۆکنووس گەشتێکی خەیاڵیی کەشتییەکی نادیار کە لە هەست و بیرکردنەوەی کارەکتەردا وێنا کراوە، وا لە ئێمەش دەکات بڕوا بەوە بکەین و بەڵکو لەڕێی کارەکتەرەکەیەوە بڕوا بە خودی خۆیشی بهێنێ ئەوەی دەینووسێ و دەیگێڕێتەوە خەیاڵ نییە و ڕاستەقینەیە.. پێم وایە توانستی ڕیالیزمی جادوویی لەم خەسڵەتە بەرچاوەیدا خۆی دەردەخات و کاریگەریی جێدەهێڵێت، ئەندێشەی کارەکتەرێک دەکاتە ئەندێشەی هەمووان و وەختێ چیرۆکەکە دەخوێنینەوە وەک ئەوەیە واقیع بە چاوی خۆمان ببینین و بڕوامەند بین کە نە خەیاڵە و نە فەنتازیا و ئەوەی دەیبینین ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و کەشتی فریشتەکانیش کەشتییەکە و بە هۆکاری تێکدانی ئاراستەکەیەوە، کارەکتەر وەک بەرخێک پڕ بە پەتەکەی ملیدا دەکات و دەیخاتە سەر ڕۆخی گوندەکەی، کە خەڵکەکەی گومڕان و وا دەزانن ئەوەی لە کلێسا وەریدەگرن، هەر ئەوە تەواوە و مەزندە و توانستی کەسانی تر هەمووی پووچن، کارەکتەر لە گەشتەکەیدا، دواجار بە ئێمەش دەڵێت ئێستا بمبینن من کێم و دەتوانم چ شتێک بکەم کە هیچ کەسێک جگە لە من پێشتر نەیکردووە.

لایەنی سەیر لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە چیرۆکنووس هەندێ جار وەها وێناکردنی پاڵەوان وەسف دەکات کە لە درۆیەک زیاتر نییە، نووسراوە «هێندە نغرۆی ئەشکەوتی خەیاڵەکانی ببوو». کەچی سەرباری ئەوەش چیرۆکنووس زیاتر پەتەکەی بۆ شل کردووە تاوەکو لە پێکهێنانی جیهانەکەیدا بەردەوام بێت.. بەپێچەوانەشەوە، چیرۆکنووس یان گێڕەوەی دەرەکی دەق، خۆی داوەتە بەر تەلیسمی خەیاڵەکانی کارەکتەر و دوای کەوتووە. ”کەس نایبینێت ئێستا من کێم!.. نەفرەت، ئێستاکە دەیبینن“، وەختێ کارەکتەر لەپێش کەشتییەکەوە سەوڵ لە بەلەمەکەی دەدات و کەوتووەتە قووڵایی ڕووداوەکەیەوە، نیگەرانە لەوەی گوندییەکان نایبینن و نەفرەت لەو نەبینینە دەکات، بەپێی خواستی کارەکتەر و گەیشتنەوەی بە گوندەکەی، چیرۆکنووس دێت و ئارەزووەکانی کارەکتەرەکەی بەدی دێنێت، خێرا دەیهێنێتەوە بۆ نزیک ڕۆخەکە و دەیەوێت لە تۆڵەکردنەوەکەیدا بەشدار بێت.

دواجار، هەم پاڵەوان، هەم گوندییەکان، هەم خوێنەران بەگشتی و خودی نووسەریش، هەمووان بڕوامەند دەبین لە تەلیسمی چیرۆکەکەدا نقوم بووین و پێکەوە ئەو ڕووداوە دانسقەیە دەبینین کە جگە لە خەیاڵێک هەرگیز ڕاستەقینە نییە و لە ساتی تەواوبوونی خوێندنەوەشدا دووچاری جادوویەک دەبین و نازانین ئەوەی خوێندومانەتەوە تەنها خەیاڵ بووە یاخود واقیعێک و لەگەڵ لۆژیکی ناوەکیی دەقدا یەکانگیر بووینەتەوە.

# گوزارشتکردن لە خود و

# ئازارەکانی لای (نیتشە)

**بڵند باجەلان**



قسەکردن لە بازنەی ئەدەبیاتدا لەسەر فەیلەسوفێك لە ڕوانگەی ژیان و ئەزموونی فەلسەفیی ئەو فەیلەسوفە خۆیەوە، ئەو هەوڵەیە دەیدەین لەم لێکۆڵینەوەیەماندا. باسی ئەو ناکۆکییانە دەکەین لە نێوان (دیدی فەلسەفی) و (دیدی ئەدەبی)دا هەن لە فەزای تێکستێکی ئەدەبیدا (دەشێ ئەو ناکۆکییانە گەمەیەکی شیعری بن)، ئەمە سەرەڕای شیکردنەوەی دەقەکە و باسکردنی ڕوانگە شاراوەکانی دەقەکە و ئاشکراکردنی چەند تێڕوانینی خۆمان بۆ هەندێ چەمك و بابەت بەتایبەتی (هێزی خود).

ئایا بۆ نووسەرێك کە خاوەنی فەلسەفەی خۆیەتی و فەلسەفەکارێکی ئەدیبە، ڕەوایە ئەوەی دەیگوازێتەوە نێو دەقەکەیەوە دژ بێت لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی بانگەشەی بۆ دەکات؟

لە ڕوانگەی دەقی(هەژاریی بەهێز)ی (نیتشە)وە، وەڵامی ئەم پرسیارە و چەند پرسیاری تر دەدەینەوە، لە ئێستاوە دەڵێم وەڵامی ئەم پرسیارە(ئەرێ)یە، وەلێ مەرجێکیش هەیە لەپاڵ ئەو (ئەرێ)یەدا کە بریتییە لە بوونی گەمەیەکی شیعری (هەڵبەت ئەگەر ئەم دەقەی نیتشە وەکو دەقی ئەدەبی ببینین).

دەقەکە پەیوەستە بە مانا پەنهانەکانەوە. بۆ شاردنەوەی ماناکان پێویستیمان بە کەرەستەی ئاشکرا هەیە. شاردنەوەی ماناکان لە بەرگی بێمانایيدا پێویستی بە تێگەیشتنی تەواو هەیە لە بابەتی مانا و بێمانایيدا، ئەوەی ئەو تێگەیشتنەش دەسەلمێنێ، خودی تێکستە نووسراوەکەیە، تێکست هەیە لە دوای خۆی دۆزەخێکمان پێدەبەخشێت کە سووتێنەری بەهەشتی خودە، سووتانی بەهەشت بە ئاگری دۆزەخێکی سووتاو و کردەی تریش کە دەق دەیانخولقێنێ، مایەی ئەوەن بە وردییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ تێکستدا بکەین و دەستی پێوە بگرین.

مانا هەیە لەبەر ئەوەی بێمانایيەکی ڕووتە، وەکو مانایەکی تۆقێنەر دەردەکەوێ، تۆقاندن کردەیەکە مانای بێمانا هێنایە پێشەوە، خودی تۆقاندنەکەش زادەی بێمانایيەکە مانا تەحەکومی پێوە دەکات. (مانا) هەیە هەوڵی بەخشینی خۆی بە بێمانایی دەدا (بەخشینی مانا بە بێمانایی)، وەلێ بێگومان لەپشت هەموو مانا و هەموو بێمانایيەکەوە، تەنانەت ئەگەر


نیتشە

هزریی سەربەخۆی نەبووە، گەرچی هزری ئەو کاریگەری هەبوو لەسەر فەلسەفە، بەتایبەتی هزری گۆتە لە هۆنراوە دراماتیکییەکانی نێو (فاوست) دا کە بە فەلسەفەی ژیان ناودەبردران.

شیعریەتی نیتشە بۆ نیتشە خۆی دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی فەیلەسوف بڕیار دەدات دەقی ئەدەبی بنووسێ و ئەو بڕیارەش جێبەجێ دەکا، نابێت فەلسەفەکەی خۆی لە یاد بکات، گواستنەوەی فەلسەفەکە بە ڕووتی بۆ نێو بازنەی شیعرەکە داواکراو نییە، خودی فەلسەفەکە پێویستی بەوە هەیە بە شیعری بکرێ(بە شیعریکردنی فەلسەفە)، پێچەوانەکەشی دروستە (بەفیکریکردنی شیعر)، بۆیە ئێمە لە خوارەوەدا کە باسی ناکۆکییەکە دەکەین، مەبەستمان نییە باسی دیوێکی خراپی ئەو جۆرە لە دەقی ئەدەبی بکەین، گەرەکمانە باسی خودی ناکۆکییەکە بکەین، ناکۆکییەك، لە هەندێك ئاستدا بوونی پێویستە لە ئانی نووسرانی شیعردا.

ئێمە وەکو دەقێکی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ (هەژاریی بەهێز) دەکەین لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەنانەت وەکو دەقێکی شیعری دەیبینین.

نیتشە مەبەستی بوو شۆڕش بکات لە ئاکار و هونەر و بەهاکانی تردا، تەنانەت لەو ئاستەدا خود دیدی خۆی هەبووە بۆ ئەویتر، ئەگەر بەرهەمی ماناش بێت، نووسەرێك هەیە لە ئانی بەرکەوتن بە تێکست.

نیتشە زیاتر وەکو فەیلەسوفێك باسی دەکرێ تا وەکو ئەدیبێك، بە پێچەوانەی (گۆتە)ەوە کە وەکو ئەدیبێك باسی دەکرا تا وەکو فەیلەسوفێك. پێموایە گۆتە فەیلەسوف نەبوو، تەنها خاوەنی ئەدەبێکی ئاوێتەکراو بە پنتی فەلسەفی بوو، ئەمەش بەس نییە بۆ بوون بە فەیلەسوف، لە لێکۆڵینەوەیەکی ترمدا لەسەر چیرۆکی (پەیکەری ست ڕافۆن)ی (کاروان کاکەسوور)دا، باسی ئەم بابەتەم کردووە: گۆتە فەیلەسوف نەبوو، ئەو لە هیچ زانکۆیەکدا کاری وانەبێژی نەکردووە و قوتابخانەی

ئەو خودە نیتشە بێت و ئەویترەکە واگنەر بێت. نیتشە لە کتێبی (وەهای گوت زەردەشت)دا دژی (واگنەر) دەوەستێتەوە، ئەو کتێبەی مەرگ مەودای واگنەری نەدا بیخوێنێتەوە. ئاهەنگەکانی واگنەر لە (بەیروت)، نیتشەیان تووشی نائومێدی کرد، دواتر ئەو نائومێدییە گەشە دەکا. کەواتە نیتشە هەوڵی گۆڕینی دنیای داوە لە فەلسەفەدا و ئەویتریش نەیتوانیوە ساردی بکاتەوە، جا ئەو ئەویترە واگنەر بێت یان هەر کەسێکی تر، بەڵام ئایا خودی تێکستی ئەدەبیی نیتشە دەکەوێتە کوێی فەلسەفەی نیتشەوە کە فەلسەفەیەکە بانگەشەی گۆڕان دەکا ؟ ئەوا لە خوارەوە دەقی ( هەژاریی بەهێز)ی نیتشە دەخەینە بەر باس و خواس، بە مەبەستی خستنە ڕووی ئەندازەی هێزی خود بۆ مانەوە:

ئەوا دە ساڵ گوزەری کردووە
وەلێ تاقە دڵۆپە بارانێك تەڕی
نەکردووم
شنەبایەکی فێنك بەرم نەکەوتووە
شەونمێکی عیشق نەنیشتۆتە سەر دڵم
چونکە لەو شوێنە وشکەدا باران
قاتییە..

(دوور کەوتنەوە) لەم دەقەی سەرەوەدا پێچەوانە دەبێتەوە، ئەگەر تا ئێستا خود دوور کەوتبێتەوە لە ئەویتر، ئەمجارەیان ئەویتر دوور دەکەوێتەوە لە خود و پەراوێزی دەخا. دڵۆپە باران کە ڕۆڵی ئەویتر دەبینێت، دوور دەکەوێتەوە لە خود و کەرەستەی دوور کەوتنەوەکەش بریتییە لە (تەڕنەکردن)، تەڕنەکردنی خود و دانەکردن بەسەر سەحرای ڕۆحی (خود)دا و هێشتنەوەی خود لە سەحرادا، وا دەکەن دواجار نووسەر بارودۆخەکە (فەزا گشتییەکە) بە فەزایەکی داخراو و بەد ناوزەد بکا: (لێرە باران قاتییە)، هەمان شتیش بۆ شنەبای فێنك و شەونمی عیشق، ئەو کاتەی لە خود دوور دەکەونەوە، خود نزیك دەکەوێتەوە لە بابەتی بڕیاردان لەسەر ئەو فەزایەی دڵۆپە باران و شنەبای فێنك و شەونمی عیشقی لە خۆ گرتووە، فەزای گشتیش لەو ئانەدا وەکو فەزایەکی داخراو دەردەکەوێ کە ژیان تیایدا بریتییە لە جۆرێك لە گاڵتەکردن بە مانەوە.

خود لە دەقەکەدا هەوڵی گۆڕین دەدا، هەوڵدەدا لە تراژیدیا دوور بکەوێتەوە، وەلێ گەرەکی نییە بەرەو خۆشبەختیی ڕووت بڕوا، هەر بە تەنها دەیەوێ دوور بکەوێتەوە لەو تراژیدیایەی فەزای گشتی تووشی کردووە و هەوڵی گۆڕینی بدا، ئەمەش دژە لەگەڵ دیدی (سۆفۆکلیس) لە (ئۆدیبی پاشا)دا کە پێیوایە گۆڕینی تراژیدیا مەحاڵە و تراژیدیا چارەنووسی بوونە، ئەوەتا (ئۆدیب) هەوڵی

گۆڕینی چارەنووسی دەدا و هەمان چارەنووسیش چاوەڕێیەتی نەك چارەنووسێکی تر.

لای نیتشە بۆچونێکی میتافیزیکی گەڕاوە بۆ شۆپنهاوەر هەیە، ڕاستی بوون یەکسانە بە (ویست) و (هۆش) یش وەکو جەوهەری بیرەکان، ڕووخسار و بەرگی ئەو ڕاستییەی بوونە. (لە دایك بوونی تراژیدیا) بەرهەمی یەکەمی نیتشە بوو کە بووە فاکتەری هاوڕێیەتی نیتشە و واگنەر. ئەو کاتەی نیتشە لە تراژیدیا دەدوێ، پشت دەبەستێ بە تێگەیشتنی بۆ واتای بوونی مرۆڤ. ئەوەتا لە خوارەوە خود هەوڵی گۆڕینی تراژیدیا دەدا، بەوەی ڕووی خۆی بۆ لای ( هۆش) وەردەگێڕێ:

ئەی هۆشی من
ئێستا ڕووم بۆ لای تۆ وەردەگێڕم
هەر بۆ ئەوەی گەرەکمە لێت بپاڕێمەوە
لەو مەوسیمە وشەکەدا
پیشەت وشکی نەبێت.

دوای ئەوەی خود لە دەقەکەدا بەر تراژیدیا دەکەوێ و بێئومێد دەبێت لەو فەزا گشتییەی هەمووان دەخنکێنێ و خۆی بە زیندوویی دەمێنێتەوە، کوتاڵی خۆی دەکاتە کفن بۆ هەمووان و خۆی گۆڕستانە، هەموو درەختەکان دەبڕێتەوە و خۆی باخچەیە، هەموو ئەستێرەکان دەکوژێ و فڕینە، ئەو فەزا گشتییە کە هەموو شتێکە و هیچیش نییە، وا لە خود دەکا نائومێد ببێت و هەوڵی گۆڕینی بارودۆخەکە (تراژیدیایەکە) بدا و بگەڕێتەوە بۆ هۆشی خود: (ئێستا ڕووم بۆ لای تۆ وەردەگێڕم)، یانی تا ئێستا پشتی لە هۆش کردووە و لە بازنەی جۆرێك لە نائاگاییدا ژیاوە، وەلێ ئەوە بێئومێدییە وا دەکا بگەڕێتەوە بۆ هۆشی خۆی و پشت لەو نائاگاییە بکا کە بەسترابوویەوە بە فەزای گشتییەوە، ئینجا لەوێوە دەتوانێ جوانتر شتەکان ببینێ و پێناسیان بکا و قسەی خۆی بکا لە ئاستیاندا.

هەڵبەت ئەو کاتەی مرۆڤ ڕوو لە هۆشی خۆی دەکا، زیاتر هۆشیارە و ئەو هۆشیارییەش وا دەکا بڕیارەکانی دروستتر بن، هەر ئەمەش دەبینرێ، خود دوای ئەوەی بێئومێد دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ خۆی (بۆ هۆش )، هاوکات بڕیاری گۆڕانکاریش لەگەڵ خۆی دەهێنێتە پێشەوە، ئەوەتا داوا لە خۆی (لە هۆش) دەکا چیتر پیشەی وشکی نەبێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لە ئانی خۆبەستنەوە بە نائاگاییەوە، جۆرێك لە وشکی ڕووی تێ کردووە کە پەیوەندی بە نەبارینی باران و هەڵنەکردنی با و نەنیشتنەوەی شەونمی عیشقەوە هەیە، لێرەوەیە پێی وایە نابێت چیتر ئەو

خودە بێئاگایە حاڵەتی خۆی نەگۆڕێ و دەبێت بڕیاری گۆڕان بدا.

هەر خود خۆی ئەو بڕیاری گۆڕانە بەسەر خۆیدا دەسەپێنێ. ئەوەی لێرەدا هەستی پێ دەکرێ، کەوتنە بەر سێبەری ئازارەکانە، مرۆڤ لە سێبەری ئازاردا بیر لە ئازار دەکاتەوە و پۆلێنی دەکا بۆ باش و خراپ. شۆپنهاوەر ئازاری بە خراپ دادەنا و نیتشەش بە باش . دیدی دیونیزوسی نیتشە بۆ ژیان سەرچاوەکەی فەلسەفەی شۆپنهاوەرە، چونکە نۆرینگی یەکەمی ڕۆحی دیونیزوسی و وجودی ژیان لە ئازاردایە، شۆپنهاوەر ئەو ئازارەی بە سەرچاوەی نەهامەتی دادەنا و لای ئەو پێویستی نەبوو بۆ مرۆڤ و مرۆڤ بەبێ ئازار دەتوانێ باشتر بژی. لای (نیتشە) ئازار خود بەهێز دەکا و ژیان جوانتر دەکا و مرۆڤ پێویستی بە ئازارە، ئەمەش دژە لەگەڵ بۆچونی شۆپنهاوەر لە مەسەلەی ئازاردا. لە دەقەکەدا هاتووە:

من لە تۆ داوا دەکەم هەر خۆت ببیتە شنەی گیانپەروەر و شەونمی سەرەنجڕاکێش و بارانی ژیانهێنەری من. کاتێ خۆی فەرمانم بە هەورەکان دەکرد، لە کوێستانەکانی من دوور بکەونەوە، من دەمگوت: ئەی سێبەرە تاریکەکان، دوور بکەونەوە، دەمەوێ زیاتر خۆر لێم بدا!

کەچی ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە کەمینیان بۆ دادەنێمەوە

بەڵکو بۆ مودەتێك بێنە لام و تۆزێك سێبەربن بە دەورمەوە.

پاش ئەوەی خود دڵنیا دەبێتەوە لەوەی پشتی لە نائاگاییەکەی کردووە و ڕووی لە هۆشی خۆی کردووە، بڕیارەکانی خۆی دەدا و داواکارییەکانی خۆی ئاڕاستەی خۆی دەکا (ئاڕاستەی هۆش)، وەکو دەریایەك بیەوێ شەپۆلەکانی ڕابێنێ لەسەر ئەوەی ئازاری ئەوانیتر نەدەن، چون مەیتەرێك بیەوێ ئەسپەکانی ڕابێنێ زیان بە ئەسپسوارەکان نەگەیەنن، چون دارستانێك دارەکانی ڕابێنێ سێبەربن بەسەر ئەو ڕێبوارانەی ڕووی تێ دەکەن، بەو واتایەی، خود دوای ئەوەی پشت لە نائاگاییەکەی دەکا، دەبێتە (خودێکی چاکەخواز) ئەگەر بۆ زەمەنێکی کورتیش بێت، دەکرێ ئەو زەمەنەش گۆڕان بە خۆیەوە ببینێ.

خود لە خۆی (لە هۆشەکەی) داوا دەکا ببێتە شنەی گیانپەروەر و شەونمی سەرەنجڕاکێش و بارانی ژیانهێنەر، داوای لێ ناکا ببێتە پڵنگی بریندار و نێچیر ڕاو بکا، داوای لێ ناکا ببێتە ورچی خەواڵوو و هەموو شتێك بێنرخ بکا، داوای لێ ناکا ببێتە زێوانێك و مردووەکان بخوا و بانگەشەی بینینی مردوویێك بکا کە ڕقی لە چاکەیە، ئەو داوا لە خود دەکا ئەگەر بوو بە

هەر شتێك، ڕۆحێكی چاكەخواز بێت، بۆ نموونە (نموونەیەك لە دیدی خۆمانەوە)، ئەگەر قەرارە ببێتە زێوان، ئەوا دەبێت بانگەشەی بینینی مردووێك بكا كە چاكەی خۆشدەوێ.

پرسیارە جەوهەرییەكە لێرەدا ئەمەیە: شاعیر داوا لە هۆشی خۆی دەكا چاكە لەگەڵ كێدا بكا؟ هەڵبەت چاكەكردن لەگەڵ خود لەو ئانەدا ناكەوێتە بازنەی ئەویترەوە، بۆیە دەكرێ لەو ئانەدا خود ئەویتر و ئەویتر خود بێت، خود هەر خۆی وەڵام دەداتەوە:

من لە تۆ داوا دەكەم هەر خۆت ببیتە
شنەی گیانپەروەر و شەونمی
سەرەنجڕاكێش و
بارانی ژیانهێنەری من.

دەركەوت خود داوا لە هۆش دەكا بەر لە هەر كەسێك چاكە لەگەڵ (خود)دا بكا، خودێك وەك لە سەرەوە باسمان كرد چۆن بۆتە قوربانیی فەزایەكی گشتی كە وای لە وەسیلەكان كردووە جانەوەری دڕەندە بن بۆ خود، بۆیە وەكو ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەوەی كەس نییە چاكە لەگەڵ (خود)دا بكا، خود داوا لە هۆشی خود دەكا چاكە لەگەڵ (خود)دا بكا . خود هەر بە تەنها فەرمان بە هۆش ناكا و هەڵبێت، بەڵكو بۆشی دەسەلمێنێ هەر بەڕاست شایستەی ئەو یارمەتی دانەیە و كەسێكە هەمووان پشتیان تێ كردووە و ئیتر نابێت خود ( هۆشی خود) پشتی تێ بكا، ئەگەرچی لە سەرەتادا خۆی پشتی لە هۆشی خۆی كردبوو، بێئومێدی وای لێ كرد ڕووی وەرگێڕێ.

خود بۆ ئەو ئاگاییەی خۆی باسی ئێستا و ڕابردوو دەكا، بۆی باسدەكا چۆن لە ڕابردوودا ئەوەندە بێمنەت بووە، داوای لە هەورەكان كردووە لێی دوور بكەونەوە، وەلێ ئێستا دوای دوور كەوتنەوەی ئەوان، پێویستی بە دووبارە گەڕانەوەیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان ناگەڕێتەوە، ناچارە كەمینیان بۆ دابنێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە خاڵی سەرەتا (بۆ لای خود)، ئەمەش ڕووبەڕووی دوو ئاماژەمان دەكاتەوە، ئاماژەی یەكەم ئەوەیە كە خود هەڵەی كردووە بەرامبەر هەورەكان و ئێستا لە پێناوی خود خۆیدا نەك لە پێناوی هەورەكان، هەوڵی گەڕاندنەوەی هەورەكان دەدا.

ئاماژەی دووەم ئەوەیە كە هەورەكان فرەمانان و دەكرێ گوزارشتبن لە شتگەلی تریش، بۆ نموونە لە كۆمەڵێك مرۆڤی سپی، یان لە كۆمەڵێك كەشتیی كە هەڵگری مرۆڤی سپین، بۆیە دەكرێ بڵێین: لەنێو هەورەكانی (نیتشە)دا مرۆڤی سپی هەن. دواتر گەمەكە فراوانتر دەبێت و خود باسی ئەوە دەكا بۆ داوای لە هەورەكان

کـردووە دوور بکەونـەوە، وەڵامەکـەش ئەوەیـە کـە پێشـتر حـەزی لـە خـۆر بووە و ئێسـتا بێـزارە لـەو خـۆرەی خـۆر نییـە و فانۆسـێکی بێکەڵکـە، بۆیـە دوای ئاشـکرابوونی بچمی ڕاسـتەقینەی خۆر، خـود کار بـۆ گەڕاندنـەوەی ئەوانـە دەکا ئەنتـی خـۆر بوونـە و ڕێگربوونـە لـە بـەردەم گەیشـتنی خـۆری زیاتر بـە خود.

هەسـت بـە جۆرێـك لـە خۆپەرسـتی کـرا. خـود لەپێنـاوی خـۆی داوا لـە هـەورەکان دەکا بگەڕێنـەوە، ئـەو بەرژەوەندییـە خودییـەی دەبینـرێ لـە دەقەکـەدا، لـە ژیانـی (نیتشـە) خۆیـدا هەسـتی پـێ ناکـرێ، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە نیتشـە ویسـتوویەتی گەمەیەکـی شـیعری بخوڵقێنـێ، ئەگینـا (نیتشـە) تـا کۆتایـی خـۆی نەبەسـتەوە بـە نازییەکانـەوە و دیـدی خـۆی نەشـاردەوە لەژێـر تەمتومانـی ئایدۆلـۆژی ئەوانـەوە، ئەگەرچـی (ئەلیزابێـت)ی خوشـکی دوای مردنـی نیتشـە خیانـەت لـە فیکری نیتشـە دەکا و (هیتلـەر) بـۆ کردنـەوەی ئەرشـیفەکەی بانـگ دەکا. .

(هایدگـەر) وەکـو بیرمەندێـك کـە لـە ڕوانگـەی دیـدە فەلسـەفییەکانیەوە هەوڵیـداوە بیـر و دیرۆکـی بیـر بـۆ بەڵگـە و شـیکاری ڕاسـتەقینەی پـڕۆژە ئەنتۆلۆجییەکـەی خـۆی بخاتـە گـڕ، وانـەی هەیـە لـە بـارەی فەلسـەفەی (نیتشـە)ەوە، ئەگەرچـی دواتـر نازییـەکان دژی (هایدگەر) دەوەسـتنەوە.

فەلەسـەفەی (نیتشـە) گرنگـی خـۆی هەیـە ئـەو کاتەی قسـە دێتە سـەر (کامۆ) و (سـارتەر) و بیرمەندانـی بوونخوازی و پـاش بوونخـوازی و هتـد. دواتـر دەڵـێ:

کاتـی خـۆی دوای حەقیقەتـی تـاڵ کەوتبـووم، وەلـێ ئێسـتا دەسـتم بـۆ ئەڵقەکانـی زوڵفـی ڕێکەوتـە بـردووە. وەك دەسـتخەرۆدانی منداڵێـك و بردنی، هـەر ئـاواش ڕێکـەوت هاوڕێـم بێـت و دەستخەرۆشـی بکـەم. دەمـەوێ ئەمـڕۆ میوانـدار بـم، بگرە نسـیب لە خـۆم تەرە نەکـەم و چـزووی پیـا نەکـەم .

(حەقیقەتـی تـاڵ)، ئـەو دەربڕینەیـە دەکـرێ لـە ئاسـتیدا بوەسـتین. هـەر بەڕاسـت حەقیقەتێـك هەیـە تـاڵ بێـت؟ ئێمـە پێویسـتیمان بـە حەقیقـەت هەیـە، کەواتـە حەقیقەتـی تـاڵ واتـای چییـە؟ بوونـی ئـەو حەقیقەتـە تاڵـە سـەلمێنراوە و خـود ئەوەنـدە دڵنیایە لـە بوونی، دوای کەوتـووە لە ڕابـردوودا، وەك چـۆن دایك دڵنیایـە لـە پارچەکانـی ڕۆحـی خـۆی کـە ڕۆڵەکانیەتـی، وەك چـۆن کوێرێـك دڵنیایـە لـەوەی ئەگـەر گۆچانەکـەی لـێ بسـەنن ناتوانێ ڕێ بکات، ئـاواش خود دڵنیایـە لـەوەی لـە ڕابـردوودا حەقیقەتـی تـاڵ بەشـێك بـووە لـە ژیانـی و بەبـێ ئـەو لـەو کوێـرە چـووە ناتوانـێ ڕێ بـکات، وەلـێ ئـەو کاتەی ئێسـتا جێگای ڕابـردوو دەگرێتـەوە، هاوکێشـەکان گەڵا دەگـرن و گەڵاکانیـش قسـەیەکی تـر دەکـەن (هاوکێشـەکان دەگۆڕێـن).

هەمیشە مرۆڤ دوای گۆڕانە گەورەکان کە ڕوو لە ژیانی دەکەن، ژیانی لە نێوان دوو بەرەی دۆزەخ و بەهەشتدا، باش و خراپدا، پیرۆز و نەفرەت لێکراودا دابەش دەبێ، ئەوەتا شاعیر بارگەی خۆی لە سەرزەمینە یەکەمییەکەیەوە کە هەر خۆی خولْقاندویەتی، دەگوازێتەوە بۆ سەرزەمینە دووەمییەکە و فەزا دووەمییەکە کە هەمان فەزا یەکەمییەکەیە و گۆڕاوە، گۆڕانی فەزاکەش بەستراوەتەوە بە گۆڕانی خودەکەوە، ئەو کاتەی خود چیتر دوای حەقیقەتی تاڵ ناکەوێ و دەبێتە هاوڕێی ڕێکەوتە و کار بۆ دەستخەرۆدانی ڕێکەوتە دەکا، گۆڕانی فەزاکە تۆماتیکی دەبێت.

دەربڕینێکی سەرەنجڕاکێشتر ئەمەیە: (وەك دەستخەرۆدانی منداڵێك و بردنی)، ئەو پەیوەندییە چییە لە نێوان دەستخەرۆدانی ڕێکەوتە و دەستخەرۆدانی منداڵدا هەیە؟ ڕاستییەکە ئەوەیە منداڵ ئاسانتر دەستخەرۆ دەدرێ بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤێکی کامڵ (مرۆڤی کامڵ لە ئاستی تەمەندا، ئەگینا منداڵیش مەخلوقێکی بێهێز نییە)، بۆیە خود هەوڵدەدا ڕێکەوتە بکاتە منداڵ و سیفەتەکانی نزیك بکاتەوە لە سیفەتی منداڵ (ئەو سیفەتانەی دواجار دەستخەرۆدان ئاسان دەکەن )، ئینجا دەستخەرۆی بدا. خود هەستی بەوە کردووە کە مرۆڤی کامڵ دەستخەرۆدانی قورسە، بۆیە ئەویش دەیەوێ ڕێکەوتە بچوێنێت بە منداڵ و ئینجا دەستخەرۆی بدا (ئەمە ڕێگاکەی بۆ کورت دەکاتەوە).

لە سەرەوەدا چەند جارێك وشەی (هێز) مانیفێست بوو، کردەی دەستخەرۆدان هێزێکی لە پشتەوەیە. فەلسەفەی هێزی (نیتشە) باسی ئەوە دەکا کە ڕەگەزی چێژخوازی وەکو ڕەگەزێکی ئەخلاقی شیاوی ڕەت کردنەوەیە. بەهای کرداری مرۆ دەبێت لە ڕووی ئەندازەی یارمەتییەك چاوی لێ بکرێ کە ئەوان بۆ گەیشتن بە هێز بەکاری دەبەن. چێژ ئامانج نییە و شتێك نییە مرۆڤ هەوڵی دۆزینەوەی بدا. لە بازنەیەکدا کە خواستی هێز باڵادەستە، چێژ بێمانایە و ئەو شتەی بوونێك بۆ هێزێك دروست دەکا، هەر ئەو شتە مانادار و نرخدارە. هێز و چێژ گرێدراون بە یەکترەوە، چێژ بەبێ هێز هیچە و هێزیش بەبێ چێژ هیچتر، مرۆڤ بۆ ئەوە هێز بە کار دەبا، تا بگاتە چێژ، چێژێك کە دەرەنجامی هێزە. ئەو کاتەی خود هێز دەکاتە کەرەستەی دەستخەرۆدان، چاویشی بڕیوەتە چێژێك لە گۆشە دوورەکەدا چاوەڕێی دەکا:

ئێستا چیتر زەردەشت سەرسەخت نییە، چون بایەکی گەرم و توێنەرەوەی سەهۆڵبەندان، بۆتە جیلوەی هێمنی و

ئارامی. ئەو ئێستاش لە کوێستانەکەیدا لە چاوەڕوانیدایە، تەنها جیاوازی ئەوەیە کە ئێستا لە دوندەکان دابەزیوە. لە بەستەڵەکە زیندووەکان زۆرتر چۆتە پێش. ماندوو و خۆشحاڵە. خوڵقێنەرێکە خەریکە حەوتەمین ڕۆژی ئافراندن تێدەپەڕێنێ .

(زەردەشت) وەکو کارەکتەرێك ئاوێتەی فەلسەفەی ( نیتشە ) بووە. هەڵبەت شیعر ناکەوێتە دەرەوەی فیکرەوە، بەڵام هەندێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە ڕەنگە فیکر و فەلسەفە نەتوانن کەشفی بکەن، ئەوەی دەتوانێ کەشفیان بکا خوێنەرێکە بە بەلەمی (شیعریەت) گەشتی ئاسۆ دوورەکانی شیعر و قوڵاییە سەختەکانی شیعری کردبێت.

قسەکردن لەسەر ئەویتر کە (زەردەشت)ە، جۆرێکە لە قسەکردن لەسەر خود، بەو واتایەی وێنای (زەردەشت) لەو پارچە دەقەی سەرەوەدا نزیك کراوەتەوە لە وێنای خود (لە پارچەکانی خوارەوەدا ئەمە دەگۆڕێ)، ئەوەتا وەك چۆن خود لە سەرەتادا کەسێکی سەرسەخت بووە و پشتی لە ئاگایی خۆی کردووە و هەورەکانی لە خۆی دوور خستونەتەوە، (زەردەشت)یش کەسێکی سەرسەخت بووە و ئێستا بۆتە جیلوەی هێمنی و ئارامی. گۆڕانی (زەردەشت) هۆکاری بۆ هێنراوەتەوە، وەك چۆن لە بابەتی گۆڕانی (خود)دا هۆکارەکان دیاری کرابوون.

گۆڕانی (زەردەشت) بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، هۆکارێکیان ناڕاستەوخۆیە و ئاماژەی پێ دراوە، بەڵام ئەوەی لە پشتی وشەکانەوە هەستی پێ دەکەین ئەوەیە کە (گۆڕانی زەردەشت بەرهەمی گۆڕانی خودە)، هۆکارەکەی تر ڕاستەوخۆیە و (نیتشە) خۆی ئاماژەی پێ داوە، ئەویش خۆی لە دابەزینی (زەردەشت) لە دوندەکان و چوونە پێشەوەی لە بەستەڵەکە زیندووەکاندا دەبینێتەوە.

(زەردەشت )ی خوڵقێنەر جیاوازە لەگەڵ خوڵقێنەرانی تر، (زەردەشت) خەریکی تێپەڕاندنی حەوتەمین ڕۆژی ئافراندنە، خوڵقێنەر خەریکی تێپەڕاندنە نەك خەریکی جێگیرکردن و جەقبەستوویی، ئەمەش خاسیەتە جەوهەرییەکەیە لە کەسایەتی (زەردەشتی خوڵقێنەر)دا ئەگەر قەراربێت (زەردەشت) لەم دەقەدا چەند کارەکتەرێك بێت لەنێو یەك کارەکتەردا. فرەبچمی (زەردەشت) بۆ چەند ئاڕاستەیی فیکری (نیتشە) دەگەڕێتەوە. (نیتشە) لە دەقەکەدا زوو زوو ئاڕاستەی فیکری خۆی گۆڕیوە: خامۆش!

ڕاستییەك هاوشێوەی هەورە ڕەشەکان
لە ژوور سەرم هاموشۆ دەکا
لە دڵی هەورەوە

بروسکەیەکی ون شریخە دەدا
ڕاستی یاغر یاغر لە قاڵدرمە
فراوانەکانەوە ڕووە و من دێت:
وەرە! ئەی حەقیقەتی ئازیز
وەرە! ئەمە حەقیقەتی منە.

خود داوای خامۆشی دەکا لە (ئەوانیتری نادیار)، چونکە ڕاستییەك بوونی هەیە دەبێت لە ئاستیدا بێدەنگ بین و لێ بگەڕێن ڕاستییەکە قسەی خۆی بکا، ڕاستییەك لە ژوور سەری خودەوە هاموشۆ دەکا. (لە ژوور سەرم) ئەو دەربڕینەیە دەکرێ وەکو بەهای ڕاستی چاوی لێ بکەین، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ دیدی فەلسەفی نیتشە بۆ ڕاستی کە ڕاستی بە ئازاربەخش دادەنا.

(نیتشە) حەقیقەت بە ئازیز دانا: (وەرە ئەی حەقیقەتی ئازیز)، وەلێ ئەگەر لە ڕابردوودا خود خۆی دوای (حەقیقەتی تاڵ) کەوتبێ، ئێستا (حەقیقەتی ئازیز ) خۆی لە قاڵدرمە فراوانەکانەوە ڕووە و ئەو دێت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گۆڕانی (زەردەشت ) و گۆڕانی خود، گۆڕانی حەقیقەتیان بەدوای خۆیاندا هێناوە و لە (حەقیقەتی تاڵ)ەوە بوو بە (حەقیقەتی ئازیز )، ئەو گۆڕانە دواجار دەبێتە پەراوێزی بابەتێکی گرنگتر کە بابەتی (گۆڕینەکانی خود)ە، خود دەتوانێ بگۆڕێ و ئاڕاستەی شتەکان بەو جۆرەی دەیەوێ دیاری بکا. ئەگەر لە سەرەوە باسی (خودی خوڵقێنەرمان) کردبێ، ئەوا لێرەدا باسی (خودی گۆڕەر)مان کرد کە خودێك بوو توانی شتەکان بگۆڕێ و لێنەگەڕێ بێدەنگ دابنیشن، خودێك (حەقیقەتی تاڵ)ی گۆڕی بۆ ( حەقیقەتی ئازیز ):

بە دوو چاوی غەمگین
دڵگیرانە نیگام دەکا و
نیگاکانی هەست بزوێن و
سەرەنجڕاکێشن
دەڵێی نیگای کچە لاوەکانن.
پێموایە هەستی بە نهێنیی
بەختەوەربوونی من کردووە
هەستی بەوە کردووە
وەك بڵێی من لە دوندەوە دابەزیوم
بۆیە ئاوا هێمن و لەسەرەخۆم
دەڵێی لەودیو بینینەکانی دەعبایەکی
گوڵڕەنگ

لە هەمبەر مندا دەمی لێ کردۆتەوە.

(حەقیقەتی ئازیز) وێنای کێشراوە و بۆ خوێنەر وازی لێ نەهێنراوە بە ئارەزووی خۆی وێنای بکا، یان بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتنی وێنای بکێشێ. (حەقیقەتی ئازیز) وەکو حەقیقەتێکی غەمگین خۆی مانیفێست دەکا، بەڵام غەمگینێك نیگاکانی هەست بزوێن و سەرەنجڕاکێشن ( غەمگینەکە غەمگینێکی ئاسایی نییە).

نیگاکانی ئەو حەقیقەتە دەچوێنێ بە نیگای کچە لاوەکان، ڕەنگە ئەمەش تا ڕاددەیەك ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو دیدە فەلسەفییەی (نیتشە) بۆ ژنی هەیە.

پێویستە سێکس و جێندەر تێکەڵ نەکەین، یەکەمیان بایۆلۆژییە و دووەمیان دەروونیی - کۆمەڵایەتییە، (نیتشە) ڕاستەوخۆ باسی ئەو جیاوازییە ناکا، وەلێ لە جیاوازیی نێوان (مێبوون ) و (ژنبوون) تێ دەگا. لای (نیتشە) نەمانی غەریزەی ژنانە، فەوتانی ژنە، باسی ئەو تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەی ژن دەکا کە دەبێتە هێزێك بۆ ژن خۆی ( دیسانەوە بەر بابەتی هێز دەکەوینەوە)، (سیمون دی بۆڤوار) لەو ئاستەدا قابیلی بەراوردکردنە لەگەڵ (نیتشە).

(نیتشە) جیاوازیی نێوان (ژن) و (پیاوی) بەستۆتەوە بە ڕوانگەی جیاواز و بەهای جیاوازەوە، ڕەخنە دەگرێ لە دوالیزمی فەلسەفی یان میتافیزیکی (دوالیزمی جنسی)، چەند میتۆدێك دەخاتە ڕوو دەتوانێ بگاتە چەندین و کون و ئاست و لەوێوە ئیش لەسەر چەندین ڕاستی بکا. لە (ئەرکیۆلۆژیای ئاکار)دا (نیتشە) قسە لەسەر ئەو بەهایانە دەکا کە زیهن بە بەرزتر دادەنێن بە بەراورد لەگەڵ لەش، لەوێدا ژنان بە لەشیان جیا دەکرێنەوە، لای (نیتشە) ئەو بەهایانە وا دەکەن توشی گوناە ببین .

(حەقیقەتی ئازیز) حەقیقەتێکی هەستیارە و توانای ئەوەی هەیە دەرك بە نهێنییەکان بکا، ئەوەتا دەرکی بە نهێنیی بەختەوەربوونی خود کردووە، وەلێ ئەو پرسیارەی بەیان دەبێت ئەمەیە: حەقیقەت بۆ غەمگینە کە دەبینێ خود بەختەوەرە؟ دواتر دەکرێ بپرسین: ئایا ئەوەی حەقیقەتی ئازیزی غەمگین کردووە بەختەوەری خودە؟ ئایا حەقیقەتی ئازیز گەرەکیەتی خود بەختەوەر بێت؟

ئەمجارەیان (زەردەشت) دەبێتە خود. خودی (نیتشە) لەنێو (زەردەشت) دا دەتوێتەوە. ئەوەی لە دوندەکانەوە دابەزیبوو، (زەردەشت) بوو نەك خود ، وەلێ کرداری (لەنێو یەکتری توانەوە) ئەوەندە قووڵە، (زەردەشت) دەبێتە خود و خودیش دەبێتە (زەردەشت)، بە ڕاددەیەك ئەو دووانەت بۆ لە یەکتری جیا ناکرێتەوە .

(دووانەیی) قسەی زۆر هەڵدەگرێ لە بابەتێکی سەربەخۆدا، یان لە دەقێکی ئەدەبیدا کە (دووانەیی ) بەشێکی گەورەی داگیر کردووە، وەلێ بابەتی (دووانەیی ) لەم دەقەدا بۆ چەند چرکەیەکی دیاریکراوە و خێرا دەگۆڕێ، بۆیە ئێمەش زیاتر لەسەری ناوەستین و لێی دەگەڕێین:

خامۆش! چونکە ڕاستیی من لە دووانداییە: ماڵت خرا بێت زەردەشت!

دەڵێـی ئـەو مرۆڤـەی کـە (زەرنـاب) ی قـووت داوە، لـە کۆتاییـدا ورگـت هەڵدەدڕن بۆ دەرهێنانی زێڕ! زەردەشـت! تـۆ زیاد لـە پێویسـت بەتوانـای، بێئەندازە خەڵـك سەرسـام دەکـەی و وایـان لـێ دەکـەی حەسـوودیت پـێ ببـەن. من لە بەرامبـەر شـەوقی دڵگیرتدا خـۆم ناگرم. هـاوار بـۆ سـێبەر دەبـەم و هەڵدەلـەرزم، دە تـۆ بڕۆ بەتوانـا، بڕۆ. ئەی زەردەشـت! لـە خـۆری خـۆت دوور بکەوە!

دیسـانەوە داوای خامۆشـی دەکا لـە ئەوانیـتری نادیـار، دیسـانەوە ڕاسـتی قسـە دەکا، وەلـێ ئەمجـارە ڕاسـتییەکی نەنـاسراو نییـە، بەڵکـو (ڕاسـتیی خـود) ە: ( خامـۆش! چونکـە ڕاسـتیی مـن لـە دوواندایـە) هـەر لەبـەر ئەوەی (ڕاسـتیی خود) لـە دوواندایە، ئیتر بـەلای خودەوە دەبێـت هەمـووان بێدەنـگ بـن و قسـە نەکـەن (ڕاسـتیی خـود قسـە دەکا). خـود لـە ڕێـگای ئـەو بێدەنـگ کردنەوە، ئـەوان مەحکـوم دەکا بـەوەی گـوێ لـە (ڕاسـتیی خـود) بگـرن.

ئـەو مەحکـوم کردنـەی خـود دەکەوێتـە کوێـی فیکـری فەلسـەفی نیتشـەوە؟ مـن دەزانـم لای نیتشـە هەمـووان مەحکومـن بـە ژیـان و بەڵگـەش بـۆ ئەمـە، دیالۆگەکـەی نێـوان نیتشـە و دختۆرەکەیەتـی لـە کاتی نەخۆشـییەکەی، ئـەو کاتـەی دختـۆر دەیـەوێ وەکـو نەخۆشـێك مامەڵـە لەگـەڵ (نیتشـە) بـکا.

ئینجا وەسـفە گشـتییەکەی زەردەشـت دەسـت پـێ دەکا، بەتەواوی وەسـفی ئەو زەردەشـتە دەکا لە دەقەکەدا لەپاڵ وشـە و ڕسـتە و دەربڕینەکانیـدا وجـودی هەیە، ئەو کەسـێکە تـا ئاسـتی ئیرەیی پـێ بردن بەهێـز و سەرسـامکەرە. بـە ئاشـکرا هەسـت بـەوە دەکەیـن خـود (حەقیقەتی خـود ) ئیرەیـی دەبـا بـە زەردەشـت، ئەمە جگـە لـەو ئیرەییـە گەورەیـەی ئەوانیتر بە زەردەشـتی دەبـەن. بە گەڕانـەوە بۆ دیدی نیتشـە لـە بابەتـی (بەزەیـی)دا، دەکـرێ قسـە لەسـەر دیـدی ئـەو بـۆ (ئیرەیـی) بکـرێ (نیتشـە بەزەیـی بـە خـراپ دادەنا ).

نیتشـە بانگەشـەی (مرۆڤـی بـاڵا – سـوپەرمان) دەکا، هەڵبـەت گۆتـەش لەنێـو هۆنـراوە دراماتیکییەکانـی نێـو فاوسـتدا وێنای وەها مرۆڤێکی کێشـاوە، بـەڵام ئەگـەر خـود وەکـو کەسـێکی بێدەسـەڵات کـە هەڵدەلـەرزێ لـە سـێبەردا دەربکـەوێ، ئەمـە دژە لەگـەڵ دیـدی فەلسـەفی نیتشـە بـۆ مـرۆڤ و خـود کـە پێـی وایـە تەنانـەت خـودی بەزەییـش بـۆ مـرۆڤ خراپـە و پێویسـتی نییـە:

دەتەوێ نووری زیادەت ببەخشیە
ئەوانیتر بە مشتان، وەلێ ئەوەی زیادە
خودی تۆیە!

ئەی بەتوانا وریابە، ئەگەر مەیلی بەخشینت هەبوو لە خۆتەوە دەستپێبکە
زەردەشت خۆت ببەخشە!

گریمان ئەگەر ئەو ڕوانگە بێکەڵکە بۆ شیعر دروست بێت کە پێی وایە شیعر دەکەوێتە دەرەوەی فیکرەوە (من قەت لەگەڵ ئەو دیدەدا نیم)، ئەوا دیسانەوە (ناکۆکی) و هەموو ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە ناکۆکییەوە، یەقەمان بەرنادەن لە بازنەی دەقەکەدا، یانی ئەگەر حاشامان لە بوونی بازنەی فیکر کرد کە ئەمە تاوانێکی کۆمیدییە، دیسانەوە ڕووبەڕووی چەندین ناجێگیری فیکری دەبینەوە لە بازنەی دەقدا.

نیتشە، زەردەشت ئەوەندە بەرز دەکاتەوە، دەیگەیەنێتە ئاستێك هەمووان بەخیلی پێ دەبەن، وەلێ دواتر (خودی خود) ئەو مرۆڤە بەرزکراوەیە بە بێکەڵك دادەنێ و داوای لێ دەکا ئەگەر مەیلی بەخشینی هەیە، لە بەخشینی خۆیەوە دەست پێ بکا. کەواتە یانی چی تۆ کەسێك بەرز دەکەیەوە و لات بێکەڵك و زیادەیە؟ ئەو ناکۆکییانەی لەم دەقەدا هەن، قابیلی ئەوەن لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە قسەیان لەبارەوە بکرێ.

سەرچاوەکان:


* لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی فریدریك نیتشە، گۆڤاری (ئەدەبی سەردەم)، بڵند باجەلان، ٢٠١٤
* باشترین هۆنراوەکانی نیتشە، کۆکردنەوەی شوجاعەددین شەفا، دهۆك، ٢٠٠٨
* لە ڕێبازە هزرییە هاوچەرخەکان، د. سعدون محمود ساموك، هەولێر، ٢٠١٨
* بیری پۆستمۆدێرنیزم ، ئازاد حەمە، هەولێر، ٢٠٠٢
* لێبووردەیی و فەلسەفە، ڕێبوار سیوەیلی، هیوا حاجی، نەوزاد جەمال، هەولێر ، ٢٠٠٩
* فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت، د : نبیل عبدولحەمید عبدالجبار، هەولێر، ٢٠١٠
* المدخل الى الفلسفة، جون لويس، ترجمة: د. انور عبدالملك.
* مشاكل الفلسفة، برتراند رسل، ترجمة: د. عبدالعزيز البسام
* مدرنیتە و اندیشەی انتقادی، بابک احمدی، چاپ چهارم، ١٣٨٠

# ڕوانینی سارتەر بۆ مردنی خودا
# لای فریدیش نیچە


دڵشاد کاوانی



ئـەو ڕەخنانـەی سـەرەوە لـە فەلسـەفەی بوونگەرایـی دەتوانیـن وەک وەڵامێـک بـۆ حوکمەکـەی سـارتەر کـە خـودا بوونـی نییـە تێبگەیـن. سـارتەر لـە کتێبـی «ئێگزیستنسـیالیزم و سـۆزەکانی مـرۆڤ» دا دەڵێـت «بوونگەرایـی لـە هەوڵێـک زیاتـر نییـە بـۆ جێبەجێکردنـی هەمـوو دەرئەنجامەکانـی تێڕوانینـە بێئایینـەکان کـە پەیوەسـتن بـە یەکـەوە».[١] تێڕوانینـی سـارتەر بـۆ نەبوونـی خـودا دەنگدانـەوەی ڕاگەیاندنـی سـەدەی نۆزدەهەمـی نیچەیـە کـە دەڵێـت «خـودا مـردووە». لێدوانەکەی نیچـە نـەک تەنهـا ئاماژەیـە بـۆ مردنـی بەهایەکـی ڕەهـا، بەڵکـو ئـەو مردنـە زەبەلاحە ڕەنگـە ترسـناکترین بێـت کـە مرۆڤایەتـی تـا ئێسـتا ئەزموونـی کـردووە. مردنـی خـودا، بـۆ نیچـە، لـە هەمـان کاتـدا ئامـاژە بـەو نیهیلیزمـە دەکات کـە لـە ئەنجامـی لەدەسـتدانی بەهایەکـی ڕەهـاوە دێتـە ئـاراوە کـە هەمـوو بەهاکانـی دیکـەی پێوانـە دەکرێـن. لـە کتێبـی زانسـتی بەختـەوەری نیچـەدا شـێتێک دەخاتـە بـازاڕی فەلسـەفە ئەویـش مردنـی خـودا ڕادەگەیەنێـت:

خودا مردووە. خودا هێشتا مردووە و ئێمەش کوشتمان. ئێمەی بکوژانی بکوژان چۆن مامەڵە لەگەڵ خۆمان دەکەین؟ پیرۆزترین و بەهێزترین شت کە جیهان خاوەنی بووە، لەسەر چەقۆکانمان خوێنی لێهات تا مردن: کێ دەتوانێت خوێنمان لێ بسڕێتەوە؟ ئەو ئاوەی لەوێ پاکمان دەکاتەوە چییە؟ چ ڕێوڕەسمێک، چ یارییەک دروست دەکەین بۆ ئەوەی تاوانباری خۆمان بشۆین؟ ئایا گەورەیی ئەم شتە بۆ ئێمە زۆر گەورە نییە؟ ئایا پێویست نەبوو ببینە خودا تا شایەنی ئەو دەرکەوین؟[٢]

مردنـی خـودا، بـۆ نیچـە، مانایەکـی قووڵـی تراژیدی هەیە، کارەسـاتی هەموو کارەسـاتەکانی مێـژووی مرۆڤایەتییـە. کارەسـات تەنهـا مردنـی خـودا نییـە، یان کوشـتنی لەلایـەن مرۆڤەکانـەوە، بەڵکـو لـەوە تراژیدیـتر ئەوەیـە کـە مرۆڤـەکان بەتەنهـا ماونەتەوە بۆ مامەڵەکـردن لەگەڵ ئـەو گێـژاوە گەورەیـەی کە مردنـی خودا بەجێـی هێشـتووە. بـە واتایەکـی تـر بـە دروسـتکردن و ئەنجامدانـی «ڕێوڕەسـم» بـۆ «شـۆردنی تاوانەکـە» لـە تاوانەکـەی خـۆی بـەدوور دەگرێت. ئەم ڕێوڕەسـمە بـۆ نیچـە بـە جۆرێـک نوێنەرایەتـی داخسـتنی بەربەسـتی تـرس دەکات، کـردەوەی دامەزراندنـی «خودایەکـی نـوێ» لـە فـەزادا دوای نەمانـی بنەمـای ڕەهـا و زاڵانـەی ژیـان. لـە ئەنجامـدا لـە جیهانێکـی بێ خودادا، مـرۆڤ دەتوانێت بـە تـەواوی پـەرە بـە داهێنـەری خـۆی بـدات: مرۆڤ چیـتر نابێـت وەک جاران داوای ڕێنمایـی لـە کردارەکانیدا بکات لە



سارتەر

فەزای سەروو سروشتییەوە «شینەکەی ئاسمانی» بەڵکو دەبێت خۆی ڕێنمایی بکات. ناچارە نکۆڵی باقی دونیا بکات و دان بە گرنگی ئەم جیهانەدا بنێت و بانگەواز بۆ ئیرادەی خۆی بکات. ئەوان بە ئاشکرا و بێ شەرم دان بەوەدا دەنێن کە دەبێت ئەو دەرگایە بگۆڕن کە بەهۆی مردنی خوداوە داخراوە، بە جۆرێک لە دەسەڵاتی سەرووی مرۆیی و «ئیرادەی دەسەڵات».

ئەگەر حوکمەکەی نیچە سەبارەت بە مردنی خودا، وەک هایدگەر، ئاماژەیە بۆ مردنی خودا بە مانای وشەیی، بەڵکو «کۆتایی میتافیزیک» بێت، ئەوا نیچە کۆتایی هاتنی پلانی دیکارت لە مۆدێرنیتە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ مردنی خودا ڕادەگەیەنێت و خاوەندارێتی مرۆڤ وەک جۆرێک لە واقیع. دیکارت ناوەندی کێشکردنی میتافیزیکی مەسیحی سەدەی ناوەڕاستی لەسەر ماددەیەکی ڕەها جێگیر کرد - خودا- سەرچاوەی هەموو ڕاستییەکان، سەرچاوەی ڕاستییەکی بێ پرسیار و بوونی «پێموایە، بۆیە منم».[٣] دەبێتە هۆکارێکی تری خودی کەسەکە، کە لە ڕێگەی هەستی کەسی یەکەمەوە هەست پێدەکرێت. کانت، یەکێک لە نوێنەرە گرنگەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری، بەدوای کردارە ئەخلاقیەکانیدا دەگەڕێت نەک لە خوداوە، کە ناتوانرێت لە ڕێگەی عەقڵ و هەستەوە بناسرێت، بەڵکو لە فەرمانی ڕەهای عەقڵی خۆیەوە؛ وەک کەسێک هەست پێدەکرێت کە تەنها یاسادانەر نییە بەڵکو کەسێکی حوکمڕانی یاساشە. لە بەرامبەردا نیچە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو هەستانەی لە ئەنجامی زۆر جەختکردنەوە لەسەر عەقڵ سەرکوتکراون و لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەریدا بەرزکراونەتەوە، کە بنەمای شەرعیەت و دەسەڵات لە فەرمانە ئیلاهییەکانەوە دەگۆڕێت بۆ فەرمانەکانی عەقڵ، بریتین لە سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەربڕینی مرۆڤ بۆ بوونی خۆی لە جیهانی سروشتیدا.

سارتەر کارەساتی ڕاگەیاندنی نیچە کە «خودا مردووە» هەنگاوێک زیاتر دەباتە پێشەوە و کارەساتی فەزای تەڵەی هەڵنەهاتوو و چارەسەرنەکراو دەباتە فۆرمێکی تراژیدیترەوە. سارتەر پێی

وایە نەبوونی خودا ڕاستی و گرفتێکی سادە نییە، بەڵکو «کارەساتێکە» بۆ مرۆڤایەتی. چونکە ئەم مردنە، لە هەمان کاتدا خۆی ڕایدەگەیەنێت کە بناغەی بەهای زاڵیش لەدەستچووە و مردووە. کەواتە وەک لە دۆستۆیڤسکی وەریدەگرێت، هەموو شتێک لە جیهانێکی بێ خودادا «مەحاڵە» و «ڕێگەپێدراوە». کێشەی جەوهەری ئەوەیە کە ئەوەی دوای مردنی خودا بەدوای خۆیدا دێنێت، دەرئەنجامێکی ترسناکترە: لە جیهانێکی بێ خودادا مرۆڤ وازی لێدەهێنرێت بۆ بوونێک کە ناتوانێت هەڵیبژێرێت و هەڵینابژێرێت. مرۆڤ وەک تیغێک تەنیایە کەس و هیچ شتێک لە پێشەوە و لە پشتییەوە و لە سەروویییەوە نییە کە ڕێنمایی بکات. وەک چۆن هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بوونی هەبێت، هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی بوونی نەبێت، چونکە بوونی تەنیا ڕێکەوتێکی سەیرە. بوونی ئەو لەلایەن بوونێکی تری زاڵەوە دروست نەبووە، بەڵکو بوونێکی ناوازەیە کە ناچارە خۆی دروست بکات. واتە مرۆڤ بەجێدەهێڵرێت، یان باشتر بڵێین ناچارە مامەڵە لەگەڵ بوونی خۆیدا بکات لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی نەبوونی خودا دەکات.(٤) بەم شێوەیە بۆ سارتەر چۆن نیچە مردنی خودای ڕاگەیاند، ئەمە ئەگەر سەربەخۆیی نیشان دەدات،



لای سارتەر بە مانای سەربەخۆیی مرۆڤێکی ئازادە. سارتەر، لە جیهانێکی بێ خودادا جیهانێک کە هەموو شتێک ڕێگەی پێدراوە، مرۆڤ جێدەهێڵرێت بۆ ئەوەی ئازادییەکەی فڕێ بدات. بەم شێوەیە، سارتەر دەڵێت، مرۆڤ بوونێکە کە «تۆمەتبار دەکرێت» بە ئازادبوون: ئەو کەسەیە کە هەموو بارگرانییەکانی ئەم سەرەتایە هەڵدەگرێت و هەموو ئەو بەرپرسیاریەتیانەی کە ئەم بارگرانییە دەیهێنێت، بەجێدەهێڵێت، ئەو بوونەوەرەیە کە وەک نیچە بە زمانی حەکیمەکە دەیخاتەڕوو، جێدەهێڵرێت، خۆی وەک «خودایەکی نوێ» دروست بکات.

واتــە ســارتەر فۆرماتــۆری ڕادیکاڵــی ئــەم تێڕوانینەیــە، کــە لــە بزووتنــەوەی بەئاگاهاتنــەوەی ئەوروپییــەوە دەســتی پێکــردووە، ســەبارەت بــە بــوون و پێگــە و مانــا مــرۆڤ لــە گەردوونــدا- مــرۆڤ تەنیــا بــە خــۆی دەتوانێــت مانــا بــە بوونــی خــۆی ببەخشێت. ئەگــەر نیچە فــەزای دوای «مردنــی خــودا» وەک دروســتکردنی ســوپەرمانێک بــە ئیــرادەی دەســەڵات و هەڵســەنگاندنەوەی هەمــوو بەهــاکان و دروســتکردنی بەهــای نــوێ لێکبداتــەوە، ســارتەر ئــەم فەزایــە بــە خــودی مرۆڤــی ئــازاد لێکدەداتــەوە. ئیــرادە و دروســتکردن، لەســەر ئــەم خاڵــە ســارتەر هێنــدەی نیچــە ڕادیکاڵــە، هەردووکیــان داوا لــە مــرۆڤ دەکــەن پشــت بــە داهێنەرییەکــەی ببەســتێت و بەهــای نــوێ دروســت بــکات. بــۆ ســاتر مــرۆڤ ئاراســتەی ڕابــردوو نییــە، بەڵکــو لــە ئێســتاوە بــەرەو داهاتــوو، بەربەســتی ئەگەرەکانــی داهاتــووە. بــە جۆرێــک ئیــرادەی دەســەڵاتی ســەروو مرۆیــی نییــە، بەڵکــو ئیــرادەی ئــازادی مرۆڤێــک هەیــە کــە بــە هەڵــە لــە جیهانێکــی داخــراودا فڕێدراوەتــە نــاو بوونــی خۆیــەوە. هەمــوو بەهــاکان شــتێک نیــن کــە پێــمان بدرێــت و پێویستە بگۆڕدرێــن، بەڵکــو شــتێکن کــە ئێمــە لــە ڕێگــەی کردارەکانــی خۆمانــەوە دروســتی دەکەیــن و پێویســتە بــەرز بکرێتــەوە بــۆ ئاســتی بەهــا مرۆییــەکان.

پەیوەنــدی ســارتەر لــە نێوان ئیــرادەی مــرۆڤ و ئیــرادەی خــودادا- «بــوون و نەبــوون»ی، وەک پەیوەنــدی نێــوان مــن و خــۆم لــە کارەکانیــدا- پڕە لــە ململانێ. هەروەهــا پێویســتە جەخــت لــەوە بکرێتــەوە کــە نــەک هــەر پەیوەندییەکانی پێشــوو ناگونجێــن، بەڵکــو ڕەتکردنەوەی یەکێکیــان بنەمــای دووپاتکردنــەوەی ئــەوی دیکەیــە. واتــە لــە پەیوەنــدی نێــوان خــودا و مرۆڤــدا، هــەروەک چــۆن لــە پەیوەنــدی نێــوان خــود و خــوددا، ئەگــەری ئاڵوگــۆڕی ســوژە و ئۆبــژە نییــە؛ هیــچ ڕوانگەیەکــی ئیلاهــی نییــە کــە بتوانێــت وەک خودێــک مــن بابەتــی بــکات؛ هیــچ ئیرادەیەکی ئیلاهــی نییە بۆ مســۆگەرکردنی بەردەوامــی بوونــی مــن. ئەمــەش لەبــەر ئەوەیە کــە ئیــرادەی خودا و ئیــرادەی مــرۆڤ بــە تەواوەتــی لەگــەڵ یەکــتردا ناگونجێت- ئەگەر خــودا بوونی هەبێــت، مــرۆڤ ناتوانێــت ئــازاد بێــت؛ ئەگــەر مرۆڤ ئــازاد بێت خــودا ناتوانێت بوونــی هەبێت. مــرۆڤ لەلایــەن خوداوە دروســت نەبووە، بەڵکو "خۆی دروســت دەکات. کەواتــە «مــرۆڤ ئــازادە، مــرۆڤ ئازادییــە». ئــەم بۆچوونــە بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ وا گریمانە دەکات کە بوونی خــودا ئــازادی مرۆڤ ســنووردار دەکات؛ مــرۆڤ بــۆ ئــەوەی بــە تــەواوی دەســتی بەســەر ئازادییەکەیدا بگرێــت، دەبێت بێ شکســت خــودا ڕەت بکاتــەوە. بەهەمــان شــێوە ئەگــەر بوترێــت مــرۆڤ بەڕاســتی

ئـازادە، خودای دروسـتکەر بوونـی نییە، چونکـە مـرۆڤ کە بـە ئـازادی داهاتووی خـۆی هەڵدەبژێرێـت و بـەو هۆیـەوە خـۆی دروسـت دەکات، پێویسـتی بـە هیـچ کەسـێک نییـە جگـە لـە خـۆی.

دەتوانرێـت بڵێیـن ئـازادی لـە چـاوی سـارتەردا پێشـگریمانە دەکات کـە «مردنـی خـودا» کـە نیچـە ڕایانگەیانـدووە، مرۆڤـی سـارتەر ئـاگاداری دەرئەنجامەکانـی کوشـتنی خـودا مەسـیحیەکەیە. بـەڵام دەکـرێ ئـەوەش بڵێیـن کـە «نیچـە و کوشـتنی خـودا» نیچـەی سـارتەر، لـە ڕوانگـەی دەروونشـیکارییەوە، هەوڵـی پیاوێکـە بـۆ ئـەوەی جێگـەی «بـاوک» کوژراوەکـەی بگرێتـەوە- واتـە هەمـان پێگـەی ئـەوی هەبێـت.[٥] تێڕوانینـی (دژە تیۆلـۆژی) ی سـارتەر لـە بنەڕەتـدا خوداکردنـی مـرۆڤ یـان بـێ مرۆڤکردنـی خودایـە. چونکـە سـارتەر سـیفەتەکانی خـودا دەگوازێتـەوە بـۆ لێکدانـەوەی ئـازادی مـرۆڤ، ئەمـە تیۆمۆرفیزمـی بوونگەراییـە.[٦] تایبەتمەنـدی سـەرەکی تیۆریزمـی سـارتەر ئەوەیـە کـە مـرۆڤ وەک خـودا دروسـت نەبـووە، بەڵکـو دروسـت دەکات؛ وەک خـودا کـە ویسـتی بوونەوەرێکـی تـر نییـە، بەڵکـو خـۆی ویسـتی هەیـە؛ وەک خـودا سـەرەتایەک نییـە، بەڵکـو بوونێکـە کـە مامەڵـە لەگـەڵ داهاتـوودا دەکات.

پەڕاوێز:

١- ژان پۆڵ سارتەر، بوونگەرایی و هەستەکانی مرۆڤ (کتێبخانەی عەقڵ، ١٩٨٥ )، ل ٥١.

٢- فریدریش ویلهێلم نیچە، زانستی بەختەوەر، خوێندنەوەکانی نیچە ( چاپخانەی بلاکوێل، ٢٠٠٦) ل٢٢٤.

٣-بیردەکەمەوە کەواتە هەم" قسەیەکی فەلسەفی بەناوبانگە لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی ڕێنی دیکارتەوە کە بە لاتینی بە واتای Cogito ergo sum دێت. ئەم لێدوانە لوتکەی هەوڵدانییەتی بۆ گەیشتن بە بیرۆکەیەکی ڕوون و ناوازە و دوور لە هەموو گومانێک. واتە ئەگەر بزانم بوونی هەیە یان نا، یان لەلایەن جنۆکەیەکی زۆر فێڵبازەوە دەستخرۆدەکرێم، یان ئەگەر وەهمێک یان خەونێکی من بێت، ئەوە ڕوون و بێ هەڵە، بیردەکەمەوە. «پێموایە» (کۆگیتۆی) لاتینی بنەمای هەموو زانستێکە، چونکە ئەوەی من بیری لێدەکەمەوە ڕەنگە هەڵە بێت، بەڵام ڕاستییە بێ گومانەکە ئەوەیە کە من بیردەکەمەوە. بەم پێیە ئەم قسە فەلسەفییە لە سروشتی ئەکسیۆمێکدایە، کە هەموو ڕاستییەکانی دیکە لێیەوە دەردەچن.

٤- ئەمە Übermensch ی ئەڵمانییە، سوپەرمانی ئینگلیزییە ڕۆمانی «So Says Zarathustra" زەردەشتی نیچەدا بەکارهاتووە. نیچە لەم بەرهەمەدا چەمکی مرۆڤی باڵا بە پێچەوانەی عەلمانیزمی مەسیحییەت دەناسێنێت.

زاراتوسترا سوپەرمرۆڤ بە مانای زەوی ڕادەگەیەنێت و ئامۆژگاری بیسەرەکانی دەکات کە چاوپۆشی لەو چاوەڕوانییە ئەبەدیانە بکەن کە لە زەوی نامۆیان دەکەن (فریدریش نیچە، «بەم شێوەیە زاراتوسترا»، وەرگێڕانی ئینگلیزی لەلایەن ڕ. ج. هۆلینگدەیل (پێنگوین کلاسیک، ١٩٦١)، ل. ٤٤.) زاراتوسترا مرۆڤی باڵا بە مردنی خوداوە دەبەستێتەوە. بە بڕوای ئەو، ئەگەر خودا مردبێت، ئیتر خودا ناتوانێت بەهاکان دابین بکات. بەم شێوەیە ڕەنگە نیهیلیزم زاڵ بێت، بەڵام مرۆڤی باڵا دوای مردنی خودا بەهای نوێ دروست دەکات. واتە ئامانجی نیچە لەناوبردنی ئەو نیهیلیزمەیە، کە لە ئەنجامی مردنی خوداوە لە ڕێگەی مرۆڤی باڵاوە دروست دەبێت.

٥- فرۆید لە کتێبی (تەوتەم و تابۆ)دا باسی منداڵانی سەرەتایی ژێرمانی دەکات کە باوکە خراپەکار و باڵادەست و سنووردارکردنی سێکسی خۆیان دەکوژن. ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر دەکەن و باوکەکە دەکوژن و لاشەی دەخۆن. بە بڕوای فرۆید، کوشتنی خۆخۆرانەی باوک لەلای منداڵەکانیانەوە، تەنیا ئاماژەیەک نییە بۆ ڕق و کینەیان لە دیکتاتۆر و تۆڵەسەندنەوەکەی: ”بێ گومان باوکی سەرەتایی توندوتیژ مۆدێلێکە کە هەموو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە منداڵە لێی دەترسێت و ئیرەیی پێدەبات؛ لە کردەی ڕووخاندنیدا، ناسنامەیان لەگەڵیدا بەدەستهێنا، هەریەکەیان پشکێک لە چارەنووسی خۆیان بەردەکەوێت“. (سیگمۆند فرۆید، ”تەوتەم و تابۆ (”Routledge، ٢٠٠٠))، p.١٤٢. کوڕەکان بۆ ئەوەی لە باوکە توندوتیژەکانیان ڕزگاریان بێت و هاوسەری خۆیان هەبێت، باوکیان دەکوژن؛ بەڵام ئەم ئازادییە ناوەکیکردنی باوکی مردوو دروست دەکات. بەم شێوەیە خۆیان لەو فەزایەدا دادەنێن کە باوک بەجێی هێشتوون - خۆیان لە پرۆسەی گەیشتن بە یەکسانی لەگەڵ باوکدا ڕزگار دەکەن. واتە بە بڕوای نیچە و تەنانەت بۆ سارتەریش کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، «کوشتنی ئەسپەکەی» تەنیا هەوڵی مرۆڤ نییە بۆ بەدەستهێنانی «ئازادی»، بەڵکو بکوژەکانیش مەیلیان هەیە، وێنەی ئەو باوکەی خۆیان بخەنە ناوەوە و کوژراوە و خۆی لەگەڵیدا بناسێنێت.

٦-تیۆمۆرفیزمی یۆنانی θεος تیۆس، (خودا) لەگەڵ μορφη، مۆرف ئێە پێکدێت لە وشەکانی (فۆڕم) ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی سیفەتەکانی خودا بۆ مرۆڤایەتی. مانای پێچەوانەی ئەم وشەیە بریتییە لە ئەنترۆمۆرفیزم کە ئاماژەیە بۆ گەڕاندنەوەی سیفاتەکانی مرۆڤ بۆ خودا.

سەرچاوە:

کتێبی ئازادیی لێپێچینەوە. دڵشاد کاوانی چاپی ٢٠٢٣.

# زیندووکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی لە ڕێگەی ڕۆمانی بایۆگرافییەوە، ڕۆمانی (ئەو هاوارەی نەبیسترا)ی – ئارام محەمەد- بە نموونە

د. دیلان سەلام حەمە فەرج



## پێشەکی:

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (زیندووکردنـەوەی کەسـایەتی نەتەوەیـی لـە ڕێگـەی ڕۆمانـی بایۆگرافییـەوە، ڕۆمانی(ئـەو هـاوارەی نەبیسـترا)ی - ئـارام محەمـەد- بـە نموونـە، هەوڵێکـی نوێیـە بـۆ ئاوڕدانـەوە لـە جۆرێکـی نوێـی ئەدەبییاتـی گێڕانـەوە، کـە ئەویـش ڕۆمانـی بایۆگرافییـە، لـە ئەمـڕۆدا ئـەم جـۆرە لـە ڕۆمـان زۆر دەبینرێـت، کـە هەوڵـدەدەن کەسـایەتییە مێژوویـی و نەتەوەییـەکان لـە ڕێگـەی ڕۆمانـەوە زیندووبکەنـەوە، بـۆ نموونـە (جـان دۆسـت) لـەم جـۆرە ڕۆمانـەی نووسیوە لەسـەر چەنـد شـاعیر و کەسـایەتی دیاریـی نەتـەوەی کـورد، ئـەم ڕۆمانـەش بـاس لـە وێسـتگەکانی ژیـان و شـیعر و ڕۆشـنبیریی و سیاسـەت و هەڵوێسـتە نەتەوەییەکانـی دڵـداری شـاعیر دەکات، کـە لـەو قۆناغـەوە هـاواردەکات بـۆ پێکهێنانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـوردی و لـە سـی سـاڵی تەمەنیـدا زۆرتریـن هەوڵـی بـۆ دەدات، توێژینەوەکـە بـە پێـی میتۆدی(وەسـفی- شـیکاریی- مێژوویـی) ئەنجامـدراوە و بـۆ پراکتیکـی توێژینەوەکـە سـوود لـە ڕۆمانـی (ئـەو هـاوارەی نەبیسـترا)ی - ئـارام محەمـەد- وەرگیـراوە، توێژینەوەکـە لـە پێشـەکیی و دوو بەشـی سـەرەکی و




لیسـتی سـەرچاوەکان پێکهاتـووە و لـە کۆتاییشـدا ئەنجامـەکان لـە چوارچێوەی چەنـد خاڵێکـدا خراونەتـەڕوو، پلانـی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە:

بەشـی یەکـەم: چەنـد زانیارییەکـی تیـۆری دەربـارەی گێڕانـەوە و بایۆگرافـی:

پاری یەکەم: گێڕانەوەناسی

پـاری دووەم: ڕۆمانـی بایۆگرافـی، بەیەکداچوونـی ژیاننامـە و ڕۆمـان

پـاری سـێیەم: جیاوازیـی و پەیوەندیـی نێـوان ڕۆمـان و مێـژوو

بەشـی دووەم: زیندووکردنـەوەی کەسـایەتی نەتەوەیـی لـە ڕۆمانـی (ئـەو هـاوارەی نەبیسـترا)ی -ئـارام محەمـەد-دا:

پاری یەکەم: تەکنیکەکانی ڕۆمانەکە
پـاری دووەم: دڵـداری شـاعیر وەکـو کەسـایەتییەکی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی لـە ڕۆمانەکـەدا:
یەکـەم: ڕۆڵـی دڵـدار لـە دامەزراندنـی کۆمەڵـەی (دارکـەر) و کۆ مە ڵە ی ( هیـو ا )
دووەم: چۆنیەتـی بوونـی (ئـەی ڕەقیب) بـە مارشـی نەتەوەیـی لـە کۆمـاری کوردسـتانەوە تائێسـتا
پـاری سـێیەم: ژیانـی کۆمەڵایەتیـی و پەیوەندییەکانـی دڵـدار و گرنگیـدان بـە ژیانـی چەوسـاوە و پیشـاندانی ئـازار و کێشـەکانیان.

## بەشی یەکەم: چەند زانیارییەکی تیۆری دەربارەی گێڕانەوە و بایۆگرافی:

### پاری یەکەم: گێڕانەوەناسی:

گێڕانەوەناسـی وەک زانسـتێکی نـوێ، ڕێگایەکـی ڕێکخـراوە بـۆ لێکۆڵینـەوەی بونیـادی گێڕانـەوە، بـە وردبوونـەوە لـە شـێوەی بەرهەمـی ئەدەبـی هەوڵـدەدات، بـگات بـە پەیرەوێکـی واتایـی سـەروو دەق و گوتـاری گێڕانەوەیـی دەقەکـە وا لێبکات قابیلـی تێگەیشـتن بێـت، بـە واتایەکـی تـر: ئـەم زانسـتە بـە هـۆی کۆمەڵێـک دەسـتوور و یاسـای هەڵهێنجـراو لـە خـودی گێڕانـەوەوە حوکمـی خـۆی بـە سـەر دەقـدا دەدات و هـاوکات وادەکات توانـای تێگەیشـتن و درکـی زیاترمـان لـە گێڕانـەوە هەبێـت. دەقەکـە چ بـە شـێوەی پەخشـان یـان شـیعر بێـت، بـە هـۆی ئـەو بنەمایانـەی، کـە بوونەتـە هـۆی پێکهێنانـی گێڕانەوەکـە و جەوهـەری گێڕانەوەکـە دەبێتـە جێـی لێکۆڵینـەوە، بـە سـەرنجدان لـە بـەش و یەکەکانـی دەقەکـە کـۆی دەقەکـە دەخرێتـە بـەر بـاس و دواجـار ڕەخنەگـر وەک بەشـێکی گشـتگیر حوکمـی خـۆی لـە بـارەی دەقەکـەوە دەخاتـەڕوو.

لـە زمانـی کوردیـدا گێڕانـەوە وشـەکانی (ڕاز، بەسـەرهات، سـەرد، حیکایـەت، نەقـل، قـەول، سەرگوزەشـتە) شـی بـۆ بەکاردێـت، هەمووشـیان نیشـاندەری(narration) ی ئینگلیـزی و «ریوایـت، حیکایـت»ی فارسـی و «سرد»ی عەرەبین. (محەمـەد، ٢٠٢٢: ٥). گێڕانەوەناسـی مێژوویەکـی دێریـن و نوێـی هەیـە، ڕەچەڵەکـی زاراوەی گێڕانـەوە بـۆ لاتینـی و یۆنانـی دەگەڕێتـەوە، کـە بـە واتـای ناسـین و زانیـن دێـت، مێـژووی گێڕانـەوە بـە مێـژووی ژیانـی مرۆڤـەوە بەسـتراوە، مـرۆڤ بـە درێژایـی مێـژوو نەیتوانیـوە دەسـتبەرداری گێڕانـەوە ببێـت، لەبەرئـەوەی کۆمەڵێـک نادۆزیتـەوە بـێ

گێڕانەوە بێت، هاوکات گێڕانەوە لەگەڵ گەشەی فەرهەنگی مرۆڤدا گەشەی کردووە و بە چەند شێوازی جیاواز خۆی گۆڕیوە؛ لە کۆندا بە شێوازی گوتراو بووە و دواتر گۆڕاوە بە نووسراو، ئێستاش بە شێوەی بینراو و بیسراو هەیە، هەروەها بە شێوەی فیلم و وێنەش هەیە لەبەرئەوەی لەگەڵ دنیای دیجیتاڵ و وێنەگێڕانەوەییدا بگونجێت.

((گێڕانەوە جیهانسازیی و ژیانسازییەکە لە نێو ئەم ژین جیهانەدا (life world)، کە گێڕانەوەساز تا سنوورێک ئازادە لە چۆنیەتی سازکردنی، بەڵام ئەویش پابەندی ڕێوشوێن و لۆژیکی ژین جیهانی گێڕانەوەیە، لەبەرئەوە خودی گێڕانەوە پەیوەندیی بە چاک و خراپەوە نییە، ئەوەیە، کە بووە و هەیە و دەبێت)) (جباری، ١٣٩٥ : ٢١). گێڕانەوەناسی لە یۆنانی کۆن و لای «ئەرستۆ» ئاماژە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، بەڵام زاراوەی « گێڕانەوەناسی» بۆ یەکەمجار «تۆدۆرۆف» لە کتێبی (ڕێزمانی دیکامیرۆن)دا بەکاریهێناوە و بە شێوەیەکی نوێ قسەی لەسەر ئەم چەمکە کردووە.

لە سەردەمی ئێستادا گێڕانەوە لە ژیانی هەموومانەدا هەیە، ئەگەر پێشتر گێڕانەوە تایبەت بوو بە دەقی ئەدەبی و لە ژانری ئەدەبی زارەکی و نووسراودا دەردەکەوت، لە هەندێک قۆناغدا ئارێشەی گێڕانەوە ئەوەبوو، ئایا شیعر گێڕانەوەیە یان پەخشان؟ بەڵام دواتر قۆناغێک هاتەپێشەوە، کە گێڕانەوە سنوورەکەی گۆڕا بۆ بابەتی (ڕۆژنامە و مێژوو و دەروونناسی و سینەما و تەنانەت خەونبینینیش، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا گێڕانەوە لەوە فراوانترە، کە بیری لێدەکرێتەوە، ئەمەش لە ئاستی زۆر ورد و جودادا دەبینرێت، هەر لە ئەدەبیاتەوە بە ژانرە جیاجیاکانییەوە تا هونەر و بابەتی ڕاگەیاندنەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سیناریۆی سیاسیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بە شێوە جوداکانی (وێنە و دەنگ و ڕەنگ و موزیک و سەما و ئیمۆجیش دەردەکەوێت، هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا “ستۆری” هەیە، کە بۆ ماوەی بیستوچوار کاتژمێر دادەنرێت، کە بابەتەکانی دانانی وتە یان وێنەیەکە، کە نیشاندەری بارودۆخی ئەو کاتەیە، کە کەسی دانەر پێیدا تێدەپەڕێت، ئەو کاتەی کەسەکە هەستدەکات وێنەکە بە تەنها ناتوانێت ڕووداوەکە بگێڕێتەوە بە چەند ڕستەیەک ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بەمەش وێنە و نووسین پێکەوە چیرۆکەکە دەگێڕنەوە، واتە گێڕانەوە مەرج نییە تەنها لە ڕێگەی زمانەوە بکرێت، بەڵکو دەکرێت بە

هەر کەرەستەیەکی دیکەی داهێنانی مرۆڤ بکرێت.

ڕۆژانە هەریەکێک لە ئێمە بە ئاگا و بێ ئاگا دەگێڕینەوە، خەونەکانمان تەنانەت بەوانەشەوە، کە زیاتر سوریالین و لە چیرۆکی سەر بە شەپۆلی هۆش دەچن و بەرگی گێڕانەوەیان بە زەحمەت بە بەردا دەکرێت، بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕۆژانەمان هەمووی دەگێڕینەوە، لە سەدەی بیستدا نووسەران گرنگی زۆریان بە گێڕانەوە دا، تەنانەت کەسێکی وەک» گابریێل گارسیا مارکیز» بەشێک لە یادەوەرییەکانی ناودەنێت (زیندووم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە) چونکە گێڕانەوە بە مانای ڕزگاربوونە لە مردن و لەبیرچوونەوە، مرۆڤەکان لە پێناو سەلماندن و دانانان بە خۆیاندا، کە بوونی ئامادەیان هەیە دەگێڕنەوە، کەواتە گێڕانەوە ئەو شتەیە، کە هەمیشە هەیە، هیچ کاتێک نییە، کە ئێمە تێیدا نەگێڕینەوە. ((گێڕانەوە خستنەڕووی بەسەرهاتێکە بۆ کەسانێکی وەک: ”مرۆڤ، فریشتە، ئاژەڵ، شت“ هاتووەتە پێش، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، وەسفکردن و نیشاندانی بە زمانێکی ورد چنراوی پەخشانی، یان شیعری، بە ڕەچاوکردنی چۆنیەتی باسکردن و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، هونەرمەندێتی کەسی وەگێڕ نیشاندەدات، بەو مانایەی ئەوەی دەگێڕدرێتەوە ڕووداوگەلێکە، دەشێت لە ڕابردوویەکی نزیک یان دووردا ڕوویاندابێت و ڕەگیان لە مێژوو، واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا هەبێت.)) (محەمەد، ٢٠٢٢: ٧). هەندێکجاریش دەکرێت ئەو ڕووداوانە ڕوویاننەدابێت و دروستکراوی خەیاڵی نووسەر بن، هەندێکجاریش خەیاڵی زانستین یان لە ئەفسانەکان نزیک دەبنەوە، لە هەموو ئەم بارانەدا ڕووداو پەیوەستە بە ڕەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوە وە وەک (کاراکتەر، کات، شوێن، ڕووداو.). هەمیشە مرۆڤ ئامانجێکی لە پشتی هەر گێڕانەوەیەکەوە هەیە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە زیندووبوونی خۆی بسەلمێنێت.

**پاری دووەم: ڕۆمانی بایۆگرافی، بەیەکداچوونی ژیاننامە و ڕۆمان:**

هەموو مرۆڤێک خاوەنی ڕابردووی خۆیەتی، واتە ڕابردوو لە نێو ژیانی هەموومان بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئایا هەموو مرۆڤێک دەتوانێت ژیاننامە و ڕابردووی خۆی بنووسێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین نەخێر، چونکە ڕابردووی تاکەکانی کۆمەڵگە هەموو ساتەکانی جوان نین، بەڵام ئەگەر فەیلەسوفێک، سیاسییەک، هونەرمەندێک، نوسەرێک ژیاننامەی

خـۆی بــە شـێوەیەکی هونەریـی بنوسـێتەوە، ڕەنگـە شـاکارێکی جوانـی لێدەربچێت؛ بۆیـە پەیوەندیـی لـە نێوان ئــەدەب و بایۆگرافیــدا هەیــە، دەتوانیــن ژانری»بایۆگرافــی»ش بــە هونەرێکــی ئەدەبــی بژمێریــن.

بایۆگرافـی یـان ژیاننامـە، بریتییـە لـە سەرگوزەشـتەی ژیــان، کــە لــە لایــەن کەسـێکی تــری دەرەوەی ژیانەکــەوە دەنووسرێتــەوە، واتــە تەرجومــەی ژیانــی کەسـێکە و کەسـێکی تــر دەینوسـێتەوە؛ بۆیــە دەکرێــت ئــەو نوسینەوەیەشــی پێبیگوترێــت تێڕوانیــن و شــیکردنەوە و لێکۆڵینــەوەی ژیــان و بەســەرهات و ڕووداوەکانــی کەسـێکی تایبەتــە، لــە فەرهەنگــی زاراوە ئەدەبییەکانــدا بــە چەنــد جۆرێکــی جیــاواز پێناســەکراوە، بــۆ نموونــە: ((بایۆگرافــی ژانرێکــی ئەدەبــی کۆنــە، بــە شــێوەیەکی لۆژیکــی و کرنۆلۆژیکــی (مێــژوو) بەشــێکە لــە هیســتۆریۆگرافی- زانســتی مێــژوو)) (عومــەر، ٢٠١٢: ٢٠)، کەواتــە بــە پێــی ئــەم بۆچوونــە بێــت جگــە لــەوەی کــە وەک ژانــری ئەدەبــی هەژمارکــراوە، لــە هەمــان کاتیشــدا ڕەهەنــدی مێژوویــی هەیــە، قۆناغبەندیکــردن و کرۆنۆلۆژیــای ژیانــە؛ بۆیــە جارێــک بــە مێــژوو دادەنرێــت و جارێکــی دیکــەش بــە ئــەدەب دادەنرێــت و لــە ئــەدەب نزیکدەبێتــەوە.

لــە زمانیشــدا ((بایۆگرافــی بــە واتــای مێــژووی ژیــان، یــان ســەردەمێکی دیاریکــراوی ژیانــی کەسـێک دێـت، کـە بــە هۆیــەوە زانیاریــی جۆراوجــۆر لــە ســەر ژیانــی ئــەو کەســە دەستبکەوێت، هەروەهــا بــە شــێوەیەکی فــراوان ڕاڤــەی ژیـــان و بەســـەرهاتی بکرێـــت، کـــە دیــوە نادیارەکانــی ڕوون بکاتــەوە و پــەردە لەســەر ناڕوونــی و تەمومــژەکان هەڵبداتــەوە.)) (ســیماداد، ١٣٨٠: ١٦٠). کەواتــە بایۆگرافینــووس بــاس لــە ژیانــی خــۆی نــاکات، بەڵکــو ئەرکــی ســەرنجدان و نووســینەوەی ژیانــی کەسـێکی دیکەیــە. ((بیۆگرافیــا هەوڵێکــە بــۆ نووســینەوەی ژیانــی کەســانی دیکــە، زۆرن ئــەو نووســەر و سیاســەتمەدار و مرۆڤــە ناودارانــەی لــە ڕێــی کۆمەڵێــک بەڵگەنامــە و نامــە و کەســە نزیکەکانیانــەوە ژیاننامــەی تایبەتیــان دەنووسرێتــەوە، واتــە خــودی کەســەکە ژیاننامــەی خۆی نانووسـێتەوە، بەڵکــو لــە لایــەن کەســانی دیکــەوە دەنووسرێنــەوە.)) (مەنتــک، ٢٠٢٤: ٦١).

ئــەوەی ئێمــە لــەم توێژینەوەیــەدا قســەی لــە ســەر دەکەین»ڕۆمانــی بایۆگرافــی» یــە، کــە کۆبوونــەوەی دوو ژانــری ئەدەبــی گرنگــە پێکــەوە، ژیاننامــە و ڕۆمــان، زیندووکردنــەوەی ژیانــی کەســایەتییەکی نەتەوەیــی لــە ڕێگــەی ژانــری ڕۆمانــەوە،

چوونە ناو وردەکارییە بچووکە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ئەو کەسایەتییە، کە ڕەنگە تەنها لە ڕێگەی ژانری ژیاننامەوە بتوانین لایەنە زۆر دیار و ڕوونەکانی ژیانی ئەو کەسایەتییانە بزانین و نەچینە وردەکارییەکانەوە، بەڵام لە ڕۆمانی بایۆگرافیدا نووسەر دەچێتە ناو تەواوی ئەو وردەکارییانەی نووسەر لە ژیانیدا پێیدا تێپەڕیوە و خوێنەر ئاشنایان نەبووە، لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا دەکرێت دوو جۆری ئەدەبی لە یەک دەقدا هەبن؟ بە شێوەیەک ئەو جۆرەی دووەم، کە هاتووەتە ناو جۆرەکەی یەکەمەوە پانتاییەکی زۆری ئەم جۆرەی دووەم داگیربکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەرێنییە، چونکە دەکرێت جۆرێکی ئەدەبی بکەوێتە ناو جۆرێکی دیکەوە، وەک لەم ڕۆمانەی (ئارام محەمەد)دا دەردەکەوێت، لە بنەمادا دەقێکە تایبەتیکردووە بە ڕۆمان، بەڵام دەقەکە زیاتر لە ژیاننامەیەک دەچێت، ژیاننامە پانتاییەکی گەورەی دەقەکەی داگیرکردووە، واتە دەکرێت دوو ژانری ئەدەبی لە دەقێکدا کۆببنەوە و پەیامێکی گەورە و گرنگ بگەیەنن.

ئەم هونەرە لە نێو ئەدەبیاتی ئەورووپیدا بۆ سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، پێش ئەم مێژووەش ڕەنگە هەبوویێت، بەڵام نەگەشتووەتە ئاستێک کاریگەریی و وەرچەرخان دروستبکات، تاکو کاتێک «ژان ژاک ڕۆسۆ» ژیاننامەی خۆی نووسیوە، بە ڕاستی ئازایەتییەکی زۆری ئەخلاقی و ئەدەبی تێدابووە، بایۆگرافیش هونەرێکی ئەدەبییە و یەکێکە لە هونەرەکانی گێڕانەوە، کەواتە بایۆگرافی و ڕۆمان وەکو دوو ژانری گێڕانەوەیی نزیکایەتی لە نێوانیاندا هەیە، هەردووکیان دەتوانرێت تەکنیک و هونەریان تێدا بەکاربهێنرێت، خاڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بریتییە لە مێژوو، لە ژیاننامەدا نووسەر پەیوەست دەبێت بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە، کە ڕابردووە بە شێوەیەکی زنجیرەیی و بە پێی مێژووی ڕوودانی ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەروەها لە ژیاننامەدا زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەو شوێنە واقیعیانەدا دەکرێت، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوویداوە، بە بێ تێکەڵکردنیان لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیای نووسەر، بەڵکو لە واقیعدا چۆنن بەو شێوەیە باسیاندەکەین، بەڵام لە ڕۆماندا نووسەر پەیوەست نابێت بەیەک کات و مێژووەوە، بەڵکو لە ڕۆمان دا زەمەنی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) ئیشیان تێدا دەکرێت، هەروەها خەیاڵ و فەنتازیا و بیری نووسەر تێکەڵ

بە ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکرێت، تەکنیکە جیاوازەکانی ڕۆمان لێرەدا زۆر گرنگییان پێدەدرێت، ڕۆمانی بایۆگرافی تێکەڵکردنی تەکنیکەکانی ڕۆمان و ژیاننامەیە پێکەوە، ئامانج لێی باسکردنی ژیانی کەسایەتییەکی دیاریی نەتەوەیەکە، ئێمە لەو باوەڕەداین نووسینی هیچ نووسەرێک نییە بەدەربێت لە ژیانی واقیعی خۆی، چونکە هونەری ڕۆمان ئیشکردنە لە ناو واقیع و تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵ و بیر و فەنتازیای نووسەر «گابریێل گارسیا مارکیز» دەڵێت: «لە ڕۆماندا دێڕێک نییە پەیوەندیی بە ژیانی ڕابردوومەوە نەبێت» ئەم وتەیە زۆر گرنگە، بەڵام تۆ دێیت ئەو ڕابردووە چۆن دەکەیتە چیرۆک، یان ڕۆمان، چ تەکنیکێک بەکاردەهێنیت بۆ کردنیان بەو ژانرانە، توانای نووسەر لەم کاتانەدا دەردەکەوێت، «ئارام محەمەد»یش لە ڕێگەی تواناکانی خۆیەوە ژیانی «دڵدار»ی شاعیری کردووە بە کەرەستەیەکی خاو بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە بایۆگرافییە.

ئەوەی جێگەی گرنگییە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا هەوڵیداوە ئەو سنوورەی لە نێوان بایۆگرافی و ڕۆماندا هەیە نەیهێڵێت، کە ئەمەش شکاندنی ئەو بەربەستەیە، کە لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا هەیە، کەواتە لە نێوان ڕۆمان و ژیاننامەدا پانتایی بەیەکتر گەیشتن هەیە، ئەم پانتاییەش لە سروشتی گێڕانەوەوە بونیاتدەنرێت، پاشخانی ئەم پانتاییەش بریتییە لە واقیع، بە جۆرێک واقیع دەبێتە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر واقیعی بوونی ڕووداوەکانی ڕۆمان و ژیاننامەکە، (دەکرێت ڕۆمان و ژیاننامە هەردووکیان باس لە واقیع بکەن، بەڵام ئەوەندە هەیە لەم بارەدا پێویستە ڕۆمان تەنها لە واقیعەکە بچێت و مەرج نییە کتومت واقیعەکە وەک خۆی نیشانبدات و ڕاستگۆیی تێدا بێت، بەڵام دەبێت ژیاننامە لە باسکردنی واقیعەکە و ژیانی نووسەردا ڕاستگۆیی تێدابێت.) (غریب و هاوکاران، بەرگی ٢ ژمارە ١ ی٢٠١٩: ٤) واتە چۆنیەتی گێڕانەوە، هاوچەشنی و لەیەکچوونی هەر دوو ژانرەکە وادەکات هەست بە بوونی لێکچوون لە نێوانیاندا بکەین، چونکە لە گێڕانەوەی ژیاننامەدا حەقیقەتی حەتمی خۆی دەسەپێنێت، بەڵام لە ڕۆماندا مەرج نییە ئەم حەقیقەتە خۆی بۆ خوێنەر وێنا بکات، کەواتە دەکرێت ڕۆمان و ژیاننامە لەیەک بچن یان لێک نزیک بن یان پێکەوە کۆببنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵێکی سەرەکی هەیە لە یەکیان جیادەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە ژیاننامە هەمیشە حەقیقییە و سەرجەم

ڕووداوەکانی لە واقیع و لە ژیانی نووسەردا ڕوویانداوە، بەڵام ڕۆمان ئەو مەرجەی نییە و ڕووداوەکانی ناوی ئەگەر حەقیقیش بن لە بەرگی خەیاڵدا پێشکەشدەکرێن و دەبێت نووسەری ڕۆمان ئەوە بەدیبهێنێت، کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی کتومت واقیع نین، واتە لە ڕۆماندا مەرج نییە ڕووداوەکان زنجیرەیی بگێڕدرێنەوە بەڵکو ئەو کاتانە تێکدەشکێنرێن و لە ڕوانگەی توانای هونەری ڕۆماننووسەوە دادەڕێژرێنەوە، وەک ئەم ڕۆمانەی ئێمە کارمان لەسەرکردووە، ڕووداوەکان ئەگەر چی واقیعین بەڵام بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ خەیاڵی نووسەر گێڕدراونەتەوە.

## پاری سێیەم: جیاوازیی و پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و مێژوو:

خاڵی هاوبەشی نێوان مێژوو و ڕۆمان بە گشتی بریتییە لە گێڕانەوە، بەڵام لە چۆنییەتی شێوازی گێڕانەوەدا جیاوازییان هەیە، مێژوو کۆمەڵێک ڕووداوی واقیعی، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە دەگێڕێتەوە، وەکو دۆکۆمێنتێک بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەرشیفیان دەکات، هەرچی ڕۆمانە وەکو ژانرێکی مۆدێرن سوود لە ڕووداوی واقیعی، جا چ ئێستا یان ڕابردوو وەردەگرێت و سەر لە نوێ دروستیدەکاتەوە، واتە ڕۆمان ڕووداوەکە وەک خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو دەستکاریشی دەکات، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە ڕۆمان، کە ڕۆمانی مێژووییە، ئەم جۆرەی ڕۆمان سوود لە ڕووداو و کەسایەتی مێژوویی وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ئارێشەکانی سەردەم بخاتەڕوو، بە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤەوە لە بواری نووسیندا ژانرە ئەدەبییەکان سوودی زۆریان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان وەرگرتووە، تەنانەت سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکانیش بە شێوەیەک کاڵ بووەتەوە لە زۆر باردا تێکەڵی یەکتری دەبن، ئێمەش لێرەدا ئەو جیاوازیی و هاوبەشییەی نێوانیان دەخەینەڕوو.

((ئەگەر خوێنەر بە هەمان شێوازی گێڕانەوەیەکی مێژوویی ڕۆمانی خوێندەوە، ئیدی جیاوازیی لە نێوان ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبیی باڵا لەگەڵ ڕووداو و مێژوو نامێنێت.)) (ڕەواندزی، ٢٠١٨: ١). هەرچەندە لێرەدا زیاتر قسە لەسەر ڕۆڵی خوێنەر کراوە بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازیی نێوان ڕووداو لە ڕۆمان و مێژوودا، بەڵام دەبێت چۆنیەتی کارکردنی نووسەریش لە بارەی ڕووداوسازییەوە لە بەرچاوبگیرێت، لێرەدا چۆنیەتی کارکردنی نووسەر لە سەر ڕووداوەکان گرنگترە لە ڕۆڵی خوێنەر، بۆ ئەوەی زیاتر جیاوازییەکان نیشانبدەین

پێویستە پێناسەی ڕۆمان بکەین کە دەوترێت: ((وێنەیەکە لە ژیانی واقیع و دابونەریتی خەڵک و ئەو سەردەمەی ڕۆمانەکەی لێ نووسراوە.)) (محەمەد، ٢٠٠٧: ٣٠). یان دەوترێت ڕۆمان بەرهەمێکە دەگێڕدرێتەوە، ڕۆمان پەرەسەندنی ژیانی کەسێکە یان کۆمەڵە کەسێکە لە بواری کارلێکردن و کارتێکردندا لەگەڵ بازنەی ڕووداوەکانی ژیاندا ڕووندەبێتەوە، بەڵام سەبارەت بە مێژوو دەتوانین بڵێین، کە زانستێکە لەو ڕووداوانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە و لەوە و پێشدا ڕوویانداوە، هەروەها نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژوو پڕۆسەیەکی زانستییە، کە بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستی، ئەوەی گومانی تێدا نییە لە چەندین ڕووەوە نزیکی لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا هەیە، ئەگەر مێژوو تۆماری ڕابردووبێت لە ڕوانگەی مێژوونووسینەوە، ئەوا ڕۆماننووسینیش ڕووداوی ڕابردوو و هەنووکەیی و پاشەڕۆژی تۆمارکردووە بە پێی دید و بۆچوونی ڕۆماننووس، ڕۆماننووس بە خەیاڵی خۆی و شێوازی کاریگەریی خۆی ڕووداوە مێژووییەکان بەرجەستەدەکات، کە زۆرجار لەگەڵ ئەسڵی ڕووداوەکەدا یەکانگیر نابێت، چونکە ڕۆماننووس هەندێک گۆڕانکاریی و جێدەستی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەجێدەهێڵێت، کە دەتوانێت کاریگەریی لە سەر دەروون و ویژدانی خوێنەر بەجێبهێڵێت، تاکو چێژ لای خوێنەر دروستبکات.

یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی ڕۆماننووسی مێژوویی ئەوەیە، بتوانێت ئەو قۆناغەی کاری لەسەر دەکات بە باشی لێی بەئاگا بێت، چونکە لە حالەتێکی پێچەوانەدا هەموو ئەو خۆ ماندووکردنەی بە فیڕۆدەچێت، چونکە هەر ناونیشان و بابەتێکی مێژوویی گەڕانەوەیە بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی ئەو کۆمەڵگەیەی ڕووداوەکان تێیدا ڕوویداوە، لەم کاتەدا ڕۆماننووس ناتوانێت زنجیرەی ڕووداوەکان فەرامۆشکات؛ بۆیە ڕۆماننووس پێشوەخت ڕووداوەکانی خستووەتە بازنەیەکەوە، لە ناو ئەو بازنەیەدا کاردەکات، لێرەدا زیرەکی ڕۆماننووس دەستپێدەکات، ئایا ڕووبەری ئەو بازنەیە لای نووسەر چەندە؟ خوێنەر و ڕەخنەگران هەمیشە ڕووبەری بازنەکە لەبەرچاودەگرن، خوێنەر بەدوای جێدەست و توانا و لێهاتووییەکانی نووسەردا دەگەڕێت لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا، تا چەند دەتوانێت زنجیرەی ڕووداوەکان لەبەرچاوبگرێت و لە هەمان کاتیشدا کەلێن و بۆشاییەکان بە خەیاڵ و فەنتازیا پڕبکاتەوە، کەواتە

هەمیشە مێژوو کەرەستەیەکی خاوی دەوڵەمەندە لە بەردەم ئەدیب و ڕۆماننووسان تاکو بیکەنە بەرهەمی ئەدەبی جوان و کاریگەر، «ئارام محەمەد» لەو ڕۆماننووسانەیە لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا هەوڵدەدات، ئاوڕ لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانی مێژووی کورد بداتەوە و بیکاتە هەوێنی کارەکانی وەک لەم ڕۆمانەشدا هەمان کاریکردووە. ڕۆمانی مێژوویی وەکو جۆرێک لە ڕۆمان بنیادێکی مێژوویی هەیە، واتە هەوڵێکە بۆ سەر لە نوێ هێنانەگۆڕێی کەسایەتیی و ڕووداوی مێژوویی، بەڵام لە چوارچێوەی ڕۆماندا، هەرچەندە ڕۆماننووس ناتوانێت لە خوڵقاندنەوەی مێژوودا سەرکەوتووبێت، ئەگەر خودی واقیعە مێژووییەکە بە باشی نەزانێت، واتە تەواو شارەزای ئەو قۆناغە مێژووییە بێت، کە دەیەوێت بە ڕۆمان بیگێڕێتەوە ((چونکە بابەتی مێژوو واقیعە، بەڵام واقیعی ڕۆمان لە بنەڕەتدا خەیاڵە، کەواتە ڕۆمانی مێژوویی بەریەککەوتنی واقیع و خەیاڵە، بە بڕوای "جیرارجینێت" هەردوو ڕەگەزی واقیع/خەیاڵ بنیادی هەموو مێژوو و ڕۆمانێکن، چونکە هەریەکەیان دەیەوێت گوزارشت لە ڕووداو و مرۆڤ بکات)) (مەنتک، ٢٠٢١: ٢٨٨). کەواتە ڕۆمانی مێژوویی دیسانەوە هێنانەگۆڕێی مێژووە، زۆرجاریش دەتوانرێت بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەب و مێژووی نەتەوەیەک سوودی لێوەربگیرێت.

## بەشی دووەم: زیندووکردنەوەی کەسایەتی نەتەوەیی لە ڕۆمانی(ئەو هاوارەی نەبیسترا)ی -ئارام محەمەد-دا:

### پاری یەکەم: تەکنیکەکانی ڕۆمانەکە:

ڕۆمانی «ئەوهاوارەی نەبیسترا» یەکێکە لەو ڕۆمانانەی لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی وردی هونەریی و مێژووییەوە، لە کەسایەتی و بنەماڵە و خەون و ئارەزووەکانی (دڵدار)ی شاعیر دواوە، ئەگەر گێڕانەوەیەکی گشتی ئەدەبی جارێک دژوار و سەخت بێت، گێڕانەوەیەکی بایۆگرافی لە فۆڕمی ڕۆماندا دەیانجار زەحمەتترە، چونکە نووسەر هەوڵدەدات ئەو دیمەن و وێنە ناتەواو و تۆز لێ نیشتووانە بگوازێتەوە بۆ خوێنەر و هاوسەنگی ئیستاتیکیش بپارێزێت، وێنەکانی ناو ڕۆمانەکە بە دەیان ڕووداوی مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی داپۆشراون و لە چەندین لاوە شێوێنراون و ڕووخساریان ناناسرێتەوە، ئەوە تەنیا ئەدەبە وەک هێزێکی ڕزگارکەر دێت و ڕۆح دەکات بە بەر چیرۆکێکی

لەبیرچووەوەدا، هێزی ئەدەبیاتی گێڕانەوە لەوەدایە دەتوانێت هەموو درز و بۆشاییەک ڕووناک بکاتەوە، ئەو دیوەی ڕووداوەکان، کە وێنە نیشانی نادات، مێژوو بە گرنگی نازانێت، لە یاداشتدا تۆمارناکرێت و لە حەکایەت و سەرگوزەشتەکانیشدا پشت گوێ دەخرێت، گێڕانەوە دەچێتە ناویەوە و لە قووڵاییەوە وێنەی دەکێشێت، شتە بچووک و شاراوەکانیش دەردەخات و فەرامۆشیان ناکات، لەم ڕێگەیەوە خوێنەر ئاشنا دەکات بە ژیانێک، کە پێشتر نە بیستوویەتی، نە بینیویەتی، نە خوێندوویەتیەوە، کەواتە هێزی گێڕانەوە لەوەدایە دەتوانێت بچێتە ناو ئەو تاریکی و کەلێنانەی، کە مێژوو و ژیاننامە ناتوانن دەریببڕن، هەر بۆ نموونە ئیشکردن لە ناو ئەم ڕۆمانەدا بە جۆرێکە زۆر لایەنی شاراوەی ژیانی «دڵدار» دەردەخات، چونکە پێشتر ئێمە تەنها «دڵدار»مان بەوە ناسیوە خاوەنی سروودی نیشتیمانی(ئەی ڕەقیب)ە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و دەورووبەری دڵدار بە وردیی و جوانی خراوەتەڕوو، هەست بەوە دەکرێت لە دیوی پشتەوەی ڕووداوەکاندا تێکەڵەیەک لە واقیع و خەیاڵ هەیە، نووسەر زۆر بە سەلیقە و دیقەتی ورد و پاشخانێکی ئەدەبی و زانستی بەهێزەوە ناواخنی ژیانی دڵداری خستووەتەڕوو، یەک یەک پەنجەی خستووەتە سەر کێشە و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی دڵدار.

ئەم ڕۆمانە شێوازی گێڕانەوەی تەقلیدی تێکشکاندووە، واتە ڕووداوەکان بە شێوەی زنجیرەیی و یەک لە دوای یەک ڕوویاننەداوە، وەک شێوازی گێڕانەوەی کرۆنۆلۆژی، بەڵام شتێکی پاراستووە، کە ئەویش تەمەن و گەورەبوونی دڵدارە لە منداڵییەوە تا گەورەبوون، هەوڵیداوە شێوازێکی نوێ لە گێڕانەوە پەیڕەوبکات، بەڵام مێژوو و گێڕانەوە مێژووییەکە بپارێزێت، نووسەر پشت بەو یاداشتانە دەبەستێت دەربارەی ژیانی دڵداری شاعیر دەستیکەوتووە، بە تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیا، گێڕەرەوەکان یاداشتەکانن لەگەڵ دڵداری شاعیر لەو جێگایانەش کە باسی مردنی دڵدار دەکرێت گێڕەرەوە دەبێت بە کەسی سێیەمی تاک، تەکنیکەکەی شێوازی بەش بەشکردنە، تەکنیکی دابەشکردنی پاژەکان لە نێوان چیرۆکێکی نوێ و چیرۆکێکی کۆندایە، خوێنەر بە هۆی چیرۆکێکی نوێوە چیرۆکێکی کۆنیش دەخوێنێتەوە، هەروەها زمانی گێڕانەوە هاوئاهەنگە لەگەڵ فۆڕمی گێڕانەوەکە، هیچ درێژدادڕییەکی تێدا نییە، زمانی ڕووداوی ڕووداوەکان خێرایە، ڕوونە، ئاواز و ڕیتمی تێدایە،

بەشێک لە تەکنیکی کارەکە لە وردەکارییەکانی زمانی گێڕانەوەکەدایە، هەروەها ڕۆمانەکە فرەدەنگە.

## ناونیشانی ڕۆمانەکە:

"ئەو هاوارەی نەبیسترا" ناونیشانێکی واتایی بۆ کۆی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، لەو جۆرە ناونیشانانەیە، کە پرسیار لای خوێنەر دروستدەکات، کام هاوارە نەبیستراوە؟ کە دەکرێت هاوار و خەباتی بەردەوامی دڵداری شاعیربێت بۆ خەباتی کورد و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی، کە لە قۆناغی خانییەوە تا ئەمڕۆ هاواری بۆ دەکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم هاوارە نەبیستراوە.

## کات و شوێن:

کاتی نووسینی ڕۆمانەکە دابەشدەبێت بە سەر دوو کاتدا، کاتی یەکەم: ساڵی ٢٠١٣یە، کوڕێک دەیەوێت توێژینەوەیەک لەسەر دڵداری شاعیر بکات بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێک لە سەر دڵدار، ئەو ساڵە بازاڕی نیشتیمان دروستدەکرێت، پشتەوەی گۆڕستانە، گۆڕی دڵداری شاعیر لەوێیە، کاتێک دەکرێتە بینا داوا لە کەسوکاری دەکەن گۆڕەکەی بگوازنەوە ئەوانیش دەیگوازنەوە بۆ کۆیە، ئەو کوڕە کاتێک دەبینێت گۆڕەکان هەڵدەدرێنەوە بە شێوەیەکی فەنتازی لەگەڵ ئێسک و پروسکی دڵدار دەکەوێتە گفتوگۆ، ئەم کاتە پێنج ڕۆژە، گێڕانەوەکەی بە کەسی دووەمی تاکە، کاتەکەی ساڵی ٢٠١٣یە، کۆنفرانسێکی تایبەت بە ژیانی دڵداری شاعیر ڕێکخراوە، کاراکتەرێک باسێکی کورتی ئامادەکردووە، بەڵام بە هۆی خراپی ئاو و هەوا و تێکچوونی باری تەندروستی ناتوانێت بابەتەکە پێشکەشبکات، بڕیاردەدات فراوانی بکات و بیکات بە کتێبێک، کە دواتر ناویدەنێت« ئەو هاوارەی نەبیسترا»، کتێبەکە پێکدێت لە دوو بەش، بەشێکی کۆکردنەوە و دارشتنەوەی یاداشتە کۆنەکانی دڵدارە، بە شێکیشی یاداشتی پێنج ڕۆژی کۆنفرانسەکەیە، کاتی دووەم: چوار بەشە، کە کاتی ژیانی دڵدار خۆیەتی، گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی یەکەمە، بە شێوەیەکی نا ڕێکخراو گێڕانەوەکە پارچە پارچە دەبێت، واتە نووسەر لەم ڕۆمانەدا دڵداری ساڵی ١٩١٨ دەهێنێتە ساڵی ٢٠١٣ لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوەوە، لە ڕووی شوێنیشەوە وێستگەکانی ژیانی «دڵدار» لە شارەکانی(کۆیە، ڕانیە، هەولێر، کەرکووک، بەغداد)دە و هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەش لەم شارانە ڕوویانداوە و تەواوی شوێنەکان

واقیعین، هەروەها لە ڕۆمانەکەدا لە ڕێگەی تەکنیکی فلاش باکەوە، ناوی زۆر لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی هاتووە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان لەسەر فیکری دڵدار هەبوو، وەک (حاجی قادری کۆیی، نالی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، پیرەمێرد و وەفایی و...هتد).

## کاراکتەر:

جگە لە «دڵدار» لە سەر هێڵی گێڕانەوە بەردەوام چیرۆکی دیکە و کاراکتەری دیکە دەناسین، چیرۆکی «زەینەب» خوشکی دڵدار، کە پانتاییەکی زۆری ڕۆمانەکەی داگیرکردووە، چیرۆکی "زەهوە"ی دایکی دڵدار و چیرۆکی " مەلا ڕەئوف"ی باوکی و چیرۆکی" سەعدی و ئاسەف"ی برای و دۆخە جیاوازەکانی ژیانی ئەو خانەوادەیە زۆر بە ڕوونی نیشاندراوە، ژمارەیەک کاراکتەری دیکەش هەن، کە هاوڕێ و هاوبیری دڵدارن و ڕۆڵی گرنگ لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەبینن، کەواتە ڕۆمانەکە لە ڕووی تەکنیکەوە بە ڕۆمانێکی نوێ و بایۆگرافی ئەژماردەکرێت. لە پاڵ ڕووداوە واقیعییەکاندا نووسەر هەوڵیداوەکەلێن و بۆشاییەکان بە خەیاڵ و فەنتازیا پڕبکاتەوە و ئیستاتیکا بخوڵقێنێت.

## پاری دووەم: دڵداری شاعیر وەکو کەسایەتییەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە ڕۆمانەکەدا:

خۆشبەختانە دڵدار یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی، کە یاداشت و ژیاننامەی خۆیان نووسیوەتەوە، ئەو بە زمانێکی سادە و ڕەوان ڕووداوەکانی ژیانی منداڵی و نەوجەوانی خۆی نووسیوەتەوە، ئەگەرچی زۆرێک لە یاداشتەکانی ون بوون، بەڵام هێشتا دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند سوود لە یاداشتەکانی ببینرێت بۆ ساغکردنەوەی شێوازی ژیانی، دڵدار وەک شاعیرێکی پێشکەوتووخواز و نەتەوەخواز لە لایەن ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردییەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندن بۆ شیعرەکانی کراوە، بە شاعیرێکی نەتەوەیی هەژمارکراوە، ئەمەش بۆ بەهێزیی و ڕەوانی بنیاتی زمانی شیعریی و ناوەڕۆک و بابەتی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە، کە پەیوەست بوون بە کێشە و ژیان و ڕابردوو و ئایندەی نەتەوەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵێک ڕێکخراو و کۆمەڵەی نەتەوەیی، هەوڵدەدەین لێی بدوێین:

## یەکەم: ڕۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (دارکەر) و کۆمەڵەی (هیوا):

ڕەوشـــی سیاســـیی باشـــووری کوردســـتان لـــە دوای ڕێکەوتننامـــەی ســـاڵی(١٩٣٠) لـــە نێـــوان عێـــراق و بەریتانیـا چەند پەرەسـەندنێکی سیاسـیی بـە خۆوە بینـی، کـە دەربارەی سیاسـەتی حوکمەتـــی عێـــراق بـــووە لـــە دژی مافــە نەتەوەییەکانـــی کـــورد، یەکێـــک لـــە پەرەســـەندنە گرنگەکانـــی ســـاڵانی ســییەکانی ســەدەی بیســتەم دامەزراندنی کۆمەڵـەی (دارکـەر) بـووە، سـەبارەت بە ڕۆڵـی «دڵـدار» لـەم کۆمەڵەیـە، جێگای ئاماژەیـە لـەو کاتـەدا بـە هـۆی نەبوونـی قوتابخانــەی ئامادەیــی، کۆمەڵێــک لــە قوتابیانـی شـارەکانی دیکەی کوردسـتان ڕوویــان لــە لیــوای کەرکــووک کــرد بـــۆ تەواوکردنـــی خوێندن»یونـــس ڕەئـوف» دڵداریـش یەکێـک بـوو لـەو قوتابیانــە و لــە ســاڵی(١٩٣٧) ڕوو لـەم شـارە دەکات و پاشـان چـاوی بـە کۆمەڵێـک قوتابـی دەکەوێـت، دوای یەکــتر ناســین هەوڵیــداوە هەوڵەکانــی خـۆی لـە بـواری خەباتـی نەتەوەییـدا بخاتەگـــەڕ، وەک لـــە ڕۆمانەکـــەدا دەڵێـت: ((لەگـەڵ قوتانیـان دادەنیشـتین و پڕۆژەکەمـان بـۆ باسـدەکردن، هەبـوو دەترسـا و ڕەتـی دەکـردەوە، هەشـبوو دەیگـوت لەگەڵتانـم، نزیکـەی پەنجـا کـەس ڕازیبـوون کارمـان لەگـەڵ بکــەن. دەســتمان پــێ کــرد، ئەوانــەی بیرۆکــەی دروســتکردنی کۆمەڵەکەیــان ڕەتدەکــردەوە، چەنــد تاقمێــک بــوون، بەشــێکیان بــە تــەواوی لــە هەمــوو جوڵەیەکـی سیاسـیی بێهیـوا بووبـوون، دەمویســت ئــەم کۆمەڵەیــە هیوایــان بــۆ بگێڕێتــەوە.)) (محەمــەد، ٢٠٢٢: ١٠٩) دڵــدار و خانەوادەکــەی بــە هــۆی ئــەو هەسـتە نیشـتیمانی و نەتەوەییـە بـەرزەی هەیانبــووە، هەوڵیانــداوە پێشــەنگ بــن لــە دروســتکردنی کۆمەڵــە نیشــتیمانی و نەتەوەییەکانـدا؛ بۆیـە دەبینین»ئاسـەف و دڵــدار» خوێندکارانیــان کۆکردووەتــەوە و هەوڵیانــداوە هەســتی نەتەوەیــی و ڕزگاریـی لـە ناخیانـدا بچێنن. ((دواتـر بیــر لــە بیرۆکەیــەک دەکاتــەوە، کــە جێگــەی ڕەزامەندیــی هەمــووان بێــت، دواتــر دەستپێشــخەرییەک دەخاتــەڕوو، بانگهێشـتی ئـەو قوتابییانـە دەکات، کـە لێیــەوە نزیــک بــوون پێیاندەڵێــت: ئێــوارە لــە خانووی»شــاکر بــەگ جەلالــی»، کــە لــە لایــەن «بورهــان جــاف»ەوە بــە کــرێ گیرابــوو، لــە گەڕەکــی «بەگلــەر»ی «قۆریــە»ی کەرکــووک ئامادەبــن بــۆ بڕیــاردان لەســەر کارێـک.)) (عبدالصمـد، ٢٠١٨: ٢٣٠) دواتــر لــە کۆبوونەوەیەکــی نهێنیــدا لــە ئێــوارەی نیــوەی مانگــی ئەیلوولــی ســاڵی(١٩٣٧) بــە سەرپەرشــتی «یونــس ڕەئووف»دڵــدار کۆبوونەوەکــە ئەنجامــدرا، ســەرەتای کۆبوونەوەکــە

بە وتارێکی دڵدار دەستپێکرد، کە باسی لە ژیانی ناخۆشی خەڵکی کوردستان و بارودۆخی نالەباری کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیا و ئێران کرد، لە وتارەکەدا ئەو پەیمان و بەڵێنە ناڕاستانەی خستەڕوو، کە وڵاتە ئەوروپییەکان لە کۆمەڵەی گەلان بە گەلی کوردیان داوە، ئەو ناپاکییانەی خستووەتەڕوو، کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامدراوە، کە مەبەستیان بووە گەلی کورد لە نیشتیمانەکەی خۆیان دووربخەنەوە، شکست بەو شۆڕشانە بهێنن، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجامدراوە و تیایدا هەموو چین و توێژەکان بەشداربوون، هاوکات نەبوونی کۆمەڵەیەکی سیاسیی، کە شۆڕشەکان بەڕێوەبەرێت؛ بۆیە جەختی لەوە کردەوە، کە پێویستە ڕۆشنبیران هەوڵبدەن بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد، هەروەک چۆن وڵاتانی(ئەڵمانیا و ئیتالیا) یەکیانگرت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو؛ هەر بۆیە دڵداریش پێشنیاری کۆمەڵەیەکی نهێنی بە ناوی «دارکەر» دەکات ((لە خانووی ”سەردار سەلیم“ی ڕەفیقی ئاسەف کۆبووینەوە، بەشێک لە ئەندامان هاتبوون، کۆمەڵەکەمان ناونا(دارکەر) لە بارەی ناوی (دارکەر) قسەم بۆ کردن: م(دارکەر ناوی گرووپێکی سیاسیی بووە، ئامانجیان بووە بگەن بە سەربەستی، ئەوان لە جەرگەی تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی ڕۆشتوون، لە ڕووناکیدا ئازادیی و سەربەستیی و ماف دەناسرێنەوە و دەدرەوشێنەوە. ل تاریکیدا توندڕەوی، تاوان، پێشێلکردنی ماف دەشاردرێنەوە)، هەمووان ڕازی بوون و چەپڵەیان لێدا)) (محەمەد، ٢٠٢٢: ١١٢)ئەم کۆمەڵەیە هەفتانە کۆدەبوونەوە و نامەیان بۆ کەسایەتییە دیارەکانی کورد دەنارد لە ناوچە جیاوازەکانی(پشدەر، سلێمانی، هەولێر، کۆیە، ڕەواندز، شەقڵاوە) لە وەڵامی نامەکاندا پیرۆزبایی و پشتگیرییەکی زۆریان بۆ دەهات، ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا پەیوەندیی شارەجیاوازەکانی کوردستان زۆر بەهێزبووە، ئەوەی گرنگە لەم کۆمەڵە سیاسییەدا ژنانیش بەشداربوون، یەکەم ژن هاتووەتە ناو کۆمەڵەکە(زەینەب)ی خوشکی دڵداری شاعیربووە، کە دواتر هەوڵیداوە لە ڕێگەی نووسراو و وتارەکانیەوە ژنانی دیکە بهێنێتە ناو کۆمەڵەکەوە، زەینەب ڕۆژانی هەینی ژنانی کۆکردووەتەوە و قسەی بۆ کردوون هانیداون جگە لە منداڵ بەخێوکردن پێویستە ژنان گرنگی بە توانا و بەهرەکانیشیان بدەن، هەروەها لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەشدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن ((ئێمەی ژن دەکرێت شەترەنجزانێکی کارامە، ئەسپسوارێکی چاونەترس

بین، مامۆستا ودایک، سەرکردە و چرای ماڵیش بین.))(محەمەد، ٢٠٢٢: ١١٣)، کە زەینەب بۆ خۆی ژنێکی بە توانا و ڕەچەشکێن بووە، لەوسەردەمەدا لە ماڵ دوورکەوتووەتەوە بۆ خوێندن شیعری نووسیوە، بەشداری جوڵانەوەی سیاسیی کردووە، کە ئەمەش پەیوەندیی هەبووە بە ڕۆشنبیریی و تێگەشتوویی خانەوادەکەیەوە.

"کۆمەڵەی دارکەر" لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٧ - ١٩٣٨) ژمارەی ئەندامەکانی زیادیکرد، بە هۆی هاتنە ناوەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ڕۆشنبیری (هەولێر و کۆیە و سلێمانی) و شارەکانی دیکەی کوردستان، کە کاریگەربوون بەو دروشمانەی، کە "دارکەر" بەرزیکردبووەوە، لە بارەی یەکێتی نەتەوەیی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، هەنگاوێکی گرنگی نابوو لە بەرەو پێشچوون و ڕێکخستن و تێکۆشان، ئەمەش کاریگەریی زۆری خستبووە سەر بیر و فیکری ڕۆشنبیران، « یونس ڕەئووف» کەسێکی چالاک بووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کۆمەڵەی دارکەردا بینیوە، کۆمەڵەکە لقی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هەبووە، لە ساڵی خوێندنی(١٩٣٧-١٩٣٨)دا قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان کۆتاییان هات و قوتابیان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ چوونە کەرکووک لەوێ یەکتریان ناسی و ژمارەیاکیان بوونە ئەندامی «دارکەر» کۆمەڵەکە فراوان بوو؛ بۆیە ناچاربوون بیر لە بەستنی کۆنگرە بکەنەوە، بۆیە لە ئێوارەی کۆتاتاقیکردنەوەی بەکالۆریدا کۆبوونەوە و شەست ئەندام ئامادەبوون، یەکەم کۆنگرەی دارکەر لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٨دا بەسترا، نوێنەری هەموو شارەکانی کوردستان تێیدا ئامادەبوو((یونس ڕەئووف»دڵدار» وەک سەرۆکی کۆمەڵە یەکەم وتاری خوێندەوە و تیایدا باسی چۆنیەتی دامەزراندنی دارکەر و چالاکییەکانی خوێندنی لە نێوان ساڵانی(١٩٣٧-١٩٣٨)خستووەتەڕوو، باسی فراوانبوونی کۆمەڵەکەی کردووە، کە چۆن پەرەیسەندووە، لە شارەکانی کوردستان لقیان کردووەتەوە، پاشان ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر هەریەکە بەرنامەی خۆی خستووەتەڕوو، لەوانە(کاکە حەمەی خانەقا) ئاماژەی بەوەکردووە، کە ئەوان خاوەن هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نین، بەڵکو تەنها ئەوە نەبێت هەندێک لە ئەندامان و لایەنگرانە پارە دەبەخشن، دوای گفتووگۆیەکی زۆر دڵدار ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم کۆمەڵەیە فراوان بووە و پێویستە بکرێتە پارتێکی سیاسیی، چونکە لە

توانـای ئێمـەدا نەمـاوە بەڕێـوەی ببەین)) (عبدالصمـد، ٢٠١٨: ٢٤٧) هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا پێشـنیاری چەنـد کەسـایەتییەک کـراوە بـۆ ئـەوەی بـبن بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکـە، هەڵبژاردنـی ئـەو کەسـانە بـۆ ئەوەبـووە، کـە کەسـانی دیـار و خـاوەن ئەزمـوون بـوون لـە بـواری سیاسـیی و ڕۆشـنبیریدا، پـاش هەڵسـەنگاندنێکی تـەواو بـۆ ئـەو کەسـایەتییانە بڕیاردەدرێـت (مامۆسـتا ڕەفیـق حیلمـی) ببێـت بـە سـەرۆکی کۆمەڵەکە((ئامادەکارییـەکان کـران و نێردراوێکـمان بـۆ لای مامۆسـتا نـارد، مەبەسـتمان بـوو بـەردەوام بیـن و حیزبێـک دروسـت ببێـت، بەرگریـی لـە مـاف و ئازادییەکانـی تاکـی کـورد و مافـە نەتەوەییـەکان بـکات، هەمـووان بەڵێنیانـدا پابەنـدی پەیـڕەوی ئامادەکـراوی حیـزب بـن، مامۆسـتا گەڕایـەوە و بەشـداری دوا کۆبوونـەوەی حیزبـی کـرد، لەسـەر پێشـنیازی مـن هەمـووان ڕازیبـوون نـاوی دارکـەر بگۆڕێـت بـۆ (هیـوا)، هـەر ئـەو ڕۆژە وتارێکـم خوێنـدەوە و وتـم: دوو ئامانجـمان هەیـە لـەم نـاوە، یەکـەم: مانـای ئـەوە دەدات ئـەم خەباتـە بـەردەوام دەبێـت و وەک درێژکـراوەی خەباتی(کۆمەڵـەی هێڤـی) دەبێـت، کـە لـە مـاوەی جەنگـی یەکەمـی جیهـان ڕۆڵـی کاریگەریـی گێـڕا،... دووەم: ئـەم نـاوە نیشـاندانی هیـوا و هەسـتانەوەیە.)) (محەمـەد، ٢٠٢٢: ١٢٤)، ئـەم نـاوە لـە دوای ئەوەوەبـوو، کـە هیوایـەک نەمابـوو بـۆ کـورد، شـۆڕشـی مەلیـک کۆتایـی هاتبـوو، ئومێـدی خەڵـک بـە تـەواوی داڕمابـوو، خانـەوادەی دڵـدار باوکـی و خوشـکی ڕۆڵیـان هەبـووە لـە دەستنیشـانکردنی نـاوی هیـوادا بـۆ کۆمەڵەکـە، کـە ئـەم کۆمەڵەیـەش ماوەیـەک لـە خزمـەت کـورد و مافـە نەتەوەییەکانیـدا کاریکـرد و بڵاوبوویـەوە لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان و ڕۆڵـی گرنگیـان گێـڕا.

## دووەم: چۆنیەتی بوونی (ئەی ڕەقیب) بە مارشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە تائێستا:

نەتـەوەکان چ ئەوانـەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی خۆیـان هەیـە و بـە سـەربەخۆیی گەیشـتوون، چ ئەوانـەی هێشـتا سـەربەخۆ نەبـوون و لـە قۆناغـی خەباتـی ڕزگاریخوازیـدان، پێویسـتییان بـە هونـەر و ئەدەبیاتێکـی ئەوتـۆ هەیـە، کـە گیانـی شـانازیکردن بـە نەتـەوە و وڵات لـە یەکـە بـە یەکـەی تاکەکانـی کۆمەڵگـەدا بەهێـز دەکات، سروودی نەتەوەیـی یـەک لـەو سـامانە مەعنەوییانەیـە، کـە لـە لایـەک تـۆوی خۆشەویسـتی نەتـەوە و نیشـتیمان و هەسـتی شـانازیکردن بـە مێـژووە جوانەکانـی و بـاوەڕ و بـڕوای بەرگـری لـە نەتـەوە و نیشـتیمان

لــە ڕۆحــی تاکەکانــدا دەچێنێــت، لــە لایەکــی دیکــەوە هەڵگــری پەیامــە بــۆ نەتەوەکانــی دیکــەی دەورووبــەر و ئــەو هێــز ولایەنانــەی تەماحــی داگیرکردنــی خاکــی ئــەم نەتەوەیەیــان هەیــە، یــان بــە کردەوەکانیــان ئــەم نەتەوەیەیــان کــردووە بــە ژێردەســتی خۆیــان و داگیریانکــردووە، پەیامەکــەش ئەوەیــە، خــاک و نەتــەوەی خۆمــان خۆشــدەوێت و بەرگریــی لێدەکەیــن، ڕێگایــان پێنادەیــن نیشــتیمانەکەمان داگیربکــەن، سرووی نەتەوەیــی یەکێکــە لــە ڕەمزەکانــی ســەربەخۆیی نەتەوەیــەک.

((پێکهاتنــی کۆمــاری کوردســتان لــە (١٩٤٦)لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، بەدیهێنانــی ئاواتێکــی لــە مێژینــەی نەتــەوەی کــورد بــوو، ڕاگەیاندنــی کۆمــاری میللــی کوردســتان لــە مەهابــاد و دامەزراندنــی دەزگاکانــی بەڕێوەبەرایەتییەکــی کــوردی لــە لایــەن ســەرانی (ح.د.ک)ەوە قۆزتنــەوەی ئــەو دەرفەتــە مێژووییــە بــوو، کــە بــۆ جوڵانــەوەی نەتەوەیــی گەلــی کــورد لــە ئێــران هاتبــووە پێــش، لــە ســەردەمی نوێــی دوای ســەرکەوتنی شــەڕی دووهەمــی جیهانیــدا، کــە زۆر نەتــەوە و وڵات لــە چنگــی فاشــیزم ڕزگاریــان ببــوو، هەروەهــا لــە دوای چەنــد ســەدە لــە بــەد عەهــدی براوەکانــی شــەڕی یەکەمــی جیهانــی و ڕێگربوونیــان لــە پێکهاتنــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی کــوردی، پێکهاتنــی کۆمــاری کوردســتان بــووە مایــەی هیــوا و خۆشــی کــورد لــە هەمــوو بەشــەکانی کوردســتان.)) (ئەحمــەد، ٢٠١٨: ٣١٧). ئــەم کۆمــارە جێگــەی هیــوای نەتەوەیــەوک بــوو هەوڵیــدەدا هەمــوو ئــەو مافانــەی ســاڵانێکە نەتەوەیــەک لێــی بێبەشــکرابوو بیگەڕێنێتــەوە بــۆ کــورد، وەک هەڵکردنــی ئــاڵای کوردســتان، بــە فەرمیکردنــی خوێنــدن بــە زمانــی کــوردی، پێکهێنانــی ســوپای میللــی و هەڵگرتنــی چەندیــن هەنــگاوی گەورەی نەتەوەیــی، هەڵبژاردنــی سروودی نەتەوەییــش یــەک لــەو هەنگاوانــە بــوو، پــاش دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتان سروودێکــی نەتەوەیــی بــۆ حیــزب هەڵبژێــردرا، کــە هەمــان سردوودی نیشــتیمانی»ئەی ڕەقیــب» بــوو، هەڵبژاردنــی ئــەم سروودەش بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە پــاش چەندیــن ســاڵ لــە هەوڵــدان کــورد بــووە بــە خاوەنــی دەوڵەتــی خــۆی پێویســتە بڵێــت: (کەس نەڵــێ کــورد مــردووە، کــورد زینــدووە.) لــە ڕۆمانەکــەدا هاتــووە، کاتێــک دڵــدار نامەیەکــی لــە ڕۆژهەڵاتــەوە پێــدەگات هەواڵــی دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتانی تێدایــە، زۆر دڵخۆشــدەبێت، لەگــەڵ دایــک و خوشــک و براکانــی دەیکــەن بــە ئاهەنگ و هەڵدەپــەڕن بــە جۆرێــک زۆرێــک لــە خەڵکــی کۆڵانەکــەش ڕادەکێشــن

بۆ هەڵپەڕکێ دەڵێت: ((شێتانە ڕامکردە سەربان، چووم تەماشای ئاسمانم کرد، گوێم لە دایکم بوو گوتی،»ئاسەف ڕاکە بە دوایدا، نەکا ئەو شێتە لە سەربانەوە خۆی فڕێ بدات.»خەیاڵم دوور ڕۆشت، بریا ئاسمان ئاوێنەیەکی گەورە بووایە، ڕاستەوڕاست تەماشای جووڵ و کۆبوونەوە و ئاهەنگی ڕاگەیاندنی کۆمارم بکردایە، ئای چەند خۆش دەبوو، دەمبینی چۆن قازی لە ناو ئەو خەڵکەدا بە شکۆوە قسەدەکات، دەمبینی چۆن وەزیرەکان لە تەنیشت یەک دەوەستن، دەمخواست ئاڵا ببینم، خۆزگە لە پەنایەکەوە گوێم لە ئەی ڕەقیب بووایە.))(محەمەد، ٢٠٢٢: ١٦٤) دڵدار زۆر بە پەرۆشەوە وێنای ڕووداوەکانی کۆمار دەکات لە خەیاڵی خۆیدا و دەڵێت خۆزگە دەمبینی قازی چۆن بە پەرۆشەوە سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێتەوە، پێکەوە لەگەڵ براو خانەوادەکەی بڕیاردەدەن نامەی پیرۆزبایی و بڕێک پارە وەک هاوکاری بۆ کۆمار بنێرن((بەیانییەکەی چووینە ماڵی (عەبدوڵا) پارەکەم لە کاغەزێک پێچاو لە کاغەزەکەش شیعری (ئەی ڕەقیب)م نووسیبووەوە، دڵم هێشتا لە سەمادابوو، لە گەڕانەوە بۆ ماڵ ئاسەف لە پێشمەوە دەڕۆشت، وەستام و ڕەسمەکەم لە گیرفانم دەرهێنا، سەیری چاوانی مەلیکم کرد و نووساندم بە دڵمەوە، پڕ بە قوڕگم هاوارمکرد، کەس نەڵێت کورد مردووە.)) (محەمەد، ٢٠٢٢: ١٦٧) دڵدار وزەی نیشتیمانی لە شێخ مەحموودەوە وەردەگرت هەر لە منداڵییەوە وێنەیەکی لە گیرفانی داناوە و سەیەریکردووە وزەی لێوەرگرتووە و کردوویەتی بە وێنەی باڵای ژیانی خۆی. دڵدار سی ساڵ ژیاوە بەڵام گەنجێکی پڕ وزە و پڕ چالاکی بووە و چەندین کاری گرنگی لە ژیانیدا ئەنجامداوە، سروودی (ئەی ڕەقیب) لە ساڵی ١٩٤٠لە لایەن دڵدارەوە دانراوە، بۆ یەکەمین جار لە بەرواری(١٩٤٥/١٢/١٧)دا، لە کاتی هەڵکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا لە مهاباد بە ئاوازەوە پێشکەشکرا، هۆکاری ئەوەی کراوە بە سروودی نەتەوەیی ئەوەیە گیانێکی بەهێزی نیشتیمانی و نەتەوەیی و بەرخۆدانی تێدایە و بە ڕاناوی (ئێمە) دەدوێت، بەردەنگەکەشی(ئەی ڕەقیب) ئەو لایەنەیە کە خوازیاری چەوساندنەوە و ژێردەستەکردنی ئەوانی دیکەیە، ئەمە وایکرد لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا (ئەی ڕەقیب) ببێت بە سروودی نەتەوەیی کورد و لە هەموو بۆنە و یادەکاندا بوترێتەوە.

## پاری سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییەکانی دڵدار و گرنگیدان بە ژیانی چەوساوە و پیشاندانی ئازار و کێشەکانیان:

دڵدار ناوی تەواوی (یونس مەلا ڕەئووف مەلا مەحمودئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادم السجادەیە) لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ساڵی١٩١٨لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایکبووە، دایکی ناوی(زەهوە) ی کچی خورشید ئەفەندییە، دڵدار لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی بنەماڵەی دایکی عالم زادەن و لە زەهاوەوە هاتوونەتە قەراغ زێی کۆیە، حاجی قادری کۆییش یەکێکە لەو بنەماڵەیە، هەروەها»حیکمەت حەمید» ئاماژە بەوەدەکات باوکی دڵدار حەوت کوڕ و دووکچی هەبوو بە ناوەکانی(عەونی، جەواد، مەجید، سەعدی، ئاسەف، یونس، حەمید، فاتیمە، زەینەب)، دیارە ئەرکی پەروەردەکردنی دڵدار کەوتووەتە ئەستۆی براکانی و زەینەبی خوشکی( عبدالصمد، ٢٠١٨: ٢٣٤).

بە پێی سەرچاوەکان هەندێک لە براکانی لە تەمەنێکی بچووکدا مردوون، کچێکی دراوسێیان بە ناوی( فاتیمەی سەیدی) قورئانخوێن بووە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ئاگای لە دڵدار بووە و پەروەردەی کردووە، ((نەخۆشیەکەم درێژەی کێشا، زمانم گرێی لێدرابوو، جگە لە نوزەنوز قسەم پێنەدەکرا، هەریەکە و بە چەشنێک باسی نەخۆشیەکەمیان دەکرد.... فاتیمە جارێک بە مەلا ڕەئووفی گوتووە ئاگات لە دڵی زەهوە بێت، جەرگبڕە دایکێک نەتوانێت، گوێی لە دەنگی کوڕەکەی بێت و بانگی بکات دایکە.)) (محەمەد، ٢٠٢٢: ١٤) واتە لە منداڵیدا دڵدار زمانی گرتوویەتی توانای قسەکردنی نەبووە؛ بۆیە بە هەموو خانەوادەکە هەوڵیانداوە و قسەیان لەگەڵدا کردووە، تا زمانی بکرێتەوە و توانای دەربڕینی هەبێت، ئەوەندەیان چیرۆک بۆ دەگێڕایەوە شەوان خەونی ترسناکی دەبینی و هاواریدەکرد و کەس دەنگی نەدەبیست، هەردواجاریش دوای خەون بینین هاواردەکات و زمانی دەکرێتەوە، ئەو نەتوانینی توانای دەربڕینە وایلێکردووە منداڵێکی تووڕەبێت دایکی ئامۆژگاریکردووە شەرم نەکات هەرکات ویستیی قسەبکات، لەسەرەتاوە نەچووەتە قوتابخانە لە ماڵەوە دایک و باوکی فێری خوێندنەوە و نووسینیان کردووە، خانەوادەیەک بوون کە زۆر کۆچیانکردووە لە ڕانیە و کۆیە و هەولێر ژیاون دڵدار خۆشی بۆ خوێندن چووەتە شارەکانی کەرکوک و بەغداد((لەگەڵ ڕەفیقەکانم ئێواران بە یەکەوە شیعرمان دەخوێندەوە، بەیانیان دەچووینە لای فەقێکانی مزگەوت، ئەوانیش لە هەرەتی بیرکردنەوەدابوون، بە

چەندان سـەعات دادەنیشـتین و قسـەمان دەکـرد)) (محەمـەد، ٢٠٢٢: ٣٨) ئەمانـە هەمـوو نیشـاندەری ئەوەبـوون دڵـدار پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی بەهێـزی لەگەڵ ڕۆشـنبیر و شـاعیرانی هاوسـەردەمی خـۆی هەبـووە، هەربۆیـە کەسـێکی چـالاک بـووە، لـە ڕۆمانەکـەدا ئامـاژە بە چەنـد بابەتێکـی خورافیـش دەکرێـت وەک نوشـتە و جـادوو و فاڵگرتنـەوە کـە دڵـدار و خانەوادەکەی لـە دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوانـە وەسـتاونەتەوە، یەکێـک لـە کاراکتـەرە سـەرەکییەکانی ڕۆمانەکـە (زەینـەب)ی خوشـکی دڵـدارە، کـە زۆر نزیکـە لـە دڵـدارەوە ژنێکـی ڕەچەشـکێنە و یەکـەم ئافرەتـە بـۆ خوێنـدن دەچێتـە دەرەوە و شـیعر دەنووسـێت و بەشـداری جوڵانـەوەی سیاسـیی دەکات و لـە نـاو حیزب و خانەوادەکەشیدا ڕۆڵی سەرکردە دەبینێـت و گـوێ بـۆ بۆچوونەکانـی دەگیرێـت، یەکەمجـار شـیعرەکانی بـە نـاوی (کچـە کـورد)ەوە بڵاودەکاتـەوە، هـەر ئەویش نازنـاوی (دڵدار) بە یونسـی بـرای دەبەخشـێت، ئەگەرچـی دڵـدار لـە ژیانیـدا دڵـداری نەکـردووە، بـەڵام زەینـەب پێـی دەڵێت عەشـقی تـۆ لەگەڵ نیشـتیماندایە نازنـاوی دڵـدار جوانـە بـۆ شیعرەکانت((شـیعرە سـەرەتاییەکانم لـە بـارەی سروشـت و نیشـتیمانەوە بـوون، ئەوەڵجـار جگـە لـە زەینـەب نیشـانی کەسـی دیکـەم نـەدەدا، هـەر زەینەبیـش نازنـاوی دڵـداری بـۆ شـیعرەکانم دانا.))

(محەمـەد، ٢٠٢٢: ٥٧)، ئـەوەی گرنگـە دڵـدار بـە هـۆی سـەرقاڵبوونی بـە سیاسـەتەوە لـە ئامادەیـی نمرەکانـی بـاش نەبـوون دواتریـش کۆلێژی یاسـای تەواوکـرد و خزمەتـی بـە کـورد کـرد تا لە سـاڵی ١٩٤٨ بـە شـێوەیەکی گومانـاوی گیـان لەدەسـتدەدات.

سـەرەتای گرنگیدانـی دڵدار بـۆ بیری چەپـڕەوی و دیفاعکردن لـە مافی کرێکار و جوتیـار دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٩٤٦و پەیوەندیکردنـی بـە پارتـی ڕزگاری نیشـتیمانی، ئەمـەش زۆر بـە ڕوونـی لـە ڕەفتـار و نووسـینەکانیدا ڕەنگیداوەتـەوە، بـۆ نموونـە بەشـێکی زۆری هۆنراوەکانی گوزارشـتە لـە ژیانـی جوتیـار و کارکـەران، کـە چـۆن لـە لایـەن ئاغـا و سـەرمایەدارەکانەوە چەوسـێنراونەتەوە، بـە تایبەتـی ئـەو هۆنراوانـەی دوای جەنگـی دووەمـی جیهانی نووسـیویەتی بـە ئاشـکرا چینایەتییـان پێوەدیـارە، جگە لـەم هاوسـۆزییاەی لەگـەڵ جوتیارانـدا لـە سـەرەتای سـاڵانی چلەکانی سـەدەی ڕابـردوو، لـە گوندەکانـی دەورووبـەری هەولێـر تێکەڵـی جوتیـاران بـووە و هەولێـداوە هۆشـیاریان بکاتـەوە، دوای تەواوکردنـی کۆلێـژی یاسـاش، لـە بەغـدادەوە دەگەڕێتـەوە کۆیـە و لەگـەڵ ئاسـەفی بـرای کاری پارێـزەری دەکات ژمارەیەکـی زۆر لـە جوتیاران بۆ چارەسـەری کێشەکانیان سـەردانیدەکەن. ((لـە دەفتـەری یادەوەرییەکانیـدا

نووسیویەتی، سەفەر بۆ هەولێر، داواکاریی جوتیاران)) (محەمەد، ٢٠٢٢: ١٦٩)

ڕۆمانەکە لێرەوە دەستپێدەکات ڕۆژی هەینی ١٢ی١١ی١٩٤٨ یونس ڕەئووف بە ڕێدەکەوێت بۆ هەولێر بۆ داواکاریی جوتیاران و لەوێ بە شێوەیەکی تەمومژاوی کۆچیدوایی دەکات، لەمەوە دەردەکەوێت لە پێناو مافەکانی جوتیاران و چینی چەوساوەدا ژیانی خۆی داناوە.

## ئەنجام:

١-ڕۆمانی (ئەو هاوارەی نەبیسترا) ی -ئارام محەمەد- ڕۆمانێکی بایۆگرافییە، کە تیایدا ژیاننامەی (دڵدار)ی شاعیر دەگێڕێتەوە، ڕووداوەکانی ناوی بە زۆری واقیعین، بەڵام بۆشاییەکانی لە ڕێگەی خەیاڵی خۆیەوە پڕکردووەتەوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی ڕۆمان ئەوەیە واقیع وەک خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو بە سوودبینین لە خەیاڵی نووسەر گێڕانەوەکە چێژبەخش و جیاوازدەکات، ڕۆمانەکە شێوازی گێڕانەوەی کرۆنۆلۆژی تێکشکاندووە، بەڵام قۆناغەکانی گەشەکردن و تەمەنی دڵداری پاراستووە. دڵدار یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە خۆی یاداشت و ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوە، ئەمەش کەرەستەیەکی خاو و دەوڵەمەندە بۆ ڕۆماننووس تاکو بتوانێت سوودی لێ وەربگرێت بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی.

٢-دڵدار گەنجێکی نیشتیمانپەروەر و کوردپەروەر بووە، لەگەڵ ئەوەی سی ساڵ ژیاوە، ژیانی پڕبووە لە جوڵە و چالاکی و ڕۆڵی گرنگی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (دارکەر) و حیزبی(هیوا)دا هەبووە، کە پێویستی ئەو قۆناغەی مێژووی کورد هانیداوە هەنگاوێک بۆ ڕزگارکردنی کورد بنێت و لە ژێردەستەیی ڕزگاری بکات، ئەم دوو کۆمەڵەیە ڕۆڵی گرنگیان لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد و دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی لای کورد هەبووە، دڵدار بەردەوام هاواریکردووە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد، ئەو هاوارەی تا ئێستاش نەبیستراوە، هەر ئەوەش وایکردووە، دەقی (ئەی ڕەقیب) بنووسێت، کە گیانێکی نیشتیمانی بەهێزی تێدایە، بووە بە سروودی نەتەوەیی کورد.

٣- دڵدار پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەی هەبووە و لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر پەروەردەبووە، ئەمە وایکردووە هەمیشە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەی بدات لەو دیاردانەی بڵاوبوونەتەوە وەک خورافە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها پاڵپشتێکی باشی

چینـی جوتیـاران و چەوسـاوەکان بـووە دوای ئـەوەی بـووە بـە پارێـزەر.

لیستی سەرچاوەکان:


- ڕەواندزی، سدیق سەعید، ٢٠١٨، «ڕۆمانی دوا وێستگەم باکورە و چەند سەرنجێک» ، سایتی هەولێر: http:// .www.hawler.in
- عبدالصمد، م. زانا طیفور، ٢٠١٨، ڕۆڵی یونس ڕەئـووف « دڵدار» لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر١٩٣٧(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە (، کۆنفرانسی دڵدار، گۆڤاری زانکۆی کۆیە
- عومەر، د. موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی، سلێمانی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی چاودێر.
- غریب، محمد امین عەبدوڵا تاتانی، لەنجە عبدالرحمن، بەرگی ٢ ژمارە ١ی٢٠١٩، «موزەکەراتی یونس ڕەئوف-دڵدار- لە نێوان ژیاننامە و بە ڕۆمانبووندا.» گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان.
- محەمەد، بوشرا قادر کاکە، ٢٠٢٢، ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە، سلێمانی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- محەمەد، سەنگەر قادر شێخ، ٢٠٠٧، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەموزین) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- محەمەد، ئارام، ٢٠٢٢، ئەو هاوارەی نەبیسترا، چاپی یەکەم، وەشانی نووسیار.
- مەنتک، د. حەمە، ٢٠٢٤، فەرهەنگی گێڕانەوەناسی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
- مەنتک، د. حەمە، ٢٠٢١، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
- ئەحمەد، قادر فەتاح، ٢٠١٨ ، بەستێنی بوونی» ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە تائێستا، « گۆڤاری زانکۆی کۆیە.


سەرچاوەی فارسی:


جباری، جعفر، ١٣٩٥، بررسی رمان(پل معلق) محمد رضا بایرامی بر اساس نظریه پراپ و گریماس، رساله دکتورا، دانشگاه محقق اردبیلی، دانشکده ادبیات و زبان های خارجی، گروه اموزشی زبان و ادبیات فارسی.

سیماداد، ١٣٨٠، فرهنگ اصطلاحات ادبی. تهران، چاپ چهارم، انتشارات مروارید.


* بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ زانکۆی هەڵەبجە/ هەڵەبجە/ هەرێمی کوردستان/ عێراق


# فانتازیای کافکا

# لە ڕاهێـزانی دەریاچەی «س»دا

**عەلی شێخ عومەر**



به بەراورد بە ئەدەبی ڕیالیزمی، ئەدەبی کوردی تژی نییە بە ئەدەبی فانتازی، بۆیە نووسینی چیرۆك یان ڕۆمان، لەبەر کەمیی ژێدەرو پاشخان بۆ ئەم جۆرە نووسینە، کارێکی دژوار دەخاتە ئەستۆی نووسەری چیرۆکی فانتازییەوە. هەرچەندە دیاردەی چیرۆکی فانتازی، بە دامەزراندنی دنیای ئەفسانە و خورافات، لە ڕەهەندێکی نادیاردا درزێك دەخاتە نێوان خۆی و وەرگرەوە، لە ئاست گوتارو نیشانەخوازی وبابەتدا، بە تێپەڕاندن و تێکشکاندنی جومگەکانی نووسینی نەریتیی باو، خۆی جیادەکاتەوە، گوزارشت لە گۆشەنیگای جیاوازدەکات، لە چڕبوونەوەی سیمبۆڵ و ڕەهەندەکانی خەیاڵدا، بە زمانێکی جیاوازەوە، حەکایەتخوان بە ستایلێکی نوێ، بە جۆرەها شێوە دەرگاکانی دەق دەکاتەوە، واقیع بۆ خەیاڵ دەگۆڕێت، یان بە پێچەوانەوە، بەمەش وەرگر هەستێکی سەیرو نامۆی لا فەراهەم دەبێت. ئەم هەستکردنە لەتەك دەقی چیرۆکی سوننەتیدا یەکنایەتەوە، دەقی فانتازی ئامرازێکی گێڕانەوەیە، لە گەوهەری ستراتیجێکدا، هەوڵی ئەوە دەدات واقیع و ناواقیع لەچوارچێوەی ئەگەربینیدا بخاتە ڕوو، کرداری ئەبێ و نابێ، ئەگونجێ و ناگونجێ، دەکاتە




جێی باوەڕی وەرگر، زۆربەی کات دەقی فانتازی هێزی لەوەدایە، کاتێ وەرگر جێنشینی دەقەکەی دەکات، ناچاری دەکات دان بە جیهانە سەیر و نامۆکەیدا بنێت، بەوەی ئەم جیهانە لەتەك سەیروسەمەرەکەیدا، ڕاستییەك دەسەلمێنێ، لە کردەی پارادۆکسدا، واقعی بەرتەنگ پەرت دەکات، پەرتبوونی دنیای واقیع لە ئاست پەرتبوون و نامۆبوونی خود، بۆخۆی کۆسپێکە، پرسیارێکە لە دژوازەکانی پەیوەندی سۆسیولۆژیادا، یەقدەداتەوە.

ئازاد بەرزنجی وەك چیرۆکنووسێکی دیاری دەقی فانتازی، لە چیرۆکی «دەریاچەی س”دا[1]، لە دەرچەی خەیاڵەوە لە ستراکتۆری واقعی دژە واقیعدا، داکەوتەکانی ئەو ستەم و کەموکوڕییانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بە تەکنیکی هونەری، دەنەی ئەو

گرێبەستانە دەکات کە خەیاڵی فانتازی بە دنیای سەیروسەمەرە، سیحرو عەجباتییەوە دەبەستێ، پەنابردن بۆ دنیای عەجباتی، هەناسەدانێکی پاکە، پشوودانی کەتوارێکی ماندووە، ڕزگاربوونە لە هەناسەسواریی دنیایەك پیسبووە بە ئاشنایەتیی هەوای باو و سواوی واقیع. چۆن لە پراکسیسی ئەشقدا دڵداران لە دەرکێشانی مانادا، بوون دەدۆزننەوە، لە تەنیایی ناماقووڵەوە لە درەوشاندنەوەی خەیاڵدا، بە داهێنان چەمکی ماقووڵ دەخەنە ڕیزبەندیی دنیایەك لەنێوان ماقووڵ و ناماقووڵدا پەیڕەویی هێڵێکی باڵابوون دەکەن، هەستی بوون ڕتووش دەکەن، لەو پەیوەندییە پەرجوویەك فەراهەم دەکەن. نووسەری کارامە، بە پەیوەندیی دڵداریی تێکستەوە، دەتوانێ لەنێوان خۆی ودەقدا داهێنان لە ئۆبژەی ئەو پەیوەندییەدا بکات. دەق لە ناماقووڵەوە بۆ سنوورەکانی ماقووڵ بارپێ بکات، باوەڕ بە وەرگر بهێنێ. ئەبتر تیری هی دەربارەی فانتازیا لە شوێنێکدا دەڵێت " سەرباری ئەوەی حەزێکی بەهێزە لە دەرکێشانی مانا دا لە ناماقووڵ، چەکەرە بە تواناکانی دەرەوەی سنووری ماقووڵ دەکات"[٢]. لە ئاست تیۆرۆزەوە دەکرێ ناماقووڵ ڕووکەشێک بێت سەرسامبوون وعەجباتی هەڵبێنێ، زاراوەی سەرسامبوون دیتنی شتێکە پێشتر نەبینرابێ، هۆیەکەی نەزانراو بێ، وەك «دەریاچەی س“ ڕاڤەکردنی نییە، دەریاچەیەکە هۆی ڕوودانی نەزانراوە، لە دەرووی باودا دەرچەیەکی عەجباتییە، دەرگای لێکدانەوە کڵۆم دەدات، بەرکەوتنی لەتەك کەسەکاندا، پێوەرێکە، لە گۆڕینی شێوەدا، ئاوێنەیەکە، بە بەدگۆڕان وێنەی ناخی کەسەکان هەڵدەگرێ، لە چەمکی گۆڕاندا عەجبایەتییەکە، کونادڕی دەرخەی ئاساییە، لە ئاست دەقدا کرانەوەی خەیاڵە، چڕبوونەوەی سیمبۆڵە، لەدەقی ڕیالیستییدا هەستی جیاوازی دەدوورێتەوە، تەرزێکی نوێی گێڕانەوەی ڕەخنەئامێزە، لەنێو نافاکتدا مەکۆی ئەگەربینیی فاکت دادەمەزرێنێ. بە پێچەوانەشەوە هەر دەبێت، مادام باو وناباو، لە داڕشتنی فاکتدا، پێڵێنانێکە، بایەخ بە وەرگرتن و بە بەرپەرچدانەوە دەدات، لە چۆنایەتیی ئامادەبووندا بێلایەن نییە، هۆشیارییەکی تایبەتی دانەرە، جۆری دی ئەی ئێنی ئەو ڕەگەزەیە، پێدراوەکانی ڕگەزی دەقی بەرهەم هێناوە، خەسڵەتەکانی کلیلی فرە خوێندنەوە، ڕیتمی فۆرم و ئەگەربینی بە تاقیگەی جۆرەکانی وەرگر دەسپێرێت، لە سروشتیکەوە دەق ئاوێتەی کەتوارو خەیاڵی فانتازی دەکات، وا لە کۆگای

وەرگــر دەکات، پێداچوونەوەیــەك بــە ژێــدەری ئەزموونەکانیــدا بــکات، وەك دەســتکەوتێك دیــاردە و شــاراوە لەنێــو ئامــاژە و مانــادا ڕاو بــکات.

## داخرانی ڕەهەندەکانی ئۆبیگت و بێدەنگی دیکارتی

ئایــا شــار بێگوناهــە، شــاکەس لــە ئاشــکرانەکردنی نــاوی خــۆی، ئــەو مافــە بــە ڕەوا نابینــێ، بــە ناوێــك لــە شــوێنێکدا، نــاوی شــار ئاشــکرا بــکات. لێســەندنەوەی نــاو، ســڕینەوەی ژیانــی سروشــتی نییــە. لــە نەبوونیــدا هاوتابوونــی ناســنامە نییــە. نەبوونــی ناســنامە، یــان گۆڕینــی بــۆ هاوشــێوەبوونێکی نامەئلــوف، ئایــا جۆرێــك نییــە لــە ســیحرو بەدگــۆڕان؟ ئــەوە جیــاوازی نییــە پارادۆکــس لەتــەك مێگەلبــوون و داکەوتەکانــدا فەراهــەم دەکات، گەوهــەری زیندووبوونــەوەو گەشــەکردنی مرۆڤــەکان ئایدلۆژیایەکــە، خەڵکــی شــار هەســت دەکــەن پێداویســتییان بــە ئــارەزووی خۆیــان هەڵبــژاردووە، نــەك بــە بوونــی ســیحری دەریاچەیــەك، بــە پیتــی «س» ئامــاژەی بــۆ کــراوە، لــە هاوکێشــەی بیرکاریــدا، پیتــی «س» بەهایەکــی نەزانــراوی هەیــە، دەکــرێ لــە چەندیــن هاوکێشــەدا، بــە نــرخ وبەهــای جیــاواز دەرکەوێــت، هەڵبــەت لــەم چیرۆکــەدا، وەك ســیمبۆڵێك لــە بەرگــی ئایدیۆلۆژیایەکــی ســیحرئامێزدا دەردەکەوێــت. پارادوکســێک لەتــەك سروشــتی پەیوەندیــی مرۆییــدا فەراهــەم دەکات، لــە جێکەوتێکــدا دژوازەکانــی کۆمەڵــگا ئاشــکرا دەکات، تەشــەرە لــەو قەیرانــە دەدات کــە لــە هەســتی جیــاوازدا، لــە فەنابوونــی چەقــی وەڵامــدا، شــپرزەیی دەروونــی، ناتوانــێ چێــوەی بازنــەی پرســیاری مەعریفــی بدۆزێتــەوە، کــە چەقــی بەرگریــی نەبێــت، ناوەنــدی هاوســەنگی ڕاگــرێ. ئیــتر چــۆن مەعریفــەی واقیــع، نابــێ بــە ناواقیــع، چــۆن خەیــاڵ وســیحر نابنــە ژێــدەر و دەرمــان، ئــەم چیرۆکــە بــاس لــە چەوســاندنەوەی کەســانی شــارێك دەکات، لــە یــەك کاتــدا، قوربانــی و چەوســاوەن، مانــا و بوونــی خۆیــان لــە ئایدلۆژیــای دەســەڵاتەوە وەردەگــرن، هــەر وەك نووســتوو، چــۆن لــە خەونبینیــدا، دەبینــن، کــە ئایدۆلۆژیــای دەســەڵات، نەتوانێــت ســوبێکت بــکات بــە ئایدیۆلۆژیایــەك، چەقینــی تــاك، یــان کۆمەڵــگا لــە داخرانــی ڕەهەندەکانــی ئۆبێکــت تێپەڕێنــێ. بۆیە کۆمەڵــگا چەند شکســتی بێدەنگــی دیکارتــی بێــت، ئەوەنــدە تواناکانــی لــە پەناگــەی چەپبوونــدا، تاســەی خەونــی بەدواچــوون دەیباتــەوە. کۆمەڵــگا چەنــد ســنووری بۆشــایی بــۆ دەســەڵات برەخســێنێ، دەســەڵات بەهەمــان ڕێــژە و قەبــارە دەتوانــێ پــڕی بکاتــەوە. لەســەر

هەمان ڕێسا، گەر دەقی چیرۆکی سوننەتی، یان واقعی بۆشایی وکەلێن بۆ خەیاڵ فەراهەم نەکات، چیرۆکی فانتازی نەیدەتوانی سنووری بۆشاییەکانی دەقی ڕیالیزمی تێپەڕێنێ. دەق لەو چەقین وداخرانە، گرێکوێرەکانی بکاتەوە، لەتەك وەرگردا بیهێنێتە دواندن، ئاوێتەی دەقی ئەدەبی فانتازی بکات. ئەو سنوورە وەهمیانە تێپەڕێنێ کە واقیع لە ناواقیعدا، پۆلێن دەکات، داهێنەر بە پەسنێکی تەژی، بە خەیاڵێکی ڕێژەیی، ڕیزبەندی گێڕانەوەی سوننەتی پەرت دەکات، چیرۆکی فانتازی دەتوانێ تابلۆی ڕووداوەکان ڕەنگڕێژ بکات، ڕەنگی وێنە بەیکداچووەکان ڕتووش بکات، لەنێو دنیای ڕووداوەکاندا، بەشداریکردنی وەرگر بکاتە گەیەنەرێك، پەیامێکی ئاڕاستەکراو لە نیشانەکانی سەرسامبوون، گومان، گریمانە و یۆتۆپیا بخاتەگەڕ، وەك ئەوەی ڕووداوەکان ڕاستەقینەبن، هەر لە سەرەتاوە، ئازاد بەرزنجی لە ئاریشەی حەکایەتخوانی کەمشتزانەوە، لە گۆشەنیگای کەسی سێیەمەوە، مەودایەك لەنێوان خۆی وکەسەیەتیەکان واڵا دەکات، خوێنەر لە وەرگرەوە دەکات بە تەماشاکەر، خۆی لە ئەرکی تەفسیری کرداری کەسایەتیەکان ڕزگار دەکات، بە کامێرای جووڵاو، بێ لایەن گەواهی وێنەی ڕووداوەکان دەبێت، کردەی گێڕانەوە لەپڕ لەو شەوەوە دەستپێدەکات کە «دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو هەواڵەیان پەخش کردووە، خامۆشی شاری لە ئامێز گرتبوو، بەڵام ئەم هەواڵە دڕی بەو کپییەدا"چ، لا ٢٣، گەمەی گێڕانەوە، خەیاڵی وەرگر گوێگرانی بە هەواڵێك دەجووڵێنێ، هەرکەسە بە پێی ئەزموون و پێوەناڵین، خەیاڵ ولێکدانەوە، لە چەندین ئەگەرو بیرکردنەوەدا دەخاتە ژێر پرسیار، دەبێ هەواڵەکە چیبێت، ئایا دەرکەوتەی وچانێکە، چاوی هیوا و خەونیان دەکاتەوە، یان وەك پێشتر، هەر لەو بەدبینی و خامۆشییەی پێش هەواڵەکە، لە درۆیەکدا، دەمێننەوە. بێژەر بە ڕاناوی ئەوی قسەبۆکراو ئەوە دووپات دەکاتەوە، هەواڵەکە پەیوەندیی بە ژیان وچارەنووسی هەزاران، بگرە بە هەموو هاووڵاتییەکەوە هەیە، بۆیە چاوەڕێی هەواڵەکە دەبن، بێژەر وەك نێرەرێك کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر وەرگر و خەڵکی شار دەکات، بەوەی هەواڵەکە پەیوەندی بە چارەنووسەوە دادەمەزرێنێ، لە دووتوێ نەزانراودا، لە کردەی بەدواچووندا، ئاماژە بە داکشانی هەستی ترس ودڵەڕاوکێیەوە دەکات، بۆیە دەکرێ لە تێڕوانینی

فانتازییدا، گرێچنی چیرۆکەکە، جومگەکانی چاوەڕوانی وداهاتووی سەیری لێ بەدی بکرێ، کە بە ورووژاندنی واقیع دەرگاکانی جۆرەها خەیاڵ دەکاتە سەرپشت، وەرگر وگوێگرانی هەواڵەکە لە ساتەوەختێکی تراژیدیدا، لە چاوەڕوانییەکدا، چاودەکەنەوە، ئەگەری گۆڕانی نهێنیی سەردەمی پێش هەواڵەکە، بەرجەستە دەکەن، بە دیوێك پابەندبوونی ئاوەز و خەون، کۆکردنەوەی لە تاکە گوتار و هەواڵێکدا، ئەگەری نهێنییەکی ترسناك هەڵدەگرێت، بە دیویکی تردا، نهێنیی دوالیزمەی دیاردەیەکە، بە ئەگەری دەرخستنی ناوەڕۆك وشاردنەوە بارگاوی کراوە، کە خۆی لەخۆیدا دەکرێ وەك پاژێکی دەستبەسەراگرتن هەژماربکرێت. چۆن ئەستەمە خەون لە واقیعی سەرسەخت جیاکەیتەوە، ئاواش سەختە، لەزەتی دۆزینەوە، لە لەزەتی نهێنی جیاکەیتەوە.

حەکایەتخوان ناتوانێ فاکتەکانی شار لە نهێنی داکەوتەکانی ئەندامانی خێزان جیاکاتەوە، ژن ومێرد، دایکان ومناڵەکانیان، دڵدار و دولبەرەکان، بەوەی ئەزموون خراوەتە دوای هۆشیاری، لە سامپڵێکی خەمبارو بێ هیوادا دەردەکەون، ئەمەش پارادۆکسێ لەتەك گوتەزاکەی کانت دا فەراهەمدەکات «کانت قسە لە هۆشیارییەك دەکات، کە دەکەوێتە پێش ئەزموون"(٣)، لە پەیوەندیی کەسەکانەوە وێنەیەك بۆ دەرەوە دەگۆازێتەوە، بۆ چایخانەو کافتریا، خەڵکی بە گشتگیرییەوە بە دیار تەلەفزیون و ڕادیۆوە تامەزرۆی هەواڵەکەبوون. تا ئێرە فەزای ناو دەق وئەوەی دەرەوەی دەق تا ڕادەیەك هاوشێوەن، سەرجەم کەسایەتییە لاوەکییەکان لە یەك دەچن، ئەگەرێکی سیمانتیکی کۆیاندەکاتەوە، مەدلوولی هەواڵێك هەڵدەگرن، سیماکانی بەسەر ئەدەبی ڕیالیستیدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەوەی لادان وچەماندنەوە دروستدەکات، پرسیار دەورووژێنی شاکەسی چیرۆکەکەیە، شاعیرێکە، لە یاخیبوونێکی نامۆدا، لە ڕووداوێکی تایبەتیی ئاوادا نایەتە ژێر باری هەواڵەکە، بایەخی پێنادات « شاعیرێك نەبێ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدا، ڕادیۆکەی کووژاندەوە و دەستی لە قەسیدەکە هەڵنەگرت، کە لە سەرەتای نووسینیدا بوو « لا ٢٤، دەسەڵات وبیسەرو بینەری هەواڵەکە، شوناسی ڕادەستی واقیعێك بوونە، خەیاڵی یاخیبوون هەڵناگرن، ئامێردێکن لەنێو واقیعدا قاڵ بوون، ناتوانن وەك شاعیر مامەڵە لەتەك خەیاڵ و فانتازیادا بکەن، خەیاڵیان نییە، ئەوان هاوشێوەی ئەدەبی ڕیالیزمی، هەمیشە لەنێوان

چوارچێوەدا گیریان خواردووە. دۆزی ئەم گیرخواردنە، ڕەگێ دێرینی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تووڕەبوونەی ئەفلاتون لە شاعیران، دەیگرێت «شاعیران جیهانێکی تر دروست دەکەن، کە بەهاو نۆرم وپێوانەیەکی دیکەی هەیە، جیاواز لەو دنیا ئایدیالیستەی ئەو.. لە کۆمارەکەی ئەودا سیاسییەکان دەتوانن درۆ بکەن»[٤]. لای ئەفلاتون شاعیران تێکدەرن، دەبینین لە ناوکۆی دەقدا، بەدیوێك شاعیر وەك ئاماژەیەك، ئەو بڕیارەی دەسەڵات، بە کوژاندنەوەی ڕادیۆکە ڕەت دەکاتەوە، دوای تێڕوانینی خۆی دەکەوێت، بەدیوێکی دیکە چۆن ئەدەب وەك حەقیقەت خۆی دەرناخات، حەقیقەت دەخاتە خانەی ڕێژەییەوە، ئەمیش وەك شاعیرێکی نەرسیسی، خەیاڵی خۆی بە ئایدیۆلۆژیایەکی جێگیر ناگۆڕێتەوە، ئایدیۆلۆژیایەك کە بەڕێز «ن» لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەوە بە قاتێکی قەشەنگەوە، دەردەکەوێت، دەست بەگوتارەکەی دەکات، پێدەچێت دەسەڵات لە کردەی درۆکردنی سیاسیەکاندا، دەقئاوێزانی لەتەك کۆمارەکەی ئەفلاتوندا کردبێت. لە یەکەم ڕۆژی حوکمرانیان، بەرژەوەندی میللەتیان خستووەتە سەر بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، توانییان لە قەراغ شاری «س» دەریاچەیەکی سیحری

وەکو مەلەوانگە بۆ ئێوەی بەڕێز دروستبکەین، هەر کەسێك بۆ یەك جار خۆی تێ فڕێبدا مەلەی تیابکات، دەبێتەوە بە لاوێکی حەڤدە ساڵان، لە دوای گەنجبوونەوە و گۆڕینی سەرو سیمایان، پێویستە ناوی خۆیان بگۆڕن، چونکە بە هیچ جۆرێ لە کەسەکەی پێشوو ناچن، بەم هەواڵە شار لە خۆشیدا خرۆشابوو بە سەماو هەڵپەڕکێ، نەمانی تەمەنی سەروو حەڤدە ساڵی، بە دیوێك تێکشکاندنی پایەکانی کۆمەڵگایە، بە دیوێکی دیکە لەتەك ئەوانەی تەمەنیان لە خوارووی حەڤدە ساڵییە، دەرخەی ئاستانەی جیاوازیی ئەزموونە، لە دووڕیانی دوو زەمەنی جیاوازدا، لە نەبوونی یەك بنەما، قۆناغەکانی دیالێکتیکی ڕەتدەکاتەوە، بەوەی دەسەڵات ناوەڕۆکێ دیاریکراو لەسەر بیرۆکەی سەرجەم ئەوانەی سەرووی حەڤدە ساڵی دیاریدەکات، شێوەیان دەگۆڕێت. ئایا ئەو شێوە گۆڕینە ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە لەخوار حەڤدە ساڵیەوەن، گەر نا لە نەگۆڕینی شێوە، هیچ بیرۆکەیەکی نوێ ناتوانێ کاریگەر بێت، چونکە شێوەی نوێ بێ کاریگەریی بیرۆکەی نوێ دیسپلێن ناکرێت. بۆیە لەنێو جیاوازیی تێپەڕاندنی ئەزموونی کۆن وگەڕانەوە بۆ سەرەتا، ئەزموون

نەکــردن، تێنەپەڕاندنــی تەمەنــی خــوار حەڤــدە ســاڵی، لەتــەك یەکشــێوەییدا پارادۆکســێ فەراهەمــدەکات، لەنێو دوو ئەزموونــدا کارەســاتێ دروســتدەکات، ســەبارەت بــە پــێ ســەلماندن، دەکــرێ شــێوە لــە شــێواز نزیــك بکەینــەوە، تــا لەســەر گوتــەزای بلانشــۆدا یەکبینــەوە کــە لــە گوتەزایەکــدا «شــێواز دەکاتــە هاوتــای کارەســات یــان نەهامەتــی»(٥)، دەریاچــەی «س» لــە ناواخنــدا پڕاکتیزەی کارەســاتە، لــە دیــاردەدا دیارییەکــە، کارەســاتی شــاردووەتەوە، نەمانــی ســەرووی تەمەنــی حەڤــدە ســاڵی، تێکشــکاندنی پایەکانــی کۆمەڵگایــە، پێشــتر جومگــەی قۆناغەکانــی کۆمەڵــگای لەســەر بنیادنــراوە. هــەر تەمــەن وئەرکێــك پیــادە دەکات، شــوێنێك لــە بۆشــاییەکانی زەمــەن پڕدەکاتــەوە، لــە ئەگەردانانــی دەقــی فانتــازی نەبــێ، گەردگیربــوون ئەنجامنــادات، بێژمــارە شــێوە و لەیەکچــوون ڕەتدەکاتــەوە، کاتــێ جیاوازیــی تەمــەن لــە جیــاوازی بیرۆکــەدا دادەپۆشــێ، کرانــەوەی بابەتــێ نوێدەکاتــەوە، وەلــێ لــە هــەر کرانەوەیەکــدا، هەوێنــی داپۆشــینێ دیکــە، تراژیدیــای کارەســات بــە لەدەســتدانی خەسڵەتە تایبەتیەکانــی تــر دەســپێرێت، دایاگرامــی جیاوازیــی هێڵــەکان بــە شــاقوولی ئاراستە دەکات، لەتــەك گۆڕانەکانــی هێڵــی ئاســۆیی

مەعریفــەدا یەکنایەتــەوە. یەك خەســڵەتی کۆمەڵــگا دەبێتــە کارەکتــەری ســەرەکی ڕووداوەکان، ئــازاد بەرزنجــی بــۆ ڕاهێزانــی دەقــی فانتــازی، ناتوانــێ کاریگەریــی چیرۆکەکانــی کافــکا لەبیربــکات، بۆیــە لــە ئەگەردانانــی دەریاچــەی «س» دا بــە دەقئاوێــزان لێگرتنەوەیــەك لەتــەك کافــکادا دەکات، کاتــێ کافــکا ســەرجەم خەســڵەتەکان لــە کارێکتــەرێ بــە پیتــی «ك» دادەبڕێــت، دەســتی بــۆ دنیایەکــی ســەمەرە دەگرێــت، ئــازاد بەرزنجــی بــە دەریاچــەی «س» کۆمەڵــگا بــە هەمــان دنیایەکــی نامــۆی دەقــی فانتــازی دا دەبــات، گــەر لای کافــکا پیتــی «ك» وەك ئاماژەیــەك، لێســندنەوەی نــاوو ناســنامە بێــت، ئــەوا لــەم چیرۆکــەدا نــاو گۆڕیــن دەبێتــە ئــەرك و مەرجــی ســڕینەوەی ناســنامە، کوشــتنی حەقیقەتێکــی ڕێژەیــی، دەرخســتنی حەقیقەتێکــی وەهمــی چەســپاو، بــەم کردەیــەش هیــچ بوارێــك بــۆ خوێنــەر نامێنێتــەوە، تــا شــاعیر جێنشــینی نێــو دەقیبــکات، هــەر ئەمــەش وا لــە ئــازاد بەرزنجــی دەکات، کەســایەتیی شــاعیر بکاتــە دەســتبژێری ڕەتکردنــەوەی کــۆی پڕۆژەکــە، چونکــە دەســکەنەکردنی ئەگــەرەکان، ناتوانــێ ســۆز و درامــا لــە تاکدەنگــی، تــاك دەرگایــی حەقیقەتــدا کۆکاتــەوە. خــۆ دەبــێ پەنجەرەیــەك هەبێــت، هــەوای جیــاوازی لەگــەڵ

تاكدەنگیدا دامەزرێنی، دەنگی ڕادیۆكە دەكوژێنێتەوە، ئیتر پێڕی دیكە نامێنی، سەرجەم بە تاكدەنگی و تاكڕەنگی و گەنجی دەمێننەوە. كارەساتە پێشتر ئاماژەمان بۆكرد، ئەوەتانێ لە ڕووماڵكردنی جیاوازییەكاندا، لە سێ نموونەدا، وەك ئاماژە نوقڵانەی جێكەوتی تەنگژەكان كێشە نووستووەكانی نێو خێزان ئاشكرا دەكات. یەكەم بە زمانی منی قسەكەر" مێردێك بە ژنەكەی وت ئافرەت ناوو ناتۆرەت لەسەر دەركردم بەوەی توانای هیچم نەماوە.. ئومێدم بە مەرگ دەخواست.. لەسەرم بوەستە، تا لەو دەریاچەیە مەلەیەك دەكەم، ئینجا دەبینی چ لاوێكی بە گوڕو بۆشناخم" دووەم ژنێك بە مێردەكەی دەوت" پیاوەكە ساڵانێكە ژینت لێكردووم بە ژان، ئەوەندە دەڵێیت ژنێكی تر دەهێنم، چاوەڕێ بە تا بۆ تاقە جارێك خۆم فڕێ دەدەمە ئەو دەریاچەیەوە، ئینجا بە چاوی خۆت دەبینیت، چەند لاو دەكەونە داوی خۆشەویستیمەوە، ئەوسا تۆم بە فلسێك ناوێ" سێیەم " هەر كەسە و بیری لەوە دەكردەوە ئەو خواستەی كە لە لاوێتیدا بۆی نەهاتووەتە دی ئەمجارەیان دەیهێنێتە دی" چ، لا ٢٦، ئەم سێ ئایكۆنە لە شێوەدا هاودژە وەلێ لە ئاست چەمكی بارمتەدا، لە میلۆدیی دەقدا، بە یەك بنەما و ئاواز تەبان. یەكەم مێردێك وەك فەسلەجە، چەوساوەتەوە، بارمتەی دەستی ژنەكەیەتی، توانای هیچی نەماوە، لە پیاوەتی كەوتووە، ئومێد بە مەرگ دەخوازێت. دووەم ئایكۆنەكە پێچەوانە دەبێتەوە، ژنێك بە هەمان هۆ، بارمتەی دەستی مێردەكەیەتی، هەڕشەی ژنهێنانی لەسەرە. سێیەم گشتگیرە، ئەوانەی ماونەتەوە بارمتەی خواستێكن، خەونێكن، ناهاتووەتە دی، دەبینین چۆن دەبێتگەرایی پێدراوەكانی واقیعی مۆنۆپۆڵكراوە، خەیاڵ و خەونی كردووەتە بارمتەی دەسەڵاتێكی یەكدەنگی، یەك ئایدیۆلۆجیی ستەمكار، هێزی خۆی لە لاوازیی ئەوی بەرامبەرەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. بەزۆر ڕاگرتنی شیرازەی ئەو پەیوەندییە خێزانییە، ڕەنگدانەوەی وێنەیەكی بچووكی دەسەڵاتە، لەنێو سایكۆلۆژیای كەسەكاندا. بە پووچی وخۆ بەكەمزانیندا یەقدەداتەوە. لە غیابی ئاوەزدا، سێكس دەبێتە شوێنگرەوەی خۆشەویستی، ناواقیع دەبێتە شوێنگرەوەی واقیع ، وەك ئەوەی دەریاچەی «س» لە نامۆبوونی چەمكی خۆشەویستیدا، بە هێزە ئەفسووناوییەكەی توانای سێكسییان بۆ بگێڕێتەوە، هێزی چارەسەركردنی سەرجەم كێشەكانیان بێ. ئاخر چۆن

پەیوەندیی دڵبەندی، سێکس، کۆمەڵایەتی، ڕەفتار لە دەسەڵات جیادەکرێتەوە، کارەساتە. نیتشە واتەنی «گشت ڕفتارێکی باو، ڕەنگدانەوەی ڕەوشت و ئاکاری دەسەڵاتدارە“، ئەوەی بوونی نییە، هزری ئەویندارییە، ئایا بوونی دەریاچەی «س» نابێتە هۆکاری هەڵگرتنی بەربەستەکانی نێوان خۆشەویستی و پووچی؟ یان بۆ نەبێتە هۆی توانەوەی تەکاندەری لەنێو من ونامندا؟ واقیعە لەنێو ناواقیعدا، دەنگە لەنێو بێدەنگیدا، یان پاشخانێکە بەرکەوتن لەتەك دنیایەکی خەیاڵئامێزدا دەکات، پاشقولێکە لە دنیای ئامادە. ئازاد بەرزنجی لە ئاریشەی فانتازیاوە، نرخ و بەهایەکی سیمبۆڵ ودەلالی دەخاتەسەر دەمکرانەوەی دەق، واقعێکی تەلیسماوی خەیاڵی دەستەبەردەکات، لەنێو گوێزانەوەی کێشەو تەنگەژەکاندا، لە دنیای خەیاڵدا، ئەگەردانانی دیفاکتۆی جیهانی دەخولقێنێ، زەمەن تێیدا دەشکێ، هێدمەی کەم وکوڕییەکان لەنێو خەیاڵدا پەرت دەکات. لە پێداگرییەکدا، وەرگر ناچاری گۆشەنیگایەکی جیاواز بە دونیا دەکات، دژەوابوونی ئەم دونیایە لە دەرخستنی گەڕەکی هەژارەکاندا، لە ژوورێکی بچکۆلانەدا، لە قڕی ماش وبرنجی کوڕە شاعیرەکەدا یەقدەداتەوە، لەنێو گێڕانی ئاهەنگدا، لە کزربوونەوەی واقیعی ئەوانی مێگەلدا، چەکەرەکردن و فراوانکردنی خەیاڵدا، شاعیر بەدیار چرا کزەکەیەوە نغرۆی بیرکردنەوەی نووسینی قەسیدەیەکی درێژە، کاتێ دەنگ وزەنای دەرەوەی دێتە گوێ، لە پەنجەرەکەوە سەیریان دەکات، دەڵێ خومارن، خۆیان لەبیرچووەتەوە، کە ئەمە دەبینێ، زەردەخەنەیەکی دێ، سەگەرمی کارەکەی خۆی دەبێت، شاعیر تاق وتەنیایە، جگە لە نووسینی شیعر هیچ هێزێك نییە ڕزگاری بکات، مانەوەی ئەم بە داهێنانی دەقەوە بەستراوە، کارەساتە شار لە مەستی وخوماردا، لە خۆشی گەنجبوونەوە لە دەریاچەی «س» دا دووچاری نەخۆشیی بێئاگایبوونێکی بەلەسە دەبن، لە کارەسات بەدەر نییە، بە گوتەیەکی کامۆییانە تووشی تاعونێ بوونە، بەڵام لەنێوان شاعیر وئەوانەی دەرەوەدا، تاعون و تاعونێکدا، هەمیشە تاعونێکی تر هەیە، ئەویش ژیانی واقیعی یەکدەنگی وهاوشێوەبوونە، لەتەك خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیردا یەکنایەتەوە، تراژیدیاکە کۆمیدیایی لێدەکەوێتەوە، لە ڕێگای زەردەخەنەوە شاعیر ئاماژەی بۆ دەکات، خۆی لەوان جیا دەکاتەوە، دەقی ڕیالیزمی

لە سیحری دەقی شیعری جیادەکاتەوە.

## بەدگۆڕان و گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئامێرد

پێگریی مانەوەی دەسەڵات، ژێرەوژێرکردنی جیاوازییە، پێکوتینی هاوشێوەبوونی کەسەکانە لە یەك قاڵبدا، کردنیانە بە ئامێرد، لەژێر باڵی یاسا و ڕیسایەکی تۆکمەی تایبەت، نەهێڵێت کەسەکان بزانن بوونەتە ئامێرد، خزمەتی دەسەڵات دەکەن، لێرەوە ئەجێندای مانەوەی دەسەڵات وەك هەنگاوی یەکەم، لە خزمەتی ئامێردەکانەوە دەستپێدەکات، گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئامێرد، هەروا کارێکی نۆرماڵ نییە، پیادەکردنی وەك لە پێدراوەکانی دەقی چیرۆکەکەدا هاتووە، پێویستی بە ڕێکخستن، پاسەوان ودەستوورە، کردنەوەی ڕێوڕەسمی تایبەتیە، دوای ڕێزگرتن، ناونووس، سوێندخواردن وپڕکردنەوەی بەڵێننامە، سەرۆکی شارەوانی وتارێك دەخوێنێتەوە، بە چەپڵەڕێزان کۆتایی دێ. دەستەدەستە بە شێوەیەکی سەربازی بەرەو دەریاچەی «س» بەڕێ دەکەون، لە پاش مەلەکردن، لە پاداشتی ئەوەی کە دەبنەوە بە لاو، دەبێ بۆ هەتاهەتایە ڕێز لە بڕیارەکانی سەرکردایەتی بگرن. ڕۆژێك بۆ پیاوان وڕۆژێك بۆ ژنان تەرخاندەکرێت، وردەکاریی ئەم گێڕانەوەیە بۆ ئەوەیە خەسڵەتێکی ڕیالیزمی باوەڕپێکراو بە دەق ببەخشێت، وەرگر بە ڕاستینەی ڕووداوەکان قایلبکات، لەنێو سروشتە دەستکردەکەی دەریاچەی «س»دا، لە ئامێردەوە ڕەنگە ببنە گەنجێکی جوان، بەمەش جیاوازییەکی سەیروسەمەر لەنێوان نەگۆڕینی تەمەنی دەسەڵاتداران بۆ تەمەنی حەڤدە ساڵان، گەنجێتیی ئامێردەکاندا فەراهەم دەکات، ئەو مەلەکردنەی دەریاچەی «س» گەر ئەرێنی بووایە، ئەی بۆچی کەسەکانی دەسەڵات پیادەی ناکەن؟ ئەمە پرسیاری وەرگرە دەبێتە گومان ودڵەڕاوکێ، وەك ئاماژەیەك یەکخەری گرتەی وا، لە دەقی فانتازی بە چەمکی سیمبۆلیزم، نابێ لە چەکەرکردنی ڕووداوەکاندا، بە دوای هۆکاردا بگەڕێین، لەسەرخستنێکی ئەگەری سەرسامبوون و بەدگۆڕاندا پەیگیریی کۆلاجکردنی کەسەکان دەکات، ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر دەگۆڕێت، ئەوەی سەیروسەمەریە، توخمی لە ناکاو زەقدەکاتەوە، پارادۆکس لەتەك قۆناخبەندیی تەمەنەکاندا دەکات، پێوەرەکانی زەمەن تێکدەشکێنێ، هەر ئەوەندە چوونە نێو ئاوی مەلەکردن، سەر ئاوی دەریاچەکە ڕەشی دەکردەوە، دەتوت ماسین ژەهرخوارد کراون، لەخۆشیی گەنجبوونەوە،

هات وهاوریان بوو، قژیان ڕەش دەبووەوە، پێست ساف، بێ چرچ ولۆچی، لە گۆڕینی شێوە پەلەیان بوو، خۆیان پێشان هاوڕێ وکەس وکاریان دەدەن، بەرەو شار دەڕۆن، ئەو هەستە وندەکەن کە لە وەهمدا دەژین، ئازادن لەنێو ئەو سنوورەی بۆیان کێشراوە. ناتوانن لەو داکەوتە دەرچن کە دەروازەکانی خەیاڵ دادەخات. گەورەترین کێشەیان ونکردنی کلیلەکانی خەیاڵە، فۆرماتکردنی پێوەناڵین وبنبڕکردنی گۆڕینی خەونە، مەلەکردن لەنێو ئاوەکەدا، لەنێو فاکتێکی ڕەشدا چەقینە لە نێو یەك زەمەندا، پیربوون و قوتاربوونی تێدا محاڵە، ڕەشبردنەوە وسەرئاو کەوتنیان، وەك ماسی ژەهرخواردوو، لە وەستانی زەمەندا، دالەیەکە، تێوەگلانی ژەهری دەسەڵاتە، ڕاوکردنیانە لەنێو تۆڕی ئامێرد دا، ڕەنگی ڕەشە، ڕەنگی سپی ڕەتدەکاتەوە، نە لەتەك ڕەنگی قژی ماش وبرنج ، نە لەتەك دەقی زیندووی قەسیدەی شاعیر دا یەکنایەتەوە، مەدلوولی مەرگی مرۆڤبوونیانە، ڕامکردنە لەنێو گۆڕێك، ئەگەری پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە، گوناهێکی ڕەشە، بڕیاری لێبوردن نایگرێتەوە، ڕووی پێ سپی بکرێتەوە، ئایکۆنی قژێکی ماش وبرنجە، نەپیرە لەدەرگای مردندا وەستا بێ، نە گەنجە ڕوو لە ژیان بێ، دەریاچەی «س» چۆن لە جیاوازییدا تێکشکانی زەمەنە، هەروەها ڕەتکردنەوەی پۆلێنکردنی قژی ماش وبرنجە، دەسەڵات و خەڵکی سیڤیلە، ئامێردە، لەنێو سەیران وسەفادا ڕەتکردنەوەی پیرییە، بەلاڕێبردنی گەنجێتیە، لەبیرچوونەوەی ناوە، شوناسە، ڕەتکردنەوەی جیاوازییە، لە ئامێردا یەکخستنی ناسنامەیە، هاوڕێزی یەکڕەهەندیی و تاکدەنگییە. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە تاکدەنگی دا، تاکڕەهەندییش دەگرێتەوە، لەتەك تێزەکەی هێربرت مارکیوز دا یەکدێنەوە دەڵێت " مرۆڤی تاکڕەهەند ئەو دۆخەیە کە تێیدا مرۆڤ ناتوانێت چیدی سیستەم ڕەتبکاتەوە"[٦]، تەنیا کەسێك دۆخی ئەو سیستەمە تاکڕەهەندەی ڕەتکردوە، شاعیرەکەیە، ئەو گەمارۆیە دەشکێنێ، کە ئەدەبی فانتازیایی لە پرۆسەی داهێناندا، لە ئاریشەی خەیاڵەوە دەیخاتە سەر ئەدەبی واقعی. لە واقیعدا ناواقیع فەراهەم دەکات، لە خوێندنەوەی واقیعدا دەیخاتە سەر خەیاڵ، نووسینی شیعر تێیدا چەکەرە دەکات ، چۆن تاریکیی شەو هەوێنی ڕووناکیی بەیان هەڵدەگرێ، تا دڕەنگانی شەو مژۆڵی قەسیدەکەی بوو، بە ئاگابوونی دڕەنگ وەختەی سەرلەبەیانی شاعیر لێیکەوتووە.

لەسەرەتا وایزانی خەونە، لە باخچەی ئاژەڵانە، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دەڕوانێتە شار، چی دەبینێ، شۆکە، ئەمانەی دەیانبینێ نیوەیان لە مرۆڤ دەچێت، نیوەکەی تر لە ئاژەڵ دەچێت. بە شەقامەکانا گوزەریان دەکرد، هەندێ کلك، بەعزێکیان شاخ، هەبوو بوو بە مەیموون، جیاوازیی گۆڕینی شێوەکان، جیاوازیی کەشفکردنی خودی کەسەکانە، دەرخەی هەریەك لە خەسڵەتەکان، ڕتوش کردن و شووشتنەوەی وێنەی نەگێتیڤی ناخی کەسەکانە. دەقی فانتازی ئاوێنەیەکە دیوی ناوەکیی کەسەکان ئاشکرا دەکات، ئایکۆنی گۆڕینی شێوەیان، فینۆمینۆلۆژیای خوێندنەوە، پێناسەیان بۆ وەرگر ڕووندەکاتەوە، بە دیوێك وەڵامی نەچوونی پیاوانی دەسەڵات بۆ مەلەکردن ئاشکرا دەکات، بە دیوێکی دیکە، لەناوکۆی دەقدا، چۆن شاعیری دووچاری سەرسووڕمان و تیامان کردووە. بە هەمان شێوە وەرگر لە ترازانی خەون بۆ فاکت، شار بۆ باخچەی ئاژەڵان تووشی هەمان شۆك بوونە، لە ڕێچکەی ڕەگەزەکانی فانتازیاوە درزێك دەخاتە نێو ئاوێنەی دەقی واقعییەوە، ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر قڵپ دەکاتەوە. گەر فاوست بۆ بەدەستهێنانی خەون وحەزەکانی، کاتێ ڕۆحی خۆی بە شەیتان دەفرۆشێ، ئەوا خەڵکی شار وەك چاولێکەری و مۆدێل، جگە لە شاعیر، لەبری شەیتان، لە ئاستانەی دەریاچەی «س»ەوە ، ڕۆحی خۆیان، بە دەسەڵات فرۆشت. لەجیاتی ئەوەی وەهمی حەزەکانیان، بهێننە دی، کاڵا ئاسا دەستکاری کران، لە ئامێردەوە بە کردەی میتامۆرفیسیس بوونە بەدگۆڕانی شکڵی بینراو. بەو مانایەی ئەو مرۆڤە خەسڵەتێکی ئاژەڵی لێ بڕۆێت، هەندێکیان خەسڵەتی بەدگۆڕانی شاقوڵیان هەڵگرتبوو، بوون بە مەیموون، بەخشینی ئەم خەسڵەتانە بە کەسەکانی شارەوە، ئاماژە بە ڕووبەرێکی هاوبەشدەکات، لە یەك بنکەدا، کەتوار لە ناکەتواردا کۆدەکاتەوە، بەکارخستنی تەکنیکێکە، ئەدەبی ڕیالیزمی جادوویی نوێ و فانتازیا، گوزارشت لە تەنگەژەی مرۆڤی سەردەم دەکات، ئازاد بەرزنجی لە گۆشەنیگای تازەوە، نەك ناتوانێ ئەو ڕەهەندە ناوەکی و دەرەکیانە بشارێتەوە، بەڵکو کار لە هەڵوەشاندنەوەو لەت وپەتکردنی ئەو ژێدەرانە دەکات، جارێکی دیکە لە وێنەیەکی فانتازیدا، بە لادان لە یاساو ڕێساکانی داکەوتە سروشتیەکان، سەرلەنوێ بنیادیان دەنێتەوە. دەرخستن وئاشکراکردنی کەسێتیەکان،

لە زمانی چیرۆکخوانەوە، ڕۆڵێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییە لە ئەستۆی دەگرێ، جەمسەری ڕووداوە ناسروشتیەکان، لە هەڵسوکەوت وئاکار و جوڵاندنەوەی کەسێیەتیکاندا دەردەکەوێت. بۆیە دەبینین کاتێ «چووە کۆڵانەکەی خۆیان لووتی بە لووتی یەکێك لە خەڵکی گەڕەکەکەدا تەقییەوە، کەجاران بە گەرمییەوە سڵاوی لێ دەکرد، کەچی ئەم جارەیان نەك سەڵاوی لێ نەکرد، بەڵکو هەڵوەستەیەکی لە ئاستیدا کرد وگوێیەکانی زۆر درێژ ببوون» چ، لا٣١، لە ئاست گێڕانەوەدا گۆڕینی ڕەفتار، گوزارشتکردنە لە گۆڕینی شێوە، خەسڵەتەکانی بە دیوێك ڕەهەندێکی دەلالیی خەیاڵئامێزی چڕ بە مەدلولی جۆری ڕووداوەکان دەبەخشێت، بە دیوێکی تر، ئاستەکانی فرەدەنگی، حەکایەتی سیحری وفانتازی پشت بە خەیاڵ دەبەستێ، کارەکتەر بە درێژبوونی گوێیەکانی خۆی لە وێناکردنێکی ناجۆردا ئاشکرادەکات، بۆیە دامەزراندنی ناسنامەکەی پابەندە بە ستراکتۆرێک، لە ڕەوشت ناسیندا ئەگەری هەڵوەشاندنەوە و هەڵگەڕانەوە هەڵدەگرێت، وەرگر ناچاردەکات، چاوگێڕانەوە بە خەسڵەت و پێکهاتەکەیدا بکات، مۆتیڤی ئاوەژووبوونەوەی هەڵوێست بداتە پاڵ وێناکردنی کەسایەتیەکە، کە بگێڕەرەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە نمایشکردنی گرتەیەکدا، لە دەرەوە وێنەی گرتووە، گوزارشت لە مەبەستێك دەکات، دەیەوێت فۆرمێشنی ناخ ولێکەوتەکانی کارەکتەرێ، لە بەدگۆڕاندا نمایش بکات، وەك گشتگێریەك لە پەلهاویشتنی دەقدا، لە زۆرو بۆری شێواندنی ڕوخساردا، لە کۆگا و سەر شەقامەکاندا، هەر کەسێکی دەبینی نەیدەناسینەوە، مۆڕەیان لێ دەکرد، دەرخستن و لێگرتنەوەی جۆرەها کەسایەتیی نێو شار فۆرمۆڵەیەکی نوێ دەخاتە نێو جیهانە تازەکەی، ئاوێتەی خەیاڵ و کەتوارە، نامۆبوونە، بە ستایلی تێزی ڕۆشنبیری، شاعیرێك لە ناوەندێك دەژی، ناوەندی ئەو نییە، تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەوان و پێچەوانەکەی، جگە لەوەی بیروباوەڕێک نییە کۆیان بکاتەوە، دڵەکان یەکخات، فاکتەرێکی بەهێزی جیابوونەوەشن، خۆی لە ونبوونی شتێکدا دەبینێ، شاعیر نەیدۆڕاندووە، لە گۆشەنیگای دەقی فانتازییەوە دەرخستنی ستەمی دژەوابوونی دیفاکتۆیەکە، لە دەرچەی خەیاڵەوە ئەنتی دیفاکتۆ بەرهەمدەهێنێ، وێنەیەکی شێواوی ئاوەژووی کۆمەڵگای یوتۆبییە، دیستۆپیایە، وێنەی قوربانیەکانی بەهەشتەکەی دەریاچەی «س»ە،

لەشپیسیی دوای زایندەی بێ سنووری بێ ئەوینە، جەستەی بێ ڕۆحە، جووڵە و جووتبوونی بێ بەرەکەتە، ڕستەی بێ مانایە، لە ژێر سایەی سێکسدا، لە گوتەو زماندا ڕوونکردنەوە و سەلماندنی بیرۆکە هەڵناگرێ، بێدەنگییە، کەشوهەوایەکی بارگاوییە، بە لاڕێبردن و نغرۆکردن لەنێو گەڕەلاوێژە هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی لەیەکگەیشتنی دەنگە لە ناماقوڵدا، گەمەی خۆی لە نائامادەیی هۆشیاریدا دەکات. ئەوەتانێ حەکایەتخوان لە گرتەیەکی گێڕانەوەدا ئاشکرای دەکات" تاقم تاقم لەملاولا کۆبوونەتەوە، بە زمانێك لەگەڵ یەکدا دەدوێن، ئەم لێیان حاڵی نابێ "چ، لا ٣١، لە سۆنگەی تێگەیشتنی ئەنتۆلۆجیادا، لە دوو داکەوت، دوو دنیای جیاواز، ناگەینە هەقیقەتێك، ئاوەز و واقیع لەیەك دنیادا، کۆکاتەوە، زمانی لەیەکتێگەیشتن نزیکبکاتەوە. ئەوەی دیارە سەرجەم کێشەکان لە حاڵی نەبوونی زمانێکەوە، سەرچاوە دەگرێ، شوێنەواری حەقیقەتێك هەڵدەگرێ، نەك ناتوانێ تێکەڵ بە حەقیقەتی دنیای شاعیر بێ، بەڵکو پارادۆکسێ لەتەك پاشکۆی ئەو عەقڵە دەکات، کە پێشتر دەسەڵات لە قۆناغی یەکەمدا، کردوونییەتی بە ئامێرد. لە قۆناغی دووەمیشدا بوونەتە بەدگۆڕان، بەدگومان، گومانی خراپ لەمی شاعیردەکەن، لەپشت ئەم گومانەوە تێگەیشتنێ هەیە، خۆشەویستی لە سێکس، واقیع لە خەیاڵ، ڕەوشت لە پووچی، ماقووڵ لە ناماقووڵ، زمان لە مانا دیارەکەی دادەبڕێت. ئەمەش لەتەك نادیاری و زۆریی مانا و فرەدەنگیی شیعردا یەکنایەتەوە. شاعیر پێی سەیرە، بۆ وا بە ڕقەوە تەماشای دەکەن، لەسۆنگەی ئەوەی ئەپستمۆلۆژیای ئاسۆی شاعیر، لەتەك ئایدلۆژیای شاقووڵیی ئەواندا، یەکنایەتەوە، یەکتردەبڕن، دەرخستنی لایەکیان شاردنەوەی لایەکەی دیکەیانە ، یەقینی یەکیان، تاوانی ئەویتر ئاشکرادەکات، مانەوەی دیوێکیان شوناسی مردنی دیوەکەی دیکەیە. بۆیە هەموو پێکەوە شاڵاویان بۆ شاعیرەکە برد، بە دارتێلەوە بەستیانەوە، دوای لێدان، بەردەبارانیان کرد. شاعیر ئاوێنەیەك بوو، نەیاندەتوانی ناشرینیی خۆیان تێیدا ببینن، لە ئاست دەروونناسیدا، بە چەمکی دانەپاڵ، لەبری ئەوەی تف لە خۆیان بکەن، تف لەو ئاوێنەیەی بەرامبەریان دەکەن، کە وێنەی ناشرینیان کەشفدەکات، کە ئاوێنە بە گیانسپاردنی شاعیر دەشکێت، ڕوویان دەشکێت، لە تراژیدیادا، کۆمیدیا ناتوانێ ڕۆحی ڕاستەقینە بگوازێتەوە بۆ نامۆبوونی کەسانێك، کە لەنێو وەهمێکدا نغرۆبوون. شوناسی

مرۆڤبوونیانی بە تاعوونێک لەق کردوە، چارەسەری دژوارە، پێشتر گوتمان بە گوتەیەکی کامۆییانە، کە تووشی تاعوون بوونە، لەنێوان تاعون وتاعونێکدا، هەمیشە تاعونێکی تر هەیە، لە وێنەی میتافۆرێکدا بە پیادەکردنی چەمکی تاعون بەسەر سێکوچکەی نووسەر، دەق و وەرگر، لە ئەنەلۆگێکی شێوەخوازدا، یەکەم بینین، گەر دەق واقعی دۆگما بێ، تاعون دەبێ بە دەقی دەسەڵات، دووەم تاعون وەرگری دەقە، کە دەق بەیەك مانا، دوور لە فانتازیا، لێکدانەوەی بۆ بکات، سێیەم تاعون نووسەرە، یان شاعیرە، بەپێی تیۆری وەرگرتن، ستراکتۆری دەقی چیرۆکەکە، چەق خراوەتە سەر وەرگری دەق، دەبێ نووسەر، شاعیر پشتگۆێ بخرێن، چیدی وەرگر پێویستی بە شاعیرو نووسەری دەق نابێ، ڕۆلان بارت ئاسا، نەك بانگەشەی نووسەری بۆ مەرگی نووسەرکرد، بەڵکو بەڕاستی لە دەقی فانتازیدا، نووسەر وشاعیریان کوشت. لە تاعونێکی نوێدا، وەرگر لەدایکبووە، لە خەوی دەقی واقعی بە ئاگادێت، دەقی فرەدەنگ، شارێکە لە دەنگ وهەراو زەنایەکی زۆر پێکهاتووە، وەرگر وخەڵکەکە بەرەو ناوەندی شار و دەق دەبات، تا بزانن چ باسە، لە زیندووکردنەوەی دەقدا، لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکاندا، جێنشینی شار دەبن، کاتێ وەرگر نیشتەجێی ڕووداوەکانی دەق دەبێت، ئیتر نووسەر ڕۆڵی نامێنێ، هیچ ئاسەوارێك، تاقە دڵۆپێ خوێن چییە لەسەر کاریگەریی ئاوێتەبوون، تێگەیشتنی وەرگر لەسەر دەقی بەرهەمهاتوو، بەجێناهێڵێ، لەنێو تاریکیی دیوە شاراوەکانی دەقدا، لە کەشفکردن و خوێندنەوەی وەرگردا، لە دەنگی بێدەنگیدا، ئازاد بەرزنجی لە درەوشاندنەوەیەکدا بەڕەنگی سەوز، ئاماژەی بە پەخشکردنی دەق کردووە، چۆن دنیای تاریك ڕۆشن دەکاتەوە. چۆن دەقی داهێنەرانە، داکەوتەکان ، بە چەمکی فانتازیا لە تاریکیی شەوەوە دەگۆڕێت بۆ ڕووناکی، لە بێدەنگییەوە بۆ دەنگ، بەهای بەخشندەیی ماندووبوونی نووسەری داهێنەر بەهەند وەردەگرێ، وەرگر دەهێنێتەوە سەر هێڵێك، بە چەمکی فانتازی پارادوکسێ لەتەك دەقی تاکدەنگی و واقعی سوننەتیدا فەراهەمدەکات. کوشتنی ڕاستەقینەی نووسەر، نەك لەنێو دەقدا، بە تاعون، نەفرەتییەك هەژماردەکات، هەتا هەتایە قەرەبووناکرێت، گەر بشکرێت بە مەزارێك، هێمای پەشیمانی بێ، ئەو پیرۆزییە، تاعوونێکە، دەرئەنجامی تاعونی ستەم وکوشتنە، بەدحاڵیبوونێکە، سەرچاوەکەی گومان

نییـە، بەڵکـو چەقبەسـتنی حەقیقەتێکـە، لــە تــاك مانــای چەمکــی پیرۆزیــدا کزربووەتــەوە، لەنێــو کزربوونــەوەو خاوبوونــەوەدا، شــەوو رۆژدا، لــە ســەرکردنی موقەدەســدا، لــە ژاوەژاوەیەکــدا، لــە نێــوان بێدەنگــی و دەنگــدا، وتیــان تاقــە شــتێك لــە شــاعیرەکە بەجێــما بێــت، چەنــد دێرێکــی قەســیدەیەکە، لــە دوا شــتدا منــی وەرگــر وئــەوی شــاعیر، ئــەم یــەك دوو دێــڕە لەنێــوان موقــەدەس و دەق، فاکــت و خەیــاڵ، فاکــت و فانتازیــادا، ئەبــێ و نابــێ، باوەڕدەکەیــت یــان نــا، ڕاڤــە و لێکدانــەوە، لەنیــوان بێدەنگــی و دەنگــدا بــۆ ئێــوەی خوێنــەر بەجێدەهێڵێت.

ئای هاوار

ئێمـە کـە دێر زمانـە ڕۆحـی بەفرینمان لە دەسـت داوە

تازە تەواوی دەریاچەکانی دونیا

ناتوانن ئەو ڕۆحەمان پێ ببخشەوە

کەرکوك -بەفرانباری ٢٠٢٤

## ژێدەرەکان


١ ـ ئــازاد بەرزنجــی ــتەرمی نەناسـێك ــدەریاچەی س ــچاپخانەی سـەردەم سـاڵی ٢٠١٦ کوردسـتان ـ سـلێمانی ـ چاپــی یەکــەم ـ لا ٢٣

٢ ـ مجلــه آداب اللغويــات والثقافــات القارئــه ـ هانــم محمــد حجــازى الشــامى ـ الفانتازيــا آليــات الســرد و التشــكيل في يوتوبيــا تومــاس مــور و يوتوبيــا احمــد خالــد توفيــق « دراســة نقديــه مقارنه"مــج ١٢ ـ ع١ ينايــر ٢٠٢٠ ـ ص ٣٩٣

٣ ـ بەختیـار عەلـی ـ ئاوڕەکـەی ئۆرفیـۆس ـ ناوەنــدی ڕۆشــنبیری وهونــەری ئەندێشـە ـ چاپخانـەی ڕەجایـی تـاران ـ چاپــی یەکــەم ســاڵی ٢٠١٤ ـ لا ٣٥

٤ ـ بەختیــار عەلــی ـ زنجیرەکانــی دۆن کیشــۆت ـ ناوەنــدی ڕۆشــنبیریی ڕەهەنــد ـ چاپخانــەی ئەڵــوەن ـ چاپــی یەکــەم ســاڵی ٢٠٢١ ـ لا ١٤٥

٥ ـ کاروان عومــەر کاکەســوور ـ ئامــاژە فەلســەفییەکانی شــێواز و شێوازناســی ـ لەزنجیــرە بڵاوکراوەکانــی کتێبــی نووســیار ـ چاپــی یەکــەم ٢٠٢٤ ـ لا١٣

٦ ـ بەختیـار عەلـی ـ دوا خەنـدەی دیکتاتۆر ـ ناوەنــدی ڕۆشــنبیریی ڕەهەنــد ـ چاپخانـەی کارۆ ـ چاپـی یەکـەم سـاڵی ٢٠٢٠ ـ لا ٢٠٢

# تەلارسازیی شار:
# ئاوێنەگەلێک لە جەستەکان

هەندرێن



چـۆن دەکـرێ دیمەنـی تەلارسـازیی (ئەرکیتێکتـور)ی ئـەو خانووبـەرە هەمەجۆرانـەی، کـە وەک شـێوە دەربڕینێـک، بـە گوێـرەی کاتـەکان کولتـوور و ژیانـی خەڵکیـان ئاوێنـە کردۆتـەوە، بناسـینەوە؟ وەڵامدانـەوە و ڕاڤەکردنەوەیەکـی وردی ئـەو پرسـیارە، پێویسـتی بـە خوێندنەوەیەکـی فـرە ڕوانگـە هەیـە، کـە لـە توانـای ئـەم نووسـینەدا نییـە. لـێ لێـرەدا لـە ڕوانگەیەکـی مێـژووی هزرییـەوە، هەوڵـدەدەم ، وێـڕای نیگادانێکـی مەیلـەو جوانناسـییانە، نمایشـێکی سـووکەڵەی وێسـتگە و قۆناغەکانـی ئـەو پرۆسـەی گۆڕانکارییـە هەمەدیوانـە بکـەم کـە کاردانەوەیـان لەسـەر پێشـکەوتن و گۆڕانکارییەکانـی تەلارسـازییدا هەبـوو/ هەیـە. دواجاریـش سـەرەنجامی ئـەم نووسـینە، بـە نمایشـێکی خێـرا لەسـەر ڕەوشـی تەلارسـازیی ئەمـڕۆی کوردسـتان، کۆتایـی پێدێـت.

دیـارە لەوەتـەی مـرۆڤ هەیـە، بـە گوێـرەی ئـەو باردۆخـە ئابـووری، کولتـووری و ... هتـد، بە دروستکردنی مـاڵ، ڕێگاوبـان و باخچـە سـەرقاڵ بـووە. بەمـەش مـرۆڤ هەوڵیـداوە ئارامـی و دڵنیایـی ژیانـی دابیـن بـکات، مـرۆڤ لـە هـەر سـەردەم و قۆناغێکـدا بـە شـێوە و ناوەڕۆکـی جـودا، شـوێنەکانی دەوروبـەری خـۆی ڕازاندۆتـەوە. ئـەم کارەش لـە جیهانـی نوێیـاودا تەلارسـازیی پێدەڵێـن. شـێواز و ناوەڕۆکـی تەلارسـازیی، لـە کۆنـەوە تاکـوو ئێسـتا، چەشـەی جوانناسـی و کولتـووری ئـەو کۆمەڵگەیـە و بـاری ئابـووری و سیاسـی نمایـش کـردووە/ دەکا. تەلارسـازیی وەک تـەواوی شـێوازەکانی هونـەر و نووسـین، لـە هـەر سـەردەمێکدا بـوو بێـت، بـە پێـی ناوکۆیـی ئـەو کۆمەڵگەیـە، هەڵگـری شـێوە و ناوەڕۆکـی تایبەتـی ئـەو کۆمەڵگەیـە بـووە.

ئاشـکرایە سـەدەی بیسـتەم بیرۆکەگەلێکـی فـرەی لـە ئاسـتی تەلارسـازیی و دروسـتکردنی خانووبـەرەی نموونەیـی بەرهەمهێنـاوە. ئـەو بیرۆکانـەش بەرهەمـی فراژانـی کۆمەڵگـەی پیشەسـازی بـوون. لـە ڕۆژئـاوادا، دوای پەرەسـەندنی تەکنیـک و خۆشـگوزەرانی کۆمەڵگـە، خەڵـک کەوتنـە خولیـای گۆڕینـی شـێوەی ژیـان؛ گواسـتنەوە لـە خانـووە بەردینـە تەنگەبەرەکانـەوە بـەرەو خانووبـەرە نوێیـاوەکان بـە هەرمێـن بـوو.

بـەڵام خانووسـازی مۆدێـرن بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـەو مەرجانـە بەسـتراوەتەوە کـە تەکنۆلـۆژی سـەپاندوویەتی. بۆیـە دروسـتکردنی

شارێکی نموونەیی، کە بتوانێ ئاواتەکانی کۆمەڵگا بەدیبهێنێت، کارێکی ئاسان نییە. دواجار هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ئەو شارە نموونەییە، بە هۆی ئەو کەرەستانەی کە پێشتر کارگە تەکنۆلۆژییەکان سەپاندوویانە، چەواشەکارانە دەبێ، یانیش دیمەنی خانووبەرە، پرد، شەقام ... هتد، وەک جۆرە دەمامکێکی ڕووکەشانە خۆیان دەنوێنن. کارگە تەکنۆلۆژییەکان، بۆ ئەوەی بازاڕیان گەرم بکەن، مۆدە مۆدێرنەکانی تەلارسازیی، ڕەواجدار دەکەن. هاوکاتیش ئەو بازاڕە بۆ قازانجی خۆی، خولیا، چەشە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جڵەودەکا.

بەڵام دەکرێ، بە گوێرەی شێوازەکانی تەلارسازیی لە ڕۆژئاوادا، قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە هەر لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆش، شێوازی پێکەوە لکان و هەڵپەساردن و چەسپاندن لە دروستکردنی خانووبەرەدا، وێنەیەکی گشتی لە تەلارسازییدا نیشان دەدا. بەڵام ئایا تەلارسازیی لە ڕابردوو و ئێستادا، ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی مرۆڤ بووە؟

وەک ئاماژەمان پێکرد، لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ بە نوێباو بوونی کۆمەڵگە، کە بەرهەمی شۆڕشی ڕۆشنگەریی و فرەژانی شۆڕشی پیشەسازی و بەربڵاو بوونی شارەکان بوو، هاوکاتیش شێوازی تەلارسازییش گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر داهات. لەوێدا کۆمەڵگە، خێزان و خانووبەرە لە بۆچوونی گەردوونەگەراییەوە، کە کۆڵەگەیەکە لە ڕوانگەی ڕۆشنگەرییدا، سەیر دەکران. لەو ڕوانگەیەدا هەموو شتەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە. هەر پارچەیەک تەواوکەری پارچەکانی ترن و ئەمانەش هەموو پێکەوە تۆڕێک لە ستروکتۆری دەسەڵاتی کۆمەڵگا پێکدەهێنن. بە واتایەکی تر، روانگەی مۆدێرنیزم هەوڵدەدا لە تەلارسازییدا هەموو دژایەتییەکان: ئاوەڵایی و لێک نزیکی، شەقام و خانووبەرە، لەگەڵ یەکدا، یان لە وێنایەکی لێکچوودا، کۆبکاتەوە.

لە کانگای پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی هونەری تەلارسازییەوە، لە نێوان ساڵانی حەفتا و هەشتایەکاندا، روانگەی پۆستمۆدێرنیزم بە یارییە فرە شێوەکانییەوە سەریهەڵدا.

هەڵبەتە تەلارسازیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئاوێتەیەکە لە شێوازە کۆن و تازەکان؛ بە توانەوە لەناو یەکتردا چەشنێک لە شێوازی خانووبەرە، شەقام، باڵکۆنگ، باڵەخانە و پردی تازەتری بەرهەمهێناوە.

لەو ناوکۆییەوە گفتۆگۆییەکان لەمەڕ تەلارسازییدا فروانتر دەبن.

ئەو گفتوگۆیانە لەمەڕ گرنگی تەلارسازییدا، هەر لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە مانای خۆرە دابڕانێک، یان گۆڕانکارییەکی هەمەلایەن، بەخۆیەوە دەبینێ. لە دیوێکی ترەوە دەکرێ بێژین، کە ئەو گفتوگۆیە تیۆریانە چەشنێکە لە ڕەنگدانەوەی بەرخۆرکردنی مۆدێلە تیۆرییەکان. لە دوای شەری جیهانی دووەمەوە پرۆژەی دروستکردنی خانووبەرە گەورە و بەرزەکان، بە مۆدە دەکرێ، کە لەوێدا جەخت لەسەر لایەنی پراکتیکی ئەو جۆرە خانووبەرە دروستکردنە دەکرایەوە.

لەبەرانبەر ئەمەشدا بە مۆدەکردنی ئەو هاوشێوەکردنە لە تەلارسازییدا، کۆمەڵێ خولیای تیۆری جیاواز سەرهەڵدەدا. دواجار ئەو خولیا تیۆریانەش لەژێر ناوی پۆستمۆدێرنیزم پێناسە کران.

تەلارسازیی لە دۆخی پۆستمۆدێرنیزمدا خۆی لە مەرجە مێژوویەکان رزگار کرد. بەو واتایەی لە تەلارسازییدا هەموو بیرۆکەکان بەرجەستە دەبنەوە؛ شێواز و مۆدە کۆن و نوێیەکان لێکدەترێنجێنرێن و بەمەش تەلارسازیی جوانناسییەکی فرە ڕەنگ و ناوەڕک دەپۆشێ.

هاوکاتیش ڕوانگەی جوانناسیی پۆستمۆدێرنیزم، کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، شێوازی قۆناغەکانی رابردوو دەستەوا دەکا، کە ئەمەش وەک هێڵێک، بە وێنەیەکی جودا، دیمەنەکانی ئەو قۆناغانە بەرجەستە دەکاتەوە.

جێگەی ئاماژەیە پێشتر لە رۆژئاوادا، وەک پەیوەندییەکی دوولایەنی لە نێوان شارستانییەت و کولتوردا، تەلارسازیی پێناسە دەکرا. بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی شێوازی تازەوە، کە شارەکان گۆڕانییان بەسەر داهاتووە، ئەو دوو لایەنییەش باوی نەماوە. بۆیە خانووی بەرز بۆتە ئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەو مۆدانەی کە رێگا و بانەکان بەرهەمی دەهێنن. سێنتەری شارەکان کراوە بە شوێنی سەرەکی شار و دەوروبەری شاریش لە رووی کولتوورییەوە کەمبایەخ دەکرێن.

بەڵام لە رۆژگاری «رۆشنگەریی»دا چەمکی «ژیار» بە ئاوەزەوە دەبەسترایەوە، هاوکاتیش «کولتوور» وەک تایبەتمەندییەک لە دەربڕین و بە واقیعکردنی تاکە کەسەکان، کۆمەڵ، پێشڤەچوونی بارە کۆمەڵایەتییەکان سەیر دەکرا. کەچی ئەمڕۆ «ژیار» زیاتر وەک زنجیرەیەک لە ئامانج و ئامراز پێناسەی بۆ دەکرێ. لەو ڕوانگەیەوە، باری تەلارسازیی بە تێکەڵکردنی شێوازە کۆن و تازەکان، خۆی لە تاکە پێناسەیەک نیشان نادات.

هەڵبەتە تەلارسازیی وەک هونەری نووسین موزیک بە کەرەسەی پشتینە رۆشنبیریی و مێژوویەکانەوە هاوئاهەنگی خۆی دروستدەکا. کاری تەلارسازیی هەر تەنیا پشتینەی رۆشنبیریی و مێژوویی ئاوێنە ناکاتەوە، بەڵکوو خودی تەلارسازیی بێ ئەو پشتینەیە بوونی نییە. بۆ نموونە، تەلارسازیی بە بێ نەخشەکێشان ناتوانێ وێنەی خانوویەک ئەنجامبدا، هەروەک بەهەمان شێوەش بە بێ نووسین ناکرێ وێنای خانوویەک یان گۆرەپان و پردێک بەرجەستە بکرێنەوە. رەنگە خانوو چێکردن لە سەرەتادا بە بێ نەخشەکێشان دەستپکردبێت، بەڵام خودی تەلارسازیی دوور لە خانوو دروستکردن گەشەی سەندووە. ئەو مەرجە کولتوورییی و جڤاکیی و فەلسەفییانەی کە لە ماوەی سەدەکاندا فراژوان، توانیوویانە شێوەیەک لە زانیاریی و رۆشنبیریی ئامێز بە بواری تەلارسازیی ببەخشن و دەوڵەمەندی بکەن. کتومت وەک هەر جۆرێک لە زانیاری، تەلارسازییش چەندان چەشن و شێوەی وەرگرتووە. گۆڕینی شێوە و ناوەڕۆکی خانووبەرە، شەقام، پرد و شتەکانی تر لە ئەورووپادا، بە گوێرەی قۆناغەکان، وێنەی رۆژگاری تەلارسازیی بەرجەستە دەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا دەتوانین لە رێگای فرەوانبوونی دەقە تیۆرییەکانی تەلارسازییەوە ئەو بە زانیاریی و بە مێژووکردنە لەسەر گوتاری تەلارسازییدا، دیمەنە جیاوەزەکانی ئەو گۆڕانکاریانە ببینین.

لە سەدەی بیستەمدا تەلارسازیی لیوانرێژ دەبێ لە مۆدێلە جودایەکان، ئەمەش لە رێگای مێدیایەکانەوە نمایشدەکرێن. تەلارسازیی ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پاشخانەکانی، لە دوو ئاراستە یان دوو دیمەن خۆی دەنوێنێ: لە لایەک، وێنەی تایبەتمەندی کولتووری، کۆمەلایەتی و سیاسی رەنگدەداتەوە، لە لایەکی تریشەوە، کاریگەری شێوەکانی تەکنیکی نیشاندەدا.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، تەلارسازیی لە سەدەی بیستەمدا، بیرۆکەکانی سەدەی هەژدەمی پیادە دەکرد. ئەو بیرۆکانەش لە هاوشێوەیی و گشتگیرییدا دیمەنی تەلارسازیی بەرجەستە دەکردەوە. ئەمڕۆش تەلارسازیی پۆستمۆدێرنیزم بە شێوەیەکی تر و لە ئاستێکی تردا، هەمان نموونە دەنوێنێ، بەلام لە شێوەیەکی پێچەوانەدا. ئەو شێوە پێچەوانەش خۆی لە شێوازێکی جیهانییدا بەرجەستەدەکاتەوە، کە لە رووبەری تەلارەکاندا جۆرێک

لە گەمەی شێوە جودایەکان خۆیان دەنوێنن. بۆیە ئەمڕۆ ڕەخنەی تەلارسازیی بوارێکی فرەی لە ئاستی نووسیندا داگیرکردووە. وێڕای ئەمەش لە ئاستی مێدیادا پانتاییەکی فروی تەنیووەتەوە. ڕەخنەگرانی تەلارسازیی بە گشتی جەخت لەسەر فرە ڕەهەندی شێوە دەکەنەوە. ئەو ڕەهەندانەش وێنایەکی ئاڵۆزی لە دیمەنی تەلارساییدا بەرهەمهێناوە.

مشتومڕەکان لەسەر تەلارسازیی ئەمڕۆ لە ناکۆکی نێوان تیۆریی و پیادەکارییدا خۆی دەنوێنێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی فرەوانبوونی مۆدەکان کە بازاڕ بەرهەمیان دەهێنێ. بازاڕەکان بە کرەسە رووکەشەکان مۆدە و شێوەکانی تەلارسازیی لە ئاستی جیهانیدا بێوچان بەرهەم دەهێنن. هەرچەندە روانگەی مۆدێرنیزم لە ئاستی تەلارسازییدا هەڵگری ئەو بە فرەکردنی مۆدانە بوو، کە لەوێدا قوتابخانەکانی وەک: فۆرمالیزم، فونکشۆنالیزم و ریالیزم ....، جۆرێک لەو مشتومڕ و ناکۆکیانەیان لە ئاستی تەلارسازییدا بەرجەستە دەکردەوە. بەڵام ئەمڕۆ بازاڕ و تەکنیک زیاتر و زیاتر خۆیان بەسەر تەواوی بیرۆکە و مۆدە جودایەکانی تەلارسازییدا سەپاندووە. بۆیە ئەوەی کە شێوەکانی تەلارسازیی بەرهەمدەهێنێ، خودی بیرکردنەوەی تەلارسازیی نییە، بەڵکوو ئەوە بازاڕە بەبڵاوەکان و بە هەڕمێن بوونی تەکنیکە کە بڕیار لەسەر بوارەکانی تەلارسازییدا دەدا.

لەم ڕۆژگارەدا ئێمە هەر تەنیا بە خۆمان نین کە شتەکان دەبینین، بەڵکوو کولتووری مێدیا هەموو شتەکان لە ڕێگای تەکنیکەوە بە شێوەیەکی بزواو نیشاندەدا و لە هەر چاوتروکانێکدا وێنەکان گۆڕانی خێرایان بەسەر دادێن. بەمجۆرە وێنە تەکنیکییەکان، تاکە شوێنێک، شارێک، یان سیمای تەلارێک نمایش ناکەن، بەڵکوو سەرتاپای شوێنەکانی جیهان نمایش دەکەن. لەوەش زیاتر، شێوەی گشتی کۆمەڵگا و شارەکان لەگەڵ شوێنەکان ئامادە دەبن. بە واتایەکی تر، لە ڕێگای وێنە تەکنیکییەکانی مێدیاوە، کە ئەمڕۆ تەلارسازیی بەرهەمدەهێنێ، جیهان وەک گوندێک بۆ ئێمە نمایش دەکەن. کۆکردنەوەی ئەو جیهانە لە وێنە بزۆکەکانەوە، نەک هەر وێنەی ڕۆژگارێکی بزواوی فرە ڕەهەند نمایش دەکەن، بەڵکوو تووشی هەستێکی قووڵی نامۆیشمان دەکەن. بەمجۆرە، بە واتای ژولیا کریستیڤا، ئێمە لە وڵات و شوێنی خۆماندا دەبینە بوونەوەرێکی بێگانە.

کریستیڤا لە دیدی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەوە ئاماژە بەو لێکدژیانە دەکا کە ئەو گەردوونە مۆدێرنکراوە ئێمەی هەراسان کردووە و ناچارمان دەکا بەرەو تاراوگە سەرهەڵگرین.

لەو ناوکۆییەوە، ئەگەر لە گۆشەنیگای ئەمڕۆوە بڕوانین، دەبینین دەستەواژەی تەلارسازیی نوێباو، وەک هونەرێک، لەگەڵ دامەزراندنی شارە نوێباوەکان و ڕەوکردنی بە کۆمەڵی دێهاتەکان بەرەو شار و بە هەڕمێنبوونی بازاڕی تەکنۆلۆژی، گرنگی جەستەی شارمان بە یاد دێنێتەوە. لە ئاکامی ئەو پرۆسەیەدا، شار بۆتە دەستەواژەیەکی بەرجەستەکراو بۆ وێناندنی وڵاتێک و ئاستی پێشکەوتنە ناوەکی و دەرەکییەکەی. چونکە شار وەک جەستەیەک، هەر تەنیا دیمەنێک نییە لە ئاستی دەرەکیدا، بەڵکو ئەوە دیوە ناوەکییەکەیەتی کە دیوە دەرەکییەکەی ئاوێنە دەکاتەوە. بە واتایەکی تر، شار ناوەندێکە بۆ ئاستی ئابووری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان. ئەو پەیوەندیانەش پێکڤە دەبنە سیستەمێک کە دەتوانێ ڕادەی ئاڵۆگۆڕی لەگەڵ سیستەمی ئابووری، سیاسی و کولتوورییەکان لەگەڵ دەرەوەی خۆی دستنیشانبکات.

بەمجۆرە شار، وەک جەستەیەک ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەستەکانی کۆمەڵگا، ڕێکخستن و بەرنامەڕێژییەک پێکدێنێ. کەواتە شار ئەو ژینگەیە کە وەک جەستەیەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سێکسی و خێزانییەکانیش بەرهەمدەهێنێت. بەڵام ئەگەر شار چوارچێوەیەکی گرنگ بێ بۆ جەستەکان، کەواتە پەیوەندییەکانی نێوان جەستە و شار هاوئاهەنگ تر دەبن.

دەرگای کۆنی پێشەوەی ئامێدی. بە کامێرای هەندرێن

دەکرێ بپرسین: مەبەستمان لە «جەستە« و «شار» چییە؟

هەڵبەتە جەستە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵی ئەندام؛ گۆشت، ماسوولکە، ئێسک، بوونێکی زیندوو ... هتد، کە ئەمانە هەموو پێکڕا یەکەیەکی هاوئاهەنگ بەرجەستە دەکەنەوە. کەواتە جەستە یەکەیەکی ڕێکخراوی سروشتیانەیە، یان وزەگەلێکە کە پێویستی بە ڕێخستنی جڤاکیش هەیە. یان بە واتای فۆکۆ، جەستە لە هەر کولتوور و ڕۆژگارێکدا بە قانوونی «میکرۆتەکنۆلۆگییەکان دەسەڵات» بارگاوی دەکرێ.

کەچی دەکرێ وەک تۆڕێکی ئاڵۆز، لە «شار» بڕوانین، کە چالاکی و پەیوەندییە نامۆ و ئاشنایەکان، یان

تـەلار و جەسـتەی هاووڵاتیـان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. هەڵبەتـە شـار بـە بوونـی بازاڕێکـی گەرمـی ئابـووری، بنکـەی زانیـاری، تـۆڕی دەسـەڵات، شـێوەکانی گواسـتنەوە، یـان هـات و چـۆ، حوکمڕانـی ڕێکخـراوە سیاسـییەکان، پەیوەنـدی نێـوان خێـزان و دەرەوەی خێـزان، مانـای شـاری هاوسـەدەم دەبەخشـێ. بەمجـۆرە دەکـرێ شـوێنە هەمیشـە گـۆڕاو و ڕازاوەکانـی شـار، وەک بناخەیـەک لـە نێـوان شـار و دێهاتەکانـدا سـەیر بکـرێ.

هـەر بۆیـە دەکـرێ وەک مۆدێلێـک سـەیری پەیوەنـدی نێـوان جەسـتەی شـار بکەیـن. لێـرەوە وەک سـەرچاوەیەک شـار دەبێتـە ڕەنگدانـەوە یـان بەرهەمهێنـەری جەسـتەکان. ئاشـکرایە شـار بـە هـۆی پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ دەفـراژێ. کەواتـە ئـەوە مرۆڤـە کـە شـاری داهێنـاوە و دامەزرانـدووە. لـێ شـار هـەر تەنیـا بەرهەمگەلێـک نییـە لـە جەسـتە و چالاکیەکانـی، بەڵکـو بەشێکیشـە لـە توانایـە بەدیکـراوەکان و واقیعییـەکان: ئـەو توانایـەی کـە دەخـوازێ بـە ڕێکخسـتن و ڕازاندنەوەیەکـی بـەردەوام شـار فـرەوان و بـەرەو پێشـەوە ببـات، بـۆ ئـەوەی شـار بـۆ پەیوەندییەکانـی نێـوان نـاوەوە و دەرەوەی خـۆی، ببێتـە شـوێنێکی بەرهەڵـدراو.

دیـارە بیرۆکەی جەسـتە و ڕێکخسـتنە کۆمەڵایەتییـەکان، کـە لەگـەڵ دەوڵەتـدا پەیوەندییەکـی گرنـگ دەیانبەسـتێتەوە، سـەرچاوەکەی بـۆ سـەدەی سـانزە، بـە تایبەتیـش بیرۆکەکانـی تۆمـاس هۆبـز، کـە لـە «مافـی خواوەندانـەی پاشـا»دا بەرجەسـتە دەبێتـەوە، دەگەڕێتـەوە. هاوکاتیـش بیرۆکـەی جەسـتە و لای جـۆن لـۆک و چەنـدان«body politic دەوڵـەت لـە پەرلەمانـی «ج «جەسـتەی دەوڵـەت/

هزرڤانی هاوسەردەم دەبینینەوە.

دەکـرێ پەیوەنـدی نێـوان جەسـتەکان و خەسـتەی دەوڵـەت، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان، وەک دیمەنێـک لـە خـودی دەوڵـەت سـەیر بکـرێ. لـەو دیمەنـەدا پاشـا، سـەرۆک نوێنەرایەتـی سـەری دەوڵـەت دەکا و هاووڵاتیانیـش بـە دەمارەکانـی جەسـتەی قانـوون بـەراورد دەکـرێ و سـەربازەکان بـە مەچەکەکانییـان و ئابوورییـش بـە قـاچ یـان سـکی دەوڵـەت دەچوونێرێـن. دەکـرێ ئـەو وێنـە هاوردە/میتافـۆرە لـە ڕژێمێکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر دەگۆڕێـت. بـەڵام لـەو هاوردەیـەدا سیسـتەمی سیاسـی گرنگـی خـۆی هەیـە. ئـەو سیسـتەمە یـان دەوڵەتـە کاتێـک بەهـای دەبـێ کـە توانـی بـە شـێوەیەکی

عادیلانـە، مافـە کۆمەڵایەتییـەکان دابەشـبکا. جەسـتەی مـرۆڤ لـە شـێوە سروشـتایەنەکەی خۆیـدا بریتیـە لـە ئۆرگانـەکان، ئـەو ئۆرگانانـەش بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ یەکـتر نەبێـت ناتوانـێ کارا و سـەرکەوتوو بـن. بـە هەمـان شـێوەش، دەبـێ جەسـتەی دەوڵـەت یـان حوکمـەت، وەک یەکەیـەک، بـە شـێوەیەکی سروشـتی دادپەروەرانـە ئیشـبکات.

لـەو روانگەیـەوە، نـە جەسـتەکان لـە دەرەوەی شـار بوونیـان هەیـە و، نـە دەوڵەتیـش بەبـێ جەسـتەکانی شـار بوونیـان هەیـە، چونکـو هەردووکیـان، جەسـتە و شـار، لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ یەکـتردا خۆیـان بەرجەسـتە دەکەنـەوە. لێـرەوە شـار، وەک جوگرافیایـەک لـە تەلارسـازیی، یـان شـوێنێک لـە جەسـتە کارایـەکان، ئاوێتەیەکـە لـە پەیوەندییـە داڕێـژراوەکان، سـتروکتۆر و تایبەتمەنـدی پەیوەندییەکانـی نێـوان خێـزان، کـە ئەمانـەش کاریگەریەکـی راسـتەوخۆیان لەسـەر شـاردا هەیـە. بـەڵام بـە هەمـان شـێوەش شـێوەی سـتروکتۆر و نەریتەکانـی شـار کاریگـەری خۆیـان لەسـەر ئـەو رەگەزانـەی کـە شـار بەرجسـتە دەکەنـەوە دادەنێـن.

هاوکاتیـش شـار بـە چۆنیەتـی تەلارسـازیی ماڵـی تاکەکەسـەکان شـێوەی دابەشـکردنی نـاوەوەی ژوورەکان، کتێبخانـە، ژووری میـوان، ژووری نووسـتن و ... هتـد ، تایبەتـی خـۆی دەنوێنـێ.

دواجـار ئـەوە کـۆی تەلارسـازیی خـودی ماڵـی تاکەکەسـەکانە کـە دیمەنـی شـار دەکـەن بـە شـوێنێک، یـان شـانۆیەک بـۆ نمایشـکردنی جەسـتەیەکی کولتـووری نوێیـاو. لـەو نمایشـکردنەدا وێنـەی جەسـتەکانی ئـەو نوێنەرانـەی کـە نوێنـەری سیسـتەمی شـار دەکـەن، کـە هـەر لەوێشـدا ناوەندەکانـی راگەیانـدن و دەزگا جودایـەکان، بـە بەرنامـەی ئاسـتی چاڵاکـی بەرهەمەکانیـان، هـەم ناوەڕۆکـی خۆیـان و، هەمیـش سـەنگی ئـەو دەوڵـەت ئاوێنـە دەکەنـەوە. وێـرای ئەمـەش، جەسـتەکانی کۆمەڵـگا، وەک جەسـتەیەکی کولتـووری کارا و بەرهەمهێنـەر، بـە گوێـرەی پێگـەی ئابـووری ، دەروونـی، سیاسـی و کۆمەڵایەتیـان، دەتوانیـن دیمەنـی شـار بگـۆڕن و رەنگینـی بکـەن. بەمجـۆرە شـار سـنوورەکانی لـە دەوروبـەری خـۆی دەکێشـێتەوە. هاکاتیـش جەسـتەی شـار، بـە گوێـرەی کاریگـەری ئاسـتی چاڵاکییەکانـی، ببێتـە کەناڵێـک لـە نێـوان ئاپـۆرەی خەڵـک و تاکەکەسـەکاندا. دواجاریـش شـێوە، رۆڵ، حـەز،

نۆرم و ئامانجە ئیدیالییەکانی ئەو تاك و کۆیانەشە دەبنە ڕێکخستن و ئامادەکردنی قانوونەکانی ئەو دەوڵەتە.

کەواتە مەبەستی ئاخاوتن لەمەڕ تەلارسازیی، کە لە خودی خۆیدا، شێوەی ناوەکی و دەرەکی شار بەرجەستە دەکاتەوە. هزرکردن لەوەی کە چۆن شوێنێکی ئاوەدانکراو، جێنشینکراو بە کۆی جەستەکان برازێنینەوە، کە هەر ئەو جەستانەشن دەبنە نوێنەرگەڵێکی کارای ئەو شوێنە. وێڕای ئەمەش، شار بە هاوئاهەنگی لە نیوان جەستەکانی، پەیوەندییەکانی ناو خێزان، ئەڤینداری و کۆمەڵایەتییەکان، مشتوماڵ و ڕێکیان دەکا. بەمجۆرە شار دەبێ وەک شوێنێک سەیر بکرێت کە لەوێدا دەسەڵات بەرهەمدێ و بەناو ناخی جەستەکاندا پەلدەهاوێژێ. هەروەک لە بەراییدا ئاماژەمم پێکرد، کە شار شوێنێکی کارای جەستەکانە و بەردەوام شوێنپێی خۆی لەسەر کۆی جەستەکانی ناو خۆیدا بەجێدەهێڵێ. هەروا گۆڕانە خێرایەکانی شار وا دەکات شێوەی جەستەی هاووڵاتیەکانیشی، گۆڕانیان بەسەر دابێت،

هەلبەتە هەر ژینەگەیەک خاوەن بەهای داب و نەریت و مەرجەکانی خۆیەتی، بۆیە گەرەکە لە ئاوەدانکردنەوەی شار و دیمەنەکاندا، ئەمانە لە زەین بگرین.

لێرەوە سەبارەت بە جەستەی شارەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەتوانین بڵێین، کە بە دیمەنێکی تاڵانکراوی ژێر زبڵ دەچێ. ئەو بازاڕەی ک ئەمڕۆ مۆدەکانی تالارسازی لە کوردستان بەرهەمدەهێنێت و دەسەپێنێ، هێندەی ناشیرنکردنی ژینگەی کوردستان و چەشە سروشتییەکانی جەستەکانییەتی، ئەوەندە ئاوەدانکردنەوە و ڕازاندنەوەیان نییە. لەبۆیە بۆ ئەوەی ئەو پێناسەیەکی خێرای ئەو قەیرانە بکەین، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، وەک قەیرانی هەر بوارێکی دیکە، لە بواری تەلارسازییدا، لە ئارادایە، دەکرێ ئاماژە بکەین بە نموونەگەلێکی وەک، شوێنەواری هەردوو دەرگای شاری ئامێد، کە ئاوێنەیەکە لە چەشە و ئاستی ئێستێتک/ڕازانکاریی کولتووری کوردی بە گشتی و ڕوحی فەرمانڕەوای «ئیماراتی باهدینان». ئەمڕۆ پاشماوەی ئەو دوو دەرگایە لە شارۆچکەی ئامێدی، کە لە سەردەمی «ئیماراتی بەهدینان»دا، لە نەخشەکارییەکی سەربازییدا، لە گۆمەزێک و شوورایەک دەچێ،

وەک کەلاوەیەک، خەریکە لەبەر بێخزمەتی و قووتکردنەوەی خانووە بۆرە چیمەنتۆییەکانی دەوروبەری، مەحفدەبنەوە. دەرگای پێشەوە، کە لە کاتی ئەو ئیمارەتەدا دەروازەیەک بووە بۆ ئەو شارە، وەک لەو وێنەی سەرەوەدا دەیبینین، خەریکە لەبەر زبڵ و پشگوێ خستن لە لایەن دەسەڵاتداری ئەو شارۆچکەیەدا، دادەڕمێ. هاوکاتیش دەرگایەکەی دواوە بۆ چوونە دەرەوەی ئەو شارۆچکەیە، وەک قەڵایەک، سازکراوە، وەک من خۆم بینین، ئێستا خانوویەکی بە بلۆکی چیمەنتۆی ناشیرین لە تەنیشتی دروستکراوە و لە پێش دەمی ئەو دەرگایەش قۆمەتە چەو و خۆڵێک، وەک گردێک، کەڵەکە کراوە. وەک دەزانین ئەو ڕەوتە نوێیەی خانووسازی کە لە کوردستاندا لە برەو دایە، لە لایەن کۆمپانیایە بازرگانەکانی تورکیاو بێگانەکان داگیرکراون. هەر بۆیە دەبینین لە ژێر هێرشی ئەو چەشنە تەلارسازییە هەرزان و دوور لە چەشە و هونەری ڕازانکارییەی کولتووری کورد، خەریکە وێنا و دیمەنی تەلارسازیی ڕەسەنی کوردی، کە جیهانبینی و یادەوەریی کوردی بەرجەستە دەکاتەوە، لەناو دەچێ. هاوکاتیش، بۆ نموونە، «قەڵای هەولێر»، کە واتای دێرینترین هونەری خانووسازیی دەگەیەنێ لە ژیانی مرۆڤی کورد و تەواوی مرۆڤایەتییدا، کەچی ئەمڕۆ، وێڕای فرۆشتنیان بە تورکمانە دەوڵەمەندەکان، کە مەبەستی تاڵانکردنی ناسنامەی ئەو قەڵایە دێرینەیە، هاوکاتیش بۆتە هێلانەی مار و جانەوەران. وەک وتمان، بەشێکی سەرەکی ئەو داڕمانەی کە ئەمڕۆ تالار و شوێنەوارە کۆنینەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شاڵاوی ئەو کۆمپانیا خانووسازیانەی تورکی و دەرەکییەکان، کە بە ڕێگەی بازرگانە پوولبازەکانی کوردستان لە هەڕمێندایە. بەمجۆرە ئەمڕۆ ئەو خانوو و تالارە کۆنانەی کە بە سەلیقەی هونەری خۆماڵیی کوردییەوە نەخشەسازی شارەکانی کوردستانیان بەرجەستە دەکردەوە و هاوکاتیش واتای ناسنامەی ڕوحی کوردی نمایشدەکەن، بەرەو مەحفبوونەوە دەچن.

دیمەنێک لە دەرگای کۆنی شاری ئامێدی، کە وێنایەکە لە سەلیقەی ڕازانکاری کورد لە تەلارسازییدا. ئەمڕۆش ئەوەی دەیەوێ بچی لە نزیکەوە ئەو دەرگایە ببینێ و مێژووەکەی تێبگا، دەبینێ کە چۆن زبڵ و فەرامۆشی خەریکە لەناوی ببات. بە کامیرای هەندرێن، ٢٠٠٥

لــە قۆناغەکانــی پێشــتردا خانووســازەکان بــە گوێــرەی کەرەســە خۆماڵییــەکان کــە بەرهەمــی دەســتکردی کــورد بــوون و بــە هاوئاهەنگــی لەگــەڵ دیمەنەکانــی شــار، نەخشەســازی بــۆ دروســتکردنی خانــوو و بــەرەکان دەکــرد، کەچــی ئێســتا مۆدێلــی کۆپانیایــە دەرەکییــەکان کەرەســە و نەخشەســازی بــۆ دروســتکردنی شــارە کوردییــەکان دادەرێــژن. کەواتــە، دیمەنــی شــارەکانی کوردســتان و کەرەســەکانی خانووســازی ئــەو کۆمپیانییــە بازارگانیانــەی ئەمــڕۆ، کــە بــە بلۆکــی چیمەنتــۆ، نەخشــە، ڕەنگــە مــردوو ەکان شــارەکانی کوردســتانیان تەنیووەتــەوە، ئەمــەش جــۆرە ڕەنگدانەوەیەکــە لــە ڕوحــی دەســەڵاتێکی سیاســی و هونــەری، کــە نــە وەک «ســەری حوکمەتــی کــوردی»، خــاوەن ئاگاییــە و، نــە هەســت بــە گرنگــی ڕازانــکاری کوردیانــەی جەســتەی خــۆی و جەســتەی دەرەکــی و ناوەکــی شــارەکانی دەکا.

نەورۆزی ٢٠٠٦ ستۆکهۆلم

ژێدەرەکان:

1. Michel Focault, Övervakning och straff, Viljan att veta

بــۆ ڕوانگــەی جەســتە و دەســەڵات، بڕوانــە:.

Sexualitetens historia, del1,

2. Michel Feher (red): Fragments of a Haistory of the Human Body, vol.1.

# شرۆڤەی لایەنی جوانیناسیی زمانی و

# هزریی موناجاتی

# مەلا عەبدوڵڵا

جەعفەر قارەمانی- مەهاباد






## پوختە

ناسراوترین بەرهەمی عەللامە ئەحمەدیان بە زمانی کوردی لە فۆرمی پەخشانی سەرواداردا، موناجاتی مەلا عەبدوڵڵایە کە لە کۆمەڵێک نزا پێکهاتووە. لەو بەرهەمەدا چەمکەکانی وەک: تۆبە، لێخۆشبوون، سەبر، خۆنەویستی و خۆشەویستیی خودا، لە فۆرمی وشەی هاوکێش و هاوئاهەنگ دەربڕاون، بەکارهێنانی سەروادار وادەکات، خوێنەر خۆی لە دۆخێکی عیرفانیی بەرزدا ببینێتەوە و نوقمی پاڕانەوەکان بێت. لەو موناجاتنامەیەدا، ئاوازی نێوان وشەکان نەتەنیا نزاکانی لە باری جوانیناسییەوە سەرنجڕاکێش و ڕازاوە کردووە، بەڵکوو پیرۆزیی چەمکە عیرفانی و ئایینییەکانیشی وێناکردووە. زمانی موناجاتەکان، زمانێکی سۆزدارییە کە گوزارشت لە ویست و هەستی ناوەوەی مرۆڤ دەکەن، عەللامە ئەو زمانەی تەنیا بۆ نواندنی لاوازیی مرۆڤ لە بەرابەر شکۆی خودا بەکار هێناوە. بە پێچەوانەی زۆرێک لە موناجاتنامەکان کە زمانێکی ئاڵۆزی عیرفانییان هەیە، زمانی ئەم بەرهەمە بۆ خوێنەری ئاساییش بە ئاسانی فام دەکرێت. بێگومان سادەیی زمانی، بە واتای سادەیی مەعنەوی نییە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی پەیوەندی بەو پاڕانەوانە بکات. لەباری هزرییەوە بەرچاوترین پەیامی ئەخلاقیی ئەو موناجاتنامەیە بریتییە لە: جەختکردن لەسەر خۆناسین و خوداناسین. ئامانجی سەرەکیی ئەو توێژینەوەیە دەرخستنی بەشێک لەلایەنی جوانیناسیی زمانی و دەوڵەمەندیی هزریی ئەو بەرهەمەیە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بە شێوازی وەسفی - شیکاری ئەنجام دراوە و هەوڵ دەدات نیشان بدات، چۆن پەخشانی سەروادار دەتوانێت سەرتر لە فۆرمێکی ئەدەبی، لە دەقێکی عیرفانی- ئایینیدا دەوری بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی و ئەدەبیدا هەبێت. ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیە دەیسەلمێنێت، موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا، تەنیا پەخشانێکی سەروادار نییە، بەڵکوو بەرهەمێکی ئەدەبیی

ناوازەیە کە دەتوانێت بۆ نووسەرانی وێژەی عیرفانی ئیلهامبەخش بێت.

وشەگەلی سەرەکی: پەخشانی سەروادار؛ جوانیناسی؛ موناجاتنامە؛ عەللامە ئەحمەدیان.

## ١- سەرەتا

عەللامە مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان لە ١٥ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە گوندی دەرمانی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی جووتیار و ئایینی لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لای مەلا سەید هاشم حوسێنی دەست پێکرد، لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا دەچێتە شاری مەهاباد و لای مەلا سادق واسیقوبیللا درێژە بە خوێندن دەدات، عەللامە ئەحمەدیان بۆ خوێندن چەندان گوند و شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێت و لای زۆربەی مامۆستا ئایینییەکانی ناسراوی سەردەمی خۆی وەک: مامۆستایان: مەلا شێخ عیزەددین حوسێنی، مەلا محەممەد وەڵزی، عەللامە مەلا عیسامەددین شەفیعی، عەللامە مەلا باقر بالک، مەلا عەلی وەڵزی و عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی(لە بەغدا) وانەی ئایینی خوێندووە. لە ساڵی ١٣٣٢ مەلا عەلی وەڵزی مۆڵەتی مەلایەتی و مامۆستایی پێدەدات و مامۆستا مەلا باقر بالکیش مۆڵەتنامەی بۆ دەنووسێت. عەللامە ئەحمەدیان، ساڵی ١٣٥١ لە گوندەکانی ناوچەی مەهابادەوە بۆ شاری مەهاباد دەڕوات و لە بەشی ڕادیۆ مەهاباد کاری نووسەری، لێکۆڵینەوە و پێشکەشکاری دەست پێدەکات. لەم ناوەندەدا لە ماوەی ٨ ساڵ، نزیکەی ٨٠٠ وتار و بەرهەمی ئەدەبی، ئایینی و کۆمەڵایەتی پێشکەشکردووە.

عەللامە ئەحمەدیان لە ٢٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی و لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان لە تەنیشت عەللامە حوسێن مەجدی و عەللامە عەبدولکەریم شاریکەندی بە خاک دەسپێردرێت. عەللامە ٣٥ کتێبی بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی لە بواری فەلسەفە، کەلام، تەفسیر، مێژوو، فیقهـ، حەدیس، شێعر، پەخشان، ڕۆمان(تەنزی کۆمەڵایەتی)، کەسایەتیناسی، مێژووی هزر و هتد، نووسیوە کە لەو ٣٥ کتێبە، تا ئێستا ٢٣ کتێب بە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی چاپ و بڵاوبوونەتەوە. بەشێک لە بەرهەمەکانی عەللامە بە شێوازی وتار نووسراون. تا ئێستا پتر لە ٤٠٠ وتاری ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، فەلسەفی، مێژوویی و ئەدەبیی عەللامە ئەحمەدیان لە

گۆڤــار و ڕۆژنامــە کــوردی و فارســی و عەرەبییەکانــدا، بــڵاو بووەتــەوە. عەللامــە زیاتــر لــە٥٠ کۆنگــرە و ســیمیناری نەتەوەیــی و نێونەتەوەیــی، کەسایەتیناســی، کوردناســی، ئەدەبــی، کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری بــە وتــاردان بەشــداری کــردووە کــە تێکــڕای ئــەم وتاردانــە تۆکمــە و تەکــووز و بەپێــز و بەهێزانــەی عەللامــە ئەحمەدیــان لــە بەردەســتدایە و بەشــی زۆریــان بــڵاو کراونەتــەوە. پێنــج کتێــب لــە بەرهەمەکانــی عەللامــە ئەحمەدیــان بریتیــن لــە:

١- سیر تحلیلی کلام اهل سنت.
٢. تجزیه و تحلیل امام شافعی.
٣. حدیث شناسی.
٤. قرآن شناسی.
٥. کلام جدید.

ئــەو بەرهەمانــە لــە بەشــێک لــە زانســتگاکان وەک کتێبــی دەرســی دەخوێندرێــن. تــا ئێســتا تێزیکــی دوکتــۆرا (بــە زمانــی عەرەبــی، لــە زانســتگای ســلێمانی) و ســێ نامــەی ماســتەر (لــە زانســتگاکانی: هەولێــر «بــە کــوردی»، ئــازادی مەهابــاد «بــە فارســی»، ئــازادی ورمــێ «بــە فارســی») لەســەر ئاســەوار و ژیان و ئەندێشــەکانی عەللامــە ئەحمەدیــان، لــەم چــوار مــژار و تــەوەرەدا نــووسراون:

١- ڕوانگــە تەفســیرییەکانی عەللامــە ئەحمەدیــان.
٢. شــێعرییەت لــە هونراوەکانــی عەللامــە ئەحمەدیان(چاپکــراو).
٣. ژیاننامــە و ئەندێشــە و بەرهەمــی عەللامــە ئەحمەدیــان.
٤. لێکۆڵینــەوەی بەراوردکارانــەی ڕوانگــەی عەللامــە ئەحمەدیــان و ئایەتوڵــڵا موتەهــەری لــە بابــەت مافــی ژن (چاپکــراو).

هەروەهــا کتێبــی: تحلیلــی بــر افــکار و آثــار علامــە مــلا عبداللــە احمدیــان لــە ٣٠٤ لاپــەڕەدا، لــە لایــەن نــاسر عەلیــار نــووسراوە و ســاڵی١٣٩٥ چــاپ و بــڵاو کراوەتــەوە. لــەم کتێبــەدا، مامۆســتا نــاسر عەلیــار، پــتر لــە ١٥٠ لاپــەڕەی کتێبەکــەی بــۆ ســەلماندنی ئــەوەی کــە دوو کتێــب لــە بەرهەمەکانــی عەللامــە ئەحمەدیــان کــە بریتیــن لــە:
١.ســیمای صــادق فــاروق اعظــم؛ و
٢. ســیر تحلیلــی کلام اهــل ســنت، خــاوەن پێگــە و ئاســتێکی نێونەتەوەییــن تەرخــان کــردووە و لــە بابــەت شــرۆڤە و شــیکارییەوە و لــە بــواری زانســتی و لێکۆڵینەوەییــدا لــە ئاســتێکی جیهانــی و نێونەتەوەیــی ئەژمــار دەکرێــن.

ناسراوتریــن بەرهەمــی عەللامــە ئەحمەدیــان لــە فۆرمــی پەخشــانی ســەرواداردا، موناجاتــی مــەلا عەبدوڵڵایــە. ئــەو بەرهەمــە کۆمەڵێــک نــزا و پاڕانــەوە لەخــۆ دەگرێــت کــە ســاڵی ١٣٨٩، لــە لایــەن پەخشــانگای

ئێحسان لە ١١٨ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**١-١- پەخشانی سەروادار**

وشەی پەخشان وەکوو لە فەرهەنگدا هاتووە لە وشەی پەخش وەرگیراوە کە بە مانای بەرز دێت، وەکوو زاراوەش وشەی پەخشان بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبی و زانستییە بەکار دێت کە نەخرابێتە چوارچێوەی کێش و سەروا و زمانی هەڵبەستەوە. ئاشکرایە یەکەم دابەشکردنی ئەدەب لە ڕووی شێوە و ڕوخسارەوە، ئەوەیە کە ئەدەب بەسەر دوو جۆر دابەش دەکات: هەڵبەست و پەخشان: لە زۆر کۆنەوە هەڵبەست و پەخشان هەبوونە و نموونەی هەر دوو جۆرمان لە سەردەمی کۆنەوە بۆ ماوەتەوە، ئەگەرچی لە زۆربەی ئەدەبی نەتەوەکاندا لە کۆندا پەخشان کەمتر و هەڵبەست زیاتر بووە؛ بەڵام لە سەردەمی ئێستادا پەخشان لە هەڵبەست زیاتر بەکار دێت (سەجادی، ٢٠٠٠: ١٩).

**٢-١- پەخشانی سەروادار**

لە زانستی جوانکاریدا، بە شێوازێک کە لە نێوانی دوو، یان چەند وشە، یان ڕستە لە پەخشاندا ئاواز و هاوئاهەنگی پێک دەهێنێت، یان ئاوازی وتە بەهێزتر دەکات، سەروادار دەڵێن(شمیسا، ١٣٧٨: ٢٣). بابەتی سەرەکی سەروادار بەرابەری، یان نابەرابەری بڕگەکان و وەک یەکبوون، یان وەک یەکنەبوونی دوایین پیتی سەرەکی (ڕەوی) وشەکانە. بابەتی سەروادار بەربڵاوتر لە بەشی سەروایە. زاراوەی سەروا تەنیا لە کۆتایی دێڕی شیعردا ڕۆڵی هەیە؛ بەڵام سەروادار لە پەخشان و زێدەی (حشو) شیعریش کەڵکی هەیە. زۆرجار سەروادار لانیکەم لە دوو وشە، یان چەند وشەی ڕستەیەکدا بەکار دێت (همایی، ١٣٨٨: ٤٤،٤١؛ قارەمانی، ١٣٩٦: ٦). سەروادار بە سێ جۆری جیاواز دابەش دەبێت:

**١-٢-١- سەرواداری هاوڕوو**

وشەکانی کۆتایی دوو ڕستەی سەروادار لە کێش، ژمارەی پیت و پیتی دواییدا (ڕەوی) وەک یەک و بەرابەر بن؛ بۆ نموونە، خەستەیی، بەستەیی. جیاوازیی سەرواداری هاوڕوو لەگەڵ سەروا لە ڕووی پێکهاتەوە ئەوەیە کە لە سەروادا تەنیا دروستی و وەک یەکبوونی بڕگەی سەروا مەرجی سەرەکییە و بەرابەری بڕگەکانی تر مەرج نییە؛ بەڵام لە سەرواداری هاوڕوودا تەواوی بڕگەکانی وشەی سەروادار لە کێش، ژمارەی پیت و پیتی دواییدا (ڕەوی)

دەبێت ڕێک وەک یەک بن (قارەمانی، ١٣٩٦: ٦).

### ١-٢-٢- سەرواداری هاوسەر

لە سەرواداری هاوسەر، پیتی دوایی «ڕەوی» لە وشەکانی سەروادار دەبێت ڕێک وەک یەک بن و ئەم بابەتە مەرجی سەرەکیی سەرواداری هاوسەرە. لانیکەم لە دوو وشەی سەرواداردا، دەبێت یەکیان بڕگەیەکی زیاتر هەبێت. دوو وشە لە ژمارەی بڕگە، کێش و نەبزوێنەکانی بڕگەی یەکەمی سەروادار جیاوازییان هەیە. ئەگەر لە وشەکانی دوایی هەرکام لە ڕستەکان وردبینەوە بەو ئەنجامە دەگەین ئەم وشانە لە پیتی دواییدا وەکوو یەک و هاوشێوەن؛ بەڵام لە کێش و ژمارەی پیتدا جیاوازییان هەیە. (قارەمانی، ١٣٩٦: ٧).

### ١-٢-٣- سەرواداری هاوکێش

وشەکان لە ژمارە بڕگە و بەرزی و نزمی بەرابەرن؛ بەڵام لە پیتی دواییدا «ڕەوی» جیاوازییان هەیە. نەبزوێنی بڕگەی یەکەمی سەروا دەکرێت هاوشێوە بن، یان جیاوازییان هەبێت. وەک: شەریف، کەریم، ماڵ، شار. لە سەرواداری هاوکێشدا هەرچەندە ژمارەی بزوێنی وەک یەک زیاتر بێت، سەروادار بەهێزتر و جوانترە(قارەمانی، ١٣٩٦: ٧).

پەخشانی سەروادار، پەخشانێکی ئاوازییە، هەرچەند کێشی نییە؛ بەڵام وەکوو شیعر لە ئاوازی سەروا و جوانی ڕازە و هونەرەکانی زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی پێکهاتووە. زمان لە پەخشانی سەرواداردا زۆرجار عاتیفییە نەک هەواڵی، چونکە سەروا لەگەڵ ناواخنی هەواڵی گونجاوییەکی نییە (عین القضات، ج ٣، ١٣٧٨: ٣٠٢). پەخشانی سەروادار، لە جۆرە دیارەکانی پەخشان لە وێژەی عەرەبی، فارسی و کوردییە کە تێیدا ڕستەکان بە ئاواز و هاوئاهەنگییەکی تایبەتەوە لە ڕووی دەنگی، پێکهاتە و مانادا پێک گرێ دەدرێن. ئەو جۆرە پەخشانە زیاتر لە دەقەکانی: ئایینی، عیرفانی، فەلسەفی و ئەدەبیدا ڕەنگی داوەتەوە. مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەو جۆرە پەخشانە بەهێزکردنی لایەنی جوانیناسی و کاریگەریی سۆزداری و مەعنەوی لەسەر خوێنەرە. پەخشانی سەروادار لە ڕوانگەی ئەدەبی و جوانکارییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، سەرهەڵدانی بۆ سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کوردی، واتە میرنشین بابان دەگەڕێتەوە.

دەربڕینی هەر جۆرە مانایەک پێویستی بە شێواز و وشەی تایبەتی خۆی هەیە؛ بۆ نموونە

زمانی شیعر زۆرجار گوزارشت لە چەمک و ناوەڕۆکی نووسراوە ناکات؛ بۆیە پێویستە بەپێی جۆری مانا، مەبەست و پێکهاتە شێوازی نووسین هەڵبژێردرێت. ڕەنگدانەوەی پەخشانی سەروادار وەک نووسراوەیەکی سەربەخۆ لە زمان و وێژەدا، یەکەمجار لە دەقە عیرفانییەکان دەرکەوتووە. کەڵک وەرگرتن لە هاوکێشی و هاوئاهەنگیی زمانی وا دەکات پەخشانی سەروادار وەک ئامرازێکی هونەریی هەڵکەوتوو بناسرێت (کوشش، ١٣٩١ : ٨٢،٨٤).

گەشەی ئەو جۆرە نووسینە، سەرەتا لە پێشەکیی پەڕتووکەکان، بەتایبەت پەڕتووکەکانی ئایینی و سۆفییانەدا و دواتر لە بەشەکانی تری نووسیندا بەکار هاتووە (بهار، ج٢ ، ١٣٧٦ : ٧٣٠). ئەو جۆرە ئەدەبییە لە ژێر کاریگەریی بەرهەمە عیرفانییەکاندا بووە و سۆفییەکانیش لە گەشەی ئەو جۆرە پەخشانەدا دەوری بەرچاویان بووە (عسکری، ١١٣٢٠: ١٩٩). پەخشانی سەروادار لە ڕوانگەی ئەدەبی و جوانیناسییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە و جۆرێک وتەی ئەدەبییە کە مەبەست لە نووسینی، گەیاندنی پەیام لە فۆرمی ئاوازدایە، بۆ ئەوەی واتا کارتێکەرتر بە خوێنەر بگەیەنرێت و پەیامی دەق کاریگەریی دیاری لەسەر خوێنەر هەبێت.

## ١-٣- پێشینەی پەخشانی سەروادار لە ئەدەبی کوردیدا

کۆنترین پەخشانی کوردی کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە کتێبەکەی عەلی تەرماخییە کە لە ساڵی هەزاری کۆچیدا (١٥٩١- ١٥٩٢) لە ژیاندا بووە، کتێبەکەی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبی، فارسی و کوردییە، لە ئەسڵدا دوو ناوی بۆ داندراوە: هـذا کتاب عبارة علی ترەماخی. هـذا کتاب صرف لسان کردی. دوای عەلی تەرەماخی، (عقیدة کردیة)ی مەولانا خالید کە بە ئاقیەی مەولانا، یان ئاقیەی کوردی ناسراوە، بێگومان مێژووی بۆ پێش ١٨١٦ دەگەڕێتەوە کە مەولانا لەو ڕۆژەدا کۆچی دوایی کردووە. دوای ئەم پەخشانە بەرهەمەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی دێن کە لە ساڵی ١٨٥٦ ز و بەدواوە نووسیوێتی، بۆ نموونە وەکوو: مەم و زین ١٨٥٦ ز. عادات و ڕوسووماتنامەی تەوایفی ئەکرادیە و ئوسوولی نیزاماتی کرمانجی(١٨٥٨-١٨٥٩(، مەم و زینەکەی مەحموودی بایەزیدی، کورت کراوەی مەم و زینی ئەحمەدی خانییە و بە پەخشان و بە زاری بایەزیدی نووسراوەتەوە (گەردی، ١٩٨٧: ).

لە ئەدەبی کوردیدا کە دێتە سەر باسی پەخشانی سەروادا، مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی

قازی (١٧٩١- ١٨٧٠) بە سەرەتای ئەم جۆرە ئەدەبییە دیار دەکرێت کە لە ساڵی ١٢٦٠ ک. نووسراوە. ئەو مەولوودنامەیە لە لایەن مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و حاجی ئەحمەد هەکزییەوە لە ساڵی ١٩٣٥ ز. لە بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. تا ئێستا بەرهەمێکی تر نەدیتراوەتەوە کە پێش ئەو پەخشانە بەو شێوازە نووسرا بێت، ئەم پەخشانە بریتییە لە گێڕانەوە و باسی لە دایکبوونی پیغەمبەری خۆشەویست(س) و پاشان چەند چیرۆکێکی کورت لەسەر سوود و گەورەیی مەولوودی خوێندنەوە (گەردی، ١٩٨٧: ٧).

پەخشانی سەروادار لە ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتی لە بەشی ئایینی و عیرفانیدا وەک جۆرێکی ئەدەبی – هونەریی ناسراوە کە لە نووسینی موناجاتنامەکانی کوردیدا، بۆ دەربڕین و نواندنی گەورەیی خودا و بەرجەستە کردنی چەمکە عیرفانی و ئایینییەکان بەکار هاتووە. ئەم جۆرە پەخشانە لە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کوریدا بەناوبانگ بووە و چەندان بەرهەمی ناوازەی پێ نووسراوە. نووسەرانی گەورەی وەک: مەولانا خالید، هەژار، عەللامە ئەحمەدیان، ڕاوچی و نووری لە بەرهەمەکانیاندا پەخشانی سەرواداریان بەکار هێناوە و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی و گەشی ڕەوتی پەخشانی کوردی هەبووە و وەک جۆرێکی ئەدەبیی ڕەسەن لە زمانی کوردیدا ناساندوویانە.

## ٢- تەوەری سەرەکیی توێژینەوە

بەرهەمێکی ناسراوەی عەللامە ئەحمەدیان کە بە پەخشانی سەروادار نووسراوە، موناجاتی مەلا عەبدوڵڵایە. ئەو بەرهەمە جگە لەوەی لەباری ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندە، لە ڕووی جوانیناسیشەوە وەک بەرهەمێکی ناوازەیە. لەو موناجاتنامەیەدا بەکارهێنانی سەروادار، هارمۆنییەکی دەنگی لە وشەکاندا ئافراندووە کە لایەنی جوانیناسیی و کاریگەریی مەعنەویی بەرهەمەکەی بەرز کردووەتەوە. عەللامە بە کەڵک وەرگرتن لە سەروادار، سەرنجی خوێنەر بۆ چەمکە عیرفانییەکانی موناجاتنامەکە ڕادەکێشێت. بەکارهێنانی سەروادار لە پاڕانەوەکاندا، وا دەکات خوێنەر نەک هەر لە مانای وشەکان تێبگات، بەڵکوو بە جۆرێک پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هەستی نووسەر بکات و خۆی لە دۆخێکی ڕۆحیی بەرزدا ببینێتەوە و لە دونیای مەعنەویی بەرهەمەکە نوقم بێت.

لە دەقە ئایینییەکاندا کە مانای ئاڵۆزیان هەیە، پەخشانی سەروادار یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پەیام و

ناوەڕۆک سەرنجڕاکێشتر بێت. سەروادار لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییە کە هاوئاهەنگیی دەنگی لە نێوان وشە و ڕستەکاندا دروست دەکات، زیاتر لە کۆتایی ڕستە، یان بەشێک لە ڕستەکاندا دەردەکەون. بەکارهێنانی ڕستەی هاوکێش، بۆ تیشک خستنە سەر سیفەت و پەیامەکانی ئایینی و نواندنی شکۆی خودا کارتێکەریی زۆری لەسەر بەردەنگ دەبێت. ئەم هاوئاهەنگییە لە دەربڕینی چەمکە ئایینییەکان لە پەخشانی سەرواداردا، نەک هەر دەق لە باری ئەدەبی و جوانیناسییەوە پڕبایەختر دەکات، بەڵکوو خوێنەریش هەست بە پیرۆزیی چەمکەکان دەکات. لە زمانی عەرەبیدا سەروادار لە دوایی ڕستەکاندا دەنووسرێت؛ بەڵام لە پەخشانی سەرواداری کوردیدا هەر وەک زمانی فارسی لە سەرەتاشدا، سەروادار بەکار هاتووە؛ بۆ نموونە: نووسەر، خوێنەر، هاوڕێ، هاودەم... (ڕاوچی، ١٣٩٤: ٤٧) ئەو سێ وشە سەرواداره ڕێک لە سەرەتادا و بە مەبەستی جەختکردن لەسەر ئەو سێ کوچکەیە بەکار هاتووە. لەو درێژەدا لایەنی جوانیناسیی زمانی و هزریی موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا تاوتوێ دەکرێت.

## ٢-١- تایبەتمەندییەکانی زمانیی موناجاتنامە

### ٢-١-١- سادەبوونی زمانی

تایبەتمەندییەکی دیاری ئاستی زمانیی موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا، سادەیی و ڕەوانیە، بە پێچەوانەی زۆرێک لە بەرهەمە عیرفانییەکان کە زمانێکی ئاڵۆز و دژواری فەلسەفی و عیرفانییان هەیە، زمانی ئەم موناجاتنامەیە بە ئاسانی فام دەکرێت. بێگومان سادەیی زمانی بە واتای سادەیی مەعنەوی نییە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی پەیوەندی بەو پاڕانەوە و نزایانە بکات. ئەو تایبەتمەندییە، بەتایبەتی بۆ خوێنەرێکی ئاسایی کە شارەزایی لەسەر چەمک و زاراوە عیرفانییەکان نییە وەک تایبەتمەندییەکی دیاری زمانیی ئەو بەرهەمە دەستنیشان دەکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمەکە زیاتر سەرنجڕاکێش بێت.

### ٢-١-٢- ڕەنگدانەوەی وشە و زاراوە عیرفانی و ئایینییەکان

لە موناجاتی مەلا عەبدوڵڵادا، زۆربەی وشە و زاراوەکان سەر بە وێژەی عیرفانی و ئایینین. ئەو زاراوانە بە شێوەیەکی سەرەکی خزمەت بە لایەنی پەروەردەیی

بەرهەمەکە دەکەن و بۆ ئافراندنی پەیوەندییەکی قووڵتر لە نێوان مرۆڤ و خودا یارمەتیدەرن. زاراوەکانی: «ڕەحمەت»، «لێبوردن»، «سەبر»، «تەوبە»، «ڕووناکی»، «فنا فی اللە» و هتد، بە درێژایی بەرهەمەکە دووپات دەبنەوە و هەندێک چەمکی عیرفانی بە کەڵک وەرگرتن لە وشە دژیەکەکانی وەک: شادی و شین، مان و فەوت و هتد، دەگەیەنن. ئەم وشانە وێڕای سادەبوون، توانیویانە بە شێوەیەکی کاریگەر واتا بەربڵاو و سۆزدارییەکانی نزاکان دەربڕن؛ بۆ نموونە، ڕازیبوون بە ڕەزای خودا. لە دەقە عیرفانییەکاندا ڕازیبوون بە ویستی خودا، بە واتای قبووڵکردن و ڕادەستبوونی کامڵ لەبەرابەر ئیرادەی خودایە. ئەم چەمکە سەرتر لە بەرگەگرتنی دژواری و ناخۆشییەکان تێدەپەڕێت و ڕەزامەندی دەروونی لە هەر بارودۆخ و شتێک کە خودا دیاری کردووە لەخۆ دەگرێت. ئەو کەسەی دەگاتە ئەم حاڵەتە هەمیشە لە ئارامی ڕۆحیدا دەبێت، چونکە هەموو کاروباری ژیانی خۆی بە خودا سپاردووە و هیچ ناڕەزایەتییەکی بەرابەر بە چارەنووسی نییە؛ بۆ نموونە لەو ڕستانەدا: نەمن تەنیا، گشت بوونەوەر، لە خوار و سەر، لە ژوور و دەر، بە حوکمی تۆ بێ

چەند و چوون، بە تێکڕایی هاتوونە بوون...)ئەحمەدیان، ١٣٨٩: ٤٨).

هەر بە تۆیە: مان و ژینم، هێز و تینم، شادی و شینم، دنیا و دینم، لە تۆڕایە: قدر و ڕێزم، تین و هێزم، هەڵس و کەوتم، مان و فەوتم...) ئەحمەدیان، ١٣٨٩: ٣٥).

لە عیرفانی ئیسلامیدا دوو چەمکی «بوون و نەبوون» واتای ئاڵۆزیان هەیە کە پێکەوە یارمەتیدەرن بۆ باشتر تێگەیشتن لە حەقیقەتی بوون. «بوون» ئاماژەیە بۆ خودا و دەرکەوتەکانی لە جیهاندا، لە کاتێکدا «نەبوون» بە واتای لەناو بردنی خۆ و گەیشتن بە بەدیهێنەر و یەکگرتن لەگەڵ حەقیقەتی خوایی دێت. بەواتایەکی تر، نەبوون لە عیرفاندا بە واتای نەبوونی بوون، یان نەبوونی ڕاستەقینەیە؛ بەڵام لە ئاستێکی بەربڵاوتردا، نەبوون دەتوانرێت بە لەناوچوون و توانەوە لە خودادا لێک بدرێتەوە؛ بۆ نموونە، لە چەمکی «فنا فی اللە». بوونی ڕاستەقینە، ڕەهایە. خودا بە بوونی ڕەها، یان بوونی ڕاستەقینە ناسراوە و هەموو شتێک لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو بوونەوەرەکانی تر، بوونیان لە خودایە و بە جۆرێک بوونیان ڕەها، یان وەرگیراوە. ئەو وشانە لە عیرفاندا، جگە لە گوزارشت لە ئاستی ماددی، ئاماژە بۆ ڕەوتی

ڕۆحـی بـەرەو خـودا و حەقیقەتیـش دەکـەن. زۆرجـار «بـوون» ئامـاژە بـۆ بوونـی ڕاسـتەقینە و هەتاهەتایـی خـودا دەکات، لـە کاتێکـدا نەبـوون دەتوانێـت ئامـاژە بـە چەمکەکانـی دەرکەوتـن و دیارکردنـی بوونـی خودایـی بـکات. لـە ڕوانگـەی عیرفانییـەوە، بوونـی ڕاسـتەقینە، تەنیـا خودایـە و بوونەوەرەکانـی تـر دەرکەوتنـی بوونـی خـودان کـە لـە ئاسـتێکی نزمـتر لـە بوونـی ڕاستەقینەدان. هەروەهـا نەبـوون بـە مانـای لەناوچـوون نییـە، بەڵکـوو بـە مانـای نەبوونـی سـەربەخۆیی و وابەسـتەیی بـە بوونـی ڕاسـتەقینە دێـت. بـە واتایەکـی تـر، بوونەوەرەکانـی تـر بوونیـان پەیوەسـتە بـە بوونـی خـودا.

## ٢-١-٣- دووپات

دووپـات لـە ڕازە دیارەکانـی زمانـی موناجاتـی مـەلا عەبدوڵلایـە. ئـەم تایبەتمەندییـە لـە زمانـی عیرفانـی و ئایینیـدا بـەزۆری وەک ئامرازێـک بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر داواکارییەکانـی مـرۆڤ لـە خـودا و هەروەهـا وەک شـێوازێک بـۆ ئاسـانکاری بـۆ گەیشـتن بـە دۆخـی پاڕانـەوە بـەکار دەهێنرێت(کوشـش، ١٣٩١: ٨٠). لـە موناجاتنامـەدا دووپاتـی دەستەوشـە و ڕسـتەکان، بەتایبەتـی لـە شـێوەی نـزای لێبـوردن و داوای یارمەتـی لـە خـودا دەربـڕاوە. دووپاتـی ڕسـتە بـە جۆرێـک جەخـت لەسـەر پێویسـتی نـاوەوەی مـرۆڤ بـە خـودا دەکات و پەیوەندییەکـەی لەگـەڵ ئافرێنـەری ڕاسـتەقینە بەهێزتـر دەکاتـەوە؛ بـۆ نموونـە: ئـەو چەنـد ڕسـتەیە بـەردەوام لـە سـەرەتای چەنـد پاڕانـەوەدا وەک دووپـات بـۆ جەختکـردن لەسـەر پێزانیـن و سـەنا کـە تەنیـا شـیاوی خودایـە دەکات: مـن هـەر سوپاسـی تـۆ دەکـەم، سـوپاس هـەر ئـی تۆیـە خوایە، سـوپاس هـەر بـۆ تۆیـە خوایـە...) ئەحمەدیـان، ١٣٨٩: ٣٥، ٣٣، ٤١).

## ٢-١-٤- ڕازەکانی دژیەک و بەرامبەری

ڕازەکانـی دژیـەک و بەرامبـەری لـە هـۆکارە دیارەکانـی سەرنجڕاکێشـی ئـەو بەرهەمەیـە. لـە پەخشـانی سـەرواداردا، سـەروادارە دژیەکـەکان، ڕۆڵێکـی گرنگ لـە دروسـتکردنی جوانـی، هاوئاهەنگـی و کاریگەریـی پەخشـانی سـەروادار دەگێـڕن. ئـەم جـۆرە دژیەکییـە لـە نێـوان واتاکانـدا زیاتـر سەرنجڕاکێشـی هەیـە و یارمەتـی باشـتر گەیاندنی واتـا و چەمکە عیرفانییـەکان دەدەن. عەلامـە بـە کەڵک وەرگرتـن لـە ڕازەی دژیـەک و بەرامبەری توانیویەتـی هاوسـەنگی و هاوڕێژەیـی لە دەقی موناجاتنامەکەدا بخوڵقێنێت. وشـە دژیەکـەکان زیاتـر لـە مێشـکی خوێنەردا دەمێننـەوە. بۆیـە ئـەو جـۆرە بەرامبەرییـە دەتوانێـت یارمەتـی خوێنـەر بـدات، باشـتر لـە بابـەت، پەیـام و ناوەڕۆکـی

موناجاتنامەکە تێبگات؛ بۆ نموونە لەو ڕستانەدا هەموو وشە سەرواداره‌کانی بە شێوەی بەرامبەری دەربڕاون:

چونکە تەنیا لە تۆڕایە: شیرینی و تاڵی، گەیوی و کاڵی، تەختی و چاڵی، ئاڵی و زاڵی، گێلی و حاڵی، پڕی و خاڵی )ئەحمەدیان، ١٣٨٩: ٣٣).

## ٢-١-٥- زمانی سۆزداری و هەستی

زمانی نووسینی موناجاتی مەلا عەبدوڵلا، زمانێکی سۆزدارییە کە گوزارشت لە ویست و هەستی ناوەوەی مرۆڤ دەکات. عەللامە ئەو زمانەی بۆ نیشاندانی لاوازیی مرۆڤ لە بەرابەر شکۆی خودا بەکار هێناوە. نووسەر لە زۆر نزادا باس لە تەوبە، شەرم، پەشیمانی، سۆز، خۆشەویستیی خودا دەکات. ئەم زمانە سۆزدارییە، لە وورووژاندنی هەستی ڕۆحیی خوێنەر و بەتایبەتی لە ئافراندنی هەستی نزیکبوونەوە لە خودا کارتێکەریی بەرچاوی هەیە.

## ٢-١-٦- هێما و وێنەسازی

هەر لە کۆنەوە بەکارهێنانی هێما لە ئەدەبدا باو بووە. هێما لە بنەڕەتدا ڕیشەی لە ئەدەبی پێش ئیسلام، چیرۆک و سۆفیگەریی دوای ئیسلام، شیعری کۆمەڵایەتیی نوێ و چیرۆکەشیعر داکوتاوە. هێما لایەنی جوانیناسیی پەخشان و شیعر دەوڵەمەندتر دەکات، ئەوە لە کاتێکدایە بەردەوام لە ڕواڵەتی وشە تێدەپەڕێت و مامەڵە لەگەڵ ناواخنی چەمکەکانی ناو کۆمەڵگە دەکات. هێما، هەڵقوڵاوی بەستێنە جۆراوجۆرەکانە و لە پەیوەندی بە پێداویستییەکانی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت و دەرخەری بابەتی نهێنیی تاکەکەسییە (حسینی، ١٣٩٨ :٢٦٩). عەللامە لە موناجاتنامەدا زمانی هێمایی بەکار هێناوە. ئەو تایبەتمەندییە لە وەسفی خودا، دونیای شاراوە و حاڵەتە ڕۆحانییەکاندا دەرکەوتووە. لەو بەرهەمەدا زمان بەشێوەیەکی تایبەت ئاوێتەی خواستنەکانی وەک: «قەڵەم»، «ڕووناکی»، «سێبەر» و هتد-یە کە هەرکام گوزارشت لە بارودۆخی ڕۆحی، یان عیرفانی دەکەن؛ بۆ نموونە:

خوایە! بە وێنەی کەرەمێک، پێم بە زمان و قەڵەمێک، زمانێ حەققی پێ بڵێم، یا هەر نەبێ ناحەق نەڵێم، قەڵەمێ ناحەقان بکوتێ، چونکە زمانێ حەق نەڵێ، بە ناحەقان بڵێ، بەڵێ، قەڵەمێکیش لە حەق هەڵێ، بۆلای ئەوەی ناحەق دەڵێ، بەلان دەبزوون دەکەونە کار، وەکوو دووپشک و مشک و مار، پێوەدەدەن بە بێ ئەژمار، لە وان چاکتر بە

دەیـان جـار، لاڵەپەتـە و نەخوێنـدەوار) ئەحمەدیـان، ١٣٨٩: ٣٤).

قەڵـەم هێـمای هۆشـیاری و ئـازادی و ڕۆشـنبیرییە، وشـەیەکە خـودا سـوێندی پێ‌خـواردووە. لـە قورئانـدا سـوڕەیەک بـە نـاوی قەڵـەم هەیـە (خرمشـاهی،١٣٧٧: ج٢، ١٢٥٨). لـە گێڕانەوەکانـدا، لێکدانەوەیەکـی زۆری لەسـەر کـراوە، لەوانـە؛ یەکـەم مەخلووقـی خـودا، ئـەو ئامێـرەی کـە فریشـتەکان بـەو وەحـی، یـان نامـەی کردەوەکانـی پێـی دەنووسـن، ناوێـک بـۆ ئیمامـی عەلـی(ع)، یـان فریشـتەیەکی ڕووناکـی. هەندێـک لـە سـوفییە موسـڵمانەکان پێیانوایـە قەڵـەم ئاسـتێکی بوونـی هەیـە و یەکـەم دروسـتکراوی خودایـە، یـان «عەقڵـی یەکـەم»ـە. بـە واتایەکـی تـر، قەڵـەم ئامرازێکـە بـۆ نووسـین بـەکار دێـت. ئـەم وشـەیە لـە قورئانـی پیـرۆزدا چـوار جـار هاتـووە؛ سـوڕەی قەڵـەم، ئایەتـی یەکـەم؛ سـوڕەی ئالـی عیمـران، ئایەتـی سـێیەم؛ سـوڕەی لوقـمان، ئایەتـی ٢٧؛ سـوڕەی عەلـەق، ئایەتـی چـوارەم (حسـینی بحرانـی، ج٥: ٤٥٤).

لـە ئەدەبـی عیرفانیـدا، دووپشـک، مـار و مشـک بـە شـێوەیەکی بەربـڵاو، وەک هێـما بـە مانـای جیـاواز بـەکار هاتـوون. ئـەم هێمایانـە بەگشـتی پەیوەسـتن بـە چەمکـە نەرێنییـەکان و لـە ئەدەبی عیرفانیـدا، ئامـاژە بـە هەڕەشـەی نهێنـی، فریـودان، کەڵکەڵـە، گەندەڵـی و دوژمنایەتـی نهێنـی دەکـەن؛ بـەڵام لـە هەمانکاتـدا لـە هەندێـک حاڵەتـدا دەتوانـن هێـمای سـیفەتەکانی وەک: زیرەکـی و فێڵبـازی و ململانـێ لەگـەڵ نەفسـی خراپـە بـن.

## ٢-١-٧- ئاوازی زمانی

لـە موناجاتـی مـەلا عەبدوڵـڵادا، گرنگییەکـی تایبـەت بە ئـاوازی ناوەوەی وشـە و ڕسـتەکان دراوە. ئـەم ئـاوازە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی سـەروادار، دووپاتـی دەنـگ، ڕازەکانـی بێژەیی وەک هاوشـێوە دروسـت بـووە. هەندێـک جـار دووپاتـی ڕسـتە لـە مەودایەکـی جیـاوازدا لایەنێکـی مەعنەویـی تایبەتـی بـە بەرهەمەکـە بەخشـیوە کـە خوێنـەر دەخاتـە بیرکردنـەوە. ئـەم تایبەتمەندییـە نیشـان دەدات موناجاتنامـە جگـە لەوەی ناواخنـی عیرفانـی و ئایینـی هەیـە، لـە ڕووی ئـاوازی زمانیشـەوە وەک بەرهەمێکـی نـاوازە و دەوڵەمەنـد هەژمار دەکرێـت؛ بـۆ نموونـە: دووپاتـی سـێ وشـەی «شـکا، شـکا و داشـکا» کـە لـە نێوانیـان ڕازەی نـاسراوی جوانکاریـی بێژەیـی، واتـە هاوشـێوە هەیـە، ئـاوازی زمانیـی بەرهەمەکـە بەهێزتـر بـووە. لـە نێـوان «شـکا»ی یەکـەم و «شـکا»ی دووەمـدا هاوشـێوەی تـەواو هەیـە، هـەر دوو وشـە لـە پیتـدا وەک یەکـەن؛ بـەڵام لـە واتـادا جیاوازییـان هەیـە. لـە

نێوان «شکا و داشکا»دا، هاوشێوەی زیادی سەرەتا هەیە. دیسان لە نێوان دوو وشەی «ڕەحمەت» «ڕەحم»ـەت هاوشێوەی لێکدراوەی دابڕاو هەیە. دوو وشە لە پێتدا وەک یەک و هاوشێوەن؛ بەڵام لە واتادا جیاوازییان هەیە. ڕەنگدانەوەی ئەو ڕازانە جگە لە هاوئاهەنگیی نێوان سەرواداراەکان، لایەنی جوانیناسیی ڕستەکانیشی دەوڵەمەندتر کردووە.«لە دەقە عیرفانییەکان، جوولە لە بێژەوە بەرەو واتایە»(اسپرهم، ١٣٨٣: ١٠٥).
بۆ نموونە:

خوایە! تۆبە، تۆبە لەو تۆبەیەی شکا، بڕوا شکا لەبن شکا، نرخی بڕوای پێداشکا)ئەحمەدیان، ١٣٨٩: ١١٣). خوایە! چی دەمدەیەی بە ڕەحمەت بێ، کاتێ مردم ئەو «ڕەحم» ـەت بێ... )ئەحمەدیان، ١٣٨٩: ٨٤).

### ٢-١-٨- کاریگەری لەسەر هەستی خوێنەر

زمانی موناجاتی عەللامە ئەحمەدیان، بەهۆی سەرواداربوونی بە جۆرێکە دەتوانێت کاریگەرییەکی سۆزداری و مەعنەوی لەسەر هەستی خوێنەر هەبێت. لە خوێندنەوەی ئەو پەخشانەدا، خوێنەر هەست بە نزیکبوونەوە لە خودا دەکات و یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێزتر لەگەڵ خودا دروست بکات، بەتایبەتی لەو ساتانەی نووسەر داوای لێبووردن و ڕێنمایی و یارمەتی لە خودا دەکات. هەروەها زمانی بەرهەمەکە توانای ئەوەی هەیە، بەردەنگ ناچار بکات لە بەرابەر دژواری و کێشەکانی ژیاندا بیر لە بەهاکانی ڕۆحی و ئەخلاقی بکاتەوە. ئەم بەرهەمە نەتەنیا بۆ کەسانی خاوەن بەهرەی زانست و عیرفان، بەڵکوو خوێنەری کەمئەزموونیش لێی تێدەگات. بەکارهێنانی زاراوە عیرفانی و ئاینییەکان، زمانی سۆزداری، دووپات بۆ جەختکردن و هتد، بەشێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی زمانی ئەو بەرهەمەن. بوونی ئەو تایبەتمەندییانە وای کردووە لە ئەدەبی عیرفانی و ئاینیدا، ئەو موناجاتنامەیە بەرهەمێکی سەرنجڕاکێش و ناسراو بێت. ئەم زمانە تەنیا بۆ پاڕانەوە نییە، بەڵکوو ئامرازێکی پەروەردەیی و ڕۆحییە، خوێنەر بەرەو کامڵبوونی ڕۆحی ڕێنمایی دەکات.

## ٣- لێکدانەوەی ئاستی هزریی موناجاتنامە

موناجاتنامەی مەلا عەبدوڵلا، بەرهەمێکی عیرفانی- ئەدەبییە، کە بەهۆی سەرواداربوونی لە وێژەی کوردیدا وەک بەرهەمێکی ناوازە ناسراوە. گرنگترین پەیامی ئەخلاقی

ئـەو بەرهەمـە بریتییـە لـە: جەختکـردن لەسـەر خۆناسـین و خوداناسـین. لـەو بەرهەمـەدا عەللامـە بـە زمانێکـی ئەدەبی و لـە چوارچێـوەی پەخشـانی سـەروادار لەگـەڵ ئافرێنـەری دێتـە موناجـات و نزاکـردن. پەیڤەکانـی پـڕن لـە ئەزموونـی ئایینـی و عیرفانـی. هـەر نزایـەک بـە نێـوی خـودا دەسـت پـێ‌دەکات و دەریدەخـات حیکمەتـی خـودا لـە ڕۆحـی پـاک و بێ‌گـەردی عەللامـەدا دەرکەوتـووە. بـە زمانێکـی سـادە و ڕازاوە، گوزارشـت لـە پەیوەندییەکـی قووڵـی نێـوان مـرۆڤ و خـودا دەکات. بـە شـێوەی مرۆڤێکـی بێ‌پەنـا، پەسـنی خـودا دەکات و داواکارە دڵ و ڕۆحـی پڕ لـە خۆشەویسـتی بـکات. ئـەم پاڕانەوانە بـە زمانێکـی ئەدەبـی، پێداویسـتییەکانی دەروونیـی مـرۆڤ لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا دەردەبـڕن.

خوایە! تۆبـە، لـەوەی کوتـم و دەبوو نەیڵێـم، لـەوەی نەمکـوت، دەبـوو بیڵێم،)ئەحمەدیـان، ١٣٨٩: ١١٣).

سـەرچاوەی پاڕانـەوەکان، قورئـان، حەدیـس و فەرمـوودەی سـۆفییەکانی پێـش خۆیەتـی. یەکێـک لـە هۆکارەکانی دەوڵەمەندیـی ئـەو بەرهەمـە، هانـدان بـۆ بیرکردنـەوە لـە بەدیهێنـەر و داهێنـەری ئـەرز و سـەمایە. جەختکـردن لەسـەر حیکمـەت و هۆشـیاری لـە گرنگتریـن پەیامەکانـی موناجاتنامەیـە کـە عەللامـە لـە شـێوەی ڕسـتە و دەستەوشـەی جۆراوجـۆردا ئامـاژە بـەو بابەتـە دەکات. هۆشـیاری و حیکمـەت پەیامێکـە هەمیشـە لـە لووتکـەی فێرکارییـە ئایینیەکانـدا بـووە. مـرۆڤ دەتوانێـت بـە هۆشـیاری پـلان بـۆ دونیـا دابڕێژێـت و وەک هاندەرێـک کۆمەڵگـە بـەرەو پێشـکەوتن ببـات. بـە پێچەوانـە، نەبوونـی هۆشـیاری دەتوانێـت کۆمەڵگـە چەقبەسـتوو بـکات. عەللامـە وێـڕای جەختکـردن لەسـەر هۆشـیاری، ئامـاژەی بـە داڕشـتنی دونیابینیـش کـردووە. هیـوای گەڕانـەوە بـۆ لای خـودا، بابەتێکـی دیکـەی ناوەڕۆکیـی ئـەو موناجاتنامەیـە. ئـەم بابەتـە لـە هەمـوو دەربڕینەکانـی موناجاتنامـەدا خۆدەنوێنێـت؛ عەللامـە خاوەنـی بیرکردنەوەیەکـە کـە پاڵنـەری ژیانـە. کاتێـک مـرۆڤ هەسـت بـە دابـڕان دەکات و بـەدوای گەیشـتن بـە خودایـە، ئـەم هەسـتە واتایەکـی نـوێ بـە ژیانـی دەبەخشـێت. لێرەدایـە ژیـان واتـا و ناوەڕۆکێـک دەدۆزێتـەوە، بۆیـە مرۆڤـی خوانـاس ژیـان تەنیـا لـە ڕواڵەتـدا و لـە خـواردن و خەوتـن بەرتەسـک ناکاتـەوە، بەڵکـوو ژیـان بـە مانایەکـی بەربڵاوتـر دەزانێـت کـە بەگەیشـتن بـە بەدیهێنـەر واتـا دەگرێـت. کاتێـک مـرۆڤ بەهیوای گەیشـتن بـە ئافرێنـەر بێـت، ژیانـی واتایەکـی نـوێ دەبێـت و تەنانـەت پیربـوون و مردنیـش واتـای ئـەوە دەبێت کـە مـرۆڤ گەنجتر دەبێتـەوە؛ چونکـە

مـــرۆڤ لـــە خۆشەویـــستەکەی (خـــودا) نزیکـــترە دەبێتـــەوە، بۆیـــە بـــە ئومێـــدەوە بـــەرەو ئامانـــج و هیـــواکان دەجووڵێـــت. هزرێکـــی عیرفانیـــی ڕەســـەنی دیکـــە کـــە لـــە موناجاتنامـــەدا ورووژێـــنراوە، گرنگیـدان بە ڕەزای خودایە و عەللامە لـە بەشـە جیاوازەکانـی ئـەم بەرهەمـە لێکدانـــەوەی لەســـەر کـــردووە.

خوایـە! ڕازی بوونـی تـۆ بێ ویستم، بـەر حوکمـت بـێ قەسـد و هەسـتم) ئەحمەدیان، ١٣٨٩: ٦٥).

پەیامێکـی دیکـەی موناجاتنامـەدا جەختکردنـە لەسـەر سـەبر و خۆڕاگری. سـەبر لەو هۆکارانەیە مرۆڤ لە نائومێدی و ناسپاسـی و ناشـوکری دەپارێزێـت و بـەردەوام لە قورئانی پیـرۆز و فەرموودەی سـۆفییە ناسراوەکانی ئیسـلامیدا جەختی لەسـەر کراوەتـەوە. سـەبر و خۆڕاگری لە بەرامبـەر کێشـەکانی ژیان و دونیـا دەبێتە هـۆی ئـەوە کـە کاردانـەوەی دەمارگیـری و سـۆزداری لـە مرۆڤـدا نەمێنـن، بۆیـە مرۆڤـی سـەردەم کە لە جیهانـی مۆدێرنیتە و زاڵبوونـی تەکنەلۆجیـادا ڕووبـەڕووی شـێواوی و گوشـارە جۆراوجۆرەکانـی دەروونـی دەبنـەوە، دەتوانـن بـە بوونـی ئـەو تایبەتمەندییانە لە بەرابـەر زۆرێک لە ناخۆشییەکاندا خۆڕاگر بن. پاڕانەوەکانی عەللامـە لـە شـێوەی ئـەم دەستەوشـە بەنرخانـە، ئـەو پەیامەمان وەبیـر دینێتەوە.

خوایـە! لـە تـۆ داوا دەکەیـن، خوایـە! کـە تەنیـا تۆمـان پەنایـە، کۆمەڵـی مـە زۆر سـابر بـن، لـە ڕێـی بـڕوا خۆڕاگـر بن)ئەحمەدیـان، ١٣٨٩: ٨٣).

تەوەرێکـی سـەرەکیی ناوەڕۆکـی موناجاتنامـە، ئەوەیـە کـە خـودا لـە ناوەنددایـە. ئـەو بیرۆکەیـە لـە هەمـوو بەشـەکانی موناجاتنامـەدا بەڕوونـی دیـارە و هۆکارێکـە وا لـە مـرۆڤ دەکات، هەمـوو شـتێک جگـە لـە خـودا بێبایـەخ بزانێـت. بـۆ نموونـە:

مانـای وشـەی «سـبحان اللـە»، سـەرووی عەقڵـن کاری «اللـە»، نـە مـن تەنیـا گشـت بوونـەوەر، لـە خـوار و سـەر، لـە ژوور و دەر، بـە حوکمـی تـۆ بـێ چەنـد و چـوون، بـە تێکڕایـی هاتوونـە بـوون، کـە پێـت فەرمـوون «کـن فیکـون» کـە ویستیشـت دەچنـە نەبوون)ئەحمەدیـان، ١٣٨٩: ٤٨).

واتـە: هەمـوو بوونـەوەرەکان، لـە هـەر ئاسـتێکدا بـن، ئافرێـنراوی ئیـرادەی خـودان. «بـە حوکمـی تـۆ» ئاماژەیـە بـۆ دەرکەوتـن و ئیـرادەی خودا کـە دونیـای بەبـێ هیـچ نێوەندگیرییەکی ڕاسـتەقینە خولڤانـدووە. لـە عیرفانـدا هەمـوو بـوون، جگـە لـە دەرکەوتنـی نـاو و سـیفاتە ئیلاهییـەکان شـتێکی تـر نییـە. ئـەم تێڕوانینـە نزیکـە لـە ڕوانگـەی ئیبنـی عەرەبـی و ڕوانگـەی یەکگرتوویی وجودی(وحـدت وجـود). ئـەو بەشـە ئاماژەیـە بـە ئایـەی «إِذَا قَضَىٰ أَمْـرًا فَإِنَّمَا يَقُـولُ لَـهُ كُـن فَيَكُـونُ» (یـس: ٨٢). لـە ڕوانگەیەکـی عیرفانییـەوە: کُـنْ فَیَکُـونْ

«بــە و دەبێــت» هێــمای دەرکەوتنــی خودایــە: بــوون بــە فەرمانــی خــودا بــەدی دێــت. ئــەم ڕســتەیە هەروەهــا ئاماژەیــە بــۆ لەناوچــوون بــە ئیــرادەی خودایــی: هــەروەک چــۆن بــوون بــە ئیــرادەی خــودا دێتــە ئــاراوە، بەهەمــان ئیــرادەش نامێنێــت. لــە عیرفانــدا بــوون لــە سروشــتی خۆیــدا مومکیــن نییــە؛ بەڵکــوو پەیوەســتی بوونــی خودایــە. ئەگــەر خــودا نەیویســتبێت، هیــچ نامێنێتــەوە. ئــەم تێڕوانینــە عیرفانییــە لەگەڵ فەلســەفەی ئیشراقــی و حیکمەتی موتەعالییــە یــەک دەگرێتــەوە. دەکرێــت بەشــێک لــە بیرکردنــەوەی عەللامــە وەک جۆرێــک لــە دونیابینــی فەلســەفی کــە جەخــت لەســەر بەهــا و پێگــەی مــرۆڤ دەکاتــەوە، پێناســە بکەیــن. عەللامــە ئەحمەدیــان بــەردەوام خۆشەویســتیی خــۆی بــۆ بەدیهێنــەری تاقانــە دەربڕیــوە. خوداپەرســتی بــۆ ئــەو تایبــەت بــە شــوێن و کات، نەبــووە و بوونــی خــودا بــۆی بــەردەوام ئامادەیــە و بۆ ســاتێکیش گەورەیــی لەبیــر نەکــردووە؛ چونکــە هەمــوو بــوون و نەبــوون لــەو دەزانێــت و تەنیــا بــۆ زاتــی پاکــی کڕنــۆش دەبــات و شــوکرانە بژێــری بــوون، ســامان، خۆشــی و شــادییەکانێتی؛ بــۆ نموونــە لــەو ڕســتانەدا:

خوایــە! مــن هــەر سوپاســی تــۆ دەکــەم، ســوجدە و ڕکــوع بــۆ تــۆ دەبەم، چونکــە تەنیــا لــە تۆڕایــە: چونکــە تەنیــا لــە تۆڕایــە: بــوون و مانــم...) ئەحمەدیــان، ١٣٨٩: ٣٣).

## ٣- جوانیناسیی زمانی

ئەدەبــی عیرفانــی جگــە لە تێڕامــان لە چەمکــە عیرفانییــەکان، هەمیشــە بەهــۆی فــۆرم و پێکهاتــەی زمانییــەوە جێــی ســەرنجی نووســەر و شــاعیران بــووە. دیارتریــن دەرکەوتەکانــی ئــەم زمانــە، پەخشــانی ســەرواداره؛ شــێوازێک کــە بە کەڵکوەرگرتــن لــە هاوتەریبیــی بێژەیــی و ئاوازیــی وشــەکان، شــێواز و دەرفەتێــک بــۆ چەمکــە عیرفانییــە ئاڵــۆزەکان دەرەخســێنێت کــە لــە فۆرمێکــی ئــاوازی و جوانکاریــدا پێشــکەش بکرێــن. پەخشــانی ســەروادار، بەتایبــەت لــە دەقــی موناجاتنامەکانــدا، نەتەنیــا وەک ئامرازێــک بــۆ گەیاندنــی نــاوەڕۆک، بەڵکــوو وەک بەشــێک لــە ئەزموونــی عیرفانیــش دەوری بــووە؛ چونکــە ئــاوازی زمانــی و ڕیتمــی پەخشــانی ســەروادار دەتوانێــت حاڵەتێکــی ڕێزگرتــن لــە بەردەنــگ دروســت بــکات. ســەروادار بوونــی پەخشــان وا دەکات وشــە و ڕســتەکانی نــاو دەق بــە شــێوەیەکی سروشــتی هاوئاهەنــگ و تەکــووز دەرکــەون. ئــەو هاوئاهەنگــی و هاوکێشــییە دەنگییــە وا دەکات خوێنــەر، یــان گوێگــر زیاتــر لــە ڕووی دەروونــی و ســۆزدارییەوە ســەرنجی بــۆ پەیامــی بەرهەمەکــە ڕابکێشرێــت.

موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا، لە نموونە دیارەکانی ئەو جۆرە ئەدەبییەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە سەروادار، جوانی وشە و دەوڵەمەندیی واتای بە شێوەیەکی بەرابەر بەیەکەوە گرێداوە. لەو بەرهەمەدا ئاوازی زمانی نەتەنیا لە سەروادار و دووپاتی بێژەییدا، بەڵکوو لە بەکارهێنانی وردی وشە و ڕستەکانیش دەردەکەوێت.

لە ڕووی زمانییەوە، موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا، زمانێکی ئاوازی و ڕەسەنی هەیە. نووسەر بە کەڵکوەرگرتن لە ڕازە ئەدەبییەکانی وەک: خواستن، هێما، هاوشێوە و هتد، توانیویەتی زمانێکی سادە و لە هەمان کاتدا ئاڵۆز و هونەری دروست بکات کە خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە هان بدات. ئەم ڕازانە وادەکەن وشە و ڕستەکان جگە لە گەیاندنی واتا، درەوشاوە و سەرنجڕاکێشیش دەرکەون. لەو بەرهەمەدا دووپاتی وشە سەرەکییەکان و هاوئاهەنگیی دەنگی، کەشێکی ئاوازیی هەستبزوێنی دروست کردووە کە نەک هەر بۆ گوێدان دڵڕفێن و خۆشە، بەڵکوو لە گەیاندنی چەمکە عیرفانییەکانیش بە شێوەیەکی کارتێکەر یارمەتیدەرە. لە درێژەدا، چەند لایەنێکی جوانیناسیی زمانیی موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا شرۆڤە دەکرێت.

### ٣-١- ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگیی هزری

پەخشانی سەروادار بە شێوەیەک دادەڕێژرێت کە وشەکانی بە سەرنج و لەسەر بنەمای هزرییەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەم تایبەتمەندییە ئەو دەرفەتەی بە عەللامە داوە ڕوانگە عیرفانییەکانی بەشێوازێکی ڕێکوپێک دەرببڕێت. ئەو هاوئاهەنگییە هزرییە لە گەیاندنی پەیام و واتای چەمکە عیرفانییەکان کاریگەری بەرچاوی لەسەر هەستی خوێنەر هەیە، بۆیە پێکهاتەی تۆکمە لەو پەخشانەدا وای کردووە چەمکەکان بە زمانێکی ڕوونتر و کارتێکەرتر دەرببڕدرێت. ئەو تایبەتمەندییە، لە نووسراوەکانی ئایینی و ئەخلاقیی عەللامەدا زۆر بەرچاوە، بۆیە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی پەیوەندی بەو موناجاتنامەیە بکات.

### ٣-٢- نواندنی هێزی زاڵبوون بەسەر زماندا

دیارترین تایبەتمەندیی زمانیی موناجەتنامەی عەللامە ئەحمەدیان، نواندنی توانایی بەرچاوی عەللامە لە داڕشتنی وشەکانی سەرواداره. ئەم لێهاتووییە دەرخەری ئاستی ئەدەبی و شارەزایی مامۆستا لەسەر زمانی ڕەسەنی کوردییە و ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە گەیاندنی هەستی خەستی عیرفانی و بەرز نواندنی زمانی کوردی بۆ نووسینی پەخشانی سەردادار و

پێکهێنانی ئاوازی ناوەوە لە دەقی موناجاتنامەکە هەیە. وێناکردنی هێزی زمانی لە دروستکردنی وشەی سەرواداردا لە تەوەرە سەرەکییەکانی جوانیناسیی ئەو بەرهەمە دەژمێردرێت. ئەو تایبەتمەندییە جگە لە دەرخستنی شارەزایی عەللامە لە ئافراندنی وشە سەرواردارەکان، هەستی عیرفانیی خوێنەریش وەجووڵە دەخات و ئاواز لە زماندا دروست دەکات و کاریگەرییە مەعنەوییەکانی بەرهەمەکە بەهێزتر دەکات. سەرواداره وردەکان زمانی ئەو موناجاتنامەیە لە پەخشانێکی ئاسایی، بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی- عیرفانی بەرز دەکەنەوە، بۆیە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە، دەسەڵاتی زمانی و لێهاتوویی عەللامە لە نووسینی پەخشانی سەروادار دەسەلمێنێت. ئەو وردبینییەی عەللامە لە هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتەی ڕستەکان، پێگە و بایەخی زانستیی ئەو بەرهەمەی دەرخستووە.

### ٣-٣- ئافراندنی چێژی هونەری و شیعری لە پەخشاندا

لایەنێکی دیکەی جوانیناسیی زمانیی موناجاتی مەلا عەبدوڵڵا، تێکەڵکردنی توخمەکانی ئەدەبی و شیعری لە دەقی موناجاتنامەکە دایە. بەکارهێنانی پسپۆڕانەی پەخشانی سەروادار، لە ئافراندنی چێژی هونەری و شیعری لەو بەرهەمەدا دەوری سەرەکی هەیە. ئەم پێکهاتە زمانییە، سەرتر لە گواستنەوەی واتا وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی جوانی و سەرنجڕاکێشیی ئەدەبی بەکار دەهێنرێت. ئاوازی وشەکان و هاوئاهەنگیی دەنگەکان لە پەخشانی سەرواداردا، وەک شیعر، ڕیتمێکی سروشتی بە دەقەکە بەخشیوە کە جگە لە کاریگەریی مەعنەوی، هاودەنگیی وشەکانی سەرواداریش دەهێنێتە ئاراوە. پەخشانی سەروادار دەتوانێت کەشێکی هاوشێوەی شیعر دروست بکات،«بۆیە زۆرێک لە مامۆستایان پێیان وایە پەخشانی سەروادار هەنگاوێک لە شیعر مەودای هەیە»(کوشش، ١٣٩١: ٨٢).

### ٣-٥- ئافراندنی یەکگرتوویی مانایی

پەخشانی سەروادار نەک هەر لە ڕووی دەنگییەوە، بەڵکوو لە ڕووی واتاشەوە یەکگرتوو و تەکووزە. ئەو یەکگرتوویی واتاییە، ناڕاستەوخۆ کاریگەریی مەعنەویی موناجاتنامەکەی زیاتر کردووە. لە دەقە ئایینی و عیرفانییەکاندا پەخشانی سەروادار، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی چەمکە ئاڵۆزەکان. هاوئاهەنگیی وشە و ڕستە لەو جۆرە پەخشانەدا ڕێگەی بە عەللامە داوە بە جوانترین شێوە واتا و چەمکە ئایینییەکان دەربڕێت.

ئـەم تایبەتمەندییـە لـە وتـارە ئایینییەکانی عەللامەشـدا دەرکەوتـووە، بەتایبەتـی لـەو موناجاتنامەیـەدا دەتوانیـن وەک تایبەتمەندییەکـی دیـاری ئـەو بەرهەمـە دەستنیشـانی بکەیـن.

## ٤- ئەنجام

موناجاتنامـەی مـەلا عەبدوڵـڵا، لـە نموونـە دیارەکانـی پەخشـانی سـەروادار لـە وێـژەی هاوچەرخـی کوردییـە کـە عەللامـە جوانـی وشـە و واتـای بـە شـێوەیەکی پسـپۆڕانە بەیەکـەوە گرێـداوە. ڕسـتەکانی ئـەو بەرهەمـە نزیکبوونـەوە لـە خـودا، بەخشـین و ڕەحمەتـی خوایـی و هتـد، دەگوازنـەوە. زمـان لـەم بەرهەمـەدا تەنیـا ئامرازێـک بـۆ دەربڕینـی چەمکـە عیرفانییـەکان نییـە، بەڵکـوو جوانییەکـی تایبەتـی لـە خۆیـدا هەیـە کـە خوێنـەر لـە خوێندنەوەیـدا چێـژ وەردەگرێـت. دەرەنجامـی توێژینەوەکـە دەریدەخـات ئـەو موناجاتنامەیـە لـە دوو ڕووەوە جێـی سـەرنجە: لـە لایـەک سـادەیی و ڕەوانـی زمانـی و لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەدەبـی و ڕازاوەبوونـی دەقـی موناجاتنامەکـە و لـە لایەکـی دیکـە هـزری ئایینی و عیرفانـی کـە تانوپـۆی موناجاتنامەکـەی داگرتـووە. لـە بەشـی زمانیـدا، بەکارهێنانـی ڕازەکانـی وەک: دژیـەک، بەرامبـەری و دووپـات وایکـردووە خوێنـەر پەیوەندییەکـی نزیکـی لەگـەڵ دەقەکـەدا هەبێـت و هەسـتی بجووڵێنێـت. لـە لێکدانـەوەی بەشـی هزریـی موناجاتنامـەدا چەمکەکانـی وەک: بـوون، تەوبـە، سـەبر، ڕزا و خۆشەویسـتی بـە شـێوەی هێمایـی دەربـڕاون. ئـەم چەمکانـە دەریدەخـەن عەللامـە ڕوانگەیەکـی عیرفانـی لـە نووسـینی ئـەو بەرهەمـەدا بـووە و هەوڵـی داوە لـە فۆرمـی نـزا و پاڕانـەوەدا بیگەیەنێتـە خوێنـەر. ئـەو موناجاتنامەیـە بـە دەربڕینێکـی سـادە، بـەڵام قـووڵ، هەسـتی نـاوەوەی مرۆڤێـک بەرابـەر بـە خالـق بـە جوانتریـن شـێوە وێنـا دەکات. ئـەم چەمکانـە نەتەنیـا بـۆ کەسـانی ئایینـی، بەڵکـوو بـۆ هـەر کەسێک کـە بـەدوای واتـا و ئارامیـی ژیـان بێـت، کاریگـەر و دڵخۆشـکەرە. ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە ئـەو ڕاسـتییە دەردەخـەن کـە ئـەو موناجاتنامەیـە تەنیـا دەقێکـی ئایینـی-عیرفانـی نییـە، بەڵکـوو بەرهەمێکـی ئەدەبـی و هزریـی بەنرخـە و دەتوانێـت بـۆ توێژەرانـی وێـژەی عیرفانـی و ئایینـی ئیلهامبەخـش بێـت. ئـەو خوێندنەوەیـە ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات کـە چـۆن دەکرێـت چەمکـە عیرفانـی و مرۆییـە ئاڵـۆزەکان بـە زمانێکـی شـیرین و ئـاوازدار دەرببڕدرێـت، بـە شـێوەیەک هـەم دڵ ئـارام بکاتـەوە و هـەم عەقـڵ بـە واتـا سـەرقاڵ بـکات.

# جیهانبینی حاجی قادری کۆیی له بەیتە شیعرێکی بەناوبانگیدا

د. ئیدریس عەبدوڵڵا



## پێشەکی

ئەگەر بە تێڕامانەوە لە شیعرەکانی هەندێ لە شاعیرە کلاسیکییەکانمان، یان نوێ و هاوچەرخەکانیشمان، وردبینەوە و لەگەڵ ڕەوتی بەسەرهاتەکانی مێژوو و واقیعی خۆمان و هەواڵی میللەتان بە یەکیان بگرین، ئەوسا هەست دەکەین، هەندێ لەو شاعیرانە لە زۆربەی بەیت و کۆپلەکانیان وەکو بیرمەند و زاناو هەندێجار وەکو فەیلەسوفێك بیریان کردۆتەوە و دووڕ و گەوهەری گرانبەهای ژیار و ئایین و شارستانیەتیان بە بەرۆکی ئەدەبی کوردییەوە کردووە، بەڵام ئەگەریش بێت و هەر سەر پێیی شیعرەکانیان بخوێنینەوە، وەکو پێموایە، زۆربەمان هەر بە سەر پێیی دەیانخوێنینەوە، بۆیە زۆرجار هەق نادەینە ئەو شاعیرە گەورانەمان و ئەو بیرە گەورەیەی ئەوان پێشکەشیان کردووە، بە ناڕەوا دەیفەوتێنین، چونکە لێیان تێنەگەیشتووین، کە لێشیان تێنەگەین و نەچینە نێو قوڵایی مەبەست و ئامانجەکانیان، ئەوسا ڕۆشنبیری و زانستی و دڵسۆزی شاعیرەکە دەفەوتێنین، خۆشمان بەهرەمەند نابین لەوەی بە جوانی پێشکەشمان کرابوو، بەوەش لە ئاکامدا وەکو نەتەوە هەموومان زەرەر دەکەین.

## سنووری وتار

لەم دەرفەتەدا، گەشتێك لەگەڵ بەیتێك لە بەیتەکانی شاعیری ناودار و زانای بلیمەت و بیرمەندی گەورەی کورد، حاجی قادری کۆیی دەکەین، ئەوەندەی تێبگەین، واتای لێهەڵدێنجین و بە نمونە پڕاکتیکی و واقیعییەکانی نەتەوەی خۆمان و میللەتانی دیکەشی دەبەستینەوە، بەو هیوایەی بابەتێکی بەسوود بێ و سەرنجمان بۆ تەرزێکی دیکە لە لێکۆڵینەوە و نووسین ببات، واقیعی ڕەخنە و تێگەیشتن و سوودەرگرتنمان لە کەلتووری ئەدەبی کلاسیکی و ئەدەبیاتی تازەو هاوچەرخیشمان بەرەوپێش ببات.

## گەشت لەگەڵ بەیتەکەی حاجی

حاجی قادری کۆیی لە سەرەتای چامە بەناوبناگەکەی، (گوتم بە بەختی خەواڵوو).. وەهای نووسیوە:

گوتم بە بەختی خەواڵوو: بەسە ئەتۆ
بی و خودا
لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەو لا
لە ڕووی بنیاتی بەلاغییەوە
گوتم بە بەختی خەواڵوو: بەسە ئەتۆ
بی و خودا
لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەو لا

لـەم ڕووەوە ئـەم بەیتـە زۆر هونەرییە، گرنگتریـن ڕووە هونەرییەکانـی ئەمانـەی خوارەوەن:

١ـ قسـەکردن لەگـەڵ بەخـت، لادانـی هونەرییـە، لـە بەلاغـەی کۆنـدا لـە زانسـتی (جوانـکاری ـ البدیـع) هونـەری (تەجریـد) ی پێدەڵێـن. لـە ڕەخنـەی نوێـدا (بـە ئینسـانکردنی شـتەکان)ی پێدەڵێـن.

هــەر لــە بەلاغــەی کۆنــدا، لــە زانسـتی (ڕوونبێـژی ـ البیـان)، هونـەری مەجـازی بـە پەیوەنـدی کەرتـی پێدەڵێـن، چونکـە (بەخـت) کەرتـە لـە (کـەس)، باسـی ئـەو کەرتـە کـراوە و مەبەسـت کەسـەکەیە، کـە گشـتە، چونکـە ئەقـڵ ڕێگـە نـادات، قسـە لەگـەڵ بەخـت بکـرێ، بێگومـان دەبـێ ئـەو قسـەیە لەگـەڵ ئینسـانەکە کرابـێ، کـە خـودی شـار خۆیەتـی.

بـەڵام لـە ڕوانگـەی (جوانـکاری و ڕوونبێژی)شـدا، بۆچـی شـاعیر ئـەو لادانـەی کـردووە و یەکسـەر نەیگـوت: بـە خۆمـم گـوت؟!

وەڵامەکـە ئەوەیـە، بـۆ ئـەوەی ئەدەبیـەت درووسـت بـێ، چونکـە ئەگـەر بڵـێ: لەگـەڵ خـۆم دوام و بـە خۆمـم گـوت: تـۆ بەختـت خەوتـووە دۆخـت خراپـە، ئـەوە چ جوانییەکـی نابـێ و نابێتـە هونـەری داهێنـان و ئەدەبیـەت و شـیعرییەتیش لـەو بـارە ڕاسـتەوخۆیەدا درووسـت نابـێ.

٢ـ خەواڵـوو.. دراوەتـە بەخـت، ئەمـە سـیفەتی ئینسـانە، سـیفەتی گیاندارانـە بـە گشـتی، بـەڵام (بەخـت) بـە مەجـاز ئـەو سـیفەتەی پێـدەدرێ، دەنـا لـە واقیعـدا ئـەو سـیفەتە بـە خـۆوە ناگـرێ.

ئەمــەش کەوابــێ ئــەو دەربڕینــە نامەعقولیـەت بەرهـەم دێنـێ، کـە ئـەو نامەعقولیەتـە لـە ئەدەبـدا هەتـا بڵێـی جوانـە، چونکـە لـە ئاخاوتنـی گشـتی چـاوەڕوان نەکـراوە، بۆیـە ورووژان درووسـت دەکات و چێـژ بـە خوێنـەر دەبەخشـێ، ئەوەشـە ئاخاوتـن دەکاتـە شـیعر و فەرهەنگـی ئەدەبـی بەرهـەم دێنێـت و دڵـی بیسـەران خـۆش دەکات.

٣ـ لـە لایەکـی دیکـەوە، خەواڵـوو لـەم بەیتـەدا بـە واتـای (خەوتـوو) هاتـووە، نـەك (خەواڵـوو)، چونکـە خەواڵـوو واتـە: ئـەو کەسـەی خـەوی دێ،

بەڵام لە سیاقی شیعرەکە لەوە دەگەین، کە مەبەست لە خەواڵوو، خەوتووە، بۆیە داوای لێدەکات: ئیدی بەس بێ و چیدیکە نەخەوێ.

٤ـ (بەسە) فرمانی داخوازییە، وەکو گوتمان ئاڕاستەی (بەخت) کراوە، کە دەبێ وازبێنێ لەو (خەوتن)ەی گیرۆدەی بووە، چونکە خەوتن واتە مردن، ئەوەی بشمرێ دەبێ ببرێتە گۆڕستان، ناکرێ لەنێوزیندوواندابمێنێیەوە!!

ئەمەش پەیامێکی پڕ لە بیر و تێڕامانەو ئاوێزانی چەندان واتاو چیرۆك و بەسەرهات و ئایدۆلۆژیایە، هەموویان لە بیری خوێنەردا دەزرینگێنەوە و جیهانبینیەکی گەورە دروست دەکەن.

ئەوەش ڕۆحی بەلاغەیە، چونکە بە وشەی کام، واتای زۆری گەیاندووە!!

٥ـ نەفس دانە خودا: (ئەتوو بی خودا).. کاریگەری خۆی هەیە و ئەوەی درایە خودا، ناچارە ڕێز لە خودا بگرێ و ئەوە بکا، کە دوای درانە خودا، داوای لێدەکرێ، (حاجی) دەزانێ خزمەتی وڵات و خۆشەویستی وڵات زۆر شیرینە، بۆیە نەفسی خۆی



دەداتە خودا، کە وەکو گوتمان مەبەست هەر خۆیەتی، بۆ ئەوەی لا لەو باسە گرنگە بکاتەوە،

دەقئاوێزانی قسەی سەر زاری ئیمانداارانە، لە بەلاغەی کۆن دەڵێین: ئیقتباسە بە قسەی سەر زاری ئیمانداران.

له ڕووی بنیاتی بیریی و جیاهانبینیەوە

گوتم به بەختی خەواڵوو: بەسه ئەتۆ بی و خودا

له خەو هەڵسته زەمانێ بچینەوه ئەو لا

١-چوونەوە ئەولا.. مەیلکردنەوە بە لای نیشتومانە، ئەوەی خەوتوو نەبێ و لە ژیان بێ ئاگا نەبێ، هەمیشە دەڵێ:

(شام شەکرە وڵات شیرنترە)!!
بەڵێ، ئاخەر (حاجی)ش دەڵێ:

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نەرگسجاڕی گەردوون!!

(حاجی)ش دەڵێ:

لە مەیدانی بەهارا شارەکەی (کۆ)
قوببەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ!!

(حاجی) بەو هەموو هۆشیارییەوە، بە خۆی دەڵێ: خەواڵوو!! ئەمە ڕەخنەگرتنە لە خۆی، کەوا لە ئاستی پێویست نییە و هیچێکی وای بۆ نیشتومانی خۆی نەکردووە!!

ئەوەش پرسیارە جەوهەرییەکە درووست دەکات؟! ئایا ئەگەر حاجی قادری کۆیی، لە دوای ئەحمەدی خانی، مامۆستای دووەمی بیری کوردایەتی و نەتەوایەتی و یەکە سواری خزمەتی گەل و نیشتمان بێ!! ئەو لە خۆی ڕازی نەبێ و خۆی بە خەمسارد بەرانبەر بە وڵات و میللەتی خۆی بزانێ؟! دەبێ خەڵکی دیکە، کە هیچیان بۆ گەل و وڵات نەکردووە، یان فرۆشتوویانە، یان دەیان بەڵایان بەسەردا هێناوە؟! دەبێ ئەوان چ بن؟!

ئەم بیرەی(حاجی قادری کۆیی) لە بیرە دینیەکەی هاتووە، وەکو مەلایێکی موسڵمانی ئیماندار، کە خەڵکی ئیماندار هەمیشە خۆی بە بچووکتر دەزانێ، لەوەی بە ئەرکی خۆی هەستا بێ، بۆیە (حاجی) وەکو خەڵکی ئەو زەمانە شانازی ناکا بەوەی زۆری بۆ کورد و کوردستان کردبێ، بەڵکو ڕەخنە لە خۆی دەگرێ، کە کەمی کردووە، یان هیچی بۆ نەکردوون!! بەوەش (حاجی) لەبەرچاوان گەورەتر دەبێت و هەموو کورد دەڵێن: نەخێر زۆرت بۆ کردووین!!

چەند خۆشە، خۆت بە لاوە بچووك بێ و خەڵك بە گەورەت بزانن، چەند ناخۆشە خۆت بە لاوە گەورە بێ و خەڵك بە بچووکت بزانن!!

٢- لە واتای پشتی دەربڕینەکان،

بەختی خەواڵوو، واتە: خەڵکی نەگبەت و ناهۆشیار هەر هەمووی، واتە: خەڵکی بێئاگا لە حیساب و لە دەنگ و باس و لە ژیانسازی و لە چۆنیەتی بە ڕێکردنی ڕۆژانی تەمەن بە سەرکەوتوویی!!

بەختی خەواڵوو، واتە: دابڕان لەوەی پێویستە وابی و ڕۆچوون لەوەی پێویستە لێی دوور بی!!

بەختی خەواڵوو، واتە: زیندووی مردوو!!

# خوێندنەوەیەک بۆ کۆشیعری
# ستایشەکانی عیشق..

شوان عوسمان- هۆڵەندا



عیشقی خوێندەوار لەگەڵ عیشقی نەخوێندەوارێک هەمان خوێندنەوەمان پێناڵێن، عیشق لە نێوان شاعیرێک و شاعیرێکی دیکەشدا بە هەمان هەناسە نانووسرێت، جیاوازی لە بینین و هەستکردن و نەستبردنە بەر شتەکانی دەوروبەرمانە، هاوکات شێوەی بیرکردنەوەکانیش، نەک جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی و بوون و نەبوونی سەرمایەکانمان، تاکە سەرمایە لای نووسەری ئەدەبی زمان و کەرەستەی پێشخانە و پاشخانەی ڕۆحی و هزرییەکانیەتی..

شاعیر ئەگەر عاشق و جوانپەرست و ڕەنگپەروەر نەبێت، ناتوانێت باسی جوانی و ڕەنگەکان بکات و دەقەکانی پڕ بکات لە تاموچێژ و ڕەنگی جیاواز، لەبەرئەوەی جیاوازی لە نووسەری شیعرێک لەگەڵ یەکێکی دیکە ئەوەیە تامی جیاواز دەبەخشێت، خوێنەری شیعریش لە هەموو کۆمەڵگەیەک بەدوای تاموچێژی شاعیر دەگەڕێت، نەک بەدوای شاعیرەکە، شیعر بۆ خۆی عیشقێکە تۆ دەبێ عاشق بیت تا بتوانی نووسینەوە و خوێندنەوەکانت بەچێژ ببن، نووسینی جوان هەر پڕکردنەوەی پانتاییەکان نییە بە وشە و دەق، پڕکردنەوە و تەڕکردنەوەی وشە بێ هەست و ڕەقوتەقەکانە بە سیحری لەزەت..



عیشق ئەو بەها جوانەیە کە ژیان بە هەموو شتە ناشیرینەکانیەوە جوان دەکات، ئەو بەهایانەی لە هەندێک کۆمەڵگەدا حەرام و لە هەندێکیشیان دەبێتە فەرزێکی مانەوەی مرۆڤەکان، نابنە بڤە و گوناهیش کە بەناوی زۆر ناوەوە پیرۆزییی و ئایەتەکان و کوفرەکانی ئایین و کلتوری بەهادار و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان هەتک دەکرێن، ئیشی ئەدیب وەکو سیاسییەک و جەنگاوەرێک نییە وێران بکات و بیر لە ئاوەدانی نەکاتەوە، ئەو دەبێت ڕووبەرە وێران و ناشیرینەکان چاک بکاتەوە تا ڕێ لە جەنگەکانی نایەکسانی و نادادپەروەری و وێرانی جیاواز بگرێت کە لە نێوان ڕەنگەکاندا ڕوودەدەن..

(ستایشەکانی عیشق)، کۆشیعرێکی شاعیر(فەرەیدوون سامان)ە لە ساڵی ٢٠١٨ لە (هەولێر) بڵاوبۆتەوە، لەوێدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تێکست و دەقی شیعری جیاواز دەبینەوە، بەڵام ئەوەی کە من مەبەستمە لەو نووسینەدا، چەمکی عیشقە لە نووسینەکانی ئەو کتێبە کە هەر ئەوەش بووە هۆی چەکەرەکردنی هەستێک تا ئەو نووسینەم بنووسم...

لەو کتێبەدا جگە لە ناوەکەی کە (ستایشەکانی عیشق )ە کە خۆیشی دەقێکی سەربەخۆیە و سەرەتای دەستپێکی کتێبەکەیە، (ستایشەکانی ئاوێنە) و(توخمەکانی عیشق) (چامەکانی عیشق) پڕن لە دەقی عیشقی دووبارە، بەڵام دووبارەکان بێزارکەر نین و هەریەکە تامێکی خۆی دەبەخشێ..

عیشق لای شاعیر وەرزە و وەرزێکی بەردەوامە کە یەکێک دەڕوا یەکێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە بۆ گەیشتن بە ئاوێتەبوون، زۆر گرینگە شاعیر بە دەستپێکێکی چەخماخەیی شیعری دەستپێبکات کە تۆ دەبیتە خوێنەری لە یەکەم چرکەسات بە تیری عیشقەکانی بپێکرێی و ئاسانیش مەعشوقەکان بە ئاسانی دەستت لەیەکتر بەر بدەن، ئەوە وەزیفەی شیعرییە تۆ بتوانی عاشق و مەعشوق دروست بکەیت تا لێیان دوورنەکەویەوە و لێت دوور نەکەونەوە.

وەرزێکی دیکە ماوە بۆ عیشق
ژوانێک بۆ ئاوێتەبوونی هەست
ئاوێتەبوونی رۆح.. [١]

ئەوە کلیکی یەکەم بوو کە منی بردە سەفەر بەو دەقەکانی ئەو کتێبە، دەستپێکێکی جوانیشە کە لە یەکەم چرکە بە سیحرەکانی ئاو تەڕ دەبیتەوە، شاعیریش وەکو ساحیرێک شتێکت پێدەدات کە ناوی لەزەتە، لە ئاسمانی شەوی ئەو شیعرەدا مانگ ئامادەباشی بەردەوامی هەیە، یان دەڵێت :

بەرلەوەی مانگ ئاوا بێت
چۆلەکەکان بەسەر درەختەکان بمرن.. [٢]

مردن ڕوو لە دونیا دەکات، ئەوە چ مردنێکە ژیان لە عیشق رووتبێتەوە، عیشق بەرائەتی نووسین و خوێندنەوە بە شیعر دەدات، بێ ئەو بەرائەتەش ناتوانی ڕووتبیتەوە لە ڕقەکانت تا شتێکی ڕوون بنووسیت، شاعیر گەلێک جوان بە هاوارەکانی بانگی عیشق دەکات و دەڵێت:

ئەی عیشق وەرە
تۆ نەبیت..
پەپولەکان ئیدی روولەگوڵ وباخچەناکەن
ڕووناکی پاڵتۆی تاریکی دەپۆشێت.. [٣]

چەند ستەمە کە (فرمێسک ژەنگ بگرێت)[٤] و تەنانەت (هەناسەش ببێتە چەقۆ)[٥] یان کە دەڵێت :

جوانی دەبێتە برین
ماڵ گۆڕستان
نیشتیمان، تاراوگە... [٦]

ئەو هەموو دژە نائاساییانە ئاساییبوون دێننە کایەوە لە کۆمەڵگە داخراو و تاریکەکاندا کارەساتی

گەورە ئەوەیە، کە عیشق ڕوو لە خاپووربوون دەکات، دڵەکان وێران دەبن، ئینجا کارەساتی گەورەی جەنگ و کوشتن دەست پێدەکات، چ نرکەیەکی بەسامە کە لە عیشق دەپاڕێتەوە و پێی دەڵێی :

تۆ نەبیت ئەی عیشق
منداڵەکان زوو پیر دەبن
باڵندەکان لە پەل و پۆ و فڕین دەکەون
ڕەنگەکان دەمرن (٧)
تەنانەت
ڕێگاکانیش ناچنەوە سەر یەک (٨)

لە شوێنێکی دیکەی دەقەکەش کە دوا کۆپلەی کۆتاییە بە هەناسەیەکی دیکەوە ڕوو لە عیشق دەکاتەوە کاتێک :

ئەی عیشق تۆ نەبیت
شەممە دەبێتە سێ شەممە
ئەمڕۆ، دوێنێ
دارستان دەبێتە بەرد
سەرەتا کۆتایی... (٩)

دوا پێکهەڵدانی جوانە کۆتایی بە نووسینەکەش دێت، هەرچەندە لەدوا دێڕدا من خۆم وا دەبینم،

لە (دارستان دەبێتە بەرد ) ئەگەر دارستان بە بەردستان وەیان دارستان بە بەرد، تامەکان بەلای منەوە باشتر دەگەیشتن من وا ئەبینم بەڵام مەرج نییە کەسێکی دی وا ببینێت...

لە دەقی (چامەکانی عیشق)یشدا لاپەڕە ٣١ کتێبەکەدا لە نزاکانی بۆ عیشقدا دەڵێت :

تۆ ڕێگای
هەموو ڕێگکانیش بە تۆ دەگەن،
منیش کوچەیەکی بن بەست
یەک هەنگاویش بە تۆ ناگەم..

هەروەها لە لاپەڕە٣٥یشدا دەڵێت:

باران هات
هەتاو هات
شەوەزەنگ هات
مەرگ هات
تۆ هەر نەهاتی...

عیشق نەهاتنێکی جوان نییە کە نایەت، بەڵام دەبێتە هۆی جوانییش بنووسێتەوە...

دواجار دوای دەستخۆش هیوادارم شاعیر بە هەمان هەناسەی جاران بنووسێت و بکەوێتە نووسینەوەی دەقە عیشقیەکان، چونکە ئەو کۆمەڵگایەمان وێرانەو بە عیشقەوە بینا دەکرێتەوە..

**سەرچاوە:**

کتێبی(ستایشەکانی عیشق)ی (فەرەیدون سامان)، ساڵی ٢٠١٨ (هەولێر- چاپخانەی ڕۆهەڵات).

١-٩ دێڕ و کۆپلەکانی ناو هەمان سەرچاوەی کتێبەکەن.

# کتێبی

# ("خەیاڵی زانستیی منداڵان" لە ئەدەبی کوردیدا)ی فازیل شەوڕۆ




خوێندنەوەی: دنیای ئەدەب

(خەیاڵی زانستیی منداڵان" لە ئەدەبی کوردیدا) بەرهەمێکی نوێی (فازیل شەورۆ)یە، ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٢٥ چاپی کردووە و کتێبەکە ١١٦ لاپەڕەیە و یەکەمین کتێبی چاپکراوە لە کتێبخانەی کوردیدا لەبارەی ژانری خەیاڵی زانستیی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا.

ناوەڕۆکی کتێبەکە بەسەر دوو بەند دابەشکراوە: بەندی یەکەم: تیورییە، زانیاری لەبارەی خەیاڵی زانستیی بە گشتی و خەیاڵی زانستیی منداڵان بەتایبەتی. بەندی دووەمیشی شیتەڵکاریی چەند دەقێکی کوردییە و پراکتیزەکردنیان لەسەر بنەمای ژانرە ئەدەبییەکە.

بەندی یەکەم ڕووماڵی چەمک و زاراوە و پێناسەی ناونیشانەکە دەکات، بە پشتبەستن بە نوێترین سەرچاوەی جیهانی و زانیاریی سەردەمییانە. لەبارەی مێژوویی خەیاڵی زانستی، دەچێتەوە سەر بەرهەمە خەیاڵییە سەرەتاییەکانی وەک داستانی سۆمەری گلگامێش(سەرەتاییترین وەشانی دەقی سۆمەری نزیکەی ٢١٥٠-٢٠٠٠ پێش زایین). ئەوجا پێ بە پێ لەگەڵ قۆناغی خاچەکان دەڕوا تا دەگاتە سەردەمی مۆدێرنەی ئیمڕۆ. ئاماژەکان زۆرن بە ناوی نووسەرەکان و بەرهەمەکانیان. سەرەتای سەدەی بیستەم بە سەردەمی زێڕینی ئەم ژانرە دەدەنرێت.



نووسەر بە وردی جیاوازیی نێوان خەیاڵی زانستی، فانتازیا، خەون، ئەفسانە خورد دەکاتەوە و سنووری نێوان دەستنیشان دەکات. چونکە ئەم چوارە بابەتە نێوانیان پەڕی میشە و زۆر لێکدەچن.

ڕۆڵی سێ نووسەری گەورەی ئینگلیز نیشان دەدان، لە بایەخدانیان بەم ژانرە ئەدەبییە، ئەوانیش: ئێچ. جی. وێلز H.G. wells ١٨٦٦- ١٩٤٦، ئارسەر سی کلارک Arthur C.Clarke ١٩١٧-٢٠٠٨، وە جۆرج ئۆروێل George Orwell ١٩٠٣-١٩٥٠. دوای ئەمە نووسەر دێتە سەر بابەتی خەیاڵی زانستیی منداڵان و پێناسە و مێژی ژانرەکە.

زمانی خەیاڵی زانستی، زۆر بە جوانی وەستاکاری تێداکراوە و بنەما

و مەرجەکانی دیارکراوە. دەستی نووسەریش دەگرێ بۆ چۆنیەتیی ڕەچاوکردنی زمانی ئەم ژانرە ئەدەبییە.
تەوەرەیەکی دیاری کتێبەکە،»بابەت و توخمە سەرەکییەکانی خەیاڵی زانستی»یە، ئەمەش خاڵ بە خاڵ ڕوون کراوەتەوە لە ١٧ خاڵدا کە زۆربەیان نوێن بۆ خوێنەرانی کورد.
"زاراوەکانی ئەدەبی خەیاڵی زانستیی منداڵان" لە ١٣ خاڵدا خراوەتە ڕوو.
"بایەخی ئەدەبی خەیاڵی زانستیی منداڵان"،لە٩ خاڵدازانستییانەشیکراوەتەوە.
جگە لە بابەتی ئەدەبی، ڕۆڵی خەیاڵی زانستی لەهونەریشداڕۆشنایی خراوەتەسەر.
بەندی دوو سەرەتا بە دەروازەیەک لەبارەی ئەدەبی منداڵان و خەیاڵی زانستیی منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەست پێدەکات.
نووسەر خاڵێکی گرنگی وروژاندووە و قسەی لەسەر کردووە بە پرسیاری (بۆچی خەیاڵی زانستیی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا هەژارە؟)، کە بە پێنج هۆی بایەخدار، ئەم بڕگەیە ڕوون کراوەتەوە.
بۆ شیتەڵکاریی چەند دەقێکی کوردی، ئاماژە پێدراوە کە خەیاڵی زانستیی منداڵان، ڕووبەرێکی پان و بەرین دەگرێتەوە لە شیعر، چیرۆک، کورتەچیرۆك، کورتی لە چیرۆک، چیرۆکی درێژ، نۆڤلێت، ڕۆمان، شانۆنامە، سیناریۆ، کارتۆن، ئەنیمیشن، ڤیدیۆ، سینەما، مۆزیک، هونەری شێوەکاری...تاد. بەڵام لەم کتێبەدا تەنها (شیعر، چیرۆک، نۆڤلێت- ڕۆمان) بە نموونە وەرگیراون. ئەمەیش لەبەر کەمی یان نەبوونی بەرهەمی ئەدەبی کوردی لەم ژانرە گرنگەدا.
لە پراکتیزەکردنی شیەڵکارییەکەدا بۆ(شیعری خەیاڵی زانستیی منداڵان) بەرهەمی ئەم شاعیرانە کراوەنەتە کانگا و سەرچاوە:
(ئەمین محەممەد، ئەسعەد لوڕزادە، ڕۆستەم خامۆش). نموونەی دەقە شیعرەکان تۆمار کراون، ئەوجا یەک یەک بە چاوی ڕەخنەی سەردەمییانە شتیەڵکارییان بۆ کراوە. هەردوو دیوی دەقەکان بە جوانی و لاوازییەکانیەوە دەست نیشان کراون.
لە بابەت دووەم: چیرۆکی خەیاڵی زانستیی منداڵان، ٥ چیرۆکی کوردی وەرگیراون، کە بەرهەمی ئەم چیرۆکنووسانەن:
(گۆران سەباح، فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، کاروان عەلی، ئەمین محەممەد، ئاکۆ محەممەد سابیر). چیرۆکەکان تۆمار کراونەتەوە، ئەوجا پێ بە پێ لە چوارچێوەی ژانری خەیاڵی زانستی چەکووشکاریان تێدا کراوە. لایە جوانەکانیان ستایش کراون، لایەنە ناتەواوەکانیش – گەر هەبن- قسەیان لەسەر کراوە.
لەبارەی (ڕۆمانی خەیاڵی زانستیی منداڵان) لەبەر کەمی ئەم ژانرە لە

ئەدەبی کوردیدا، بە هەزار حاڵ هەر ئەمانە دەست کەوتوون:

گۆران سەباح، ٢ ڕۆمان:

•مرۆڤی هەرزان"،٢٠٢٢.

•سوپای بەکتەریاکان، ٢٠٢٢.

ئەمین محەممەد، ٣ ڕۆمان:

•"کچی دورگە بچکۆلەکە"، ٢٠٢٢.

•"ملوانکەی ئەفسوناوی، ٢٠٢٣.

•"نهێنی بەردەکان"، دەستنسە وچاپ نەکراوە.

بەڵام لەم کتێبەدا تەنها قسە لەسەر ڕۆمانی «مرۆڤی هەرزان» و ڕۆمانی «ملوانکەی ئەفسوناوی» کراوە. تەوەرەیەکی درێژیان بۆ تەرخان کراوە.

نووسەر پشکۆیەکی تەرخان کردوە بۆ دەقە شیعرێکی ئینگلیزی پیتەر پایاکPeter Payack بە ناوی «کۆچی تاریکی». هەروەها بۆ چیرۆکێکی ئەندی وێر Andy Weir بە ناوی «هێلکە». نووسەر ئەم دوو بەرهەمەی لە ئینگلیزییەوە کردوە بە کوردی.

ئەمەی خوارە پووختەی (ئاکام)ی ئەم کتێبەیە کە پشت بە ٣٧ سەرچاوە دەبەستێ کە زۆربەیان لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراون:

•خەیاڵی زانستی بایەخ وکاریگەریی زۆری هەیە بۆ منداڵ و پەروەردە و داهێنانی زانستی و چێژوەرگرتن.

•ژانرەکە فەرهەنگێک لە زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە و ڕۆژ دوای ڕۆژ وشەدانی دەوڵەمەندتر دەبێ.

•ژانری خەیاڵی زانستی شان بەشانی زانست ڕێ دەکات، پێشکەوتنی یەکێکیان، پاڵپشتی ئەویدیکە دەکات و دەرگای نوێتری بۆ دەکاتەوە. خەیاڵ داهێنەری تەکنەلۆژیا و زانستە. زانست و تەکەنەلۆژیاش، دەرگا بۆ خەیاڵی زانستی دەکەنەوە.

•ئەدەبی کوردیی هاوچەرخ و کۆن، لە هەموو بوارەکانیدا، بەم ژانرە ئەدەبییە هەژارە.

•ئەدیب و نووسەرانی کورد، بایەخ بەم ژانرە ئەدەبییە نادەن، جا یان بێئاگان و ناهۆشیارن، یان ئاستیی ڕۆشنبیریان نەگەیشتوەتە ئەم مەقامە، قەرەی خۆیانی لێبدەن.

•دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن و دامەزراوەکانی ئەدەبیی و هونەریی و ئەکادیمیی کوردی، لە باشوور، هیچ لایەکیان لەم ژانرە نەکردووەتەوە. بەرنامە و پرۆگرام و بوجەیان بۆ تەرخان نەکردووە.

•منداڵی کورد، لە بابەتە ئەدەبییەکانی خەیاڵی زانستی، لە خوێندنەوەی بابەتەکان بە زمانی کوردی، یان بینینیان لە تیڤی و ڤیدیۆ و سینەمادا بە کوردی، بێبەشە.


•خەیاڵی زانستی، وەک کاردانەوەیەک، لە هونەری کوردیشدا(خڕ هونەرەکان) هەژار و کلۆڵە.

•ئەدیبانی کوردی سەرقاڵ بەم ژانرە ئەدەبییە، بابەتەکە تێکەڵ بە ئەفسانە و فانتازیا و حیکایەت و فۆلکلۆر دەکەن، بە ژانرێکی سەربەخۆ وەریان نەگرتووە، تاقولۆقە نەبێت.

ئەزموون

# ڕووبارێک نووسین و تەمەنێک ئازار

ئەمین گەردیگلانی



سی ساڵە هاوشان لەگەڵ کار و کوێرەوەری و بە دەست هێنانی بژیوی ماڵ و منداڵ و ژیانی ڕۆژانە، دڵم لەگەڵ دنیای پاک و بێگەردی شێعر و نووسین و خوێندنەوە ئاوێتە بووە و لەو بوارەدا هەوڵم داوە و بە پێی تێگەیشتن و زانیاریی خۆم، هەستی دەروونم دەربڕیوە و شێعرەکانم لانیکەم ڕووی ئەوەیان بووە سەر بە ماڵی دڵەکانتاندا بکەن و تێکەڵ هەناسەی شەیدایانی ئەدەب ببن و لە گەرووی گۆرانیبێژانیشدا ببنە زایەڵە و هەست و ڕۆحی هونەر دۆستان بلاوێنن.

هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی من ئاشنان و تێکەڵاویمان هەیە، دەزانن چەندە ژیانێکی تاڵ و پڕ لە کوڵەمەرگیم ڕابواردووە و کاری قورس و تاقەتپڕووکێنی کوورەخانە و دوای ئەویش خەیاتی، بە ڕاستی بەشێکی زۆر لە هەست و بیر و خەیاڵی شاعیرانەی کوشتووم، لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا وەک زیندانییەک وابووم کە کاری پێدەکەن و بەرپرسایەتیشی لە ئەستۆیە، لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنجەشدا کە کێشاومە و شەو و ڕۆژم پێکەوە گرێداوە، ڕۆژێک نەحەساومەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا وەک مامەخەمە ساتێک بێ خەم نەبووم و دەردی خەڵک و کۆمەڵگەش ئەوەندەی تر هەڵیچۆقاندووم و پیری کردووم، بۆیە زۆرجار کە دەڵێم لەدایکبووی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویم باوەڕم پێناکەن. بەڵام کۆڵم نەداوە و نەسرەوتووم و نەمزانیوە ماندوو بوون چییە، بەو حاڵەشەوە هەمووان دەزانن یەکێک لە پڕ بەرهەمترین شاعیران و نووسەرانی ئەم بەرەیەم، لە بواری شێعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و فەرهەنگ و ئەدەبی منداڵاندا کارم کردووە و جگە لە کتێبەکانم دەیان وتار و بابەتی ئەدەبیشم لە گۆڤارەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا بڵاو کردۆتەوە. تا ئێستا نۆزدە ڕۆمانم وەرگێڕاوەتەوە، چوار کتێبم بۆ منداڵان نووسیوە. پێنج کۆمەڵە شێعرم بڵاو کردۆتەوە. چوار کتێبی کورتە چیرۆک، نووسینی خۆم و وەرگێڕانم هەیە و چەند کتێبی دیکەشم ئامادەی چاپن. سەرەڕای ماندوو بوون و کاری ڕۆژانەش شەوی وابووە وەها تێکەڵ نووسین و خوێندنەوە بووم، بە بیستنی بانگی بەیانی زانیومە ڕۆژ بۆتەوە، لە دووکانەکەشم کاتێک کاری خەیاتیم نەبێ، بێ ئەوەی تاقە یەک خولەک کات بە فیڕۆ بدەم یان دەنووسم یان دەخوێنمەوە. زۆرجاریش دۆست و ئاشنا لۆمەم دەکەن و دەڵێن: «بۆ کار ناکەی؟ دووکان کوا جێی کتێب

خوێندنەوەیە؟» بەڵام من نازانم بە بێ کتێب دانیشم و کاتی خۆم بە فیڕۆ بدەم، ژیان هەتا ئێرەی هێناوم و ململانێیمان کردووە و ئەگەر مەرگ مەودا بدا دیسان ناسرەوم و ئەوەندەی لە توانامدا بێ، دەنووسم و تەنیا ئەو کاتە قەڵەم لە دەستم دەکەوێتە خوارێ کە مەرگ بۆیەی سووری نێو دەمارەکانی دەستم وشک هەڵدەگێڕێ. جا ئازیزەکانم! بۆیە ئەزموونەکانی خۆم هەر چەندە کرچوکاڵیش بن، بە پێویستی دەزانم بە کورتی بیخەمە بەر دەستی ئێوەی خۆشەویست و لە دڵدا شیرینم.

ڕۆژی ٢ی پووشپەڕی ١٣٤٩ لە گوندی گەردیگلان لە بنەماڵەیەکی جووتیار لە دایکبووم. هەر لەو گوندە چوومە قوتابخانە. مامۆستای پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییم، بەڕێز و خۆشەویست (عەزیزە خانمی خادەمی) بوو کە ئێستا دانیشتووی سەقزە و ئەوی هەمە و دەیزانم، بەری ڕەنج و دڵسۆزیی ئەو دایکە ئازیزەمە و هەتا زیندوو بم خۆم بە خاکی بەر پێی دەزانم. لە پۆلی سێهەم و چوارەمی سەرەتاییەوە هەستم کردبوو کە خاوەنی تایبەتییەکی ڕەوانم و شێعری نێو کتێبەکەم بە ڕەوانی و لەسەر کێشی خۆی دەخوێندەوە. کاتێک قوتابییەک یان مامۆستاکەمان شێعرێکیان دەخوێندەوە و بە پاش و پێش کردنی وشەیەک وەزنەکەیان دەشکاند، دەمزانی و هەستم پێدەکرد، بەڵام قەت لە ڕووم هەڵنەدەهات بڵێم وانییە. بۆ وێنە شێعری (میازار موری کە دانەکش است/ کە جان دارد و جان شیرین خوش است)؛ زۆربەی منداڵەکان دەیانگوت (کە جان دارد و جان شیرین [و] خوش است.) کاتێک ئەو واوەیان زیادی دەگوت و دەیانکردە (شیرین و خوش)، وەزنەکەی دەشکا. من لە دڵی خۆمدا هەستم پێدەکرد، بەڵام نەمدەزانی بۆ؟

تەنیا هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی چوومە قوتابخانە و چەند ساڵێک مامۆستامان نەبوو و بە هۆی بشێویی ناوچەکەوە قوتابخانەی گوندەکەمان داخرابوو. دوای یەک دوو ساڵ کە قوتابخانە کرایەوە و مامۆستامان بۆ هات، چونکە پۆلی چوارەمەکەمان تەواو نەکردبوو و لە زستانەکەیدا دەستمان لێ هەڵگرتبوو. دیسان لە پۆلی چوارەمدا ناونووسی کرامەوە و درێژەم بە خوێندن دا. بەڵام دیسان لە نیوەی ساڵەوە ماڵمان لە گەردیگلانەوە بەرەو بۆکان پێچایەوە و دیسان لە دەرس و قوتابخانە دابڕام. بەڵام ئەو چەند مانگە بۆ من زۆر خۆش بوو. مامۆستاکەمان کاک مەحموود کەرەمی فێری نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردیی کردین

و کتێبی ملوانکەی شینی بۆ هێنایەن. هەر بە دوو کەس کتێبێکی بۆ هێنابوویەن. نرخی کتێبەکە حەوت تمەن بوو. یەکی سێ تمەن و نیومان دا، بەڵام پاش چەند ڕۆژ سێ تمەن و نیوەم بۆ حەسەنی پوورزام ڕەت کردەوە و کتێبەکە شەشدانگ بوو بە هی خۆم. خوێندنەوەی ئەو کتێبە زۆر شتی فێر کردم. هەر ئەو کاتە حەزم دەکرد خۆشم شێعر بنووسم، بەڵام دوودڵ بووم و بڕواشم بە خۆم نەبوو. هەتا ماڵمان هاتە بۆکان و لەوێش نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم و ناردمیانە شاگرد خەیاتی و چوار ساڵ بەهاران هەتا پاییز دەچووینە کوورەخانە. ساڵی ١٣٦٧ لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا بووم. دوای خوێندنەوەی چەند ژمارەی سروە و دیوانی شاعیران، بۆ یەکەم جار شێعرێکم نووسی و ناردم بۆ سروە. ئێستا کاتێک ئەو شێعرەم وەبیر دێتەوە، پێکەنینم بە خۆم دێ کە چۆن لە ڕووم هەڵهاتووە ناردوومە بۆ سروە. بەڵام ئەوەندە بە دڵگەرمی دەستم پێ کردبوو، ڕۆژی چەند شێعرم دەنووسی و بۆ سروەم دەنارد. دوای سێ ساڵ نووسین یەکەم شێعرم لە ژمارە ٦٣ ی گۆڤاری سروەدا بڵاو بۆوە. لە خۆشیاندا کەوتمە جیفڕک لە خۆدان و گوێز بە کلک شکاندن. هەر ئەوە بوو چارەنووسم لەگەڵ ئەدەبی کوردی گرێدراو و مەگین مەرگ لە یەکمان دابڕێ.

من کاتێ دەستم بە نووسینی شێعر کرد، بە شێعری کێش و سەروادار (وزن و قافیە) دەستم پێکرد و لە دنیای شێعریشدا غەزەلم لە هەموو قاڵبەکانی دیکە زیاتر بەلاوە شیرین بوو. کە بە تەواوی تێکەڵ دنیای شێعر بووم و بە قووڵایی شێعر و دیوانە شێعرییەکاندا چوومە خوارێ و لەو زەریا بەرینەی ئەدەبیاتی کوردیدا کەوتمە مەلە، هەستم بە لاساییکردنەوە کرد و چەند نموونە لەو شێعرە لاساییانەش لە کتێبی «تاپۆی وەرزێکی سەوز»دا - یەکەم بەرهەمی چاپکراوم - بەرچاو دەکەوێ. بۆیە بیرم کردەوە من ئەگەر ئاوا درێژەی پێبدەم، ئەگەر زۆر زۆریش گەشە بکەم ڕەنگە ببمە فتۆکۆپییەکی زۆر کاڵی شاعیرانی بەر لە خۆم و تەنیا کاوێژکردنەوەی شێواز و وشە و خەیاڵەکانی ئەوانم بۆ دەمایەوە. بۆیە هاتمە سەر ئەوەی لانیکەم لە قافیەدا داهێنانێک بکەم و قافیەیەک بۆ شێعرەکانم هەڵبژێرم کە لەمەوبەر لە هیچ دیوانە شێعرێکدا چاوم پێی نەکەوتبێ. ماوەیەک ئەوەم درێژە پێدا و چەندان شێعری باش و ناباشیشم نووسی. بەڵام ئەو جۆرەش تینوویەتیی نەشکاندم و تێگەیشتم ئەو کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی شێعرێکی

ڕەق و تەق و دەستکرد و لە چوارچێوە گیراو بنووسم. بیرم کردەوە کە بە چاوێکی وردبینانەترەوە لە دەوروبەری خۆم بڕوانم و ڕوانگەی خۆم بۆ شێعر بگۆڕم. بە خوێندنەوەی دووبارە و وردبینانەتر، بەو ئاکامە گەیشتم دەبێ لە ناوەرۆکدا شێعری جیاواز بنووسم. بۆیە ڕووم کردە زمانێکی تەواو پەتیی کوردی و لەوێشدا خەیاڵ و باریکبینی و دەردی ڕۆژ و قاڵبوونەوە لە نێو ژان و ئازارە کۆمەڵایەتییەکاندا. شێعر بەرەو بوارێکی تازە پەلی گرتم و ڕایکێشام. بەو شێوەیە هاتمە نێو دنیایەکی تازەترەوە. ئەمجارە بۆ قافیە نەدەگەڕام، کاتێ شێعرەکە دەستی دەکرد بە نووسینی من، ژان و خەیاڵەکە خۆی وەزن و قافیەی بۆ خۆی هەڵدەبژارد و غەزەلێکی نوێ لە دایک دەبوو. هێندێ کەس پێیانوایە کێش و سەروا دەبێتە هۆی دەست و باڵ بەسترانی شاعیر و ڕەنگە نەتوانێ بۆ هەموو لایەک باڵ لێدا و تەرز و تووڵ بهاوێژێ، بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕە نیم و کەسێک شاعیر بێ و مێشکی عەمباری وشە بێ و خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەند و زیندوو بێ، لە هیچ قاڵبێکی شێعریدا هەست بە تەنگژە و تەگەرە ناکات. لای شاعیری بە دەسەڵات شێعر لافاوە، کاتێک لافاو هەڵدەستێ، بەر لە هەستانەکەی بیر لەوە ناکاتەوە بە کوێدا بڕوا.

ڕادەی تەوژمی ئاوەکە خۆی ڕێچکە و ڕێبازی خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵێ شێعر لافاوە، یان تەقینەوەیە، کاتێ بۆمبێک یان مەوادێکی تەقەمەنی دەتەقێتەوە، بیر لەوە ناکاتەوە لە توکوتەکانی چەندە دەڕوا و بۆکام لاوە دەڕوا و قازانج و زیانی بۆ کێ دەبێ. لای منیش شێعر تەقینەوەی وشەیە لە زماندا. جاریوایە ڕووداوێک یان کارەساتێک، قسەی منداڵێک یان شتێک، داکەوتنی گەڵایەک یان مردنی باڵندەیەک ... دەمهەژێنێ. بەڵام هیچکات لەو شوێن و زەمانەدا نابێتە شێعر. لای من دیتنی ڕووداو و کارەسات داچاندنی تۆوی شێعرە لە مەزرای هەستمدا، کاتی شین بوونەکەشی مەعلووم نییە. بەڵام لە کاتی خۆیدا زمانی شاعیر دەقەڵەشێنێتەوە و دەرسکێ و پەل و تەرز و تووڵ دەهاوێژێ. من بەر لە نووسینی شێعر قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە شێعرێکی نوێ بنووسم یان کلاسیک. کلاسیک و نوێش بە لای منەوە شتێکی بێمانایە. شێعر، شێعرە و دەبێ هەڵقوڵاوی ناخی ژان و ئاواتەکانی سەردەمی خۆی بێ. فۆڕمیش نابێتە هۆی کۆن و نوێ بوونی شێعر. فلووبێر دەڵێ: «فۆڕم و ناوەرۆک وەک ڕۆح و جەستە وان، بە لای منەوە فۆڕم و ناوەرۆک هەر

یەکــن». منیــش ئاشــقی نوێخوازیــم و هەتــا ســەر یەســقانیش نوێخــوازم.

شــێعر زمانــی ڕۆحــی مرۆڤــە. هەســتێکی ســۆزاوی و شــاراوەی ناخــە کــە بــە شــێوەیەکی کتوپــڕ جــاری وایــە نەخوازراوانــە لــە زەیــن و زمانــی شــاعیردا دەتەقێتــەوە و هەڵدەڕژێتــە ســەر کاغــەز. هەتــا ئــەو کاتــەش دەتوانیــن نــاوی شــێعری لــێ بنێیــن کــە نووســەرەکەی خــۆی هەڵنەگوشــیبێ بــۆ نووســینەکەی. ئــەو هەســتەش بــە شــێوەیەکی سروشــتی زمانــی شــاعیری قەڵەشــتبێتەوە و خــۆی دەربــاز کردبــێ. هەڵبــەت ئــەوە بــۆ کاتێکــە کــە شــاعیر پــاڵ و پشــتێکی قایمــی ئەزمــوون و زانیــاری هەبــێ و بیــر و زەینــی بوویێتــە ئینســایکلۆپیدیایەکی (دایرةالمعــارف) بەریــن و بــۆ هیــچ وشــە و زاراوە و دەســتەواژە و پەندێــک دانەمێنــێ و ئــەو ئەزموونانــە بــە شــێوەیەکی خۆبزێــو لــە کاتــی خۆیانــدا هەڵقوڵێــن. بۆیــە دەتوانم بڵێــم بەڵــێ، شــێعر ئامــرازی دەربڕینــە؛ دەربڕینــی خەمــە کەڵەکــە بووەکانــی ناخــی مــرۆڤ. ئــەو خــەم و ئازارانــەی خوێــن و ناخــی شــاعیریان کردۆتــە هێلانــە و بــێ بەزەییانــە هەڵیدەچۆقێنــن. بــە مەرجێــک شــاعیرەکە خــۆی لــە کۆمەڵگــەی نەبــان نــەکا و هەمــوو تاکێکــی کۆمەڵگــە بــە لەتێکــی ڕۆحــی خــۆی بزانــێ. ئەگــەر ئــاوا بــوو دیــارە شــێعرەکە هەڵگــری پەیــام و ئەشــق و هیــوای مــرۆڤ دەبــێ و دڕ بــە خەمــی کەڵەکــە بــووی ناخــی خوێنەرەکــەی دەدا و هەســتی دەبزوێنــێ و تێکــەڵ ڕۆح و ژیانــی دەبــێ.

مــن پێــم وایــە شــێعر بــە ڕاســتی نــەک هــەر لــە باشــوور و ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و لــە ئێــران، بەڵکــوو لــە تــەواوی جیهانــدا تووشــی قەیــران و پەتایەکــی گــران بــووە و نەبوونــی ئەشــق و تاســە و دەروەســت بــوون لــە هەمبــەر زمــان و فەرهەنــگ و وێــژەدا، کارێکــی کــردووە کــە ئیــتر شــێعر تــام و چێــژ بــە مرۆڤــی ئــەم ســەردەمە نابەخشــێ. مــن بــەش بــە حاڵــی خــۆم هیــچ چێژێــک لــە شــێعری زۆربــەی شــاعیرانی دوای ســاڵی دوو هــەزار وەرناگــرم، بێجگــە لــە چەنــد کەســیان نەبــێ کــە پشــتیان لــە پێشــینەی خۆیــان نەکــردووە. جــا یــان مــن تێ‌ناگــەم یــان ئــەو شــێعرانە هیچیــان پــێ نییــە. دیــارە لاســایی کردنەوەیەکــی کوێرانــەش تووشــی ئــەو پەتایــەی کــردوون. مــن دژی نوێخــوازی و مودێرنیتــە بوونــی شــێعر نیــم، بــەڵام بــاوەڕم وایــە دەبــێ لــە ســەر بناغــە و هێمــی ڕابــردووی پتــەوی خۆمــان بینای مودێرنیتــە و نوێخــوازی ســاز بکەیــن. تــا چەنــد ســاڵ لەمەوبــەر زۆر دەنگــی ڕەســەن و شــاعیری باشــمان هەبــوو کــە ئاســۆی شــێعری کوردیــان ڕوونــاک کردبــۆوە و جێگــای هیــوا بــوون، بــەڵام بــە داخــەوە بــە هــۆی چاولێکــەری

و کارتێکەریی ئەدەبی بێگانە بە تایبەت ئەدەبی ڕۆژئاوا کە زۆر لە هەست و ڕۆحی ئێمە دوورە، تووشی سەرلێشێواوی بوون و وەرگێڕانی هەڵەی شێعری ڕۆژئاوا بە جارێ چەواشەی کردوون و بە ڕاستی خوێنەر وا لە شێعرەکانیان بێزار بووە جاری وایە بێزی هەڵدەستێ و هەست بە ڕشانەوە دەکا بە بیستن یان خوێندنەوەی بە ناو شێعرێکی ئەمڕۆ. با زۆر خوێنی خۆم تاڵ نەکەم و بێمەوە سەر باسی جوانی و خەیاڵ و وێنە لە شێعردا.

یەکێک لە مەکتەبە ئەدەبییەکان ناتورالیسم واتە سروشتخوازییە. سروشتخوازی و بە تایبەت تەشخیس یەکێک لە سەنعەتە گرینگەکانی شێعرە. جگە لەوەی شێعری بەهارینە و وەسف کردنی وەرزەکانی ساڵ و جوانییەکانی سروشت و شاخ و باخ و دەشت و دۆڵ و چۆم و با و باران و گوڵ لە شێعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە، خوازە و تەشخیس و شوبهاندنیش یەکێک لە بەرچاوترین لایەکانی شێعرە و دەکرێ بڵێین ڕۆحی شێعرە.ماویەتی

کاتێک ڕاستەوخۆ باسی سروشت دەکەین، ڕەنگە وەسفێکی ئاسایی بێت و هەر ئەو جوانیانە بێ کە خەڵکی ئاساییش دەیبینن و تاریفی دەکەن. وەک: دەشت و دەر دەڵێی بەهەشتە. هاوینەکەی هێندە گەرمە ئاور دەبارێ. بە دیتنی پاییز پیاو دڵی تەنگ دەبێ. باران وەک گۆزەی سەرەوبن دێتە خوارێ. بەفر وڵاتی سپی پۆش کردووە و دەیان تاریفی تر. بەڵام هەستی شاعیرانە و ڕوانگەی تایبەت و پڕ لە وردبینیی شاعیر جیاوازە. لە بەر چاوی شاعیر بەرد و دار و دڕک و داڵ و شاخ و باخ و باران و با و تیشک و تریفە و پووش و پەڵاشیش گیانلەبەرن. چەکەرەی گیا خاک ماچ دەکا. دار باوەش لە یەکتر وەردێنن. تیشکی خۆر دەست بە ڕوومەتی چیادا دێنێ. گوڵ لێویان بۆ ماچی تیشک دەکەنەوە. سروە عارەقەی سەر ڕوومەتی گوڵ دەسڕێ. شەوبا شەوبۆ دەلاوێنێ. مانگ لەبەر ئاوێنەی ڕووبار، قژی خۆی شانە دەکات. گژەبا چاوی خۆر پڕ دەکاتەوە. چنگی گەردەلوول کوڵمەی خاک دەڕووشێنێ. بەردی دەستی زریان ئاوێنەی چۆم دەچرژێنێ. چیا ئەسپێکی یاخییە و لە بەر دەمی تۆفاندا سمکۆڵان دەکا. تیشکی خۆر خۆی لە چنگی با ڕادەپسکێنێ. چۆم هەژدیهایەکی تووڕەیە و لە گەردنی چیا ئاڵاوە. چنگی زریان کۆرپەی گەڵا لە باوەشی دایکیان دەڕفێنێ و هەزاران هەزار وێنە و وەسف و تەشخیس و خوازەی تر.

شـێعر تەنیـا کێـش و سـەروا نییـە و ئـەو وێنـە و هونـەرە شـێعرییانە و ئـەو خەیاڵـە ناسـکانە دەقـی شـێعری دەخوڵقێنـن. قسـەی ئاسـایی ئەگـەر بـە باشـترین و جوانتریـن کێش و سـەرواش بڕازێتـەوە، شـێعر نییـە. جیاوازیـی نێوان نـەزم و شـێعر لـەو خەیـاڵ و وێنـە دەگمەنانەدایـە، کـە لـە پانتایـی هەسـتی شـاعیردا سـەرهەڵدەدەن. ئەگـەر هەمـوو دەقێکـی کێـش و سـەروادار بـە شـێعر حیسـاب بکەیـن، دەبـێ بڵێیـن هەمـوو کـەس شـاعیرە و شـاعیران بـە گـەردی شـایەرەکان ناگـەن! شـاعیرەکانیش جـاری وایـە نـەزم دەنووسـن و هەمـوو ئـەو دەقانـەی دەینووسـن شـێعر نییـە.

کابرایەکـی بەسـتەنی فـرۆش دەهـات بـۆ گەڕەکـی ئێمـە و ئـاوا بـە بەسـتەنییەکەیدا هەڵدەگـوت: «بەسـتەنیی کەریـم تـەڵا/ دوور بـی لـە دەرد و بـەڵا/ وەرنـە دەرێ منـداڵان/ دامەنیشـن لـە مـاڵان/لاق لـە عـەرزی خشـێنن/ پـووڵ لـە دایکتـان بسـتێنن». ئەمـە ڕاسـتە وتەیەکـی ڕەوان و کێـش و سـەرواداره بـەڵام شـێعر نییـە. یـان ئـەم نەزمـەی خاڵـە عەزیـزی شـەربەت فـرۆش: «شـەربەتی خاڵـە عەزەیـە/ سـارد و خـۆش و بـە مەزەیـە/ دەرمانـی دڵەکزەیـە». یـان ئـەم وتـە بـاوەی خەڵکـی ئاسـایی: «هێنـدە زلـە دەڵێـی فیلـە/ زلـتر لـە کێـوی قەندیلـە» و...

شـێعر یانـی خەیـاڵ و هەسـتی ناسـکی شـاعیرانە. بـۆ وێنـە: ئاسـمان هـەور و هەڵایـە، ئـەوە ڕسـتەیەکی ئاسـاییە. بـەڵام کـە دەڵێیـن: ئاسـمانی دڵـم هـەور و هەڵایـە! وێنەیەکـی خەیاڵاویـمان خوڵقانـدوە. یـان: ئـەم خەڵکـە بـۆ وا دڵتەنگـن؟ دیسـان ڕسـتەیەکی ئاسـاییە. بـەڵام کـە دەڵێیـن: ئـەم شـەقامانە بـۆ وا دڵتەنگـن؟ دەبێتـە ڕسـتەیەکی شـاعیرانە. هـەر بۆیـە بـە وشـە و ڕستەیەکی ناسـک و خەیـاڵاوی دەڵێـن چەنـدە شـاعیرانەیە! ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە شـاعیر خاوەنـی هەسـت و خەیاڵێکـی باریـک و ناسـکە و بـۆ دیتنـی ڕووداو و کارەسـاتەکانی کۆمەڵـگا وردبینـە و ئـەوەی خەڵکـی ئاسـایی بـە ئاسـانی بـە پاڵیـدا تێدەپـەڕن، شـاعیر بـە جۆرێکـی گەورەتـر و زیندووتـر دەیبینـێ. هونەری شـاعیریش هـەر ئەوەیـە. هەسـتی شـاعیری شـتێکی خۆمـاک و زاتییـە و کەسـێک خـۆی ئـەو هەسـتەی نەبـێ، ناتوانـێ بـە دەسـتی بهێنـێ. نووسـینی شـێعر بـە دوو شـێوەی هەوڵدەرانـە و قوڵپدەرانـە (کوششـی و جوششـی) دەخوڵقـێ. هەمیشـەش ئـەو شـێعرانە لـە دڵ دەنیشـن و بەرگـی هەرمـان لـە بـەر دەکـەن، کـە بـاری قوڵپدەرانەکـەی زیاتـرە و زیاتـر ئاوێتـەی خەیـاڵ و هەسـتی ناسـکی شـاعیرانەیە. هەڵبـەت ئەگـەر بـاری هەوڵدەرانەکەشـی لەبـەر

چاو نەگیرێ، دەبێتە دەقێکی ساکار و بەری لە هونەر و جوانی. بۆیە زۆربەی ئەو دەقە ساکارانەی بە بێ بیر لێکردنەوە و هەوڵ بۆ دان و ئاوێتەی هونەر کردن دەنووسرێن، شتێکی کاڵ و نەوەکام و بێ تامن و خوێنەر هیچ چێژێکیان لێ وەرناگرێ. کاتێکیش نووسەری دەقەکە باری هەوڵدەرانەکەی دەباتە سەرێ و هەستە قولپدەرانەکەی لاوازە، دەقێکی ڕەق و تەق و وشک ساز دەبێت و کە دەیخوێنینەوە، هەست بە ماندوو بوون دەکەین و چێژی لێ وەرناگرین. بۆیە لە قەدیمەوە گوتوویانە: «هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مانا.»

یەکێکی تر لە ماکە سەرەکییەکانی شێعر عەشقە. من ئاشقی هەموو جوانییەکانی ژیانم. بە ڕاستی مرۆڤیش بە ئەشقەوە مرۆڤە. دەنا لەگەڵ ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی سەرزەوی چ جیاوازییەکی هەیە؟ بڕوا بکەن مرۆڤی بەری لە ئەشق، لە هەموو دڕندەیەک مەترسیدار و بێبەزەییترە. هەر وەک فەرەیدوون موشیری شاعیری فارس دەڵێ: هیچ حیوانی بە حیوانی نمیدارد روا/ آنچە این نامردمان با جان انسان میکنند! دیارە ئەوانە لە ئەشق دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە دەتوانن دەست بۆ ئەو جینایەتانە بەرن. مرۆڤێک کە مانای ئەشق بزانێ ناتوانێ هیچ زیندەوەرێک بکووژێ، جا کوشتنی مرۆڤ هەر باسی مەکەن. ئەشق تەنیا خۆشەویستیی ئافرەت نییە. ئەوینی ئافرەت بەشێکی زۆر کەمی ئەشقی مرۆڤە. کەسانێکیش هەن کە تەواوی ژیانیان بۆ خۆشەویستی ژن تەرخان دەکەن، یان ژن ژیانی بۆ ئەشقی پیاو تەرخان دەکا، کە هەموو ئەو ئەشقانە ئەگەر هەزاران ڕێگاش بگرنە بەر، ئاخری هەر دەگەنەوە سەر ڕێگایەک کە ئەشقی مرۆڤایەتی و ژیانە. ئەو ئەشقە ئەگەر مرۆڤ بە ڕاستی و بە ڕۆح و گیانەوە هەستی پێ بکا و لە قووڵایی خۆیدا بیدۆزێتەوە، بە کەماڵ دەگا و ناتوانێ بیر لە چکۆلەترین کردەوە بکاتەوە کە کەمترین زیانی بۆ ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا و سروشت و خاک و وڵاتەکەی هەبێ. من ئاشقم، ئاشقی ژیانم، ئاشقی خەڵکم، ئاشقی هەموو گیاندار و بێ گیانێکم. ڕەنگە هێندێ جار لە کەسێک یان لە شتێک تووڕە بم و ببێتە هۆی ڕق هەستانم، بەڵام لەو کاتەشدا هەر خۆشم دەوێ و ناتوانم ڕقم لێی بێ. بڕوا بکەن ئەو کەسەی لە هەموو کەس دڵڕەقترە و زیانبارترە، من زیاترم بەزەیی پێیدا دێ. ناچارم خەمی بۆ بخۆم، پێم گوناحە، بە ڕاستی ئەو جۆرە کەسانە زۆر بەدبەخت و

چارەڕەشن. تەنانەت دیکتاتۆرەکان، ئەوان لە هەموو کەس چارەڕەشترن چونکە مانای ئەشق نازانن. تامیان لە خۆشەویستیی خەڵک نەکردووە. ئەگەر مانای خۆشەویستییان زانیبایە و ئاشق بوایەن، نەیاندەتوانی لە کۆمەڵگاکەیاندا مزیڕ و ماریز بن، ئیزنیان بە خۆیان نەدەدا ببنە هۆی ئازار و ماڵ وێرانی و مردنی خەڵک. بۆیە خەمیان بۆ دەخۆم و ناتوانم ڕقم لە ئەوانیش بێ.

جا ددانی پێدا دەنێم ئاشقم ئاشقی جوانی، لە گوڵجارێکدا چۆن گوڵەکان سەرنجم ڕادەکێشن و پێم جوانن، هەر ئاواش مرۆڤم پێ جوانە و حەز بە دیتنی دەکەم. جا نێر و مێ لە منداڵەوە هەتا پیر. زۆر چاوچوو و جوان پەرستم و جاری وایە چاو لە جوانان ناترووکێنم، بەڵام بڕوام پێ بکەن چاو حیز نیم. چونکە ئەوەندەم خەڵکەکەم خۆش دەوێ قەت ئیزن بە خۆم نادەم بە چاوی خەیانەتەوە لە ناموسەکەیان بڕوانم. زۆر جار کەوتوومەتە بەر تیری مۆڕە و نقورچکی لچ هەڵقورتاندنی کچان و ژنان، چونکە چاوم تێ بڕیون و بە وردی سەرنجیان دەدەم. ناهەقیشیان ناگرم، خۆ ئەوان نازانن من ئاشقی جوانیم. ئەوین بەهانەی ژینە، یان خودی ژیانە. چونکە ئەوین نەبێ ژیانیش نابێ. جا هەر کەسە و ڕوانگەی خۆی هەیە بۆ ئەو ئەوینە. ئەوینداری ڕاستەقینەش من نازانم فەلسەفە و مەلسەفەی بۆ داتاشم و بڵێم دەبێ ئاوا بێ و ئاوا نەبێ؛ ئەوەندە نەبێ وەک کەسێکی ئاشق دەڵێم دەبێ ئەویندار یەک ڕەنگ بێ.

زۆر جار شاعیرە گەنجەکان دێن بۆ لام و دیارە خاوەنی هەستێکی شاعیرانەن و زۆریش ناسک خەیاڵن، بەڵام لە خوێندنەوە و کۆکردنەوەی ئەزموون نامۆن و خۆیانی بۆ ماندوو ناکەن. لە کتێب و ئەزموون و قوتابخانە شێعرییەکانی ڕابردوو بێ خەبەرن و هەوڵ نادەن بیانناسن. لە سەر یەک با بڵێین لانیکەم با شێعر بناسن. بە داخەوە هێندێکیان دەڵێن ئەگەر شێعری شاعیرانی تر بخوێنینەوە، دەکەوینە ژێر کاریگەرییان و بەو بەهانەیە خۆ لە قەرەی کتێب نادەن. هێندێکیشیان پێیان وایە ئەوەی بە دەمیاندا هات، دەبێ بینووسن و بیخەنە سەر کاغەز و ناوی بنێن شێعری سپی! هێندێکیش خۆیان بە کێش و سەرواوە جەڕەبابە دەدەن و کۆمەڵێ وشەی ڕەق و تەق لە قاڵبێکی تێکەڵ پێکەڵ دەگرن و ناوی دەنێن شێعری کلاسیک! بە داخەوە هیچ کامیشیان نازانن شێعری سپی و شێعری کلاسیک چییە و تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو قوتابخانە شێعرییە چین؟

من هەمیشە بەو لاوانەم گوتووە و لێرەشدا دەیڵێمەوە، تەنیا بە خوێندنەوەی زۆر و بەردەوام و ماندوویی نەناسی دەتوانین ببینە شاعیر. دەبێ شاعیرانی پێش خۆمان و سەبک و شێوازەکانیان بناسین و شێعرەکانیان لەبەر بکەین. لە کاتی خوێندنەوەی شێعرەکانیاندا لە سەر وێنە و ئیماژ و خوازە و ڕێکوەندەکان هەڵوەستە بکەین و لێی ورد بینەوە و بیری لێ بکەینەوە. بە قەولی کوردی: «بە چاوی مشتەری لێی بڕوانین».

زۆر جار بە گەنجەکان دەڵێم دەقەکەتان جوانە بەڵام بۆخاوی لێدێ. دەستاوەکەتان بێ تام و خوێیە. وەک ئاشپەزێک کە گۆشت و برنج و ڕۆن و خوێ و هەموو پێداویستییەکانی چێشتی لەبەر دەست بێ بەڵام نەزانێ چۆنی لێبنێ. دیارە چێشتی ئاوا بێ تام و خوێ ڕەنگە زۆر ناخۆشیش بێ. شاعیر دەبێ خوی ماندوو بکات و فێری ئەو چێشت لێنانە ببێ. خۆ ناکرێ برنج و گۆشت و ڕۆن و خوێ و بیبار و زەردەچێوە و لەپە و باقلە هەمووی تێکەڵ بکەین و لە مەنجەڵێکدا بیکوڵێنین و لە هیچ شتێک نەچێ جگە لە چێشت و چاوەڕوانیمان لە میوانەکانیشمان بێ بیخۆن! شێعریش هەر وایە. کارێکی گۆترە و ئەڵڵاقۆیتاسی نییە و هەوڵ و ماندوو بوونی دەوێ.

هێندێک لە لاوەکان کاتێک ئەوەیان پێدەڵێم لێم دڵمەند دەبن و دەڕۆن. یان دەڵێن تازە دەست بۆ نووسین نابەین. یان بە کەسانی دیکەدا گلەییم بۆ دەنێرنەوە. بەڵام بە داخەوە من ناناسن. من لە خۆشیانا وەختە هەڵفڕم، کاتێک دەبینم ئەو لاوانە ئاوڕ لە فەرهەنگ و ئەدەبی گەلەکەیان دەدەنەوە. حەز دەکەم فێری خوێندنەوە بن و ببنە کەسێکی شارەزا و بە ئەزموون. شادی و خۆشیی من ئەو کاتەیە کە شاعیرێکی لاو دێ بۆ لام و دەقێکی باشم بۆ دەخوێنێتەوە، یان هەست دەکەم لە باری خوێندنەوە و ئەزموونەوە پڕە و شێعر دەناسێ. خۆیان دیتوویانە زۆر جار لە خۆشیانا دەست دەکەم بە گریان. چونکە دڵخۆش دەبم کە دەبینم ئەو ڕێگا پیرۆزە بێ ڕێبوار نابێ. کێشەکە لەوەدایە لاوەکانمان زۆر بە پەلەن و دەیانەوێ هەر لەڕێوە ببنە شاعیرێکی ناسراو و ناوبانگ دەربکەن؛ لە بیرمە خۆشم وابووم. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەوە بۆ هیچ کەس نالوێ و «هیچ کەس لە پڕێ نابێ بە کوڕێ!» لاوەکان ئەگەر دیانەوێ ببنە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند بە گشتی، نابێ لە ڕەخنە بترسن و ڕەخنە بیانڕووخێنێ. بەڵکوو

دەبێ وەک شووشە وابن و هەتا بیانشکێنن ئەوان تیژتر بن.

لە بیرمە ئەو کاتەی تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، دەچوومە خزمەت مامۆستا حەقیقی و شێعرەکانم بۆ دەخوێندەوە. بە وردی گوێی بۆ رادەگرتم و دەیفەرموو: شتێکی جوانە بەڵام بۆکاڵی لێدێ، یان دەیفەرموو هێندێ نیسکەشۆری دەوێ! ئەو کاتە هێندێ لە دڵم گران دەهات و ئەو نووسینەی خۆم زۆر بە شتێکی باش دەزانی و عەیبەکانیم نەدەدی. ساڵی یەکەم کە دەستم کردبوو بە نووسین، شێعرەکانم کۆکردبۆوە و دەمویست چاپی بکەم. بۆ گۆڤاری سروەم دەناردن بڵاویان نەدەکردەوە. دیارە لاواز بوون بۆیە بڵاویان نەدەکردنەوە. دەفتەری شێعرەکانم بردە خزمەت مامۆستا حەقیقی و چەند شێعرم بۆ خوێندەوە و گوتم دەمەوێ چاپی بکەم و بۆ چاپ کردنی کتێب دەبێ چبکەم؟ فەرمووی جارێ زووە، ماوتە شێعر بناسی. ئەگەر دەتەوێ ببی بە شاعیر پەلە مەکە. ئەگەر لە خوێندنەوە بەردەوام بی، خۆت تێدەگەی دەڵێم چی.

باش بوو ئەو کاتە کتێب چاپ کردن زۆر کارێکی دژوار بوو و نەمتوانی چاپی بکەم و بە قسەی مامۆستا حەقیقیم کرد. دەفتەری شێعرەکانم کە دەفتەرێکی شەست بەرگی بوو و پڕم کردبۆوە و لە ماڵێ لە سەر کومێدەکەم دانابوو، شەوێ کە چووم دەفتەرەکە بێنم دیار نەبوو. پرسیارم کرد دایکم گوتی: ئەو دەفتەرەی سەر کومێدەکە؟ وەڵڵا لەگەڵ دوو دەفتەری کۆنی دیکە دام بە مام عەبڵای تووفرۆش.

دایکم کە دیتبووی لاپەڕەی سپیی نەماوە لەگەڵ دەفتەری مەشقی عەلی برام دابووی بە مام عەبڵای تووفرۆش کە لاپەڕەکانی لوولە دەکرد و تووی گوڵەبەڕۆژەی بۆ خەڵک تێدەکرد. کە ئەوەی گوت هەر ئەوە بوو شێت نەبووم. خۆ بەو شەوە دەستم بە مام عەبڵا نەدەگەیشت و ماڵەکەشیانم نەدەزانی. بە گژ دار و بەردا دەچووم ڕقم وا هەستابوو بەردم بەبا دەکرد. ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت. بەیانی ئامین و عەلی و مریەم و حەسەنی برام کە لە خۆم چکۆڵەتر بوون، هەریەکی ناردمن بۆ کۆڵانێک بەشکوو مام عەبڵا بدۆزنەوە، بەڵام مام عەبڵا هەتا سێ ڕۆژ نەهاتەوە بۆ گەڕەکی ئێمە و کە هاتەوە یەک لاپەڕەشی پێنەمابوو. لەگەڵ مام عەبڵا چووم بۆ ماڵەکەیان و چاوم لە کەلوپەلەکانی کرد لە ماڵێش نەبوو. هەمووی کردبووە لوولە و تووی بۆ خەڵک تێکردبوو. هەتا مانگێکیش هەر پەڕە کاغەزێکم لە کولانەکان دەدی

هەڵمدەگرتەوە و بە هیوا بووم یەکێک لە شێعرەکانم بێ، بەڵام چاوم پێیان نەکەوتەوە. دواتر کە دەستم کرد بە خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ و زیاترم متاڵا کرد و شێعرم ناسی، بۆم دەرکەوت ئەوانە تەنیا هێندێ وڕێنەی گەنجانە بوون و ئەگەر دایکیشم بەو دەردەی نەبردایەن خۆم دەمفەوتاندن. ئیتر بیرم لە کتێب چاپ کردن نەکردەوە هەتا ساڵی ١٣٧٦ واتە دوای دە ساڵ یەکەم بەرهەمی شێعریم بە ناوی (تاپۆی وەرزێکی سەوز) بڵاو کردەوە.

لە چوار وەرز و قۆناخی ژیان دوو قۆناخی واتە بەهار و هاوینەکەم تێپەڕاندووە و لە ئاخر و ئۆخری پاییزەکەیدام و چاوەڕوانی هاتنی زستانی تەمەنم! سەرماوەزی ژیان زوقم و سیخوار و کەڕەسیسەی لە سەر و ڕوخسارم پڕژاندووە و دێوەزمەی پیری چاوم لێدادەگرێ و ناچارم بەرەو پیری بچم!

لە بۆتەی شێعردا قاڵ بووم و لە هەموو قاڵبە شێعرییەکاندا خۆم تاقی کردۆتەوە؛ خۆشم و ئەدەبدۆستانیش و خوێنەری شێعرەکانیشم دەزانین لە غەزەلدا زیاتر توانیومە دەقی شاز و پڕ کاکڵ بنووسم. ئەگەرچی ئێستاش هەر لە حاڵی ئەزموون کۆکردنەوە و تاقیکاری دام و لە سەر ئەو بڕوایەم شاعیر و نووسەر و هونەرمەند بە گشتی لەو ڕۆژەوە دەست دەکەن بە نووسین و چالاکی، دەبێ خەریکی ئەزموون کۆکردنەوە و تاقیکاری بن و بەو بڕوایە بگەن کە هونەر سنوور و قۆناخی نییە و وەک ئاسمانی بێ بن وایە، هەتا زیاتر بڕۆی و بیپشکنی ئەستێرە و هەسارەی زیاتر دەدۆزییە و هیچ کەس لە شێعردا ناگاتە لووتکە و دوا قۆناخ و شوێنی مەبەست، مەگین ماندوویی تووشی وێستانی بکات یان لە نیوەی ڕێگادا لە پێ بکەوێ، یان مەرگ نەهێڵێ لەوە زیاتر درێژە بەو ڕێگایە بدات. بۆیە دەتوانم بڵێم هیچ کەس لە شێعردا ناگاتە لووتکەی مەبەستی خۆی، بە قەولی «هێمن»ی نەمر:

گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو
ڕۆژێ کەچی ڕوانیم
لە پێشم دایە زەرد و ماهـ و سەخت
و ئەستەمێکی تر
غەزەل یەکێک لەو قاڵبە شێعرانەیە هیچ کات کۆن نابێ و گۆڕەپانی هونەر و جوانکاری و ڕەوانبێژی و سەنعەتی شێعرییە. زۆربەی شاعیران شێعرە باش و هەرمانەکانیان غەزەلەکانیانە. غەزەلی ئەوەندە پاراو و ناسکیان خولقاندووە،هیچ کات تۆزی کۆن بوونیان لە ڕوو نانیشێ. منیش زیاتر لە هەموو قاڵبەکانی دیکە گرینگیم بە غەزەل داوە و عاشقی غەزەلم. غەزەلی ئەوندە پاراو و

ناسک و نەمریان خولقاندووە هیچ کات تۆزی کۆن بوونیان لە ڕوو نانیشێ. هەڵبەت لە قاڵب و بوارەکانی دیکەشدا شاعیران دەقی زۆر باش و ناوازەیان خولقاندووە. منیش هەر بە غەزەل دانەکەوتووم و قاڵبی چوارینە و دوو بەیتی و مەسنەویشم تاقی کردۆتەوە و خۆم لە قەرەی چوارپارە و شێعری نوێش داوە. دڵنیاشم لە چوارینە فەلسەفییەکان و دوو بەیتییە عاشقانەکان و مەسنەوی و شێعرە نوێیەکاندا توانایی خۆم نیشان داوە و ڕووی مەجلیسیان هەیە.

هیوادارم توانیبێتم ئاوێنەی دڵی ئەو کەسانە بم کە خۆشم دەوێن و خۆشیان دەوێم. هەروەها بتوانم ئەو دڵانە پڕشنگ باران بکەم کە خۆشم دەوێن و نازانن و خۆشیان دەوێم و نازانم.

تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی خوارەوەم چاپ کردووە.

١) تاپۆی وەرزێکی سەوز، کۆمەڵەشێعر، چاپخانەی شوعاع، تەورێز، ١٩٩٧
٢) شەوەژانی ئەستێرەیەک، کۆمەڵەشێعر، تاران، نشر عابد، ٢٠٠٠
٣) مەرگەخەون، کۆمەڵەشێعر، تاران، نشر پیام امروز، ٢٠٠٣
٤) دیسان لەو شەقامانەوە، کۆمەڵە چیرۆکی بیژەنی نەجدی، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٥ هەولێر
٥) تەپڵی ئاور، کۆمەڵە چیرۆکی بیانی، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٥ هەولێر
٦) جێگای بەتاڵی سلووچ، ڕۆمان، مەحموودی دەوڵەتئابادی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦
٧) خۆر و لاولاو، کۆمەڵە شێعری منداڵان، بۆکان، چاپخانەی داهاتوو ٢٠٠٧
٨) یەکگرتن، چیرۆکی منداڵان، قودسی قازی نوور، وەرگێڕان، ئاراس، ٢٠٠٧ هەولێر
٩) برایانی کارامازۆف، ڕۆمان، فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧
١٠) خولیای نووسین، کۆمەڵە وتار، ڕەزا بەراهەنی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٨
١١)فەرهەنگی ڕێژگە (ئەو وشانەی لە هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون)، موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩
١٢) کەڵەشێری ورگن، چیرۆکی منداڵان، فۆلکلۆر؛ نووسینەوە، بۆکان، ئیزیرتوو، ٢٠٠٩
١٣) تازیەبارانی بەیەل، ڕۆمانی غوڵامحوسێن ساعیدی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر، ٢٠١١
١٤) مەرگی ئیڤان، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١١

١٥) دار وپەپوولـە و ڕووبـار، چیرۆکـی منـداڵان، فەریـدە شـەبانفەر، وەرگێـڕان، ٢٠١١
١٦) دیلـی قەفقـاز، ڕۆمـان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر ٢٠١١
١٧) باوکـە سـێرگی، ڕۆمـان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر ٢٠١١
١٨) ئاغـا و نۆکـەر، ڕۆمـان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر ٢٠١١
١٩) هاوسـەرگیری بەختەوەرانە، ڕۆمان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، هەولێـر، خانـەی کتێبـی ئاوێـر ٢٠١٢
٢٠) نارنجـی فڕیـن، کۆچیـرۆک، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، سـلێمانی، ٢٠١٢

٢١) ئانـا کارنینـا، ڕۆمان، لیۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر، ٢٠١٢
٢٢)سـترانی شـەپۆلەکان، شـێعری هاوچەرخـی فـارس، وەرگێـڕان، یەکیەتیـی نووسـەران مەڵبەنـدی گشـتی، هەولێـر ٢٠١٢
٢٣) شـنەی پشـکووتن، دیوانـی شـێعر، ناوەنـدی بڵاوکردنـەوەی کۆڵەپشـتی، تـاران ٢٠١٣
٢٤) کازاخـەکان، ڕۆمان، لیۆ تۆلسـتۆی، وەرگێڕان، موکریانـی، هەولێر٢٠١٤
٢٥) شـەیتان، ڕۆمـان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر ٢٠١٤
٢٦) سـۆناتای کرۆیتیزێـر، ڕۆمـان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر ٢٠١٤
٢٧) پەسـڵان، ڕۆمـان، لیـۆ تۆلسـتۆی، وەرگێـڕان، موکریانـی، هەولێـر ٢٠١٤
٢٨) حاجی مراد، ڕۆمان، لیۆ تۆلسـتۆی، وەرگێڕان، موکریانی، هەولێر ٢٠١٤
٢٩) پۆلیکۆشـکا، ڕۆمان، لیۆ تۆلستۆی، وەرگێـڕان. چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٧
٣٠) زایەڵـەی شـاخ و قیـژەی گوڵەبـاخ. کومەڵـە شـێعر، بـوکان ٢٠١٨
٣١) مزرۆکـە، نەقـڵ و هەقایەتەکانـی محەمـەد فەیـزی، نووسـینەوەی ئەمیـن گەردیگلانـی، چاپـی یەکـەم، پەخشـانگایزانکۆ، بـۆکان٢٠١٩
٣٢)پاییـز! زسـتان بەڕێوەیـە، کـۆی بەرهەمـە شـێعرییەکانی ئەمیـن گەردیگلانـی، چاپـی یەکـەم، پەخشـانگای ئامیـار سـنە ٢٠٢١
٣٣) شـارەزاییە بنەڕەتییەکانـی ژیـان، نووسـینی دۆرۆسـی ڕیچ، وەرگێڕان، چاپـی یەکـەم، پەخشـانگای زانکـۆ بـۆکان، ٢٠٢٢

# شیعر بۆ من چییە؟

ڤینۆس فایەق



"ئەگەر هەستم کرد تەپڵی سەرم لێکراوەتەوە، تێدەگەم ئەوە شیعرە".
ئێمیلی دیکنسۆن

بۆ ئەوەی باس لە ئەزموونی نووسین، و بەتایبەت نووسینی ئەدەبی، وەکوو شیعر، پەخشان، چیرۆک و رۆمان بکەین، دەبێت بپرسین: بۆچی نووسەر ئەنووسی؟ بۆچی شیعر، چیرۆک یان رۆمان؟ چونکە لەوێوە ئەتوانین وردتر باس لە مێژوو و هەلومەرجی سەرهەڵدانی ئەزموونی نووسینمان بکەین.

ئێمە مرۆڤین، بەڵام وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی لە ژیان ناڕوانین، ئێمە ژیان بە چەند دیوێکیدا ئەزموون دەکەین، ئەوەی لە کەسانی ئاسایی جیامان دەکاتەوە، ئەوەیە ئێمە ئەوەی تیایدا دەژین و ئەزموونی دەکەین تۆماری دەکەین، چ بە شیعر بێت، یان لەسەر زمانی کارەکتەرەکانی چیرۆک یان رۆمانێکەوە یان لە وتارێکدا تەوزیفی دەکەین. نووسین هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە خۆمان پێش ئەوەی لەوانی تر تێبگەین. هەندێ نووسەریش دەڵێن: دەنووسم بۆ ئەوەی خۆم بەتاڵ بکەمەوە، ئەمە بە مانای ئەوەی شتی زۆر هەیە تەنگ بە مێشک و خەیاڵی هەڵدەچنێت، لە چرکەساتێکدا پێویستی بە بەتاڵ کردنەوە ئەبێت، دواجار ئەو خۆبەتاڵکردنەوەیەش هەوڵێکە بە ئاراستەی تێگەیشتن لە خودی خۆی و هەروەها دەوروبەری.

دەڵێن تۆ وەکوو نووسەر دەنووسی بۆ ئەوەی شتێک لە خۆتا بگۆڕیت، یان لە دەوروبەرت یان ئەو جیهانەی بەشێکیت لێی. بە ئامانجی ئەوەی بەرهەمێکی بە سوود دوای خۆت بۆ نەوەکانی دوای خۆت بە جێبهێڵیت. هەرچەندە من باوەڕم بەوە نیە بەهۆی نووسینەوە نووسەر هیچ لە خۆیدا بگۆڕێت بەڵکوو دەتوانێت پەرە بە خۆی بدات، بەڵام گۆڕینی خود پرۆسەیەکە بە تێگەیشتنی من پەیوەندی بە زۆر فاکتەری ترەوە هەیە جگە لە نووسین. هەروەک باوەڕیشم وایە بە ئەدەب ئیمکانی گۆڕینی جیهان مەحاڵە، ئەسڵەن ئەرکی گۆڕینی جیهان هیچ ناکەوێتە سەر شانی شاعیر یان چیرۆک یان رۆماننووس. چونکە ئەو چرکە ساتەی کە دەست دەدەیتە قەڵەم خەیاڵت بەتاڵ دەکەیتەوە سەر کاغەز، بیرت لای ئەوە نیە چی لە دەرەوەی خۆت یان لە جیهاندا بگۆڕیت. ئەدەب لەوە دەستەپاچەترە لە توانایدا بێت جیهان بگۆڕێت. چونکە بنەمای سەرەکیی گۆڕینی جیهان سیاسەت و ئابوورییە، و ئەوانەی لە دەستییاندایە جیهان بگۆڕن لە هەرەمی سەرەوەی

دەسەڵاتدان، و دواجار ئەدەب کایەیەکی زۆر جیاوازە لە هەردوو کایەی سیاسەت و ئابووری، بەڵکوو تۆ لە ناخ و ناواخنی خۆتی نووسەر دوورتر ناکەوێتەوە، ئەو وەختەی بە ئاڕاستەی سیاسەت یان ئابووری ڕۆشتی ئیتر دوا سڵاو لە ئەدەب دەکەی.

بە پێچەوانەی نووسینی تری وەکوو وتار و لێکۆڵینەوە و تەنانەت هەندێ چیرۆک و ڕۆمان کە لە سەر بنەمای گێڕانەوە بینا دەبن، شیعر لە رووی هەست و سۆزەوە قووڵترە، لە توانایدایە باس لە هەموو شتێک بکات بە لام بە زمانێکی جیا لە زمانی ئاسایی ئاخاوتن و جیا لەو زمانەشی وتاری پێ دەنووسرێت، بۆ من دەست خستنە سەر جوانی و ناشرینییە نەبینراوەکانە، گوتنی ئەو شتانەیە کە بە زمانێکی ئاسایی ناگوترێن، پەی بردنە بە جوانییە شارراوەکان، دۆزینەوەی تروسکاییەکان لەناو تاریکییەکاندا، گۆڕینی شتە ئاساییەکان بە نائاسایی و پێچەوانەکەشی راستە. شیعر گەڕانێکی بەردەوامە بەدوای ناشرینییەکان و دۆزینەوەی جوانییەکانی ناو قووڵاییان. شیعر بۆ من دۆزینەوەی سەرچاوەی ئازار و نەهامەتییەکان و خۆشبەختی و بەختەوەرییەکانە. مەحموود دەروێش دەڵێت: «ئێمە دەنووسین چونکە ژیانمان خۆش دەوێت، نەک لەبەر ئەوەی دەزانین چۆن بژین». لەبەر ئەمەشە شاعیر کە دەنووسێت هەوڵ دەدات پرسیار بکات، زیاتر لەوەی وەڵام بداتەوە، چونکە بەلای منەوە شیعر پەیوەندیی شاعیر بە دەوروبەری و بە بیرۆکەی بوون و نەبوونەوە دروستدەکات و دادەڕێژێتەوە. چ بە قوبوڵکردنی واقیع بێت یان ڕەتکردنەوەی. شیعر نووسین بە لای منەوە لە هەندێ حاڵەتیدا وەکوو وێنە گرتن وایە، چرکەساتێکی ژیان لەناو وێنەیەکی شیعریدا پیشان دەدات و کامێراکە/ قەڵەمەکە دادەنێیت. شاعیر لە هیچەوە بابەتێک دروست دەکات و بە وشە ئەیخاتە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعرییەوە.

## سەرەتای سەرهەڵدانی ئەزموونی شیعریی من:

هەموو نووسەرێک و بەتایبەت شاعیر، لە هەلومەرجێکی ژیانیی تایبەت بە خۆیدا دەستی داوەتە نووسین. بەشبەحاڵی خۆم ئەو دەمەی دەستم دایە نووسین، لە تەمەنێکی منداڵیدا بووم، دەیان پرسیاری لە تەمەنی خۆم گەورەتر ئەو کاتە لە مێشکمدا بوون، و وەڵامم بۆ وەرنەدەگرتنەوە. دەوروبەرم لەوە بچووکتر دەیانبینیم کە ئەو

پرسیارانە بکەم یان وەڵامەکانیان وەرگرمەوە. پرسیارەکانم لەبارەی چەمکی نیشتیمان، گیانفیدایی و پرسی نەتەوەییمان بوو. تا وایلێهات خووم دایە نووسین لە جیاتی ئەوەی پرسیارەکانم ئاڕاستەی دەوروبەرم بکەم، هەستەکانم تۆمار بکەم.

بەردەوام پرسیارەکان تەنگیان بە مێشکم هەڵدەچنی و پێویستم بە بەتاڵکردنەوەی مێشکم بوو، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە خۆم بناسم، و لەلایەکی ترەوە لە دەروبەرم تێبگەم. هەستم دەکرد من دەنووسم بۆ ئەوەی چەندین جار بە دوای یەکدا نەمرم، - هەڵبەت مردن بە واتا مەجازییەکەی - جارێک کە پرسیار دەکەین و وەڵام وەرناگرینەوە و جارێکیش کە ناچار دەبین بێدەنگ بین. دواجار نووسینی شیعر گوزارشت نیە لە خۆشبەختی، بەڵکوو شێوازێکە لە شێوازەکانی خۆ قوتارکردن لە خنکان بە هۆی کەڵەکە بوونی پرسیارەکانی ناو مێشکمانەوە. هەروەها خۆ رزگارکردنە لە ونبوون لەناو واقیعێکدا کە رەنگە رەتی بکەینەوە و لە ناو دەقێکی شیعریدا وێنەی ئەو واقیعە بکێشین کە خەونی پێوە دەبینین، هەتا دەگاتە ئاستی ئەوەی شیعر دەبێتە ئەو تریاقەی ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت لە برینە نەبینراوەکانی ناو رۆحمان چاکمان دەکاتەوە.

ئەو سەردەمەی من دەستمدایە تۆمارکردنی هەستەکانم، نەمدەزانی ئەمە شیعرە یان چیە. باوکی رەحمەتیم دەیخوێندنەوە، ئەو یەکەم کەس بوو تێگەیشت لەوەی من ئارەزووی نووسینی شیعر دەکەم و هانی دام و رێنمایی کردم و فێری کتێب خوێندنەوەی کردم بۆ ئەوەی پەرە بە خۆم بدەم لە رووی ئەدەبییەوە.

بەوپێیەی ئەو سەردەمە لە سایەی رژێمی بەعسدا دەسکەوتنی کتێبە کوردییەکان سەخت بوو، یان قەدەخە بوون، بە خوێندنی شیعر و رۆمانە عەرەبییەکان دەستم پێکرد. هەرچی بکەوتایە بەردەستم دەمخوێندەوە، بە باش و خراپەوە. سەرەتای خوێندنەوەی شیعر بە شیعری سەردەمی جاهیلی دەستم پێکرد، لەوانە ئومروء ئەلقەیس، عەنتەرە، عەمرۆ بن کەلسووم. و دوای ئەوانیش شاعیرەکانی سەردەمی عەباسی: موتەنەبی و ئەبو ئەلعەلاء ئەلمەعەری، ئەبو العەتاهییە و بەشار بن برد... تاد.. لە شاعیرە نوێکانی عەرەبی: بەدر شاکر سەیاب، میخائیل نەعیمە، فەدوا طۆقان، ئیلیا ئەبوو مازی وئەبولقاسم الشابی، و هەروەها نزار قەبانی و مەحموود دەروێش و زۆری تر..


دوایی کە درکم بەوە کرد من دەبێت شارەزای شاعیرە کلاسیک و نوێکانی مێژووی ئەدەبی کوردی بم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی پیرەمێرد، نالی، موفتی، جگەرخوێن و هێمن و کامەران موکری، فایەق بێکەس و شێرکۆ بێکەس، قانیع و ئەخۆڵ و لەتیف هەڵمەت و زۆر شاعیری تر کە خۆم بە قەرزارییان دەزانم لە پەرەدان بە ئاستی ئەدەبیم.

بە گشتی ئەزموونی ئەدەبی من بە چەند ویستگەیەکدا تێپەڕی، هەر لە سەرەتاوە شیعرم نووسیوە، تا ئیستاش بەردەوامم. دوای راپەڕین وەکوو رۆژنامەنووس لە هەردوو رۆژنامەی ئیتیحادی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی و موئتەمەری زمانحاڵی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی، بە زمانی عەرەبی کارم دەکرد. هاوکات لە راگەیاندن دەستم کرد بە ئیشکردن، لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان سەرەتای دامەزراندنی، وەکوو بێژەر بە زمانی عەرەبی، هەروەها لە رادیۆی گەلی کوردستان، بە بەردەوامی ریپۆرتاژ و وتارم بە زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، جگە لە دیمانە رۆژنامەوانییەکان بەهەمان شێوە بە زمانی عەرەبی.

دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا لە هۆڵەندا جێگیر بووم، بەردەوام بووم لە کاری رۆژنامەوانی بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەروەها هاوکات پەیوەندیم بە زۆربەی زۆری رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان لە هەموو زۆرنەکان دروستکرد، وەکوو رۆژنامەی خەبات، کوردستان راپۆرت، و گۆڤاری گوڵان، و هەروەها بڵاوکراوەکانی حزبەکانی تریش بەهەمان شێوە. ئەمە لە باوەڕی خۆمەوە کە نووسین نابێت سنووری هەبێت، نووسەر دەبێت بێلایەن بێت، نابێت فاکتەرەکانی سیاسەت و حزبایەتی لە کاری نووسیندا رەچاو بکات. نابێت لە ژێر هیچ کاریگەرییەکدا بنووسێت، چونکە کە نووسین کەوتە ژێر هەر کاریگەرییەکەوە داهێنانی تیانابێت و جوانی خۆی لەدەست دەدات. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە نووسەر موڵکی هەموو خوێنەرێکە لە هەموو جێگەیەک. نووسەر دەبێت بۆ هەموو رەنگ و تەمەن و باگراوندەکان بنووسێت.

# ئەو شوێنەی چیرۆک لێی ناوەستێت

**جەلال بەرزنجی**



و گۆڕانی رەنگیان رۆژمێرییان بوون.

که ئاوڕ له ژیانم دەدەمەوە، دەزانم، له و کاتەی له دایک بوویم، تا منداڵی، مێرد منداڵی و گەورەیی به هێڵەکی راستدا نەرۆیشتووه. بۆ پێشەوە هەنگاوم ناوه، بۆ دواوه گەڕامەتەوە، لەبەر ئەوەی ژیانم پارچە پارچەیە، چیرۆکەکانیشم پارچە پارچەن، لەم وتارە هەندێک گرتەی هەستیار له ژاینم باس دەکەم. له گوندێک له دایک بووم، تەمەنی زیاتر له شەش سەت ساڵ دەبێت. کارەبای نەبوو. هەتا من نەبوومە حەوت ساڵان، قوتابخانەی لێنەکرایەوە، لەگەڵ ئەوەش لەوێندەر زۆر شتی جوان، لەوانە، ژیانی ساکار، له مامۆستای به خۆرایی سروشت فێری بووم. به رەسمی ٧/١ رۆژی له دایک بوونمه. که زانیم له گەڵ براکەم جمک نین،بەڵام له سەر دەفتەر نفووسەکەی هەمان رۆژی له دایک بوون نووسراوه، زانیم ئەو رۆژه تەواو نییه. رۆژەک له دایکمم پرسی: «کەی من له دایک بووم؟» دایک و باوکم نەخوێندەوار بوون. ئاڵوگۆڕی نێوان وەرزەکان گیا شین بوو بوو، مەڕوماڵات لێیان تێر دەخوارد و گوڵ دەستی بە خونچە کردن کردبوو» ئەوە وەڵامی دایکمە ، نە رۆژ نە ساڵی تێدا نییە، تەنیا (سناپ شۆت) ی وەرزێکە، تەمەنم حەوت ساڵان بوو بۆ یەکەم جار قوتابخانە له گوندەکامان کرایەوە، بیرمە، له رێگا چوون بۆ ناو نووسین باوکم گوتی» دەچین تا ناوت، بۆ گەشتی فێر بوون بنووسین، خێراکە کوڕم. با تۆش ئەزموونی من دووبارە نەکەیتەوە» چوونە قوتابخانە و فێر بوونی ئەلف و بێی کوردی ، یەکەمین گەشتی ناو خۆمم بوو، بۆ فێر بوون. ئەوە دەسکەوتەکی گەوره بوو، پێشتر کەس له گوندەکەمان ئەو دەرفەتەی نەبوو ، بەڵام ئەو گەشته تەمەنی کورت بوو، ساڵ وەرنەسوڕابووە، بەیانیەک له گەڵ دەنگی فڕۆکە جەنگیەکانی، رژێمی عێراق و بۆمباران کردنی گوندەکەمان، له خەو راپەڕین. پێش ئەوەی سوپا بگاتە گوند، خەڵکی گوند هەر یەک بەلایێکدا هەڵاتن. پەلامارە، گوندەکەمان، قوتابخانە، کتێبەکانم

و خەونەکانمیان سوتاندن. ئەوەی هەمان بوو لە ماوەکی کورت، لە دەستماندا، بە ناچاری چووین بۆ شاری هەولێر، ئەوەش گەشتێک بوو لە پێناوی مانەوە، لە گوندێکی بێ وەی، کە شارەزایی هەموو کوچەو کۆڵانەکان، ڕێگا بان و کانیاوەکانی بووین، ئەوانە شوناسمانیان پێک دەهێنا، بۆ شارێک هیچمان لە بارەیەوە نەدەزانی. لەو کاتەوە چیرۆکی ژیانم لە دەوروبەری گەشت دەخولێتەوە. گەشتەکانیش هەمیشە بێ کەم و کورتی نین، هەندێکیان پڕن لە ساتی ناخۆشی و هەوراز و نشێوی وا، خۆزگە دەخوازین تەواویان نەکەین.

لەگەشتکردن گۆڕینی شوێنی جوگرافی هەستیارە، بەڵام ئەو ڕەوشە نوێیەی دوور کەوتەنەوە لە زێدت و جوگرافیاکەت بە سەر گیان و مێشکتیدا دەهێنن و توانای راهاتن لە گەڵ ئەو گۆڕانکارییەکان هەستیارتریانن، لە هەولێر ، نۆستالیژیا لە دایک وباوکم نەدەگەڕا بنە شاری،بەڵام منداڵ زوو لە گەڵ دەوروبەری دەگونجێت و دەبێتە بەشەک لێیان. من زوو خۆشیم لەو شتانە دەبینی کە لە شار هەبوون و لە گوندەکامان نەبوون. لە شار دەستم بە گەشتی فێربوون، دۆزینەوەی و خۆ پێگەیاندن کردەوە. لە پۆلی چواری ئامادەیی بووم، ئەو خانووەی لە ناوی دەژییان بچووک بوو ، ئێمەش وەک زۆربەی خێزانەکانی کوردستان سایزمان گەورەیە، لە بەرقەرەباڵغی سەعیم پێ نەدەکرا . ناچار بووم لە شوێنەک بگەڕێم سەعی لێبکەم، دۆزینەوەی کتێبخانەی گشتی هەولێر، وەک بەدی هاتنی خەونەکی خۆش بوو. رۆژی واهەبوو، پێش کارمەندەکان لەوێندەر بووم. کتێبخانەی گشتی هەولێر لەسەردەمی میرنشینی، لە عێراق، دروست کرا، لە شوێنی ئێستای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، دەرگاکەی شوشەی هەبوو، بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە ،یەکەم جار بوو لە هەولێر باڵەخانەیەک دەرگایەکی وای هەبێت کەسانی وا هەبوون بۆ خۆشی خولانەوەی ناو دەرگا دەهاتنە کتێبخانە. کتێبە کوردەکان کەم بوون، بەڵام کتێبە عەرەبیەکان زۆر بوون. ئەوکات لە قۆناغی سەرەتایی بە کوردی دەخوێندرا، بەڵام رژێم لە قۆناغی دواناوەندی و ئامادەیی و زانکۆ پرۆگرامی خوێندنی دەکرد بە

عارەبی. ئەو گۆڕانە لە زمانی دایکەوە بۆ زمانەکی بێگانە، کە پێشتر نەماندەزانی زۆر زەحمەت بوو، بووە هۆکاری وازهێنانی زۆر لە قوتابیان. کتێبە عەرەبیەکانیش، بە تایبەتی وەرگێڕدراوەکانم دەخوێندەوە. چێژی خوێندنەوەی کتێبە ئەدەبیەکان زاڵ بوون بەسەر خوێندنەوەی کتێبەکانی قوتابخانە، کە زۆر جار وەڕسکەرن ئەوەش بەلاش نەبوو وایکرد نمرەکانم دابەزن، کە دایکم دەیبینی ، ئەوەندە هاتوو چوونی کتێبخانە دەکەم و زۆربەی کاتم لە گەڵ خوێندنەوەی کتێب و نووسین بەسەر دەبەم، لە کاتێکدا برادەرەکانم لە دەرەوە بەشتی تر خەریکن ، نیگەران دەبوو، نەیدەزانی ،لە گۆشەی ژوورەکی تاریک نیم، لە قەرەباڵغی رادەکەم. هەست بە ئازادی دەکەم و لە رێگەی وشە، دنیا دەدۆزمەوە ! ژیان ئاوایە زۆر جار کەسە نزیکەکانت تێتناگەن، منیش وەک زۆربەی نووسەرانی کوردی، هیچ کورسێکم لە سەر هونەری نووسین وەرنەگرتووە. خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی وایان کرد، حەزم بچێتە نووسین. وەک زۆربەی نووسەرانی کورد، بە شیعر دەستم پێکرد. خولیایی نووسینی شیعری نوێ و جیاواز، وایان کرد بکەومە ژێر کاریگەری شیعری نوێی ئەوروپی و خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانەی بەدەستم دەکەوتن. پەخشان شیعری بردە سەما» ئەو قسەی شاعیری فەرەنسی پۆل ڤالێری، وایکرد شیعری پەخشان بنووسم. ئەو ئەتمۆسفیریەی نوێیەی بەیانی ١١ ئازار لەساڵی ١٩٧٠ هێنای، بزوتنەوەکی ئەدەبی و رۆشبیری لە کوردستان دروست کرد . ساڵی ١٩٧٢ لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر، چەند قوتابیەک، کە منیش یەکێک بووم لەوانە، بە یارمەتی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی. هەتا ئامادەیمان تەواو کرد، سێ گۆڤارمان بە سێ ناو جیا؛ (چوار چرامان ) ( رەهێڵە) و بیری نوێ دەرکرد. یەکەم پەخشانە شیعرم بە ناوی ( گوڕستانەکی قلیشاوە) لە چوارچرا، بڵاو کردەوە. لە سەردەمی سەدام ئازادی رادەڕبڕین نەبوو. رەقابە(سەنسەر) لە سەر بڵاوکراوەکان و قسەکردن هەبوو. سیخوڕەکان ئەوەندە زۆر بوون، هەستت دەکرد دیوار گوێی هەیە. نووسەر نەیدەتوانی رەشنووسەکەی یەکسەر بباتە چاپخانە، چاپی بکات، دەبووایە

پێشتر بیدەیتە سەنسەر، ئەو ڕێگات بدات، تا چاپ بکەیت. بۆ من کە دەمەویست بە ئازادی ئەوەی هەستی پێدەکەم و پێم جوانە بیانووسم و بیرۆکەی نوێ تاقی بکەمەوە، لە بن دەستی رژێمەکی تۆتالیتاری زەحمەت بوو. هەر چەندە بەکار هێنانی رەمز و دەمامک لە نووسین لە هەستی راستەقینەت دوورت دەخەنەوە، بەڵام بۆ ئەوی لە سەنسەر دەرباز بن، لە هەندێک شیعر بە کارم دەهێنان. ساڵی ١٩٧٩ سەنسەر (سەمای بەفری ئێواران) کە یەکەم دیوانی شیعریمە دوو جار قەدەغە کرد، جاری سێیەمیش زۆر کوپلە و شیعریان خستبووە ناو کەوانەی سوور و مۆری (ممنوع)یان لێدابوو. ئەو کارە لای پۆلیسەکانی ئەدەب لابردنی چەند بڕگەو پەرەگرافێک بوو، بەڵام لای من بڕینی بەشێک لە هەستم و دزینی خەونەکانم بوون. ئەو سەردەم لە هەولێر دوو چاپخانە هەبوون، یەکیان کوردسانی گیو موکریانی، کە سەر قاڵێ چاپ کردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی کورد بوو. ئەوەی تریشیان سەلاحەدین بوو، کارتی بووک گواستنەوە و وەسلی دائیرەکانی چاپ دەکرد، بیرۆکەی لە سەر چاپ کردنی کتێبی کوردی نەبوو. بۆ چاپ کردنی دیوانە بریندارەکەم، ناچار بووم لە دەرەوەی هەولێر لە چاپخانەیەک بگەڕێم. لە سلێمانی، کەرکوک و دهۆک دەستم نەکەوت، لە ڕێگای برادەرێک لە شاری موسل چاپخانەیەکم دۆزیەوە. ئەو کات وەک ئێستە کتێب لە چەند رۆژەکدا چاپ نەدەکرا، کتێبەکەم بە شەش مانگ چاپ کرا. ئەو کات مامۆستا بووم و هێشتا هاوسەرگیرم نەکردبوو، بۆ بە دواچونی کتێبەکەم، ناوە ناوە دەچوومە، موسل. ٣٠٠٠ دانەم لە سەمای بەفری ئێواران چاپ کرد. بە تەکسی هێنامەوە ماڵەوە. بۆبەیانی بە سەر کتێبخانەکاندا دابەشم کرد. ئەو دیوانە پێشوازیەکی باشی لێکرا. لەماوەی سێ مانگ هەر سێ هەزاری فرۆشرا. شیعرەکانی ئەو دیوانە ئێستەش سیمایی جوانیان لە دەست نەداوەو بووین بە شوناسی شیعریم. سەدام حوسێن بە دیدەکی سەربازی حوکمی وڵاتی دەکرد. لەسەردەمی ئەو بینایەی کتێبخانەی گشتی هەولێر کە ماڵی دووەمم بوو کرایە دائیرەی ئەمن. ساڵی ١٩٨٦ لە دیمەنەکی تراژیدی-

کۆمیدی، بە چاو بەستراوەیی و دەست کەلەبچەکراوی وەک زیندانیەک گەڕامەوە باڵەخانەی کتێبخانە گشتی هەولێر. ئەو جارە بۆ خۆشی وەرگرتن لە کتێب خوێندنەوە نا، بەڵکو بۆ ئەشکەنجەدانی و فیزیکی سوکایەتی پێ کردن.ئەو ژوورەی لێی زیندانی کرابووم، جێگەی پانزە کەسی لێ دەبووەوە ، ئەوان شەست٠ کەسیان فڕێ دابووە ناوی. لە سەر خاکی خۆت و پێنج کیلۆمەتر دوور لەماڵەوە هەر زیندانیەک سی و پێنج سانتی مەتر هەبوو لە سەری بژیت جێگەی ئەوە نەبوو لە سەر پشت لەسەری بخەویت و دەبووایە شەوان لە سەر تەنیشت بخەوین. لە شیعرێک ئەو دیمەنەم بە ماسی (سەردینی) ناو قودوو چواندووە. زۆر کەس لەوانەی چیرۆکی ئەو رۆژانەم دەخوێننەوە دەپرسن، چۆن توانیت بەرگەی ئەو رۆژە تاڵانە بگریت؟ لە وەڵامدا دەڵیم» خەونەکانم و بڕوا بوون بەوەی، رۆژرک دێت، دیواری زیندانەکان بڕوخێن، هێزییان پێم دەدا، تا خۆم رابگرم. بێ دادگای کردن و بێ پارێزەر دوای نزیکەی دوو ساڵ،لە زیندان مامەوە لە ١٩٨٨ لە گەڵ سەدان بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دایک بوونی بەر لێبوردن کەوتم. کە لە حەپسخانە هاتمە دەرەوە. هەردوو تاوانی کیمابارانی هەڵەبجە و ئەنفال کرابوون، زۆربەی گوندەکانی کورستان تێکدرابوون، خەڵکەکەی بە زۆر برابوونە ئۆردوگا زۆرەملیەکان ، رێکخراوی حزبی و ئەمنی لە زۆربەی گەڕەکەکان هەبوون، دەیان فەوجی جاش ، رەبیەی رژێم لە سەر زۆر بەی لوتکە شاخەکانی کوردستان بوون ، کۆشکی سەدام لە سەر هەندێک چیای بەرزی کوردستان کران . رۆژانە خەڵک دەخرانە زیندان. دەبرانە بەرەکانی شەڕی عیراق-ئێران. لە دەرەوی ئەو زیندانە رەشو تاریکە بووم ،بەلام رۆژەگارەکی خەمناک بوو ، هەستم بە ئازادی نە دەکرد. ساڵ هاتن و ساڵ رۆیشتن زۆر شت روویان دا، هەندێکیان خۆش بوون؛ وەک راپەڕین و پاک کردنەوەی کوردستان لە سوپای داگیرکەر. روخانی دیواری زیندانەکان. هەندێکیشیان ناخۆش بوون وەک کۆڕە و بارگۆ و شەڕی ناو خۆ .

بۆ ئەوەی نەبمە بەشێک لەو شەڕە ساڵی ١٩٩٦- ١٩٩٧ بۆ

بڕینی سنووری ئاوی ، عاردی وڵات و کێشوەران، دەستم بە گەشتێکی دوورو درێژ و هەستیار کرد. لەو گەشتە چارەنووسی خۆم دایە دەست قاچاخچیان. خۆم لە فڕۆکەخانەی کیف لە یۆکرانیا بینیەوە، لە وێندەر. دەرکەوت قاچاخچیەکە فێلی لێ کردووم و فیزەکەم سەختەیە. بە فڕۆکەیەک و گیرفانەکی نیوە بەتاڵ، دیپۆرت کرامەوە ئیستەنبۆل . ئەو جارە چوومە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەنکەرە ،پەنابەرێکی بەختەوەر بووم، زوو ئەمریکا دەرگای لێ کردمەوەمەوە، لە قۆناغی دواناوەندی مامۆستای جوگرافیە، زۆر باسی دارستانە گەورە و فراوانەکانی کەنەدای بۆمان دەکرد، ئەو کات بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر کەسێک لە ناوەڕاستی ئەو دارستانانە ون بێت، چون ڕێگا دەدۆزێتەوە!حەزم دەکرد ئەزموونی ئەوە بکەم. ئەمریکام ڕەت کردەوە داوای کەنەدام کرد. دوای ١١ مانگ بە قاچاغی، ژیانەکی سەخت لە ئەنکەرە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕۆژەکی زۆر ساردی مانگی بەفرانبار لە گەڵ هاوسەرەکەم و سێ منداڵ، ماڵێک لە ناو جانتا و گیرفانی بە تاڵ،گەیشتینە شاری ئیدمنتۆن لە کەنەدا لە فڕۆکەخانەی نیودەوڵەتی ئیدمنتۆن لە بەر کیسە سپیەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی دەستمان کە بەشینی لەسەر نووسرابوو (ئای. ئۆ. ئێم) فەرمانبەرەکەی دائیرەی کۆچ، هاتبوو بۆئەوەی بمانباتە ماڵە نوێکەمان و لە پرۆسەی نیشتەجێ بوونەوە یارمەتیمان بدات، بە ئاسانی ئێمەی دۆزیەوە. هەر زوو زانیم قسەکەی مامۆستای جوگرافیە ڕاستە، لە کەنەدا دارەکان لە مرۆڤەکان زیاترن. نووسین نابێتە مایەی سەر ئێشەو فرمێسک ڕشتن ، هەم حکومەت هەم خەڵک ڕێز لە ژیانی فرە کلتوری دەگرن، بەڵام لە دەسپێکردنەوەی ژیان لە هیچەوە و تێپەڕاندنی ئەو بەربەستانە؛ باوکایەتی لە ناو کلتورو کۆمەڵگایەکی نوێ، فیت بوون بە سیستەمی ئەو وڵاتە، دۆزینەوەی کار، زمان فێر بوون و ڕاهاتن لە گەڵ ئەو کەشو هەوا کە زستانی شەش مانگەو ڕۆژی واهەیە پلەی گەما دەبێت بە ٤٠ لە ژێر سفر ئەوانەو بەردەوام بوون لە نووسین لە ناو کلتورو زمانەکی نوێ دەترسام، بەڵام خۆشەویستی بۆ ژیان و گەشتی نووسین، هەمیشە ڕێگای خۆیان دەدۆزنەوە .ساڵی ٢٠٠٧ بە

ئامادەبوونی سەرۆکی نووسەرانی نیودەوڵەتی (جۆن رۆلستن سو) لە ئاهەنگەکی گەورە خەڵاتی نووسەری یەکەمی تاراوگەم، لە لایەن رێکخراوی نووسەرانی نیودەڵەتی کە ١٤٤ سەنتەریان لە دنیا هەیە بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی رادەبڕین پێدرا. دوو نووسینگەیان بۆم کردەوە یەکیان لە زانکۆی ئەلبێرتا ئەوەی تریش لە کتێبخانەی گشتی ئیدمنتۆن. ئەو جارە وەک نووسەرکی کوردی - کەنەدای رێزلێنراو گەڕامەوە کتێبخانە. ئەو خەڵاتە زۆر دەرگای لێکردمەوە. بوومە ئەندام لە رێکخراوی نووسەرانی جیهانی، سەندیکای نووسەرانی ئەلبێرتا، کۆمەڵەی شاعیرانی کەنەدا. لەبەر ئەوەی ئەو یەکەم جار بوو خەڵات و تایتلەکی وا بە نووسەرەک بدرێت، میدیا تیشکی خستە سەروو دەیان وتاری لە سەر نووسران و چاو پێکەوتنم لە گەڵ کرا. یادەوریەکانم بە تایبەتی رۆژە تاریکەکانی زیندان، کە چەندەها ساڵ بوو لە یادوەریم هەڵمگرتبوو، نووسیمەو. ناخۆشە نووسەر بیت و نەتوانی بە زمانی ئەو وڵاتەی لێی دەژیت بەرهەمەکانت بڵاو بکەیتەوە بە بڵاو بوونەوی» پیاوە بێجامە شینەکە» و هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانم «هەوڵدانێکی تر بۆ گرینی مەوداکان» بە زمانی ئینگلیزی و بوونیان بە پڕفرۆشترین کتێب وە هەروەها بڵاو بوونەوە چەندەها شیعر وتار بە ئینگلیزی، لە گۆڤارو رۆژنامە کەنەدی و ئەمریکیەکان، بردنەوەی چەندەها خەڵات، لەوانە( چوونە هۆڵی بەناوبانگەگان بۆ ئەدەب و کلتور) وەرگرتنی بڕوانامەی (دکتۆرای فەخری لە ئەدەب) لە لایەن زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا، ئاستی پەیوەندی ئەدەبیان فراوان کردم و خوێنەرەکی زۆرم لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پەیدا بوو. کە لە پارچەکانی ژیانم و چیرۆکەکانم ورد دەبنەوە هەست دەکەم ئەو شوێنەی هەست دەکەیت کۆپیەکی تەواوی خۆتی زۆر گرنگە. گەشتەکەم لێرە ناوەستێت و لە گەڕان بە دوای فێربوون، ئەو شوێن و ساتەی هەستە دەکەم، باشترین کۆپی خۆمم، وە هەروەها ناساندن ئەدەبی کورد لە ناوەوە پشت سنوورەکان ناوەستێت.

# ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری

ڕابەر ئەحمەد جۆلەمێرگی



ڕۆشنبیر : ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، بەڕۆشنی کار بە بیری دەکات و، دەیکاتە چرا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تاریکییانەی کە لەژیانی هەن یان دێنە ژیانی! ، هەروەها ئەو کەسەییە کە شوێن پێی ڕۆشن بەجێ دەهێڵێت، شوێن پێکانی خۆشی ڕۆشن دەکات و هەولێش دەدات ڕۆشنی بۆ داهاتوو هەڵواسێ!

ڕۆشنبیری : ئەو ڕێگاییە کە کەسی ڕۆشنبیر بە بیرکردنەوە و تێرامان و سەرنجدان ماناکان لێک گرێدەدات و ژیربێژیانە گۆدەکات و ڕەوشتیانە ڕەفتار دەکات و بەویژدانانە هەڵسوکەوت دەکات و لەهەر کوێیەک پێویستی بەپڕ ئەوبێت بەتاڵییەکان لادەدات .

ڕۆشنبیر خودناسانە ژیان لەکرۆکی خۆی هەڵدەکێشێت و چێژی بەخۆی و ئەوانیدی دەبەخشێت .

یاخود ڕۆشنبیری : ئەوەی بیرێکی ڕۆشن لەکەسەکە جێگیر بوویێت بەهەموو شێویەک لەچەقبەستووی دووربێت و دەرگای واڵا بێت بۆ فراوانی ڕۆژانە

لەدیداری کۆمەڵێک بیرمەندان و دانایان دەربارەی چەمکی ڕۆشنبیر، کە فەرموویانە

ئەلبێرکامۆ فەرموویەتی: «ڕۆشنبیر، کەسێکە چاودێری ئاوەز (عقل)ی خۆی دەکات «

کەوایە ڕۆشنبیر کەسێک پێش چاودێری بەسەر ئەوانیتر خودی خۆی بەتەواوی بخاتە ژێر چاودێری پێش ئامۆژگاری ئەوانیتر خۆی جێبەجێکار بێت، پێش بیرکردنەوە لە ڕاستکردنەوەی ئەوانیتر خودیخۆی ڕاستەڕێ دەکات، پێش تاوانبارکردنی ئەوانیتر لێپێچنەوە لەگەڵ خۆی دەکات، هەروەک لە قورئانی پیرۆز فەرمووێندراوە : « ئامۆژگاری خەڵک دەکەن و خۆشیان ئامۆژگاری وەرناگرن «.

هەربۆیە پێش ئامۆژگاری ئەوانیتر، پێویستە ڕۆشنبیر خۆی لە ئامۆژگاری لێوڕێژ کردبێت ، یاخود کەسی ڕۆشبیر پێش ئەوەی چرایەک بکوژێتەوە، چەندین چرایتر هەڵدەکات ...

ئارسەر کلارک فەرموویەتی : « ڕۆشبیر کەسێکە، کە زانینەکەی لە زیرەکییەکەی زیاترە»

ڕۆشنبیری لەسەر هەموو ئەو بنەمایانەی زانیندادەمەزرێت ، چونکە ڕۆشنبیری بێبنەمای زانین وەک بەستراوکردنی چراکانە لەسەر زەوی ناتوانن ڕۆشنایی بڵاو بکەنەوە، هەرچەندە زیرەکانەش بەستراوبن،بۆیە ڕۆشنبیر پێویستی

بە بنەماکانی زانین بۆ ئەوەی لە بەرزاییەکانەوە چراکان ڕۆشنایی بەفراوانی لە دەوری خۆیان بڵاو بکەنەوە بەشێوەیەکی تەواو فراوانی، ئەوەیە ڕۆشنبیری لەسەر بنەماکانی زانین، چونکە زانین وزەیە بۆ ڕۆشنبیری ...

لویس فێردیناند فەرموویەتی: «ڕۆشنبیر کەسێکە کە لەئێستادا کردارەکانی ئاراستە دەکات و بیرکردنەوەکانی جڵەوی داهاتوو دەکەن ».

ڕۆشنبیری تێکەڵەی کردارو بیرکردنەوەکانە، بۆیە کەسی ڕۆشنبیر بەکردار و ڕەفتار و مامەڵەکانی ڕۆشنبیری لە هەستیاری مرۆڤەکانیتر بڕوێنێت و بەبیرکردنەوەکانیشی هەموو شڵەژاوییەکان و ئاڵۆزییەکانی داهاتوو لە سەختیەکان دادەماڵێت، هەر بۆیە کەسی ڕۆشبیر لەئێستادا بوێرە لەکردار و لەبیرکردنەوەش دەستەمۆ نابێت و ئاسوودەیی بەتەواوی ڕۆحی دەتەنێ.

گاری گۆتینگ فەرموویەتی : « ڕۆشنبیر، کەسێکە خۆی بۆ ژیانی خودی ئاوەز ( عقل ) تەرخانکردووە».

مرۆڤی ڕۆشنبیر پێویستە ئاوەزی خۆڕسکی ببوژێنێتەوە و ئاوەزی تێکەڵ لەبیرکردنەوەو، هەستەوەرەکان بکات، چونکە ئەگەر ڕۆشنبیریەتی لێوانلێونەبوو ، بەتەنیا بە ئاوەز ناهێتە جێ، چونکە ئاژەڵەکانیش ئاوەزیان هەیە، ئەوەی ئاوەزی مرۆڤ دەبوژێنێتەوە، ڕۆشنبیری بیرکردنەوەیە.

مارتی ڕوبین فەرموویەتی: «ڕۆشنبیر، کەسێکە لە هەموو شتێک تێدەگات جگە لە خۆی ».ئەگەر ڕۆشنبیر پێش هەر تێگەیشتنێک لەخودی خۆی، لە دەرەوەی خۆی تێگەیشت، ئەوا ڕۆشنبیرێکی ڕەسەن نییە، چونکە ڕۆشنبیری ڕەسەن لە تێگەیشتنی خودی خۆی، ڕێگای تێگە یشتن

بۆ ئەوانیتر درووستدەکات. هەروەها ڕۆشنبیر کەسێکی خودناسە، لە خودناسی خوداناسی دەدۆزێتەوە و لەویشەوە مرۆڤناسی ...!

ئۆهیش سینگ فەرموویەتی: «ڕۆشنبیری کەسێکە، بەهۆی بیرکردنەوەکانییەوە زیندانی کراوە».

ڕۆشنبیر کەسێکە، پێویستە بە بیرکردنەوەکانی هەرچی بەربەست و زیندانی بۆی دروستدەکرێت تێکی بشکێنێت، چونکە ئەگەر ڕۆشنبیرییەت زیندانەکانی کەم نەکردنەوە،ئەوا بەدڵنیایەوە ناڕۆشنبیری خودی خۆی مرۆڤەکان دەکاتە زیندان بۆ مرۆڤەکان خۆیان ...

ئورسولا گوین فەرموویەتی: «ڕۆشنبیری کەسێک کە لەدایک بووە بۆ ئەوەی تەنیا بێت ».

ڕۆشـنبیری لەدایـک نەبـووە لەگـەڵ مرۆڤـدا ، بـەڵام کاتـێ لـە مـرۆڤ لەدایـک دەبێـت، هەمـوو تەنیابوونێـک بـۆ خـودا بەجـێ دەهێڵێـت و مـرۆڤ لـە هەمـوو تەنیابوونێـک بەتـاڵ دەکات، ئەگـەر هەمـوو ژیانیشـی بەتەنیـا بژیێـت .

هەروەهـا ڕۆشـنبیری وا لەمـرۆڤ دەکات بـە ژیرییەکـی پـڕی بـەدوای وەڵامی(سـێ بۆچی)یـەکان، بکەوێـت، تـا بزانـێ بۆچـی خـودا دروسـتیکردووە و بۆچـی دەژی و بۆچـی دەمرێـت... کەوایـە ڕۆشـنبیری لێوانلێـو لەژیـری! بریتییـە لـە سـێ (بۆچـی؟)

- بۆچی دروستکراو؟

بـۆ ئـەوە دروسـتکراوە، بـۆ ئـەوەی خـودی خـۆی بێـت.

- بۆچی دەژیم؟

بـۆ ئـەوەی خـودا لـە خـۆی ڕازی بـکات، ستایشـی بەهرەوەربوونـی بـکات.

- بۆچی دەمرم؟

بـۆ ئـەوەی لـەو تێکۆشـانەیی ژیـان خـۆی بەڕێکـو پێکـی پڕبـکات،

تـا لـەدوای لێپێچینـەوەی مـردن، ڕەنجـەڕۆ نەبێـت لـە باڵایـی و شـکۆ مە ند ی .

ژیانـی مـرۆڤ لەنێـوان ئـەو سـێ بۆچییەدایـە، هـەر مرۆڤـێ زانیـن و وەڵامـی بۆ خودی خـۆی دەستەبەرکرد، ئیـتر ڕۆشـنبیرێکی پـڕە دوور لەتەنیایـی، ئەگـەر هەمـوو ژیانیشـی تەنیا ژیابـێ.

هەروەهـا ڕۆشـنبیری کاتـێ دەکەوێتـە نێـوان چوارچێـوەی #تەنکـی و #ئەسـتوریدا: ڕۆشـنبیری لەنێـوان تەنـک وئەسـتوریدا:

کاتـێ ڕۆشـنبیری دەکەوێتـە نێـوان تەنکـی وئەسـتوریدا دەتوانیـن بڵێیـن: دوو جـۆر ڕۆشـنبیرمان زیاترهەیـە بـەڵام لێـرە تەنیـا سـەرنج دەخەینـە سـەر دوو جـۆر ڕۆشـنبیری کەئەوانیـش: (ڕۆشـنبیری تەنـک و ڕۆشـنبیری ئەسـتور)

## یەکەم: ڕۆشنبیری تەنک

ئـەو ڕۆشـنبیرەیە، کـە ڕووکـەش بیـر دەکاتـەوە و تەنکـە لەئاسـت تێگەیشـتنی کرۆکـی بیرلێکـراوەکان، هـەروەک ئێمـە لەژیانـی ڕۆژانەمانەمـان کاتـێ باسـی تەنکـی دەکەیـن خەیاڵـمان بۆ زۆر شـتی تەنـک دەچێـت وەک : ئـەم قوماشـە تەنکـە ، بۆیاخـی ئـەم ئۆتۆمبیلـە تەنکە ، دیـواری ئەم ماڵـە تەنکە ، پـەردەی گوێی مـرۆڤ تەنکـە ، چینەکانی چـاوی مرۆڤ تەنکن، پێڵـوی چاوەکانی مـرۆڤ تەنکن ....هتـد ، بەڵام خراپتریـن جۆری تەنکی ڕەنگـە بوونـی هەبێت ئێمە هەسـتمان پێ نەکردبێـت ، ئەویـش ڕۆشـنبیری تەنکـە ! ئـەو جۆرەی ڕۆشـنبیرییە، کە پێـی دەڵێن: ڕۆشـنبیری تـەک ، لەبـەر خـودی خـۆی نیـە کەڕۆشـنبیری تەنـک بێـت، بەڵکـو

هەڵگری ڕۆشنبیرییەتەکە بەتەنکی هەڵگریەتی ، ئەم جۆری ڕۆشنبیریە تەنکە مرۆڤی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە ، کە وا ئاراستەیان دەکات و پێیان دەڵێت : ئێوە باڵا و پێشەنگی کۆمەڵگان ، ئێوە داهاتووی ئەم گەلەن ، بەڵام خۆیشی میزەڵدانێکی پڕکراوە یان لەڕاستیدا یان نیمچە بەتاڵی ڕۆشنبیرین یان پڕن لەبەتاڵی!

جۆرەکانی ڕوشنبیری تەنک چەندجۆرێکی هەیە ئەمانە :

١- کەسێک پەرتووک خوێن بێت ، بەڵام بۆ ئەوە بخوێنێتەوە چەند شتێکی سەرەنج ڕاکێش لەبەر بکات ، تا لەگفتوگۆکان براوە بێت و خۆی بە براوە پیشان بدات ! ئەم جۆرەیان هەمیشە وابیر دەکاتەوە هەرچی شتە دەزانێ و خۆشی هەرگیز بەنەزان پیشان نادات .

٢ - ڕۆشنبیری تەنک کەسێکە وا فێر دەکرێت ،کاتێک چوویتە سەر سەکۆی قسە کردن لەهەر کاتێک ، بەشداربووان بەیەک لەو شتانەبزانە (تەختە ،کورسی ،هەر هیچ کەس،بزن ، مەڕ ، کەر ،تەنیا بەمرۆڤیان مەزانە ...تد ) لێرە دا نە خودی قسەکەر چاودێری هەڵەی خۆی چاوەڕێ دەبێت لەئامادەبووان ، نە ئامادەبووان ئەو لەئامێرێک زیاتر نابینن ، وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ئەگەر هەڵەشی کرد بۆخۆیەتی دەرفەت ناگونجێت بۆی ڕاست بکەنەوە ، هەمیشە پاساو بۆ هەڵەکانی دەهێنێتەوە ، دان بەدۆڕان و هەڵەی خۆی نانێ و خۆی پێ لەهەموان زاناترە و کەس وەک خۆی نابینی لەزانایی .

٣- ڕۆشنبیری تەنک ،کەسێکە زۆر خێرا خوێندنەوە ئەکاتە بنچینەیەک و پیشانی ئەوانیتریش دەدات کەخێرا خوێندنەوە سوودی زۆرە، لێشی بپرسی نازانێ چ سوودێکی هەیە خێرا خوێندنەوە؟

کە شتێکیش نەزانین لەخوێندنەوەی پەرتوک بێ سوودە خوێندنەوەی .

سوودی ئەوانە لەخوێندنەوە وەک ئەوە وایە هەنگوین بدزیت و بچیت بۆ کەسێکی نەخۆشی شەکرە بلێی بەسوودە بەڵام نەزانی بۆچ جۆرە کەسێک !

لێرەدا کەسی ڕۆشنبیر تەنک پەیڕەوی چەندییەتی پەرتووکی خوێندراوەکان دەکات ، گوێ بەچۆنیەتی نادرێت ،، بەڵکو پەرە بە زۆری خوێندراوەکان دەدەرێت و دژی کەم خوێندنەوەیە ، چونکە پێوەرێکە لای ئەم جۆرە ، لەبەر ئەوەی هەرچی چۆنیەتی خوێندراوە هەیە لای ڕۆشنبیری تەنک خاڵە گرنگ و وتەگرنگەکانی ناو پەرتووکەکەیە !

٤ - ڕۆشنبیری تەنک زیاتر بەدوای ڕووکاردەکەوێت و زۆر گرنگی بەکرۆک نادات ، چونکە کرۆک بۆ ئەوانە بێ سوودە ، هەموو تێکۆشانی ئەو جوان دەرکەوتنە بەجل وبەرگی ڕێک پۆش و سەرنج ڕاکێش و لەزمانیش پەیڕەوی ڕوونبێژی و جوانکردنی قسەکانی دەکات تا بە زمانەوانی ڕێک گێرانەوەی نمونەکانی بۆ گوێگرەکان کاریگەر بێت،

ئیتر ئەمە ئەگەر بەمشێوەیە کەسەکە خۆی دیت وا خەیاڵ دەکات گەیشتووە بەلوتکەی ڕۆشنبیریەتی کەچی بیرچووە ، لەم ووتەیە ، کە پێویستە پێیان بگوترێت : مەچوو بۆ شوێنێک جلەکانت هێندە جوان گومان بخەنە سەر قسەکانت ، بەڵکو بڕۆ بۆ شوێنێک قسە بکە با سوودی قسەکانت نارێکی جلەکانت لەبیری ئامادەبووان بەرێتەوە.

## دووەم : ڕۆشنبیری ئەستور

ئەو جۆرەی ڕۆشنبیرییە کە مەبەستیان گەیشتنی بەکرۆک و کاکڵەی شتەکانە ، بۆیە ڕۆشنبیری تەنگ بەکار دەهێن وەک چرایەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو ڕێگایانەی لەڕۆشنبیربوونی ئەستوور دێنە پێشیان.

دەربارەی ڕۆشنبیری ئەستور ، ئێمە کاتێ گوێمان لەئەستوری دەبێت کۆمەڵێک وێنەمان لەخەیاڵ بۆ دەتاشرێ؟

ئەستوری چینەکانی زەوی و ئەستوری ئۆتۆمبیلە گوللە نەبڕەکان! بەست و بەنداوی ئاو ...هتد ، بەڵام گوێمان لەڕۆشنبیری ئەستور نەبووە کەم تا زۆر و نزیک و دوور .

لێرە بەچەند خاڵێک ڕۆشنبیری ئەستور دەخەینە ڕوو تابزانین ڕۆشنبیری ئەستور کێیە؟

بۆچی پێی دەڵێن ڕۆشنبیری ئەستور:

١- ڕۆشنبیری ئەستوڕ خوێنەرێکی پێگەیشتووە بەپەرتوک بۆ تێگەیشتنی لەکرۆکی خوێندنەوەی، هیچ مەبەستێکی دیاری کراوی لەپاڵ خوێندنەوەکەی نیە، وەک ببێتە وتار بێژ یاخود بۆ دەمکوتکردنی ئەوانیتر لەگفتوگۆکردن ،یاخود بۆ خۆ بەناوبانگ کردن تێبکۆشێت ...هتد خوێندنەوەی ئەمانە تەنیا بۆ زۆر زانینیەتی و گەیشتنە بەکرۆکی بابەتەکان ، ئەوەش ڕەنگە هەرگیز بەکرۆکی هەندێک بابەت نەگات ، بۆیە تامردن ئەو دەزانێ کە هیچ نازانێ، وەک سوقرات دەڵێت:

«هیــچ کاتێــک نــەم دەزانــی کــە دەزانـم، تەنیـا کاتێـک دەگەیشتم بەنەزانــەکان ئــەوکات دەمزانــی شــتێک دەزانــم»

٢-ڕۆشــنبیری ئەســتور مرۆڤێکــە ، هیـچ کات لەکاتـی پێشەشـکردنی هــەر وتارێکیــدا ،خــۆی جیــا ناکاتــەوە لەتاکێتــی مرۆڤبوونــی ئەوانیــتر، خــۆی و ئــەوان بەیەکســانی لــەڕووی مرۆڤــی دەزانــێ ولــەڕووی زانیاریــش هەموویــان لەخــۆی زاناتــر دەبینــێ ،لەهــەر هەڵەیەکیــش پێیـان دەفەرمووێـت تکایـە ڕاستم بکەنــەوە، چونکــە ئێمــە لەکەمــو کــوڕی بــەدەر نیــن وەک ئێــوەش لێــی بــەدەر نیــن، هەرگیــز پاســاو بــۆ هەڵەکانــی ناهێنێتــەوە، بەڵکــو ڕاشــکاوانە دەڵێــت: مــن لــەم خاڵــە هەڵەبــووم و ســوپاس بــۆ ئێــوە هــاوکارم بــوون لەڕاســتکردنەوە.

٣- ڕۆشــنبیری ئەســتور هیــچ پەلــەی خوێندنــەوە ناکاتــە پێــوەری خێــرا زانیــن، ڕەنگــە بــۆ لاپەڕەیــەک ســێجار یــان ســێ کاتژمێــر دۆشــداماوبێت ،بــەدەم بیرکردنەوە وەک جبران خلیـل جبران دەڵێت :» بەســێ جــار لەماوەیــەک پەرتووکێــک خوێندنــەوە باشــترە لــە خوێندنــەوەی ســێ پەرتــووک لەیــەک کاتــدا «

لێــرە ڕۆشــنبیری ئەســتور بــەدوای زانیــاری کرۆکــی خــودی زانســتەکەوەیە ، تــا نەگاتــە قوڵایــی تێگەیشــتنی لاپەڕەیــەک خوێندنــەوەی لاپەڕەکــە تێپەڕنــاکات ! نــەک تەنیــا زانســتی ڕووکەشــی تێپەڕیــن بەســەر لاپــەڕەکان بێــت بۆ،چەندییەتــی خوێندنــەوە ، ئەوکاتەیــە ڕۆشــنبیری ئەســتور پەیــڕەوەی چۆنیەتــی خوێندنــەوە دەکات، نــەک چەندیەتــی و زۆریەتــی پەرتووکــی خوێنــدراوە.

٤- ڕۆشــنبیری ئەســتور بــۆ خۆڕازاندنــەوە کاتــی ناکوژێــت ، لەبــەر ئــەوەی ئەوکاتــەی بەجــڵ و بــەرگ و قــژو پێــڵاوی بەهــەدەر بــدات، ڕەنگــە بیرۆکەیەکــی ســووتاندبێ و ئاگاداریــش نەبووبێــت !ڕۆشــنبیری ئەســتور هەرچــی جــڵ و بــەرگ و پێــڵاو و قــژ شــانەکردن... هتــد بــە ئامرازێــک دەزانێــت بۆئــەوەی خــۆی بــێ کەموکــوڕ بکاتــی لەڕووتــی و پــێ پەتــی و ئاڵۆزکاویــی قــژ، نــەک ئەوانــە بــکات بــۆ ئــەوەی خــۆی ببێتــە ئامرازێــک بۆپیشــاندانی ئــەو شــتانەی خســتۆتە بــەری، وەک نمایشــکارەکان . لێرە دا ڕۆشنبیری ئەســتور ســوودی پەیامەکــەی

لا گرنــگ و مەبەســتە ســوودی بگەیەنرێــت بەبەرانبەرەکانــی، پەیامێــک کە لەخــۆی دێتــە دەرەوە ســوودی خــۆی لــێ بینیبێــت و بــۆ ئــەوەی ســوودی بۆئەوانیــتر هەبێــت نــەک پەیــام جوانــی بۆجوانکردنــی خــۆی ئەونیــتر بــەکار بهێنێــت. چونکــە ئەوانــەی پێچەوانــەی ڕۆشــنبیری تەنکــن، چونکــە ئەوانــەن لەبەشــداربووان و ئامادەبــووان ناپرســن : ئــەرێ چــۆن بــووم ؟ ئــەوە تەنکەکانــن پرســیار دەکــەن دەڵێــن: چــۆن بوویــن ؟

ئامادەبوانیــش لەوەڵامــدا دەڵێــن: قســەکانی جــوان بــوون

ئەگــەر لێیــان بپرســی چــی تێگە یشــتی ؟

دەڵێــن: تێــی نەگەیشــتین، چونکــە قســەکانی فەلســەفی بــوون !

کەوایــە لێــرە وا دابنــێ ڕۆشــنبیری تەنــک ئامێرێکــی قسەخۆشــکردن بــووە نــەک قســە بەســوودکردن وەک ڕۆشــنبیری ئەســتور ، چونکە ڕۆشــنبیری ئەســتور ئامێرنیــە بــۆ جوانــی، بــەڵام ڕۆشــنبیری تەنــک لەئامێرێــک زیاتــر نیــە بــۆ دەم شــیرین و گــوێ شــیرینکردنی ئامــادە بــووان؟

ڕۆشــنبیری تەنــک پەرتــووک ئەخاتــە ســەر ســەری و پیــرۆزی دەکات ،بــەڵام ڕۆشــنبیری ئەســتور پەرتــووک دەخاتــە نــاو مێشــکی ، مێشــکی پیــرۆز ئــەکات .

## خۆتێهەڵقورتان و ڕۆشنبیری

کەســی ڕۆشــبیر کەســێکە خۆتێهەڵقورتــان دەکات لەکاتــی پێویســتی بــۆ ئــەوەی نەزانینــەکان درێژتر نەبنــەوە و زانینــەکان ڕووی ڕاســتەقینەیان بــەدەر بکەوێــت .

## خۆ تێهەڵقورتاندن:

بــێ مۆڵــەت چوونــە نــاو کاروبــاری کەســانی تــرە، یاخــود ئەتوانیــن بلێــن بــێ مۆڵەتدانــی بەرانبــەرە، کــە خــۆی هەڵدەقورتێنــی لــە کاروبارەکانــی تایبەتــی تــۆ.

”دیــل کارنگــی فەرموویەتــی : ،“هەرگیــز خــۆ تــێ هەڵقورتــان مەکــە! لــە کاروبــاری کەســانی تــردا، بــەڵام ئەگــەر پرســت پێکــرا بەهەمــوو توانــای خــۆت هەوڵبــدە ”.

دەتوانیــن دابەشــی ســەر دوو جــۆری بکەیــن:

یەکــەم: خــۆ تــێ هەڵقورتاندنــی گونجــاو.

خــۆ تێهەڵقورتاندنی گونجــاو، ئەوەیە کــە بمانــەوێ هەڵەیەکــی بەرانبەر ڕاســت بکەینــەوە، یاخــو نەهێڵیــن پەیامێــک بەهەڵــە بــگات، بەتایبەتــی لــە دووبابەت ئەوانیش(بابەتــی ئاینــی و بابەتــی زانســتی ).

ئەمــە ڕۆشــنبیرییەتی تێـدا ڕەچــاو دەکرێـت ، چونکـە کاتـە پێویستەکانیش بــۆ خــۆ تێهەڵقورتانــدن پێویســتی بەڕۆشــنبیری چۆنیەتــی دەســتپێکردنی خۆتێهەڵقورتــان .

## دووەم: خۆ تێهەڵقورتاندنی نەگونجاو

خـۆ تـێ هەڵقورتانـدای نەگونجـاو، ئەوەیـە کاتـێ هیـچ هەڵەیـەک و کـەم وکورییـەک نییـە تەنیـا حەزناکرێـت پەیامەکـە بەتـەواوی بـگات، بۆیـە خـۆ تـێ هەڵقورتانـدن دێتە کایـەوە، جۆرێکی خراپـە ئەمـەش کاتێکـە، کـە کەسێک نەهێلێـت پەیامێـک وەک خـۆی بـگات .

ئەوکاتــەش کاتــێ پێویســت نەبــوو خــۆ تێهەڵقورتانــدن بکەیــن ،پێویســتی بەڕۆشــنبیری دان بەخــۆدا گرتــن هەیــە ، تــا بارودۆخــی گفتوگــۆ و مشــتومڕی ئەوانیــدی نەشــێوێنێت .

هەروەها پەیوەندی نێوان #ڕۆشنبیری و #هۆشیاری :

ئــەو جیاوازیانــەی هەیانــە بــەدەر لەیەکــتر تــەواوکاری...

## جیاوازی نێوان چەمکی

ئایــا ڕۆشــنبیری یــان هۆشــیاری، کامەیــان ئاســتی بەرزتــرە لــە ڕووی تەواوکارییــەوە..!؟؟

ڕۆشــنبیر(المثقف): کەسـێک خوێندەوارە و یەتیــەوە .

هۆشــیار(الوعی): کەسـێک کـە تێـدەگات .

ڕۆشــنبیری: ئـەو کەسـەیە کـە خوێنـەری پەرتـووک و خـودی خـۆی و هەمـوو ئـەو بارودۆخانەیـە کـە تێیـدا دەگوزەرێـت، بـەڵام هۆشـیاری پێـوەر و بنەمـا دانانـی هەمـوو ئەوانەیـە ڕۆشـنبیری تێیدا دەگیرێتـە بـەر، واتـە: ڕۆشــنبیریش پێویســتی بــە بنەمــای هۆشــیارییە تــا وەک ڕەســەنێتی خــۆی ببینرێـت، لەبـەر ڕۆشـنبیری ڕووتـە، بـێ بەرگــی هۆشــیاری.

هۆشــیاری ئاســتی بەرزتــرە لــە ڕۆشــنبیری .

کاتێـک دەڵێیـت ڕۆشـنبیر یانـی ئـەو کەســانەی کــە شــارەزاییان دەربــارەی بابەتــەکان هەیــە، بەگشــتی دەزانــن، نموونــە وەک (مێــژوو، جوگرافیــا، ئەکادیمــی بــوون چییــە؟).

بــەڵام کاتێـک دەگەیتـە هۆشـیاری یانــی دەزانــم مــن لــە کوێــی ئــەو زانیاریانــەم و چیــم پــێ دەکرێــت وە مــن کێــم، و مــن چۆنــم، مــن چــۆم دەناســم؟؟؟

هۆشــیار ئــەو کەســەیە کــە تێگەیشــتووە کــە ئــەو زانســتانە چــۆن خزمــەت بــە ئــەو دەکــەن و ئــەو لــە کوێــی ئــەو بازنەیەدایــە.

لــە ســەردەمی جیهانگیریــدا ئاســتی ڕۆشــنبیری بەهــای نەمــاوە دەبێــت

هۆشیار بین، ئەگەر هۆشیار نەبین هیچ تێناگەین».

لە نێوان (ڕۆشنبیری و هۆشیاری) ئاست بەرزی نییە، بە نەبوونی هەر کامێکیان ئەوەیتر بەتاڵ دەبێتەوە، وەک ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی هەڵگرتبێت و هۆشیاریش ڕەوشت، ئەگەر لە کۆمەڵایەتیبوونی هەر مرۆڤێک ڕەوشتی تێدا نەبێت، هەتا کۆمەڵایەتی بەرز فراوانیش بێت، هەر ڕۆشنبیرییەکی بەتاڵە!!

ڕۆشنبیری زانینێکی ڕووتە دەربارەی شتەکان نەک شارەزایی، چونکە نابێتە شارەزایی ئەگەر هۆشیاری تێکەڵ نەبوویێت، وەک ئاو ئەگەر (هایدرۆجینێک، لەگەڵ دوو ئۆکسجین) یەکتر نەگرێت نابێتە ئاو، کەوایە ڕۆشنبیری زانینێکی ڕووتە و نابێتە شارەزایی بێ هۆشیاری

هەروەها هۆشیاری ناتوانێ بە بێ هەبوونی دەستی، دەستی تۆ بگرێت، هۆشیاری خۆی لەشبێت، ڕۆشنبیری دەستییەتی، هۆشیار بەهۆی ڕۆشنبیرییەوە دەستی بۆ دروست دەبێت و دەستت دەگرێت، ڕۆشنبیری نا هۆشیار کاتێ بوونیان دەبێت، بێ سنوور دەبن و گوێ نادەن بە پێوەری کەسایەتیان، بەڵام کاتێ ڕۆشنبیری دەبێتە دەست بۆ هۆشیار، ئەوا لە هەموو بارودۆخێک پێوەرێکی جێگیر بۆ خۆی دادەنێت و ڕێز لە سنووری خۆی دەگرێت، تا ڕێز لە ڕوانگەی ئەوانیتر بۆ سنوور نەبەزاندنی خۆی بەدەست بهێنێت.

جیهانی ئەمڕۆ ڕۆشنبیری ڕووت و بێ بەرگی هۆشیاری دەرخواردی کومەڵگەکان دەدرێت، چونکە سەردەمی ساماندار ی لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری ڕووت دادەمەزرێت، وەک دەبینین و ناڕوانن، گوێبست دەبن تێناگەن، دەدوێن، لاڵن لە دەربڕین، کەوایە هۆشیاری لە (ڕوانین و تێگەیشتن و نا لاڵی) دایە، هەر وەکو قورئان لە زۆر شوێنی فەرموویەتی:

(کوێر، کەڕ و لاڵن، ئەوانە تێناگەن)، کە وایە ڕۆشنبیر لە زۆربوون دایە، بەڵام شانبەشانی ڕۆشنبیری ئەگەر هۆشیاریش باڵا نەبێت، ڕۆشنبیری دەبێتە ژەهرێک بۆ کۆمەڵگەکان، ئەگەر ڕۆشنبیری زانین باڵا بێت لە زانست زانیندا، زانست بە تەواوی بە هەڵە بەکاردەهێندرێت، بێ ئەوەی لە دەرئەنجامەکانی تێبگەین! چ وێرانییەک لە دەوای خۆی و بۆ دوای باڵابوونی زانست بێ پێوەربەندی بنەماکانی هۆشیاری دەنێتەوە!

وەک چەکی جۆراو جۆر دروستکراوە بۆ لە ناوبردنی مرۆڤەکان و مرۆڤەکان

دەکوژرێن بۆ هاوسەنگبوونی ئابووری وڵاتانی زلهێزی ڕۆشنبیری بەتاڵ لە هۆشیاری...!

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو چەمکە چۆن دروست دەبێت؟

نمونە؛ من لە بواری (پەروەردە و زانستی کۆمەڵایەتیدا) دەبێت هۆشیار بم، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا ئەزانم چۆنە، بەڵام ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە کاری من نییە، لە هەمان کاتدا شارەزاییەک هەیە دەبێت من تێدا هۆشیاربم».

جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە (ڕۆشنبیری و هۆشیاری)، منداڵ بە زانینی هەر شتێک فێری زانینی بابەت و شتەکان و وشەکان دەکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشکردن بهێتە کایەوە لە ڕێگای ئەوانەوە بنەماکانی هۆشیاری خۆی جێگیر بکات و نەگونجاویش بۆ مرۆڤەکان دروست نەکات...

هەر وەکو مرۆڤی ڕۆشنبیر بێ هۆشیاری زۆرە، بەڵام مرۆڤی هۆشیاری بێ ڕۆشنبیری کەمە، کە وایە زۆرینەی ڕۆشنبیرەکان نەیانتوانیووە هۆشیار بن، بەڵام زۆر بە کەمی ڕوویداوە هۆشیاری بێ بنەمای ڕۆشنبیری هاتبێتە جێ.

ڕۆشنبیری زانین و فێربوون هەموو شتەکانە، هۆشیاریش پێوەرە ڕەوشتی و پەروەردەییەکانی چۆنیەتی بەکارهێنانینە.

کێشەی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەیە هەتا ئێستاش سەرنجمان لەسەر ڕۆشنبیرییە، بۆیە دەبینین کە مرۆڤەکانی هاونشینیی ژیانمان زۆرینەیان کەسە ڕۆشنبیرەکانن، بەگشتی باسی بابەتەکان و ڕووداوەکان دەکەن، بەڵام ئەگەر لێیان بپرسین ئێمە چی بکەین بۆ چارەسەری بابەت و کێشە و گیر و گرفتانە، ئەوە لێی نازانن».

کۆمەڵگەی کوردی ڕۆشنبیری تێهەڵکەتووە زۆریش بەڵام کێشەی ڕۆشنبیرەکان بە زۆری ئەوەیە لە بنەمای کێشەکان خۆی دەبوێرن و هەمیشە بە دوای پێشڕەوی و پشتکردنە پاییەی یەکتر کەوتوون بۆ زیاتر دەرکەوتن لای ئەوانیتر، کەچی بیرناکەنەوە دەرکەوتنی بێ هۆشیاری خۆ ڕیسواکردنێکی قێزەونە، وەک چەپڵە لێدەدرێت بۆیان، بەڵام بۆ ئەوەی نا باڵاتر بێت، بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بەتاڵبکات!

لە هەر شتێک زانینمان بۆی بکرێتەوە، بێ بنەماکانی هۆشیاری ناتوانین شیاوی بکەین، وەک ئەگەر زانیمان بەنداوێکی پڕ لە ئاو خەریکە بتەقێت وێرانی دروست دەکات، ئەگەر هۆشیاریمان لەگەڵ زانینی ڕۆشنبیری بەگەڕخست،

ئــەوا ســـەرچاوە ئاوییەکـــەی دەڕژێتـــە بەنداوەکــە کەمــی دەکەینــەوە یــان دەیبڕیــن، هەروەهــا ڕێــڕەوی ئــاوی زۆر دروســت دەکەیــن بــۆ ئــەوەی لــە یــەک ڕێــڕەو وێرانــی زۆر دروســـت نــەکات، هەروەهـــا بەهێواشـــی دەروازەکانـــی بەنداوەکــە بەردەدرێتــەوە، بــۆ ئــەوەی ئەگــەر تەقــی! بتوانرێــت وێرانییەکانــی کەمبکرێتــەوە ئەگــەر نەشــمان توانــی بەتــەواوی جڵــەوی بکەیــن، لــە نەکەوتنــەوەی هیــج زیانێــک.

پێویســتە هەمووم‌ــان لــە پرییەتــی هــەر شــتێک نیــوەی ڕۆشــنبیری و نیــوەی هۆشیاری بێــت، تــا بــە تــەواوی ئەوانــە هاوســەنگبکرێن، مرۆڤایەتیــش هاوســەنگی بەخۆیــەوە دەبینێــت، وەک:

ڕۆشــنبیری هۆشــیاری فراوانــتر دەکات، هۆشــیاریش ڕۆشــنبیری گەشــتر دەکات و بەهێزتــری دەکات بــۆ ئــەوەی بــەردەوام بێــت لەســەر ئــەم ڕێگەیــە...

ڕۆشــنبیری ڕێــگا پیشــانی هۆشــیاری دەدات، بــەڵام هۆشــیاری ڕێــگای بــۆ ڕۆشــنبیری فراوانــتر دەکات و وزەی مانــەوەی لەســەر ڕێــگای ڕاســت بــە ڕۆشــنبیر دەدات...

ڕۆشــنبیر چرایــە بــۆ لابردنــی تاریکاییــەکان، بــەڵام هۆشیاری خــودی ئــەو وزەییــە دێتــە نــاو چراکــە تــا ڕۆشــنایی لێــوە بەرهــەم بێــت.

ڕۆشــنبیری ئەگــەر بڕیــار بێــت قــەد و گــەڵا و گــوڵ بێــت، ئــەوا هۆشــیاری خــۆرە بــۆ گەشــەکردنی.

ڕۆشــنبیری ئەگــەر ڕەگ بێــت، ئــەوا هۆشــیاری خــاک و تووخمەکانیەتــی.

ڕۆشــنبیری و هۆشــیاری وەک مــردن و ژیــان تــەواوکاری یەکــترن...

## ڕۆشنبیری و خۆزل بینین

- هەروەهــا ڕۆشــنبیری کاتــێ دەکەوێتــە چوارچێــوەی خــود زاڵــی و خودبینــی بەباڵابــوون لەســەرووی مرۆڤانیــدی ، ئیــدی دەبێتــە ژەهرێکــی کوشــندە وەک بــە مانــا ئینگلیزییەکــە پێــی دەوترێــت ( ســایکۆپات ) لەڕۆشــنبیریبوون داماڵــدراو دەبێــت ؛ هــەرووەک ســایکۆپاتی ڕۆشــنبیر یــان ســایکۆپات لــە ڕۆشــنبیری: ڕۆشــنبیری خــود ڕۆشــنکردن و بەخشــینە بەوانیــتر ، بەگشــتی ڕۆشــنبیری ڕاســتەقینە پێیــان وایــە هەرچــی ڕاســتییەک هەیــە لەڕوانگــەی ئــەوان ڕێژەییــە وەک ئــەوەی هەڵــەش ڕێژەییــە ، بــەڵام ســایکۆپاتی کاتــێ تێکــەڵ ڕۆشــنبیریەت دەبێــت ، ئــەوەی وەک خــودی خۆیــان بیــر نەکاتــەوە ئــەوا بەنزمــی لەبیــروڕای دەڕوانــن و بەهیچــی دەزانــن، هەمیشــە خۆیــان پــێ باڵاترینــە .

ئەوانــە ڕۆشــنبیری خۆبەزلزانــن و خودویســتی ڕەهــان ،هــەوڵ وتێکۆشــان بــۆ ســڕینەوەی بیرجیــاوازەکان دەدەن ،

هەرگیز دان بەلێهاتووی هیچ مرۆڤانیتر دانانێن ئەگەر سەر بەبیرکردنەوە ودەستەی ئەوان نەبێت ، ئەگەر دانا وداهێنەرێکی مەزنی ڕۆشنبیرێکی بالاش بێت .

سایکۆپاتەکان ڕێز لەو ڕاستیە ناگرن کە بەلای خۆیاندا ڕاست نیە ،بەلکو ڕێز لەو هەڵەیە دەگرن لەڕوانگەی ئەوان ڕاستە.

ڕۆشنبیری سایکۆپات کەسانی بێجگە لەخۆیان ڕەتدەکەنەوە ، بێ ئاگان لەوەی پێش ئەوەی کەسانی دیکە سەرکوت بکەن ،ئەوا سەرکوتکاری خۆیانن ، چونکە دەرگەی دەرگای گەشەکردن ئەوکاتەە بەڕووی خۆیان کلۆم دەدەن ، کاتێ پێیان وایە دەرگایان بەڕووی ئەوانیتر کلۆم داوە ، چونکە بەرەهای پێیان وایە ڕاستی ڕەها لای خۆیانە و بەلوتکەی بالایی گەیشتوون ، ئیتر لەڕوانگەی ئەوان بەشێوەیەک پڕبوون لەڕاستی و زانیاری پێویستیان بەگفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیتر ناکات ، ڕێگای بەخۆدا چوونەوەیان لێ وندەبێت هەرگیز بەخۆداچوونەوە یاسای ڕۆشنبیرە سایکۆپاتەکان نیە ،بەلام هەمیشە سەرزەنشتی ئەوانیتر دەکەن کەبەخۆیان دابچنەوە ، ڕەخنە لەوانیتر دەگرن وهەرگیز ڕەخنە لەخۆیان ناگرن، ئەم جۆرە بیروڕایەش هەرگیز دەرچەی ئایندە گەشی بەڕووی هیچ ڕۆشنبیرێک ناکاتەوە، چ جای ڕۆشنبیری سایکۆپات؟!

هەر مرۆڤێکی ڕۆشنبیر، مرۆڤێکیتر ڕەتبکاتەوە و دانی پێدانەنێ ؟ ئەوا گەورەترین کۆسپە لەبەردەم ئاڕاستەی بەرەوپێشچوونی خۆی .

## ڕۆشنبیری و پەروەردە

- هەروەها پەیوەندی ڕۆشنبیری و پەروەردە بەیەکەوە

هەروەها ڕۆشنبیری کاتێ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ ، لەباوەشی ژنەوە سەر هەڵدەدات ، کە پەروەردەیەکی جوان و سازگاری ئاو ئاسای لێ هەڵدقولێت ، چونکە بیرمەندان فەرمویانە :

ئەگەر پیاوێک ڕۆشنبیربێت ئەوا تاکێک ڕۆشنبیر دەبێت.

بەلام ئەگەر ئافرەتێک ڕۆشنبیربێت ئەوا خێزانێک ڕۆشنبیر دەبێت.

هەروەک [ئیبن حەزمی ئەندەلوسی] فەرموویەتی: «ئەگەر ژنێک پەرتووکێک بخوێنێتەوە ئەوا وەک ئەوە وایە هاوسەر و منداڵەکانیشی ئەو پەرتووکانەی خوێندبێتەوە، پەروەردە لای ئەوانەوە دەست پێدەکات»

پەروەردە کاتێ بەڕێکی دەستپێدەکات ، ئیدی خۆری ڕۆشنبیری سەرهەڵدەدات ، هەروەها پەروەردەش بۆ جاری یەکەم

خۆرێکە لەباوەشی دایک هەڵدێت و هەموو تاریکییەکان لادەبات .

هەروەها [ علی وەردی] فەرموویەتی : « لە ڕاستیدا ژن یان دایک یەکەم قوتابخانەی دروستکردنی کەسێتی مرۆڤە، ئەو کۆمەڵگەییەی کە نەوەکانی لە بەردەستی ژنێکی نەزان پەروەردە دەبن چاوەڕێی ئەوەی لێمەکە، کە نەوەیەکی تەندروست و خزمەتگوزار دروست بکات».

خراپترین داگیرکردن کە دووچاری هەر کۆمەڵگەیەک دەبێت ئاڕاستەگۆڕینی پەروەردەی منداڵەکانە ، نەبوونە تاکێکی گەورەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە ، چونکە جوانترین ڕۆشنبیری لەسەر ڕەگی پەروەردەیەکی پاکەوە چەکەرە دەکات .

هەروەها ڕۆشنبیر مرۆڤێکی بەڕێزە لەبێڕێزەکانیش نەک هەر تەنیا لەبەڕێزەکان ، هەروەکو [ یۆها گۆتە ]فەرموویەنی : پێش ئەوەی کەسێکی ڕۆشنبیر بیت کەسێکی بەڕێزبە،ڕێزگرتن نیوەی ڕۆشنبیرییە...!!».

ڕۆشبیری ڕەگی دارێکە ڕیزیش بەرەکەیەتی ، هەرکاتێ ڕەگی ڕۆشنبیری وشکبوو ،ئیدی بەری ڕێزیش گەنیوو و ڕزیو دەبێت ، کەوایە ڕێزگرتن نیوەی ڕۆشنیری نیە ،بەڵکو تەواوکاری ڕۆشنبیریی

هەروەها کاتێ ڕۆشنبیری لەگەڵ دەسەڵاتی ڕامیاری(سیاسی) تێکەڵ دەبێت، ئیدی ڕۆشبیری دەکەوێتە چوارچێوەیەکی بەرژەوەندی، خودی کەسەکە داماڵدراو دەبێت لەڕۆشبیریبوون ،ئەگەر هەڵگری بنەما ڕۆشنبیرییەکانیش بێت، هەروەکو [ئەڵبێرت کامۆ ] فەرموویەتی: « کاتێک ڕۆشنبیر دەچێتە پاڵ دەسەڵات ئیدی خۆی نامێنێت و دەبێتە ڕادیۆکی بێکەڵک، نابینێت و نابیستێت تەنها قسەدەکات، دەسەڵاتیش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە مرۆڤەکان بکاتە تووتی ئەوەی وتی بۆی بڵێنەوە..!».

دەسەڵاتی ڕامیاری کاتێ مرۆڤەکان لەچینە ڕۆشبیرەکان لەخۆی کۆدەکاتەوە ،لەپێناو مانەوەی سەرچاوەی بەرژەوەندییەکان و فراوانکردنیانە، نەک بۆ ئەوەی بێت کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر دابمەزرێنن .

ئەوکاتەشی ڕۆشنبیرەکان دەچنە پاڵ ئەو دەسەڵاتە، دەکرێنە ئامرازی پێ فریودانی تاکەکانی کۆمەڵگە ، چونکە تاکەکان تا ئاستێکی باش، ڕۆشنبیرەکانیان لا بالایە ،تا ئەوکاتەی خۆیان نزم نەکەنەوە .

## ڕۆشنبیری و گەمژێتی

هەروەها بەهەموو شێوەیەک ڕۆشنبیری پاڵێوراوە و پاڵاوتەکراوە لەگەمژێتی ، چونکە ئەوپەڕی گەمژبوون بەتاڵبوونە لەڕۆشبیری بەمانای تەواوەوە .

ڕۆشنبیری و گەمژێتی!

ڕۆشنبیری گەمژەییە، کاتێ توانایی ڕزگارکردنی گەمژەییەکی نەبێت لە گەمژێیتیدا !

هەروەک ئەشرەف بەردیسی فەرموویەتی: « دانیشتن بۆ یەک کاتژمێر لەگەڵ گەمژەکان، بۆی هەیە ساڵێکی تەواوی خۆ رۆشنبیرکردن بەفیرۆبدات »

بۆ ئەوەی گەمژە نەبین، پێویستە بنەماکانی گەمژەبوون بزانین، تەنیا پەیامهێنەران بەسنووری گەمژەبوون تێنەپەڕیوون، ئەگینا ئەوانەی بەفەیلەسوف بوونە، ئەگەر گەمژێتیان ئەزموون نەکردبێت، نا گەمژەبوون و ڕۆشنبیرییەکەیان بەتاڵە، چونکە بیرمان نەچێت بنچینەی مرۆڤ دەگەڕێتە بۆ قوڕێکی بۆگەن و یاخود ئاوێکی پیس، کە قێزی لێدەکەینەوە، کە وایە لێرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، تا لەگەڵ گەمژەکان دابنیشین!

یەکەم : پەروەردەی ڕەوشتی خۆمان زیاتر دەکەین و! ئەوانیش هەنگاوێکی لە گەمژێتی دەردێنین.

دووەم : جوانی و ئارامی زیاتر بەرفراوان دەبێت و، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕەسەنی بێ بەرژاوەندی درووست دەبێت.

سێیەم : هەمیشە مرۆڤایەتی و ئایینی باڵا، ئەوەمان لێدەخوازێت گیانی هاوکاری پێشکەش بەوانیتر بکەین و! تەواوکاری یەکتر بین، بۆ ڕێکسازی ژیانێکی ئارام.

چوارەم: وە پەیامهێنەر داوامان لێدەکات! ئەوەی بۆخۆت پێخۆشە بۆ براکانیشت پێتخۆش بێت، کەوایە گەمژەکانیش برامانن،نابێت فەرامۆشیان بکەین. هەروەها دۆستۆیڤسکی فەرموویەتی: "پێویستە بیر نەکەینەوە، پێویستە نەنوسین ، قسە نەکەین ،بۆ ئەوەی ئارامی گەمژەکان تێک نەچێت ! ".

پیویستە بیر بکەینەوە بۆ ئەوەی گەمژەکان ڕزگار بکەین لەکەوتنە بیر !

پێویستە بنووسین بۆ ئەوەی گەمژەکان فێری چرا هەڵکردن بکەین و بەتارکی ڕێ نەکەن .

پێویستە قسە بکەین، بۆ ئەوەی گەمژەکان لەبارودۆخی تێداماویان ئاگادار بکەین و لەمەترسی تێدا ماویان!.

چونکە ئارامی ڕاستەقینە بوژانەوەی سەوزاییە لەخاک و هەڵسانەوەی لەخەودابوونە، نەک

جێهێشتی زەوی بەڕەقی و وشکی و لەخەودا جێهێشتنی ئەوانیتر ..!!!

ـــ هەمیشە ڕۆشنبیر گەمژەییەکی ڕاستەقینەییە، کاتێ خۆی بەباڵاتر لەوانیتر دەزانێت و زۆرینەی لە خواربووەکانی خۆی بەگەمژە دەزانێت!

- گەمژێتی زیاتر خۆ هەڵکێشان بەوەی هەیەتی، بەڵام ڕۆشنبیر خۆی شاراوە دەکات لەناو کرۆکی باڵایی خۆی و هەمیشە خۆی بەکەم وکورڕ دەبینێت...

ئەگەر ڕۆشنبیرییەک ڕزگاریکەری گەمژەییەک نەبێت، خودی ڕۆشنبیرەکە لە خوارووی گەمژەییدایە...!

ڕۆشنبیری ڕەسەن لەچەند دێڕێک:

- ڕۆشنبیری تاکو ڕەگی خۆی لەقووڵایی بەرەو نزمترین و سەر لق و قەدەکانی لەبەرزی گەڵاکانی نەگەشێنێتەوە، ناتوانێ گەشانەوەێ سوودبەخشی و سایە وسێبەری ئەوانیتر بێت.

- تا ڕۆشنبیر ڕەگی داکوتی زەوی بێت، زیاتر جێگیرتر و مژەری توخمەخۆراکییەکانی ئاوەزی زۆرتر دەبێت، هەرچەندیش لە بەرزیش باڵا بێت زیاتر وزە لە وانیتر وەردەگرێت و زیاتر پشت بەستوو بەخۆی دەبێت و پشت پێ بەستراو دەبێت..

- سەرچاوەی ڕۆشنبیر بیرکردنەوە ئاڕاستەکردنە، هەروەها خودی ڕۆشنبیری لە سەرچاوەی بیرکردنەوەیە لەدایک دەبێت.

- ڕۆشنبیری بەسێ ڕێگا مرۆڤەکان بەسەر زەلکاوی ژیان دەپەڕێنێتەوە .

یەکەم: لەناو زەڵکاو ئامۆژگارییان دەکات و هاوشانیان دەبێت و،بەجێیان ناهێڵێت، لەسەر بڕیار نەدانی خێرا و بەتاڵ لەبیرکردنەوە.

دووەم: دروستکردنی پردی پەڕینەوەیەکی دادپەروەرانە، بێ جیاوازی کوێرە لەئاست نادادپەوەری.

سێیەم: هاوشان بوون لە پەڕینەوە ئامۆژگاری خود لەبیرنەکردنی هەڵەکانی ناو زەڵکاوەکە .

- ڕۆشنبیر زاینین دەبەخشێت بەو شێوەیەی دووهێندەی بۆخۆی زیاد دەبێت، ئەو زانینە فێڵبازییە نابەخشێت ،کەخۆی بەخشەری بێت و دوایی بەتاڵ بێت لێی.

- ڕۆشبیر مرۆڤێکی بوێری ناوەندگیرە، لەسنوور بەزاندن خۆی دەگرێت و لەزێدەڕۆی ئامۆژگاری خۆی دەکات ...

- ڕۆشنبیری کۆکرەوەی ئاوەز و بیر و هۆش و ئاگاییە لەیەک مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێکخراوەی ناوەندگیر

لەکۆتایدا ئەو تایبەتمەندیانەی کەسی ڕۆشنبیر خۆرئاسا لەئاسۆی ژیانی خودی و ئەوانیدی هەڵدێت، بەو تایبەتمەندیانەیەوە:

١- دەستەبەرکردنی زانینی فراوان لەسەر ئەو بابەتانەی پێویستن بۆخودی خۆی و مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤی ڕۆشنبیر دەبێت پڕکەرەوەی ئەو بۆشاییانە بێت کە شایستەی بەتاڵبوون و بەبەتاڵ مانەوە نین، ئەمەش زیاتر بەخوێندنەوە لەجەمسەرە جیاوازەکان و بیرکردنەوە و تێڕامان و ڕەوشتی جوان و گونجاوی کۆمەڵایەتی.

٢- کەسی ڕۆشنبیر پێویستە ژیربێژبێت لەنووسین یان گفتوگۆکردن ، چونکە کەسی ڕۆشنبیر دابەش دەبێت لەنێوان نووسین و گۆکردن ،ڕۆشنبیر هەیە لەنووسین ژیربێژە لەدەربڕین کەموکوڕی هەیە و ڕۆشنبیریش هەیە لەگۆکردن ژیربێژە لەنووسین کەموکوڕی هەیە، ڕۆشبنیریش هەیە لەهەردووکی ژیربێژە.

هەروەها لە گفتوگۆکردن بەهەردوو ڕێگاکا ڕێز لەڕاوبۆچوونی بەرانبەر دەگرێت و ڕێز لە پێچەوانەبوونی خۆی و بەرانبەریش دەگرێت و زۆر کاتیش لە دژبوونی بەرانبەرەکانی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت لە گفتوگۆکردن ، خۆی دەخزێنێتە ناوەندی میهرەبانی و بێدەنگی و ناشەڕانگیزیبوون.

٣- کەسی ڕۆشنبیر، بیرکراوەیانە بیردەکاتەوە، بیر لەبیری خۆی دەکاتەوە و هەرکاتێ هەڵە بە دانپێدانراوی هەڵەی خۆی دەبێت، هەروەها بیر لەبیرکردنەوەکانی دروست دەکات، هەر لەسەر بیرکردنەوەیەک نامێنێتەوە .

٤- کەسی ڕۆشنبیری خۆ ویستە بەڵام خۆ پەرست نیە ، چونکە یەکەم بنەمای ڕۆشنبیری هەر مرۆڤێک دەبێت خۆویست و خۆپەسەند بێت تا بتوانێ ئەو ئاستە ڕۆشنبیریە پێی گەیشتووە، بنەمای دڵنیایی بۆخۆی لەسەر دابمەزرێنێت و خۆی لەخۆیدا فێری دڵنیایی لەخۆی بێت، بەڵا خۆویست و خۆپەسەندی نەگاتە ئاستی خۆپەرستی و لاف لێدان، چونکە بەهەموو شێوەیەک کەسی ڕۆشنبیر دوورە لە خۆ بەگەورە بینین و جڵەوکردنی ئەوانیدی بۆ بەرژەوەندییەکانی.

تا بەهەموو شێویەک دوور بێت لەسووکایەتی بەخۆو و بەوانیدییەوە کردن.

٥- کەسی ڕۆشنبیر بەتەواوی شکۆی فەرهەنگی نیشتمانی و زمانی دایکی دەپارێزێت، چونکە لای کەسی ڕۆشنبیر خراپترین داگیرکردن لە فەرهەنگ و زماندایە،

چونکــە هەرکاتــێ داگیرکــردن کەوتــە نێــوان فەرهەنــگ و زمــان، هەمــوو جەمســەرەکانیدی تووشــی داڕووشــان لەڕەســەنێتی نیشــتمانی و نەریتــی کۆمەڵگــە دەبــن!

هەربۆیــە کەســی ڕۆشــنبیر گەریــدەی وشــە ڕەســەنەکان دەبێــت لەنووســین و گۆکردنــدا .

٦- کەســی ڕۆشــنبیر بــەوردی گونجانــی کۆمەڵایەتــی و فراوانکردنــی بەرژەوەنــدی گشــتی دەکات، چونکــە مرۆڤــی ڕۆشــنبیر کەبوویــە ڕۆشــنبیر، ئیــدی ئەوەنــدەی خــۆی بەخاوەنداریەتی گشــتی دەزانێــت بــۆ ئەوانیــدی بەمافــی خــۆی بۆخــۆی نازانێــت، لەبــەر ئــەوە کەســی ڕۆشــنبیر هێنــدەی بــۆ خەڵــک و ئاگایــی باڵاکردنــی خەڵــک دەژیێــت بۆخــۆی ناژییێــت و گونجانــی کۆمەڵایەتیــش دروســت دەکات بــۆ ئاشــتەواییبوونی مرۆڤــەکان زیاتــر پێکــەوە، هەروەهــا لەکاتــی کارکــردن و بازرگانیشــدا بەرژەوەنــدی گشــتی لــەڕووی ڕامیــاری و تەندروســتی و ئابــووری ڕەچــاو دەکات، هێنــدە بەرژەوەنــدی تایبەتــی ڕەچــاو نــاکات.

٧- کەســی ڕۆشــنبیری توانــای بەیەکــەوە گرێدانــی زانیارییەکانــی هەیــە و هەروەهــا توانــای دەرکێشــانی مانــاکان هەیــە لەپشــت ووشــە ڕزیوەکانیــش .

چونکــە کەســی ڕۆشــبیر هێنــدەی بوژێنــەرە و هێنــدە گۆڕانخــواز نیــە، چونکــە کەســی ڕۆشــنبیر بــە تێڕامانەکانــی شــیکردنەوە بــۆ پشــت پەنهانــەکان و نادیــارەکان دەکات و ژیانــەوە بــە مردووێتــی ووشــەکان دەبەخشــێت .

وێنــاکان لەپشــت خەیاڵــەکان ڕێکســاز دەکات و بەهەمــوو شــێوەیەک دوور دەبێــت لــەوەی لەوێنــاکان پێداگــر بێــت بــۆ ڕاســتیبوون، چونکــە لەنــاو چوارچێــوەی ئەگــەر دەیهێڵێتــەوە .

٨- کەســی ڕۆشــبیر دەبێــت (فەیلەســوف =دانابێــت) بەجۆرێــک خۆشەویســتی بــۆ زانیــن هەبێــت ،وا بیربکاتــەوە خودا ئــەوەی دروســتکردووە هــەر بەدەســتهێنانی زانینــی دوای زانیــن بێــت، چونکــە هەرکاتــێ لەڕوانگــەی مــرۆڤ زانیــن بەزانیــن دانــرا بــۆ ئــەوەی لەزانینیــدی بــەردەوام نەبێــت، ئــەوا ئیــدی نەبووەتــە ڕۆشــنبیر، چونکــە ڕۆشــبیر هەمیشــە [ســوکرات] ئاســا کــە فەرموویەتــی: « هەمیشــە ئــەوە دەزانــم، کەنازانــم، چونکــە زانیــن دڵۆپێکــە لەدەریاییەکــی نەزانینــمان».

کەوایــە پێویســتە تــا مــردن ســەرقاڵی بەدەســتهێنانی زانیــن بیــن .

# زانین و بەرژەوەندی

فەرەیدوون سامان



نووسەری یورگن هابەرماسە، ئەم کتێبە بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە فەلسەفییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت، هەروەها یەکێکە لەو دەقە دیارانەی کە هابرماس پرۆژەی زانستی ڕەخنەیی سەرەتایی خۆی تێیدا پەرەپێداوە. کتێبەکە هەوڵدەدات پەیوەندییە قووڵەکانی نێوان نەخشەکانی زانینی مرۆڤ و نەخشەی بەرژەوەندییەکان کە دەبیاتە پێشەوە، بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیزمەوە کە زانینی بۆ وەسفێکی تەکنیکی تەنها بۆ جیهان کورت کردەوە. هابرماس بەو بۆچوونە دەست پێدەکات کە هەموو زانین و مەعریفەیەک بەرژەوەندییەکی پێکهاتەیی لە خۆدەگرێت، کە لە خودی کردەی زانیندا هەیە و شیکردنەوەی ئەو بەرژەوەندییانە مەرجێکی پێویستە بۆ ڕەخنەگرتن لە عەقڵ و بۆ دامەزراندنی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی کە توانای پرسیارکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرن لە ناوەوە هەبێت.

هابرماس لە ڕێگەی دووبارە پشکنینی مێژوویی ڕەخنەگرانە بۆ سەردەمی پێش پۆزەتیڤیزم، زەمینەسازی بۆ بیرۆکەی ناوەندی خۆی دادەنێت و ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن وەرچەرخانی ئیپیستمۆلۆژیای نەریتی لە بەرژەوەندی تیۆری زانست بووە هۆی پشتگوێخستنی ڕیشەیی لە ڕەنگدانەوەی فەلسەفی. ئەم پشتگوێ خستنە، لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەو مەرجەیە کە ڕێگەی دا پۆزەتیڤیزم وەک ڕوانگەیەک گەشە بکات کە زانینی زانستی بە خاڵی لە بەرژەوەندی و گریمانەکان دەبینێت، بەڵام شوێنپێهەڵگرتنی هابەرماس بۆ ئەم مێژووە نەک تەنها ئامانجی دادپەروەری مێژووییە، بەڵکو ئاشکراکردنی ئەو سڕینەوەیە کە بەسەر هۆشیاری مەعریفی مۆدێرن هاتووە، هەروەها گەڕاندنەوەی ئەو ئەگەرە ڕەخنەگرانەیەی ڕەنگدانەوەی کە پۆزەتیڤیزم سەرکوت کردووە.

## بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە

کتێبەکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە هەموو مەعریفەیەک بەستراوەتەوە بە جۆرێکی دیارکراوی بەرژەوەندی مرۆڤەوە: بەرژەوەندییەکی تەکنیکی کە ئامانج لێی کۆنترۆڵکردنی سروشتە، بەرژەوەندییەکی پراکتیکی پەیوەست بە تێگەیشتن لە مانا لە کارلێکی مرۆڤدا و بەرژەوەندییەکی ڕزگارکەر، کە ڕەخنە لە هۆشیاری و ئایدۆلۆژیا دەکات، بۆ هابەرماس، ئەم سێگۆشەیە نوێنەرایەتی پێکهاتەی سەرتاسەری جۆرەکانی چالاکی مەعریفی دەکات




لە مێژووی مۆدێرن. لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات بناخەیەکی زانستی بۆ تیۆری ڕەخنەیی بنیات بنێت، کە گریمانە دەکات کە ڕزگاری مرۆڤ لە ڕەخنەیەک لە مەرجەکانی خودی بەرهەمهێنانی زانین جیا ناکرێتەوە.

## تەوەری یەکەم: ڕەخنەیەک لە پۆزەتیڤیزم و گەڕاندنەوەی بیرکردنەوە

هابرماس دەڵێت پۆزەتیڤیزم لەسەر نکۆڵیکردنی ڕەنگدانەوە دامەزراوە و ئەم نکۆڵییە تەنیا هەڵوێستێکی میتۆدۆلۆژی نییە بەڵکو دیدێکی میتافیزیکی نوێیە کە زانست دەگۆڕێت بۆ تاکە مۆدێلی زانین، ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم چەمکە زانینی زانستی دەکاتە ڕاستییەکی بێلایەن، لە کاتێکدا لە واقیعدا لەلایەن بەرژەوەندییەکی تەکنیکی چەسپاوەوە بەڕێوەدەچێت. کاتێک ئەم بەرژەوەندییە ئینکاری دەکرێت، ئاوەز دەبێتە ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستن و توانای پرسیارکردن لە خودی مەرجەکانی زانین لەدەست دەچێت. لێرەوە ڕۆڵی فەلسەفەی ڕەخنەیی لە بەستنەوەی ئاوەز بە بەرژەوەندییە ڕەسەنەکانییەوە سەرهەڵدەدات.


## تەوەری دووەم: لە هیگڵەوە بۆ مارکس – بەرەو تیۆرێکی کۆمەڵگە

هابرماس بە گەڕانەوە بۆ نەریتی دیالکتیکی، بە تایبەتی ئەو ڕێڕەوەی کە لە هیگڵەوە تا مارکس درێژ دەبێتەوە، ڕێگا بۆ شیکاری بەرژەوەندی ڕزگاریخواز خۆش دەکات. بەڵام خوێندنەوەکەی تەنیا مێژوویی نییە؛ بەڵکو خوێندنەوەیەکی ئیمانێنتە بۆ پۆلە فەلسەفییەکان کە ڕێگەی بە مارکس دا ڕەخنەیەک لە کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕەخنەیەک لە هۆشیارییەوە دامەزرێنێت، بەرژەوەندی

ڕزگاریخواز لەم ڕێڕەوەدا خۆی وەک ئاراستەیەک دەردەکەوێت کە ئامانج لێی ئاشکراکردنی ئەو سنووردارکردنە پێکهاتەییانەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی دەهێنێت. سەرەڕای ئەوەش، هابرماس دان بە سەختی دەرهێنانی ئەم ڕەهەندە لە نووسینەکانی مارکسدا دەنێت، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ڕەخنەی ئابووریی سیاسی و شیکاری فەلسەفیی هۆشیاری.

### تەوەری سێیەم: زانست وەک ڕەنگدانەوەی خۆی – شیکاری دەروونی وەک مۆدێلێک

شیکاری دەروونی لە کتێبەکەدا پێگەیەکی چارەنووسساز دەگرێتەوە، چونکە بۆ هابەرماس، شێوازێکی زانین بەرجەستە دەکات کە لە لۆژیکی کۆنترۆڵی تەکنیکی تێدەپەڕێت. شیکاری دەروونی کاردەکات بۆ تێگەیشتن لەو بەربەستە نائاگادارانەی کە ڕێگری لە خود دەکەن لە ناسینەوەی پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی، بەم شێوەیەش شێوازێکی ئیپیستمۆلۆژی ڕزگارکەر بەدەست دەهێنێت، چونکە هەوڵدەدات ئەو شێواندنانە لاببات کە ئاگایی تووشی ئازار دەکات. ئەم جۆرە زانین و مەعریفەیە تەنیا لە ڕێگەی حەزێکی ڕاستەقینەوە بۆ ڕزگاری بەدەست دێت و هەر




بەشێکی کتێبەکە هەوڵ دەدات کە تیشک بخاتە سەر ئەم ڕەهەندە میتۆدۆلۆژییە لە کارەکانی فرۆیددا. هەرچەندە هابەرماس دان بە سنووورداربوونی ئەزموونی خۆیدا دەنێت لەگەڵ شیکاری دەروونیدا، بەڵام بە تەواوترین مۆدێلی ئەم بەرژەوەندییە ڕزگارکەرە دەزانێت.

## تەوەری چوارەم: ڕەخنەیەک لە زانستناسی

هابەرماس بە شیکارییەکی ڕیشەیی لە سروشتی زانستناسی وەک پرۆژەیەکی گشتگیر کە پێشگریمانە کردنی گومانێکی ڕیشەیی دەکات، کۆتایی پێدەهێنێت. بەڵام ئەو نیشان دەدات کە ئەم پرۆژەیە دژایەتییەکی میتۆدۆلۆژی لەخۆدەگرێت، کاتێک مەرجەکانی ئەگەری مەعریفە لە خودی ڕەخنەکە دابڕێت، واتە کاتێک گریمانە دەکات کە بوونی بناخە نەشکێنراوەکان لەناو پرۆسەی پاساودان، ئەم دژایەتییە، هابرماس دەباتە سەر ئەوەی کە پرۆژەیەکی ڕەخنەیی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک تەواو دەبێت کە ڕەخنەی مەعریفە ببێتە تیۆری کۆمەڵگە، واتە کاتێک پرسیارەکە لە ئاستی پەیوەندیی بابەت-ئۆبژەوە بگۆڕین بۆ پەیوەندیی مەعریفە بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرهەمی دەهێنن. لێرەدا گەورەترین تەماحی کتێبەکە دایە: دووبارە دامەزراندنەوەی ڕەخنەی ئاوەز لەسەر بناخەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی.

لە ئەنجامدا ئەم کتێبە دەتوانرێت بە بەردی بناخەی فەلسەفەی دواتری هابەرماس هەژمار بکرێت، چونکە چوارچێوەی تیۆری دابین دەکات، کە دواتر پرۆژەی کردەی پەیوەندیدارانەی لەسەر بنیات دەنێت. بایەخەکەی نەک تەنیا لە ڕەخنەی پۆزەتیڤیزمدا نییە، بەڵکو لە بنیاتنانەوەی نەخشەی زانستی مۆدێرنیشدایە بە گەڕاندنەوەی هەموو فۆرمێکی زانین بۆ بەرژەوەندییەکی مرۆیی کە لە خودی پێکهاتەی کرداردا هەیە. کتێبەکە ڕێگا بۆ تیۆرێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە خۆش دەکات، کە زانین نەک وەک چالاکییەکی بێلایەن، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی مێژوویی کە بە مەرجی بەدواداچوون بۆ کۆنترۆڵکردن، تێگەیشتن، یان ڕزگاربوون سەیر دەکرێت. ئەم بیرۆکە مەرکەزییە وایکردووە ببێتە یەکێک لە گرنگترین کتێبەکان کە دیبەیتی عەقڵ و مۆدێرنیتەیان لە قاڵب داوە.

سەرچاوە:
یورغن هابرماس -المعرفة والمصلحة
-تأليف: يورغن هابرماس
-ترجمة: حسن صقر - إبراهيم الحيدري

# چیرۆکی ڕمموودە بوونی ڕۆح



ئەمین گەردیگلانی

لە بوودڕی هەوەسێکی
چاو سووری بۆگەندا گووڕای!
لە قاقڕێکی جەستە شەقار شەقاری
بەردەڵان و چڕدا ڕسکای!
لە ئەشکەوتی مێشک هەڵۆڵی شەوێکی
سارد و سڕدا
فرچکت گرت!
بە گڕەبای سەحرایەکی قولەڕەشە
بسکی کەسکی دارەبەڕووی ڕۆحی
خۆتت هەڵپڕووزاند!
بە سەرهەڵگرتنی ڕۆحی ڕەشەبای لمەوە
نووسای!
سەفەری بێ بڕانەوەت
بە سەر هێڵی خۆزگەیەکی گریاناوی و
کوێرەڕێگای نیازێکی پشت چەماوە و
ڕێچکەی حەزێکی مل کەچی
نێوچاوان خۆڵاوییەوە تێدەپەڕێ!

ئەو زنارەی، پێی باوەڕتی لە سەر گیرە
داوێنەکەی خمخۆرکێکی هەڵلووشەوە
برسی...برسی
چاوتەماوی
بۆ تۆپەڵە مێشکی خاو و شلەپەتە
هەمیشە قوڕگی لووشەری ئاواڵەیە
ـ زۆنگە پیرە ـ
تۆ دنیات بە تاڵە داوی
جاڵجاڵۆوکەیەکەوە بەست
دۆزەخێکت بە ئێزنگی وشکەڵی بیر
هەڵکردووە،
بە مەشکۆڵەی پڕ لە ئاوی
دەندووکی ملوێنان ملوێن پەڕەسێلکەش
ناکوژێتەوە!
ئەو گڕەمشقانەی ناخی کاسەسەرت
جاروبارێ لە گڕوپف دەکەوێت و
دادەمرکێ،

بەڵام لە پڕ
سەرمازەڵەی هەزاران تاوانی ڕووڕەش
دەوری دەدەن
لەو کاتەدا
دەمیان دەبێتە کونە «با»
ـ دەڵێی هەموو «با» کانی جیهان
سەرچاوەکەیان لەوێوەیە ـ
لە ئەشکەوتی دەمیانەوە
فوو لە ژیلەمۆکەی دەکەن.
کۆمەڵکەی
پیاوە قوڕینەکانیش
بە زەلیلییەکی بۆر و گەوجانەوە
ـ خۆت ئاسایی ـ
بە دەوری ئەو گردوولکە ئاورینەوە سەما
دەکەن.
ئای.. لەو ئاسمانە ڕووتاڵەی
ساڵ دوازدەی مانگ
هەوروهەڵا و تاوان بارێن
هەورێک ناوێرێ بپشمێ
تۆ تەقەڵی پواوی جەرگ و هەناوت
دەپچکڕێ و
تاوانێک لە پڕیشکەی پشمینەکەی دا
دەقۆزییەوە!
باڵندەیەک
ناوێرێ پەپوولەی دەنگی هەڵفڕێنێ،
تۆ گەناوی پەردەی گوێچکەت
دەشڵەقێت و
ڕووڕەشییەک
لە سەر هێڵی نۆتی گەرووی دەگریەوە و
دەیلکێنی بە دیواری قەوزاویی ڕۆحی
سڕتەوە!
کانیلەیەک
ناوێرێ لە ژوانی تەنگی جۆگەیەکدا
هەناسەی ڕوونی بە بسکی خاوی گژ و
گیادا بێنێ،
تۆ شەیتانۆکەی چاوانت
دەپەڕێتە تەپڵی سەر و
گۆلاو، گۆلاو
قوڕ و لیتەی گەماری ڕق
دەڕێژێتە گەرووییەوە و
بزەی ڕۆحی دەخنکێنی!
بێ تاوانی!
لە بوودڕی هەوەسێکی
چاو سووری بۆگەندا گوورای!
لە قاقرێکی جەستە شەقار شەقاری
بەردەڵان و چڕدا ڕسکای!
لە ئەشکەوتی
مێشک هەڵۆڵی شەوێکی
سارد و سڕدا فرچکت گرت.
بە گڕەبای
سەحرایەکی قولەڕەشە
بسکی کەسکی داربەڕووی ڕۆحیان
هەڵپڕووزاندی!
بە سەرهەڵگرتنی ڕۆحی گێژە لـمی
ڕەشەباوەیان نووساندی!!
بێ تاوانی!
بێ تا...
بێ...

# هەمیشە خوداوەندێک هەیە میهرەبانتر

ڤینۆس فایەق

بە بەرچاوی خۆرەوە
بە رۆژی رووناک،
شیعرەکانم ئەپێچمەوە
و خۆم ئەدەم بە دەم
رێگایەکەوە
رەشەبا بەردەوام ئاڕاستەی پێ
دەگۆڕێت،
خۆر بە بەردەوامی پشتی لە
پێیەکانمە
هەمیشە خوداوەندێک هەیە
لەگەڵ نیشتیمان ئاشتم
دەکاتەوە
---
کراسە ئەرخەوانییەکەی دایکم
لەبەر ئەکەم و
جووتێک ئیسکەرپینی بەرز
چڵە رێحانەیەکی ئینجانە
لووتبەرزەکەی نەنکم

ئەدەم لە پەنا گوێچکەی چەپم
... کاتی رۆشتنە
کاتی دابڕان و یەکتر ون کردنە
هیچم لێ مەپرسە
خۆم بە پرسیار سیخناخم
هیچم پێ مەڵێ
بەتاڵم لەم نیشتیمانە
گەڕەک بە گەڕەکی ئەم شارەم
لەبەر ئەڕوا
ماڵ بە ماڵی ئەم شارەم لە بار
ئەچێ
هەمیشە خوداوەندێک هەیە،
لەو خەیاڵانەم رام ئەچڵەکێنێ

ترسم لە مردن نییە
دەیان درەخت لە جیاتی من
وشک هەڵدەگەڕێن

دەیان گوڵاڵە سوورە لە جیاتی
من دەخنکێن
دەیان دڵ لە بری من ئەسووتێن
گەر بشمرم
هەمیشە خوداوەندێک هەیە
دەستم دەگرێت و
بۆ ئەم ژیانە بێ قەرارە
هەڵم دەستێنێتەوە

خەریکە دەست دەدەمە
تەلەفۆنەکەم
زەنگێکت بۆ لێدەم
گلەییت لێ بکەم
بە خەیاڵما دێت لە بەردەمما
بیت
بکێشم بە سینگتا
پێت بڵێم
چی منی بیربردوویتەوە
دەمەو ئێوارێ
تەلەفۆنەکە بە دەستمەوەیە
پشیلە رەش و سپییەکە بە
کزییەکەوە
بە تارمەکەدا تێدەپەڕێت
تێدەگەم
تۆ لێرە نیت
تۆ دەمێکە وای لە سینگما
وای لە مێشکما
وای لە خەونەکانما
باوکی شیرینم
هەمیشە خوداوەندێک هەیە لە
شکڵی تۆ دێتە بەرچاوم

ئەم دەنگە دەناسمەوە
دەخزێتە ژێکانی قوڕگمەوە
لە تارانەوە هەتا سەقز
کرماشان وسنەوە
لە بۆکان ومەهابادەوە دێت و
دادەکاتە ناو مێشکتانەوە
لەگەڵ هەوری غەزەبدا
دادەکاتە سەر چارشێوە
رەشەکان و
ئاسمان هەڵدەگێڕێتەوە
ژینۆ دەوەستێ
کلی یاخیبوون لە چاوی دەدا
ولە ناو بازنەی زماندا
دەتانشواتەوە
هەمیشە خوداوەندێک هەیە
میهرەبانتر لەوەی ئێوە
بەناوییەوە سەرمان دەبڕن.



# ژینا

**سەروین دەروێش**

من وا لە وڵاتی تۆم
ئەی کچە ڕۆژهەڵاتییەکە
ئەگەر دەزانی لەدوای مەرگت
یاسای ڕاوچییەکانی خۆشبەختی
چۆن خراونەتە ژێر پێ

قژ دەبینم بەدەم باوە
لە ملی نادادی ئاڵاوە
لەچکی سەری کچێک دەبینم
خزاوەتە سەرشانی و
بەدەم خواردنەوەی شەربەتێک
لەدوای ڕۆیشتنی
لەسەر کورسییەکە بەجێی دەمێنێ
لە شەقامێکدا
مۆسیقا وەک موگناتیس ڕامدەکێشێ
دەیان ئاوازی ژیان لە دڵمدا چرۆ
دەکات
بەڵام لەم شارە
یەکەمین ئاواز تۆ بوویت

ئەی ژینای هەمووان
لە هەموو شوێنێک لەچک دەخەمە
سەرم
بەڵام لە شاری تۆ نا
لەهەر زەوییەک بم
زیکرەکانی عەشق دەخوێنمەوە
بەڵام لە وڵاتی تۆ
دەستی دەریا دەگرم و
سەمای ئازادی دەکەم
لەسەر پەڵەهەورەکان
ڕۆحی تۆ دەبینم
ئاڵای ئازادیت بەدەستە و
پەپولەی ماچ هەڵدەفڕێنیت
ژینا تۆ لە دوای مەرگیشت
موعجیزەیت
مۆسیقا و ڕەنگ و ماچ
تەنانەت شیعری منیشت
خستە ئەم شارەوە.






لە خۆمدا تەنیا نیمە و
تەنیاییم لە دەست ناکەمەوە و
لێ ناگەڕێم سەرم تەنیا نەبێت و بە گەمژەییدا بڕوات و
پەنجەکانم لە تەنیشت یەکتر لا دەبەم،
بۆ ئەوەی سەرم نەیانژمێرێت و لە خۆیدا نێتە دەرەوە و
تووشی تەنیایی دەرەوە نەبێت
تەنیایی لە دەرەوە هیی مرۆڤ نییە.

شیعرێک سەرمایەتی و بە تەنیا لە ناوەندی شاردا دانیشتووە
کەس نایخوێنێتەوە
لە هەموو سەردەمەکان دەگەڕێت
دەزانێت هێشتا خوێنەرەکان زمانی ئەو نازانن
کەمێک دڵی توندە
بەڵام نەشێواوە
شیعرەکە لە هاوینیشدا هەر وایە
گەرمایەتی و ئارەقە بە ملی دێتە خوارەوە
کەسی نییە
بە تەنیا بە گەردووندا دەگەڕێت
هەندێک لە لاچەپەکانی گەردوون دەیناسن
بەڵام زمانی شیعرەکە نازانن و
دەیهێنمە لای خۆم و دەیخوێنمەوە
دەڵێم زۆر جوانیت
زۆر قووڵیت

دەڵێت دەزانم و دەشزانم تۆ لە
دەوری مندا زۆر دەبیت
دەبیتە چەندەها کەس
لەبەر ئەوەی تۆش وەک من تەنیایت،
کەسە تەنیایەکان یەکتر دەبینن
خەڵکی ئەم سەردەمە تەنیا نینە و
مرۆڤە تەنیایەکان نابینن
هەڵیدەگرم و لە سنگمدا شوێنێکی
باشی بۆ دروست دەکەم
دەڵێم لای من بمێنەوە
نامێنێتەوە
دەڵێت من هیی هیچ کەس نیم
هیی خۆمم
خۆم هیی هەموو مرۆڤەکانم.

لە دەرەوەدا، گۆرانیی بەتاڵ هەیە
دڵفرۆشتن هەیە
هەموو شتێک دەفرۆشرێت
مرۆڤ دەستی بە خۆفرۆشتن کردووە
من تەنیاییم نافرۆشم
ئەوەتام،
لێرە باسی تەنیایی خۆم دەکەم.

تەنیاییەکم خستە سەر ئاگر و
پاش کەمێک، لە پێش خۆم دامنا و
گوتم: ئێستا چۆنیت!
ئەگەر باشیت، دەمناسیت
ئەگەر خراپیت،
خودات لەگەڵ.

تەنیاییەک بە تەنیا پیاسە دەکات و
دڵی زۆر خۆشە.

دەوری پڕە لە کەللەسەر
کەللەسەرەکان قسەی خۆش دەکەن
نوکتە دەکەن
قا قا لێ دەدەن
بەڵام تەنیایە و دەزانێت ئەوانەی لە
دەورینە کەس نین
کەسی ڕۆحی، بۆ هیچ شتێک نایەتە
لات
تەنیا دڵتی دەوێت.

کوردێک چاوێکی لە ڕابردوو بەجێ
ماوە
کوردەکە لە ڕابردوودا تەنیا بووە
خاکی لە دڵیدا ڕاخستووە
کوردەکە حەزی لێ بووە کورد بێت
چاوێکیان لە سەری هێناوەتە دەرەوە
بۆ ئەوەی خاکی خۆی نەبینێت و
ماڵی خۆی پێ نەزانێتەوە
کوردەکە ئێستاش هەر تەنیایە
ئێستاش هەر خاکی لە دڵیدا
ڕاخستووە و
ئێستاش هەر کوردە
لە دەستدانی چاوێکی، وای نەکرد
خاکی لەبیر بکات
یان ماڵی خۆی ون بکات
هەر ماڵی خۆیەتی و
تەنیایە و
درێژە بە کوردبوونی خۆی دەدات.

کەسێکی تەنیا، کەوتووەتە قەرەباڵخی و
چەند دەکات،
ناتوانێت سەری لەبن ئەو هەموو
سەرە دەربهێنێت و
سنگی بباتە ژوورەوە و
گاسی تەنیایی بکاتەوە و
بە یەکەوە،
لەگەڵ یەکتر دابنیشن و
چای بخۆنەوە و
دڵی یەکتر شاد بکەن،
لەبەر ئەوەی تەنیاییەکەی ڕاست نییە.

گۆرانی دەڵێت و هەوادارێکی زۆری هەیە
چەپڵەی بۆ لێ دەدەن
فیکەی بۆ لێ دەدەن
هەڵدەپەڕن
قسەی بە تامی بۆ داوێن
بەڵام کە گۆرانییەکە تەواو دەبێت و
دەچێتەوە ماڵەوە،
تەنیایە.
دڵێک تەنیایە و بەبێ ئەوەی بڵێت
تەنیام، دەزانم تەنیایە.
دڵێک تەنیا نییە و بەبێ ئەوەی بڵێت
تەنیا نیم، دەزانم تەنیا نییە.
گاس دەکەم، کێ تەنیایە با بێتە لام
کەسانێکی زۆر لە دەوری دڵمدا کۆ دەبنەوە
تەنیاییەکان لە یەکتر جیا دەکەمەوە

من تەنیایی ڕەسەنم دەوێت
ئەوانەی تەنیایی ڕەسەنیان نییە، ناتوانن لەگەڵم بن
تەنیایی ڕەسەن،
تەنیایی زمانە.
کەسێکی تەنیا، لەگەڵ خۆی دانیشتووە و
قاوە دەخواتەوە و
کتێب دەخوێنێتەوە و
سەیری دەرەوە دەکات
دەرەوە پڕە لە پیاوی بیست دەرگەیی و
ژنی بیست دەرگەیی
ئەو هەموو پەنجەرەیەی ناوێت
تەنیایی خۆی پەنجەرەیە و
خۆی دەرگە لە خۆی دەکاتەوە و
خۆی پەنجەرەی خۆی دەکاتەوە و
لەگەڵ خۆی زۆر باشە.
تەنیایەک، باش تەنیایی دەناسێت.
تەنیایەک، دەزانێت ژیان واتە تەنیایی.
تەنیایی من لە هەموو شوێنێکمە و
هیچ خولەکێکم بێ تەنیایی نییە
بێ تەنیایی زۆر ناخۆشە و
ئەگەر دەزانیت تەنیایی چەند خۆشە،
تۆش تەنیا دەبوویت.
تەنیایی تۆ تەنیا نییە
کە دەڵێیت تەنیام، درۆ دەکەیت
درۆ جێگەی لە تەنیایی نییە و
تەنیایی خاوێن، سەری دیارە، ڕووخساری دیارە
تەنیایی تۆ دیار نییە

ئەگەر تەنیاییت ڕاست بوایە،
لە دڵم دیار دەبوویت و
دڵم نەیدەهێشت ئازارت هەبێت
تەنیایی ڕاست، ڕوونە
لەبەر ئەوەی، تەنیایی هەقیقەتە.
تەنیاییەک دەمی پڕە لە قسە
دەردەدڵی زۆرە و قسەی تەواو نابێت
قسەکان دەڕۆن بۆ ڕابردوو
لە ڕابردوو هەستی کردووە تەنیا
نەبووە
بەڵام ئێستا دەزانێت تەنیا بووە
هەستنەکردن بە تەنیایی لە ڕابردوو،
پەیوەندی بەوەوە هەبووە، کە خۆشیی
زۆری هەبووە
ئێستا کە بێ خۆشییە،
دەزانێت کە چەندە تەنیا بووە.
خەون، ڕوو لە یەک شوێنە و دەزانێت
شوێنەکە کوێیە و
دەزانێت، دەبێت چاوی دانەخات و
کاتژمێرەکانی کراوە بن و
تەنیشتەکانی بناسێت
ئەگەرنا دەوەستێت و
ناگاتە تەنیایی خۆی و هیوای لێ
بەردەبێتەوە.
تەنیایەک بەشداری دەرەوە دەکات و
سڵاو لە جیهان دەکات و
جیهان دەخاتە سەر شان و
دڵی برینەکان دەداتەوە و
لەگەڵ ئازارەکانی ئەوانی تر هاوئازارە
و
لێش ناگەڕێت،
تەنیاییەکەی درز بدات.
لە پەنجەرەکان نایەتە دەرەوە
خۆی هیچ پەنجەرەیەکی نییە
هەموو پەنجەرەکان بە هی خۆی
دەزانێت
کەچی سەری توندە و
خەمەکانی چرچ بوونەتەوە
هێشتا نازانێت چۆن پەنجەرەی خۆی
بکاتەوە
پەنجەرەکەی لە ماڵەکەی خۆیەتی
ماڵەکەی بێ پەنجەرەیە
ئەگەر پەنجەرەیەکی قشتی بۆ
ماڵەکەی بهێنایەتەوە،
تەنیا نەدەبوو.
تەنیایی هاتنی شادییە لە نزیک
خۆتدا.
تەنیایی بینینی ڕۆحە لەسەر زەویدا.
چەپکێک گوڵم کڕیوە
دەیبەمەوە ماڵەوە
ماڵەوە نابێت بێ گوڵ بێت
بێ گوڵ بێت، تەنیا دەبێت.
خۆم لە تۆ لادەدەم،
کە دەتبینم، حەز دەکەم سەد مەتر
لێت دوور بکەومەوە
تۆ تەنیا نیت
من کەسە تەنیاکانم خۆش دەوێت
تۆ کەسە تەنیاکانت خۆش ناوێت
پێتخۆشە بەردەوام لەنێو قاپە چوار
قاچەکاندا بیت
لەوێ بە

مـن نامەوێـت ڕووخسـاری تـۆ
لەبەردەمـم بێـت
کە منت بینی خۆت بشارەوە.
تەنیایـەک، دەزانێـت شـارەکەی نـاوی
چییـە
وڵاتی ناوی چییە
دەزانێت چ قەومێکە و
قەومی خۆی خۆش دەوێت و
لەنێو قەومی خۆیدا، دەمێنێتەوە و
ناچێتە نێو بەرگی تر و
بەرگی خۆی،
وەک پێستی،
لەبەر ناکاتەوە و لەگەڵیدا دەژییێت.
نیوەی شار لە گیرفانی دابوو
هەرچی بیوستبایە،
بە یەک گاسکردن، لەبەر دەمی بوو
دەرۆیشت و زۆر سەفەری دەکرد
دەیان جۆر ڕەنگی تاقی کردەوە
چەنـدان دیمەنـی بینـی، کـە زۆر جـوان
بـوون
دەهاتەوە و
پێشوازی تا یەک هەفتە دەڕۆیشت
بەڵام تەنیا بوو
منداڵێک نەبوو پێی بڵێت: باوکە.
کورد تەنیایە، تەنیایەکی خەست
وڵاتەکـەی لـە هیـچ جێگەیـەک
نادۆزێتـەوە
هەموو ئەوانەی وڵاتیان هەیە،
پرسیار ناکەن
بۆچـی کـورد نـاوی لـە تەنیشـت
وڵاتەکانـی تـردا نییـە!

مرۆڤێـک لـە ژیانیـدا کەوتووەتـە
خـوارەوە
دڵی پڕ خوێنە
ناشزانم هیی چ شوێنێکە
پیلـی دەگـرم و دەیخەمـە نێـو تەنیایـی
خـۆم
گرنگ نییە ڕەنگی چۆنە
گرنگ نییە زمانی چۆنە
گرنگ نییە هیی جێگەی منە یان نا
بـەڵام دەزانـم مرۆڤـەکان، مرۆڤـە
خـوارەکان، دەسـتیان لـێ وەشـاندووە
دەیبەم لـەلای دڵـی خـۆم دایدەنێمگیانی
لـە ئـازار پـاک دەکەمەوە
هەندێک لە ژیانی خۆمی دەدەمێ و
دەڵێم تەنیا بە
تەنیا نەبیت، نازانیت ژیان چییە.
مـن تەنیـا نیمـە و ئەوەتـا خـۆم لـە دڵـی
خۆمـم
قسە لەگەڵ خۆم دەکەم و
باسی ئەو تەنیاییە دەکەین کە گێژە
نازانێـت چـۆن تەنیـا نەبێـت و چۆنیـش
تەنیـا بێـت
من تەنیامە و تەنیاش نیم
تەنیام لە قەرەباڵخی بێ سەروبەردا
تەنیا نیم لە ناوەوەی خۆم و
دەتوانـم باسـی تەنیایـی هەمـووان بکـەم
و
یـەک یـەک تەنیاییـان دەستنیشـان بکـەم
و
پێیان بڵێم، کامە تەنیایی باشە و
کامە تەنیایی نەخۆشییە.

# ئاوێنە و یادەکان

**شنیا عەبدولمەجید**



چەند ئادگارێکی شرینە ئەو ..
کە چاوانی هەڵناگلۆفێ بێ
من !
تەنانەت کەمێکی لێ توڕەبم ،
هەڵدەشاخێ بەڕووما
لە ترسی ئەوەی نەبا
.
.

جێی بێڵم !
ئەو بێ ئاگایە لەوەی ...
کە زۆر دەمێکە لەڕۆحما
متوربەیەو
خۆی ترنجاندۆتە هەناومەوە!
بێ ئەو
بەناخی قورە ڕەشێ دادەچم و
..

زامگەلێ هەر لە زایەڵەی
سازگاری بانگەڵایی
بەیانیانەوە ڕووم تێ دەکا...
تا قامی قیامەت کێڵم
ناکاتەوە!
کەچی بێ من ئازار،
دەیکرۆژێ و
لە ختوخۆڕاییی، دەکەوێتە
وێزەیی دارو بەرد !
ڕق مەئیوسانە، لەسەر
ڕوخساری دەنیشێ و
بە لێزمەی هەزاران گفت و
لفتی شرین لاناچێ!
نائومێدیەک سەر دەخاتە
سەری ...
وەک کۆترە باریکە، بەڕق
دادەچێ و ..
لێم دەچێتە حەل حەلەی
عاسمان!
گوێم لە گازندەکانیەتی،
قوربانی بم
ئەڵهایی بیستنیانمە !
سەیرکە دڵخوازی شرینم :-

« دەستی شیعرم نابزوێ، تا
نەجمێیت ! «
وەرە هەم دیس ...
بە زڕەیی زەنگێ، دام چڵەکێنە
!
گەردی ڕق، لە دڵی ژارم مەگرە
شەهیارم
ڕەنگە گەورەترین تاوانی من،
خۆشویستنی زۆرت بێ !
وتم وەک من دڵی سافەو ..
ڕەنگە نەختێکیدی ساردبێتەوە
سەری لە هەردوو
کەشنەژنۆکەی دەربێنێ و
ئەو ژوورە پەڕپووتەی جێ
بێڵێ..
لەو بێ سەرو بەریەیی بێتە
دەرو
خۆر لە چلەیی زستانی ...
ئاسمانێکی پڕ لە هەور،
لە من بێتە دەر..

ئارام محەمەد:

# ڕۆمان
# لەناو ئازادییەکی بێ سنووری
# تاکدا گەشە دەکات

دیمانە: بابانی شەن





(ئارام محەمەد) لە ساڵی ١٩٨٥ لە شێخوەسانان-ی سەر بە ناحیەی بالیسان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ناحیەی سەروچاوە-ی سەر بە قەزای ڕانییە تەواو کردووە. بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی، لە زانکۆی دهۆک وەرگرتووە. ئێستا دانیشتووی هەولێرە.

- براوەی خەڵاتی لاوی ساڵ بۆ ڕۆمان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی-٢٠١٣
- براوەی خەڵاتی یەکەمی چیرۆک لە فێستیڤالی گەلاوێژ- ساڵی ٢٠١٤
- براوەی خەڵاتی دووەمی چیرۆک لە فێستیڤاڵی هەتاو

بەرهەمە چاپکراوەکان:

- سەمای سڕبوون(ڕۆمان) ٢٠١٢- چاپخانەی هێڤی
- خەوتوو(ڕۆمان) ٢٠١٤- خانەی ئەربیل
- مەرگی مێژوونووس(ڕۆمان) ٢٠١٦- ناوەندی ئاوێر
- دەرگەکانیش هیلاکن(چیرۆك) ٢٠١٨- ناوەندی ئاوێر
- ڕۆژێک لەو ساڵانە هەڵدەگرم(ڕۆمان) ٢٠٢٠- وەشانی نووسیار
- پۆڵ ڕیکۆڕ و پرسی گێڕانەوە-(ڕەخنە) ٢٠٢١- پرۆژەی ڕێگە- دەزگای ڕۆسا
- ئادۆرنۆ و ڕەخنەی کلتووری(ڕەخنە) ٢٠٢١- پرۆژەی ڕێگە-دەزگای ڕۆسا
- ئەو هاوارەی نەبیسترا(ڕۆمان) ,٢٠٢٢- وەشانی نووسیار
- ناوی خۆیان بیر نەماوە(ڕۆمان) ٢٠٢٥- وەشانی نووسیار

**بابانی شەن:** تا چەند لە زانکۆ، وەک پێویست بایەخدراوە بە ژانری ڕۆمان، بۆ توێژینەوەکانیان سوودیان لێی وەرگرتووە؟

**ئارام محەمەد:** ناوەندە ئەکادیمییەکان بەگشتی لە دنیادا، پاڵپشت و کاریگەرن بۆ دروستبوون و سەرپێخستنی جووڵە ئەدەبییەکان، وەک زانراوە هەمیشە زانکۆ گرنگەکان شوێنێک بوون بۆ کەرنەڤاڵ و فێستیڤاڵ و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان. شوێنێک بوون بۆ گەشەی فکر و قوتابخانە ئەدەبی و فەلسەفییەکان، بەڵام ئێستاکە کێشەکە لە ناوەڕۆک و چۆنایەتیی جووڵەکەدایە. لە قاڵبدانی خەیاڵ و خستنەچوارچێوەی ئایدیاکان، لەگەڵ گەشەی فۆڕمەکانی بازار و سەرمایەداریدا، ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر ڕۆڵی ئەکادیمییان خستووەتە ژێر پرسیارەوە. بە مانایەکی دیکە: بە شمەک کردنی ئەدەبییات و هونەر و پرسە کەلتوورییەکان بەگشتی جێی لێ وردبوونەوە و ڕامان بووە. بەپێی دۆخ و کاریگەریی گۆڕانگارییەکان، بەها و بایەخی ئەو چالاکییانە گۆڕاوە. لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە، ناوەندە ئەکادیمییەکان هێواش هێواش بوونە جێی سەرنج بۆ وەبەرهێنان. تەماشاکردن و بینینی زانکۆ وەک کارگەیەک، تێکەڵبوونی پرسی مەعریفە و هونەر و ئەدەبییات بە پرسی سەرمایەداری، کۆی ئەو تێگەیشتنانەی ئێمەی لەبارەی زانکۆوە خستنە ژێر ڕامانەوە. من لە کتێبی (ئادۆرنۆ و ڕەخنەی کەلتووری)دا، بەشێکم بۆ پرسی ئەکادیمیا و کەلتوور تەرخان کردووە. بە گەڕانەوەم بۆ تێگەیشتن لە کتێبەکەی (مارتین پاوڵ) باسم لەوە کردووە، کە سیستەمی بازاڕ و ناوەندە ئەکادیمییەکان لەسەر هەمان هێڵی ئیشکردنن، چونکە کۆی پرۆسەکە وەک بەرهەمهێنان تەماشا دەکەن. ئەم مامەڵەیە لە ئیشکردن، کارێکە دژ بە بێ سنووری خەیاڵ و دابەشکردن و نەهێشتنی دیالۆگ، هەروەها جۆرێک لە ناکۆکیشی خستووەتە سەر پرس وباسی تێکستی ئەدەبی و دونیای ڕەخنە. دەکرێ بپرسین پێوەرەکان کامانەن کە ئەم دوو جۆرە نووسینە لێک جیا دەکەنەوە؟ نووسینێک سەر بە دنیای بەرهەمهێنانە، نووسینێک لە دەرەوەی بازاڕە و دۆخێکی ئۆنتۆلۆجی ڕابەڕایەتیی کردووە؟ هەروەها وەستان لەسەر پرسیارە گرنگەکەی(تێری ئێگلتۆن)، لەبارەی بەرهەمهێنانی ئەدەبییەوە.

ئایا سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێمە لەلایەن ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە ئاڕاستە دەکرێ؟ ڕۆڵی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە دەرەوەی زانکۆ چییە؟ دەکرێت بڵێین: لە زانکۆکاندا ئەگەر توێژینەوە و بایەخدانیش هەبێت بە پرسە کەلتووری و ئەدەبییەکان، ناکرێ خوێندنەوە بۆ دیوی پشتەوەی ئەو ناوەندە ئەکادیمییانە نەکەین. هەر ئەوەیە کە ئێستاکە ئەدەبییات و هونەر و کەلتوور بەگشتی، هەر چەند لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا ئامادەیی هەیە، بەڵام کاریگەرییەکەی زۆر سنووردار و کلێشەییە، چونکە ئەو پرس و باسانە لە جەوهەردا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ. هەرچەندی توێژینەوە و گوتاری کلێشەیی لەبارەی ڕۆمانەوە بنووسرێن، هێشتا ناتوانین دڵخۆش بین بەم جووڵەیە، چونکە ئەدەبییات بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی لەناو ئازادییەکی بێ سنووری تاکدا گەشە دەکات. دەکرێ لێرەوە لامان ڕوون بێت بایەخدانی سکوڵی وێژە و زمان بە قووڵبوونەوە و توێژینەوە لە ڕۆمان، کاریگەرییەکەی ڕوو لە کوێیە؟ ڕووی لە ناوەوەی ئێمەیە، یان ڕووی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێمەیە و ئامانجێکی کورتخایەنی لە پشتە؟ بۆیە نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو دنیادا لە پاڵ کەمبوونەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی کەرتی گشتی و زاڵبوون و هەژموونی کەرتی تایبەت، بەها و بایەخی جووڵەی ئەدەبی تێکەڵ بە پرسی بازاڕ و قازانج بووە و لە چوارچێوە و کاریگەرییە سروشتییەکانی داماڵراوە.

لە زانکۆکانی کوردستاندا بایەخدان بە ڕۆمان، لە چوارچێوەی ئەرک و ئەنجامدایە، واتا: زۆرینە وا مامەڵە دەکات، بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە ببڕێت. لەبارەی ڕۆمانێکەوە دەنووسێت، یان تەنانەت بەشێکی قوتابییانی زانکۆ، ئەو لۆجیکە بۆ پڕۆسەی خوێندەوەیش پێڕۆ دەکەن. هەر ئەو ماوە دیاریکراوە لە ژێر فشاردا و بەبێ ویستی خۆیان هەندێ کتێب دەخوێننەوە. هەر ئەوەش کێشەکەیە، بۆیە زۆرینەی توێژینەوە و نووسین لە زانکۆدا بنەڕەتێکی ڕەسەنیان نییە، یان بە تێگەیشتنی (هایدیگەر) بۆ بوونی ڕەسەن، قوتابی لە تەواوی ئەو قۆناغەدا لەناو چوارچێوەیەکی نارەسەندایە، چونکە ئازادانە خۆی بڕیاری لەسەر هیچ یەکێ لەو جووڵانە نەداوە. قوتابی نەک تەنیا لە ماوەی نووسینی توێژینەوەکەیدا، بەڵکوو تەواوی ساڵەکانی خوێندنی لەژێر فشاردایە و ڕۆڵێکی بەسەردا سەپێنراوە. ئەمەیش وا دەکات زۆرتر

192

ئەو ئەرکە لە دەرەوەی خواست و پڕۆژەی درێژخایەن بێت. گرنگ ئەوەیە: ئەو ئەرکەی بە کۆتایی بێت. هەر بۆیە زۆرینەی قوتابییانی بەشە ئەدەبییەکان دوای تەواوبوون و (ڕزگاربوون)یان لە زانکۆ، بە تەواوی لە خوێندنەوەی ڕۆمان و ئەدەبییات بەگشتی دوور دەکەونەوە. خاڵێکی دیکەی گرنگ وابەستە بەم باسە، لە بنەڕەتدا چالاکییە ئەکادیمییەکان، دەبێت تەواوکەری ئەو چالاکی و جووڵانە بن، کە لەدەرەوەی زانکۆدا هەن. واتا: ئیشکردنی فەرهەنگی لە دەرەوە و ناوەوەی ئەکادیمیا سەر بە یەک چوارچێوە و ڕووبەرە، بۆیە کاتێ دابڕان دروست دەبێت، زیان بە کۆی پرسی کەلتووری و ڕۆشنبیری و فکری دەکەوێت. هەڵبەت وەک باسمان کرد: خواست و ئاکتی سەرمایەداری، ئەو گاپەی نێوان کایەی ڕۆشنبیری ناوەوە و دەرەوەی ئەکادیمیای زۆر فرەوانتر کردووە، لە ئەمریکا و ئەوروپادا تا ڕادەیەک تروسکاییەک ماوە لەو پێوەندییە. هەوڵیش هەیە کە هاوکێشە و دۆخی بازاڕ بە تەواوی کۆنترۆڵی کایەی ئەکادیمیا نەکات، بەڵام لای ئێمە، ئەگەرچی هێشتا لە سەرەتای ئەو تێگەیشتنەین بۆ بازاڕ و قازانج، کەچی بە تەواوی ئاڕاستەی ئیشکردنی ناوەوەی ئەکادیمیا و دەرەوە لێک دابڕاون. بەڵگەی ئەم قسانە ئەوەیە توێژینەوەی دەرچوونی قوتابییان و مامۆستایانی زانکۆ، (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) لە بوارە جیاوازەکاندا، لە ژوورێکدا بە سەریەکدا کەوتوون و ڕووناکیی دەرەوە و بڵاوبوونەوە نابینن.

**بابانی شەن:** مەیلێک لەناو خوێنەراندا هەیە، بۆ خوێندنەوەی ڕۆماننووسانی کلاسیکیی دنیا، هەروەها لەناو کوردیشدا تەنیا چەند ناوێک زەق کراونەتەوە، ئەی ڕۆماننووسەکانی دی؟ چۆن وا بکەین ئەم فۆڕمە لە تێگەیشتن گۆڕانی بەسەردا بێت؟

**ئارام محەمەد:** پرسیارەکە زیاد لە تەوەرێک لە خۆ دەگرێت، پرسی ڕۆمانی کلاسیک و هاوچەرخ، پرسی خوێنەر، بابەتی بە جەماوەری بوونی ڕۆماننووس، تێگەیشتن لەو مۆدیلە ئەدەبییەی برەوی هەیە؟ بەڵام لە کۆتاییدا دەکرێ هەموو ئەوانە لەناو یەک بازنە و سپەیسدا قسەیان لە بارەوە بکەین، ئەویش پرسی کرانەوە و ڕامانی ئێمەیە بەرانبەر گەشەسەندن و مێژووی چەمکە بنەڕەتییەکانی: (خوێنەر، نووسەر، تێکست).

ئەدەبییات بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی، دەبێت لەو مامەڵە ئەبستراکت و ماتماتیکییە دابڕێت و بە جۆرێکی دیکە ببینرێت. پرسی ڕێبازە ئەدەبییەکان کە زۆرتر لە «سەدەی حەڤدە»وە جەختی لێ کرایەوە، ئامانجیش: پتر دارشتنەوە و بینینی ڕابردوو و ئێستا بوو. هەروەها وەک دەستپێک دروستبوون و ناونانی ڕێبازێکی ئەدەبی بە ناوی کلاسیک، کە درێژکراوەی ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆما و یۆنان بوو، لە فەرەنساوە قاڵبی گرت و دواتر ڕێبازی دیکەی ئەدەبی بە دوادا هات. بەپێی ئەو گۆڕان و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی وڵاتانی ئەورووپا پۆلێن و ناونان قاڵبی وەرگرت. ئەم ناونانە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان وەک هێڵی جیاکەرەوە و کۆکردنەوەی خەسڵەتەکانی قۆناغێک بایەخی پێ درا، بەڵام بە گشتی لە دەرەوەی ئەکادیمیادا دۆخەکە بە کراوەیی مایەوە. ڕوانینەکە ئەوەیە: مادام مامەڵەی ئەدەبییات لەگەڵ تاکدایە، تاکەکانیش ناکۆتا سنوور و پێناسە و بیرکردنەوەی جیاواز لە خۆ دەگرن، کارێکی ئەستەمە ئەو دابەشکارییە ئەنجامێکی کۆنکرێتی بخاتە ڕوو. بۆیە هەر لە بنەڕەتەوە دەبێت ئەو تێگەیشتنە هەڵبوەشێنینەوە و بە کراوەیی لە باسەکان بدوێین. دەکرێ تاک وەک کەناڵێکی فرەدەنگ تەماشا بکەین. لە (ئەریستۆ)وە، ئێمە دەزانین ئەدەبییات(شیعر) تەنیا لاساییکردنەوەی ڕووداوە واقیعییەکان نییە، بەڵکوو لاساییکردنەوەی ڕووداوە خەیاڵییەکانیشە. ئەمە وا دەکات کارێکی قورس بێت لەبارەی داهێنانە ئەدەبییەکانەوە بڕیار بدەین. دەبێت هەمیشە لە ڕێگەی دیالۆگەوە دیوی نەزانراو و دیکەی تێکستی ئەدەبی کەشف بکەین. بەم ئاڕاستەیە چەمکەکان بە پرۆبلەماتیک دەبینین و زیاتر و زیاتر لە بارەیانەوە دەدوێین. بۆ نموونە: سەدەیەک زیاترە لەبارەی چەمکی (زمان)ەوە قسە دەکرێت. ئایا گەیشتووین بە ئەنجامێکی کۆنکرێتی؟ زانستە مرۆییەکان هەمیشە ئیشیان لەسەر ئەو دیوە ڕووکەشە کردووە، تا بتوانن هەندێ پۆلێن و دابەشکاری بکەن، بۆ ئەم کارەیش پێویستیان بە کلێشە و چوارچێوەی جۆراوجۆر بووە، تا بەرهەمی خەیاڵ (داهێنانە هونەرییەکان بەگشتی و ڕۆمان وەک نموونە)، بەر باس بدەن، بەڵام ئایا ئەوە لە دنیای ئەدەبیاتدا چەند جێی گرتووە؟ ئایا ئەم چەمک و باسانە لەناو ڕووبەری مەعریفە دانراون و دواتر گواستراونەتەوە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان؟ بە سیما و خەسڵەتی چ کات و سەردەمێک

مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو پرسـانە بکەیـن؟ ڕامـان و بیرکردنـەوە لـە چەمکـەکان لـە شـوێنێک کۆتایـی هاتـووە؟ ئـەدی چۆن دەسـت بـەو چەمـک و پێناسـانەوە بگریـن و پشـت لـە کرانـەوە و ڕوو لـە داخـران بیـن؟ ئایـا مێـژووی ڕامـان و وردبوونـەوە، لـە کار و کاردانـەوەی تـاک بەپێـی دۆخـەکان دووبـارە بووەتـەوە؟ پرسـی خوێندنـەوە باسـێکی کراوەیـە. زۆرێـک لـە فەیلەسـووفان سـەرنج و ڕامانـی خۆیـان هەبـووە. خوێنـەر بەگشـتی هەمیشـە چـەق بـووە. ئایـا پرسـی ڕەگەزپەرسـتی لـە دنیـادا کۆتایـی هاتـووە؟ ئەوەتـا بـەردەوام لـە یاریگاکانـی ئەوروپـا مامەڵـەی ڕەگەزپەرسـتانە لەگـەڵ یاریزانـە پێسـتڕەشـەکان دەکرێـت. کەواتـە ئـەو تێکسـتە ئەدەبییانـەی سـەدەیەک لەمەوبـەر لـەو بـارەوە نـووسراون، تەنیـا هیـی ئـەو سـەردەمە بـوون؟ بێگومـان نەخێـر، بۆیـە کاتـێ خوێنـەر ڕۆمـان دەخوێنێتـەوە (ڕۆمانـی هونـەری)، نابێـت ڕووی لـە زەمـەن بێـت، دەنـا ڕووبـەڕووی داخـران و بڕیـار دەبێتـەوە.

ڕۆمـان کات و شـوێنی تایبـەت بـە خـۆی لـەو دروسـتکردنەوە دەخاتـە چوارچێـوەوە، کـە ڕۆماننـووس دەیەوێـت. ئەگـەر بـە هەمـان میتـۆدی کات و شـوێنی واقیعـی لـە ڕۆمـان بڕوانیـن، ئـەوکات دەبێـت دانـی پێـدا بنێیـن، لەبـەردەم گێڕانەوەیەکـی هونەرییـدا نیـن. بـە مانایەکـی دیکـە، کاتـی نـاو تێکسـتەکان هەمـان کاتـی واقیـع نییـە. کاتێـك ڕۆمانێکـی کلاسـیك دەخوێنینـەوە، کاتی نووسـینی تێکسـتەکە جیـاوازە لـەو کاتـەی پێکهاتەکانـی نـاوەوەی تێکسـتەکەی بەیەکـەوە بەسـتووەتەوە. ئەمـە ڕەنگـە نهێنـی ئەدەبییـات بێـت، کـە سـەردەمەکان دەبڕێـت و نـەوە دوای نـەوە، ئـەو بەرهەمـە نـوێ دەبێتـەوە. گرنگـە ڕوومـان لـە چەمکـەکان بێـت، ئەوکاتـە ڕوومـان لـە تێکسـتی فرەدەنـگ و بنەڕەتێکـی کراوەیـە، زەمەنـی نووسـین ئـەو بایەخـە زۆرەی نییـە تـا بیرکردنەوەمانـی پـێ لـە قاڵـب بدەیـن، بەڵکـوو ئـەوە گرنگـە ئێمـە خۆمـان لەنـاو کات و ڕووبەرێکـی کـراوەدا ببینینـەوە و خەیاڵـمان بـە جووڵـە بکەوێـت و ناکۆتـا ئاڕاسـتە ببینیـن. ئێسـتایش بـەردەوام بەرهەمـی (مارسـێل پرۆسـت، سـێرڤانتس، تۆمـاس مان)دەخوێنرێنـەوە و شـتی نوێیـان لـە بـارەوە دەگوتـرێ. هـۆکار ئەوەیـە وەک ئـەوەی (دێریـدا) باسـی دەکات، خاڵێکـمان نییـە بـە نـاوی دواخوێندنـەوە، بەڵکـوو هەمیشـە دوای هـەر خوێندنەوەیـەک و تێگەیشـتنێک خوێندنـەوەی دیکـە مـاوە. ئێمـە دەزانیـن کۆمەڵـێ پـرس

و باس هەن، لە کات و زەمەنێکی دیاریکراودا دەردەکەون و دەبنە جێی باس و توێژینەوە، دیاردەکان زووتر لەگەڵ خوێنەردا ئاوێتە دەبن، چونکی سەر بە هەمان زەمەنن. بۆ نموونە: ئەدەبیاتی ساڵانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، خەسڵەت و تایبەتمەندییان جیاواز بوو لە ئەدەبیاتی هەشتاکانی ئەوروپا و ئەمەریکا، بەڵام هێشتا مانای ئەوە نییە وەک ڕووبەرێکی داخراو بڕیاریان لەبارەوە بدەین، چونکە هەر ئەو چەمک و پرس و باسانە بە کراوەیی دەمێننەوە و دەبنە ڕابردوو، بەڵام دیاردەکان بە فۆڕم و شێوازی دیکە دووبارە دەبنەوە، بۆیە دەکەوێتە سەر قۆناغی هۆشیاریی ئێمە. ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی مۆدێرن، هیچیان ڕوویان لە ڕووبەری داخراو نییە، بۆیە دەبێت جارێکی دی جەخت لە بایەخ و ئاستی هۆشیاری و ویست و مەرامی خوێنەر بکەینەوە. پۆلێنی تێکستەکان بەپێی زەمەن کارێکە، پێوەندیی بە ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە هەیە. ڕاستییەکەی ئێمە لەناو ئەو گەنگەشە ئەدەبییەدا، مێژوویەکی درێژمان نییە، بۆیە زۆرجار خۆمان بە سەرلێشێواو و نامۆ دێتە بەرچاو و نازانین کام ڕێگە هەڵبژێرین. ئەمەیش وامان لێ دەکات پەنا بۆ ئەو دابەشکارییە ببەین، بەڵام بێگومان کاتێ لە کۆی ڕێگەکان ڕادەمێنین، بۆچوونمان دەگۆڕێت و تێدەگەین؛ بێژمار ڕێگە و ئاڕاستە هەن. بۆ ئەوەیش پێویستە خۆمان لە چەقبەستوویی و سەرسامی دەرباز بکەین، ئینجا دەتوانین ئەو ڕێگە و ئاڕاستانە بە ئاسۆی بیرکردنەوەمان ببەستینەوە. لە دۆخی ئاساییدا، خوێنەر لەناو تێکستدا لەبەردەم ڕووبەرێکی نەزانراودایە. شەڕی هەندێ نووسەری پۆپیولیست ئەوەیە: وا پێشانی خوێنەر بدەن، یان هەوڵ و کۆشانیان بۆ ئەوە بێت خوێنەر لەو ڕووبەرە نەزانراوە دابڕێت و بیخاتە بەردەم مەعریفەی سەر ڕەفە و ڕووبەرێکی زانراوەوە، شتێک بڵێ و بنووسێ، کە هەمان ئاستی جووڵە ڕۆژانەییەکانمان بێت، هەوڵ دەدات بە (Bold) ئەو ڕێگەیە بخاتە بەر چاوی خوێنەر و ڕاستەوخۆ ماناکەی پێ بگات و خوێنەر دوای خۆی بخات. ئەمە کارێکی زەحمەت و تاقانە نییە، چونکە هۆشیاربوونەوەی تاک، پرۆسێسێکی کۆنکرێتی نییە. کاری ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نییە. ئەمە پێوەندیدارە بە مێژووی فکری ئێمە. لەم شێوە مامەڵەیەدا ئەوانە پێی شاگەشکە دەبن کە لە ڕامان و بیرکردنەوەدا خۆیان بە ئەوانی دی هەڵواسیوە و چێژ لە ئاکتی ناو ئەو

ڕووبەڕە زانراوە وەردەگرن. داهاتوو دەریدەخات چەند دەتوانن بەردەوام بن. چەند لە یاد و یادەوەریی خوێنەراندا بمێننەوە. ئەو هەناسەیە درێژە ناکێشێت، چونکە هۆشیاریی تاک، لە ماوەیەکی کورت یان درێژدا دەکرێ بگۆڕێت. بەمەیش ئەو بنەڕەتە بۆ نووسەری جەماوەری و پۆپیولیست هەڵدەوەشێتەوە. پرسی (بەئاگاهاتنەوەی خوێنەر) بابەتێکی ئاڵۆزە، چونکە وەک چەق و کارتێکراو، دەکرێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا بکەوێتە ژێر ئەو هەژموونە دەرەکییەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەڵدەگەڕێتەوە و ئیدی ئاسان خەفە و دەستەمۆ نابێت. مرۆڤ وایە حەز بە سەرکێشی ناکات و زۆرجار دەبێتە پاسەوانی یەقین و باوەڕەکانی. پێش هەر شتێ دەبێت ئەو مەیل و ئازایەتی و سەرکێشییە لەناو تاکدا دروست ببن، ئینجا دەتوانێت هەنگاوی دواتر بنێت. کۆی پرسەکە دەکەوێتە سەر ویست و بنەڕەتێک بۆ گۆڕان و جووڵە. هەرکات ئەو ویستە دروست بوو، لە ڕێگەی مێژووی فکرەوە، مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم ڕووبەرێکی کراوە و بێژمار ڕێگە و ئاڕاستە، ئەمەیش وا دەکات ئیدی نەک تەنیا ئاڕاستەی خوێندنەوە و جۆری خوێندنەوەی بگۆڕێت، بەڵکوو ئەو تاکە ڕامان و بیرکردنەوەی بەرانبەر سەرتاپای ژیان دەگۆڕێت و بە جۆرێکی دیکە، لە خۆی و دەروروبەری دەڕوانێت و مامەڵە دەکات.

**بابانی شەن:** ئێستا خوێنەر چۆن پێشوازی لە ژانری ڕۆمان دەکات، لەچاو ژانرەکانی تردا؟ بەو پێیەی کە چاپخانەکان دەرگەیان بۆ ڕۆمان کراوەیە، لێ بۆ شیعر نا. مانای وایە: ڕۆمان خوێنەری زۆرە؟

**ئارام محەمەد:** شیعر مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. هەمیشە گرنگ بووە. بە درێژایی مێژوو شیعر کۆڵەگەی سەرەکیی ئەدەبیات بووە. بایەخ و گرنگی شیعر پەیوەستە بە مێژووی زمانەوە، وەك ئەوەی (لۆرانس پیرین) لە کتێبی (شیعر چییە؟) کۆنیی شیعر و زمان بەیەکەوە گرێ دەدات. من ناتوانم بەو تێگەیشتنە ڕووکەشەی بازاڕی ئێستا لە بایەخی شیعر کەم بکەمەوە. زمان، بۆ ئەدەبیات بنەڕەتە. سنوورەکان لەو بنەڕەتەوە تێکەڵن. دواجار دەکرێ بڵێین: لەبەردەم دوو فۆڕمی جیاوازین. دەکرێت جیا لەم چوارچێوەبەندییە، بۆ ئەوەی ڕوونتر لەبارەی پرسی خوێنەر و ڕۆمان قسە بکەین، دەبێت

لە بایەخی ڕۆمان تێبگەین. ڕۆمان خۆی هونەرێکی نوێ و تایبەت و بەرزە. کارێکە جیاوازە لە گێڕانەوە فۆلکلۆری و میللییەکان. ڕۆمان هەقایەت و سەربردە و یاداشت و مێژوو نییە. ڕۆمان مامەڵەیە لەگەڵ فکردا. دەکرێ بڵێین: هەر ڕۆمانێک پرۆژەیەکی فکرییە. پرۆژەکە تێکشکاندن و دروستکردنەوەی واقیعە، بە شێوەیەکی جیاواز. هەڵبەت بە ئیش کردنێکی هونەرییانە و قووڵبوونەوە لە زمان و ئێستاتیکا. ئێمە لە هەر گۆشەنیگایەکەوە لە جەوهەری ڕۆمان وردبینەوە، ناچارین وەک کار و پرۆژەیەکی داهێنەرانە لێی بڕوانین، چونکە تێکەڵ بە ڕووبەرێک دەبین، کە ڕۆژێک بە خەیاڵیش وێنامان نەکردووە. بەو هۆیەیشەوە ڕوانینی ئێمە (خوێنەر) بۆ چەمکی دنیا و ژیان دەکەوێتە ژێر گومان و گۆڕانکارییەوە. هەڵبەت لای کەسێکی وەک (ئەلبێر کامۆ)ی ڕۆماننووس هاوشێوەی فەیلەسووف لەناو پرۆسێسی بیرکردنەوە و ڕاماندایە. لێرەوە تێدەگەین: ڕۆمان ئەو گێڕانەوە میللییە نییە، کە هێندێک لە نووسەران تێگەیشتوون و ڕووداوە ڕۆژانەییەکان و واقیعییەکان وەک خۆی دەنووسنەوە. جا ئەگەر ئەوە پرۆسەی ڕۆماننووسین بێت، چ خوێندەوارێک هەیە نەتوانێت ئەوە بکات؟ نامەوێت قسەکە وا لێک بدرێتەوە کە دژ بەم جۆرە نووسین و گێڕانەوە میللی و ڕۆژانەییانەم. نەخێر، پتر مەبەستمە ئەوەی لەبارەیەوە دەدوێم، جیا بکرێتەوە.

ڕاشکاوانە دەبێت لەم بارەوە قسە بکەین. ژانری ڕۆمان بۆ ئێمە زۆر تازەیە. تۆ بڕوانە ئەگەر دەستپێکی ڕۆمان لە ئەورووپا بە (دۆن کیشۆت)ی ڕۆماننووسی ئیسپانی (سێرڤانتس) دەست پێ بکات، کە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٦٠٥ بڵاو کراوەتەوە، ئەوا دوای زیاتر لە سێ سەدە ئینجا هەندێک هەوڵ لەناو ئەدەبی کوردیدا دەبینرێن لە فۆرمی ئەدەبی گێڕانەوەدا، وەک نۆڤلێتی (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)، (شڤانی کرمانجی)ی (عەرەبی شەمۆ) دواتریش ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی). کاتێ بیر لەو مێژووە دەکەینەوە، تێدەگەین ئەو جووڵە و بەریەککەوتن و شاگەشکەبوونەمان بەرانبەر بە ژانری ڕۆمان، پێوەندیی بەم بنەڕەتەوە هەیە. بە بەراورد بە ڕۆمان، شیعر ئەو نامۆبوونە زۆرەی نییە. هەروەها ڕوون دیارە ئەگەر مێژووی شیعری کوردی لە (بابا

تاهیـــری هەمەدانـــی(٩٣٥-١٠١٠) یـــەوە ئەژمـــاری بکەیـــن، مێژوویەکـــی زۆر درێژمـــان لەگـــەڵ شـــیعر هەیـــە، بۆیـــە بـــۆ ئێســـتای ئێمـــە دەکـــرێ بڵێیـــن: ســـەرەتای جووڵـــە و ڕووبەڕووبوونەوەمانـــە لەگـــەڵ ژانـــری ڕۆمـــان. هەمـــوو جووڵەیەکـــی نـــوێ تـــا قاڵـــب و فـــۆڕم وەردەگـــرێ، چەنـــدان ژان و ئێـــش دەگـــرێ. وەک چـــۆن گوتمـــان لای ئێمـــە ڕۆمـــان لـــە قۆناغێکـــی ســـەرەتایی دایـــە، هەڵبـــەت ئـــەوە پڕۆسەســـێکی دابـــڕاو نییـــە، لـــە خوێنـــەری ڕۆمـــان. بێگومـــان بـــە هـــۆی جووڵـــەی بـــەردەوام بڵاوبوونـــەوەی ڕۆمانـــی زیاتـــر، هۆشـــیاری و ئاســـتی خوێنەریـــش گـــۆڕانـــی بەســـەردا دێـــت. لێـــرەوە دەکـــرێ بڵێـــن: پرســـی هەڵبـــەز و دابـــەزی خوێنـــەری وابەســـتە بـــە ڕۆمـــان، پێوەنـــدی بـــە هۆشـــیاری تاکە(خوێنـــەر)ەوە هەیـــە. هەروەهـــا زۆری و کەمیـــی خوێنـــەر بـــۆ ژانرێـــک شـــتێکی کۆنکرێتـــی و چەســـپاو نییـــە. ئـــەم دابەشـــکاری و داتایانـــە هەوڵـــن، بـــۆ بڕیـــاردان، کـــە لـــە بنەڕەتـــەوە ئـــەدەب دژ بـــەم تێگەیشـــتن و کارانەیـــە. ڕۆمانـــە هـــەرە درەوشـــاوەکانی دنیـــا لـــە کاتـــی خۆیانـــدا خوێنەریـــان زۆر ســـنووردار بـــووە. لێـــرەدا مەبەســـتمە بڵێـــم: خوێنـــەری شـــیعر، یـــان ڕۆمـــان ناولێنانێکـــی دروســـت نییـــە. گرنگـــە لەبـــارەی ئـــەو جووڵـــە و بیرکردنەوەیـــە بدوێـــن کـــە دوای خوێندنـــەوەی تێکســـتە ئەدەبییـــەکان دروســـت دەبێـــت.

پرســی چاپخانــە و جــۆری چــاپ، بابەتێکــە پێوەنــدی بــە بــازاڕەوە هەیــە. هەڵبــەت ڕۆڵــی شارســتانییەت و مێــژوو بــە کــەم ســەیر ناکەیــن. ئێمــە دەزانیــن وەک چــۆن لــە بابەتــی خوێندنــەوە و نووســین مێژوویەکــی درێژمــان نییــە، بــە هەمــان شــێوەیش، لــە بــواری چــاپ و بڵاوکردنەوەشــدا زۆر ســەرەتایین. مێــژووی چــاپ و بڵاوکردنــەوەی ئێمــە هێشــتا ئــەو قاڵبــەی وەرنەگرتــووە تــا دروســت مامەڵــە لەگــەڵ ناوەڕۆکــدا بــکات و لــە چوارچێــوەی کۆمەڵێــک پرەنسیپ و بنەمــای تۆکمــە، کار بــکات و بــەرەو پێشــەوە بچێــت. ڕاســتە پرســی چــاپ و بڵاوکردنــەوە بــە قووڵــی لــە بازنــەی بازاڕدایــە، بــەڵام بەشێکیشــە لــە پــڕۆژەی بەرەوپێشــچوون و گــۆڕانــکاری لــە فەرهەنــگ و کەلتــووری ئێمــەدا. ئــەوەی گرنگــە بــۆ ڕامــان و بیرکردنــەوە، هەوڵــدان و ئێشــکردنە لــە ڕووبــەرە نەزانراوەکانــدا، چونکــە بــەم ڕێگەیــە دەتوانیــن جووڵــەی تێکســت و خوێنــەر لــە بــازاڕە میللییەکــە دابڕیــن و ئارگومێنتــی زینــدوو بەرهــەم بهێنــن.

**بابانی شەن:** ڕۆماننووسانی کورد چەند ئاگاداری ڕۆمانی هاوچەرخن؟ زۆرتر بایەخ بە چ جۆرە ڕۆمانێک دەدەیت؟ ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە دوای ساڵانی دووهەزارەوە ڕوویانداوە، ڕۆماننووسانی کورد چەند و چۆن کاریان لەسەر ئەو ڕووداوانە لەناو ڕۆمانەکانیاندا کردووە؟

**ئارام محەمەد:** بۆ ئەوەی لەو پرسیارە تێبگەین، دەبێ بپرسین: مەبەست لە ڕۆمانی هاوچەرخ چییە؟ خەسڵەتەکانی چین؟ ئێمە دەبێت چاوێک لە مێژووی ڕۆمانی کلاسیک و مۆدێرن و پۆستمۆدێرن بکەین، ئینجا بە تێگەیشتن لەو مێژووە، سەرنج لەو تایپە ڕۆمانانە بدەین، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە. ئەوەی ئەمڕۆ وەک ڕۆمانی هەوچەرخ دەیبینین، ڕەنگە پاش چەندان ساڵی دیکە ناوێکی دیکەی لێ بنێن. بە مانایەکی دی، ئەو ڕۆمانانەی پێش نیو سەدە بڵاوکراونەتەوە، بۆ کاتی خۆی هاوچەرخ بوون، ئەدی ئێستا؟ دواتر لەم پرسیارەیش دەبێت بگەڕێنەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو دابڕانەی ئێمە لە ڕۆمان و ئەو دەستپێکەی لە ڕۆمانی کوردیدا هەمانە. هەڵبەت ئاگاداربوون و خوێندنەوەی ئەدەبییات، پرس و باسی نووسین بەگشتی هاوکێشەیەکی ماتماتیکی نییە، بەڵام لانی کەم بۆ هەر شرۆڤە و قسەکردنێک دەبێت پێشتر لەبارەی مێژووی فکر و گۆڕانکارییەکان، ئاگادار بین، چونکە فۆڕم و گوتاری هاوچەرخی ڕۆمان دابڕاو نییە، یان لە دەرەوەی مێژووی فکر نییە، بۆیە کاتێ ئەدەبیاتی هاوچەرخ دەخوێنینەوە، ئەگەرچی هەندێک لە پرس و باسەکان ڕۆژانەیین و ڕووکەشن و زۆرتر لە بازنەی چێژدا دەخولێنەوە (هەڵبەت لێرە مەبەستم لە چێژی مەعریفە نییە)، بەڵام هەست بە ئاگاداربوون و هۆشیارییەکی قووڵ لەو باکگراوندە دەکرێت. پرسیارەکە ئاوایە: ئایا لای ئێمە ئەو هۆشیارییە لای ڕۆماننووس هەیە؟

ئێمە لەبەردەم مێژوویەکی دوورودرێژ داین، جا بۆیە ئاساییە لای ئێمە ڕۆمانی قۆناغی کلاسیک و مۆدێرن، زۆرتر جێی بایەخن، لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرن و بەشێک لە ڕۆمانی هاوچەرخ بەگشتی. ئەمە هەم بۆ خوێنەر ڕاستە، هەم بۆ ڕۆماننووسان، چونکو بە ڕاستی کارێکی نامۆیە ئەگەر باز بدرێ بەسەر ئەو مێژووەدا.



# بەشدار سامی

## شاعیر و فۆتۆگرافەر

شاعیر و فۆتۆگرافەر بەشدار سامی دوای چەند ساڵێک تووشبوونی بە نەخۆشی، لە ڕۆژی دووشەممەی ٢٩-١٢-٢٠٢٥، لەشاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

بەشدار لە ساڵی ١٩٨٤ لە شارۆچکەی مەخموور لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٩وە لە هەولێر دەژی، لە ساڵی ٢٠٠٦وە دەستی بەنووسینی شیعر کردووە، ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی نەورۆز بۆ شیعری لاوان-ی لە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی لاوی ساڵی لە وەزارەتی ڕۆشنبیر و لاوان بۆ شیعر وەرگرتووە کە خەڵاتێکی سالانە بوو سەرۆکی حکومەت دەیبەخشی.

بەشدار توانیویەتی چەند جارێک لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی گەلاوێژ خەڵاتی یەکەم بۆ شیعر بە د ە ستبهێنێت .

لە ساڵی ٢٠١٣ سەرقاڵی فۆتۆ ئیرۆتیک دەبێت و چەندین پێشانگەی تایبەت لە هەولێر بۆ کارەکانی دەکاتەوە و لەو بوارە بەردەوامە.

بەشدار چەند بەرهەمێکی شیعریی بەناوەکانی (سبەی ڕۆژێکی دیکەیە، ئێوارە سەرابییەکان، ڕۆیشتن بە ئاراستەی مردووە بەڕێزەکان، گەردەن زەردێ و لە گوڵ دەترسم) چاپکردووە.

بە ناوی گۆڤاری دنیای ئەدەب-ەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و لە هاوڕێیانی و لە ماڵباتی کاکە بەشدار دەکەین و هیواداریـن ڕۆحی پاکی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

# سەرمای سەر شۆستەکان

نیوەشەو بوو
سەرما بوو
خانووەکان تەڕ، شۆستەکان سارد
ئێسکم لە نێو گۆشتمدا دەلەرزی و
دڵ تەنگ و
ماندوو و بریندار بووم بەڵام
بیرکردنەوە لە جلەکانت
کە هەندێك جار تەڕ
هەندێك جار سارد بوون
لە دەرەوە هێشتبوومییەوە.

شوێن، سارد بوو
شوێن.

ئاسمانی شەو
بێ ئەستێرەکان عەبای ژنەکانی
خەلیج بوو
شار تەڕ بوو
پاسەکان، کۆڵانەکان، باڵەخانەکان،
تەنانەت مەرگ
تاریك بوون...
دەنگی سەگ لە دوورەوە
دەبیسترا و
من، لەسەر شۆستەکاندا
بێ ملپێچ، بێ کڵاو، بێ دەستکێش،
دەلەرزیم و
بەدوای تروسکاییی پەیڤی تۆدا
دەگەڕام.

پۆلیسەکان، لە ترسی سەرما، پۆلیس
نەبوون
پۆلیسەکان.

من، ناتوانم قسەکانم هەڵگرم،
نهێنیی پارێز نەبووم، هەرگیز
سەرما، گەیشتبووە نەخۆشخانەکان
گەیشتبووە مزگەوتەکان
گەیشتبووە نێو پاسەکان
نێو بوخچەکان...
مەرج نییە هەر یەکەمان بوخچەی
مرۆڤێکی دی نەبین و
سەرما، لە خەیاڵی خۆشەویستێکی
خەوتوودا
نەیکردبین بە سەهۆڵ.

سەرما گەیشتبووە نێو فڕۆکەکان
سەرما.

کــە بەفــر دەبارێــت، کــە ســەرما بــوو
و کــە هیــچ مرۆڤێــك لــە تەنیشــتەوە
نەبــوو گــەرمــی بکەیتــەوە و پێــی
بڵێیــت: مــن پارێــزەری پێســتی تــۆم،
لــە تەزیــن، لــە ڕەقبوونــەوە، دەبێــت
دانبنێــی کــە ســەختتر لــە ژیانــی
دەربــەدەری، دەژیــت.

ئــازارم هێنــدە پەرتــن، نەختێــك دەبــوو
گێســك بــام
نەختێك.

هێندە زستان بووم
ڕۆیشتنم بەسەر شۆستەکاندا
جادەکانی دەکرد بە سەهۆڵ و
وەك ئەو سەرخۆشانەی لە بێ ماڵییدا
لەســەر جــادە ســاردەکاندا دەمــردن،
نەمــردم، بــەڵام
لە تاو دووریت
یەك بە نێو جۆگەڵەکاندا دەڕشامەوە.

زستان، لە پێستی مندا، زستان بوو
زستان.

باڵەخانــەکان، لــە نێــو سەرماشــدا هــەر
باڵەخانــە بــوون
ماڵــەکان، لــە نێــو تاریکیشــدا هــەر مــاڵ
بــوون
کۆڵانەکان هەر کۆڵان بوون
بەڵام
من، بریندار بووم.

لــە نێــو ســەرما و شــەو و تــرس و
یادەوەرییــدا
برسی بوومە و
وەك پشیلەی نێو کۆڵانەکان
خواردنــم لــە نێــو تەنەکــەی
بەردەرکــەی ماڵــەکان دەرهێنــاوە و
لەسەر ڕەسیفەکاندا
دانیشتوومە و برینم ژماردووە.

نــووسراوی ســەر دیــوارەکان، تۆمــاری
ئــەو مرۆڤانــەن
کە بەر لە من بریندار بوون
بەر لە من زستان تەری کردوون
بەر لە من گریاون و
بــەر لــە مــن تەڕاییــی ســەر زمانیــان
تــاڵ بــووە و
تفیان لە بەختی خۆیان کردوە.

ســەرما بێــت ناخۆشــە، تــەڕ بیــت
ناخۆشــە
بلەرزیت، زۆر ناخۆشە
من، بە شەوە سارد و
ترسناك بــە دەنگــی ئــەو شــتانەی کــە بــا
دەیــان دەیانجولێنێت
تێپەڕیوم و
بە جلی تەڕ
لە ژێر هەورەتریشقەکاندا
بیــرم لــە گــەرم کردنــەوەی پشــتەملت
کردۆتــەوە.

قەت، تۆم لەبیر نەکردوە
قەت.

جۆگەکان تاریک بوون، بەستەڵەك بوون
سەرما مرۆڤی دەخستە بیری ئاگر
بەڵام من،
لەسەر جادەی تەڕ
بێ چەتر، بێ مۆسیقا، بێ گیرفان بێ تەکییە
بە تەنیا، ترساو و بریندار، بەژێر باراندا دەڕۆیشتم و
لەتاو ئەو ترسانەی لە تەواوی کوونەکانی جەستەمەوە دەهاتنە ناومەوە
ناوی پێغەمبەرەکانم دەژماردن.

فەوتان، ئەوانەی بە تەنیا مانەوە
.فەوتان

بۆ ئەوەی گەرم ببمەوە، دەترسام
بۆ ئەوەی نەترسم، گۆرانیم دەگوت
بۆ ئەوەی گۆرانی نەڵێم، بێ دەنگ دەترسام.

ئەو شەوانەی هەر مرۆڤە و
لە باوەشی مرۆڤی خۆیدا
خەوتبوو
من، برینی خۆمم خستبووە سەر شانم و

بە پەنا دیواری ئەو ماڵانەدا دەڕۆیشتم
که تاریکی داپۆشیبوون
دەڕۆیشتم و
ناوتم لەبیر بوو، کە دەگریام.

هێندە تاریك بوو، لەپێ دەستمم نەدەبینی
هێندە تاریك بوو.

پێم کە لەسەر بەردەکان دەخزا
بیرم لە بەیتارەکان
لە گێچ و لە شکان و لە لەسەر جێ کەوتن، دەکردەوە.

شەو، لەسەر پێستی مندا شەو بوو
شەو.

بە بەردەمی سەدان خانوودا
سەدان درەختدا
سەدان شوێنپێی تۆدا کە تاریکی داپۆشیبوون
دەڕۆیشتم و
ناوتم لەبیر بوو کە لە دەنگی پێی خۆم دەترسام و
ڕامدەکرد

# گەردەن زەردێ

له(باڵەخانەی پانزەنهۆمی، تابقی یانزە، قاوشی نەشتەرگەریی شێرپەنجە، ژووری ژمارە سێزدە.)

سەعات، نزیک یەکی شەو بوو/ شەقامەکانی سلێمانی وەک بەندەرەکانی هێلسنکی/ لە بێدەنگیدا، تەرم بوون/ ئەودیو پەنجەرە تەڕ بوو/ بەفریش شاخە دوورەکانی سپی کردبوو/ منیش لێرە خەریک بووم ژانی چەپی سینگم بۆ گەردەن زەردێ لە خستنە ڕستە دەشاردەوە/ من ترسابووم بەڵام تا لە برینم بریندار نەبێت زارم تەنیا لە خۆشم دەوێیدا دەکردەوە/ سەبارەت بە باوکم و خووە سەیرەکانی پەرەگرافێکم بۆی نووسی/ پاشان/ ژانم تا هێور بێت/ دەنگی مۆسیقاکەم بەرز کردەوە و پەردەم لا دا و هەر ڕێبوارێک لە خوارەوە تێپەڕیبا من لە سەرەوە خەمبار دەبووم/ باڵکۆن تاریک بوو/ درەخت تەڕ بوو/

شار سارد بوو/ من غەریب بووم/ بەڵام/ چونکە خۆشم دەویست بە پێوە بووم/

ترسام هێندە ژان بم بیرم بچێتەوە بانگی بکەم/ ترسام لێم خۆش نەبێت/ ئەگەر بمرم/ ترسام چونکە ترس تاریکی کردبووم./

لە یادی کەزی و چاو و بڕۆی گەردەن زەردێ بترازێ/ هیچ بیرەوەرییەکم نەبوو زمانمی پێ تەڕ بکەم/

چەندی گاز دەکەم و گاز دەکەم/ دەڵێم خۆزیا بە خۆزیداران/ ئەمن کوڕیژگەیەک بام لە ئەوەل فەسڵی بەهارێ/ شین ببام لەسەر قەراتی پیرە هەولێرێ/ هەموو دانی بەیانیان بەری خۆم دابا هەردوو دەرکەی سەرایێ/ وەختی کیژان دەچنەوە مارێ ئەمنیش لە دوورەوە لە گەردەن زەردێ تێڕابمێنم و بناڵم/

ئـــاااای! هـــاوار و ئـــۆف در بـــە خەمـــم!/

ســـەبارەت بـــە زۆر شـــت مـــن خەمبـــار بـــووم./

هاوڕێیەکـــم هەیـــە/ نیوەشـــەوان بـــە شـــەقامە ســـاردەکانی هێلســـنکیدا دەســـووڕێتەوە/ مـــن لـــە خەمـــی ئـــەودا لێـــرەوە ســـەرمامە/ شـــەوێک یـــەک-دوو بیـــرەی خواردبـــووەوە هێنـــدە مەســـت بـــوو/ ســـەبارەت بـــەو ســـاڵەی دڵیـــان شـــکاند قســـەی بـــۆ دەکـــردم/ تـــرس لێـــی گـــەڕێ خـــۆی دەخاتـــە دەریـــاوە/ بـــە بیانـــووی پیاســـەی شـــەوان دوور دەڕوات و کـــەس نازانێـــک لـــە پەنـــا چ دیوارێکـــی بەختـــڕەش دەگـــری/ کـــە نائومێدیـش دەبێـت کـە هیـچ پەنایـەک نادۆزێتـەوە بانگـم دەکات/ منیـش زۆر جـار لێـرەوە لەگەڵـی گریـاوم/ ئێسـتا ئەگـەر بمـرم/

ئەویـــش بانگـــم بـــکات کـــێ هەواڵەکـــەی پـــێ دەدات!/

”ئـــەوەڵ ســـەحەرە ئەمـــن ژانـــم بـــڵاو دەبێتـــەوە“/

کافتریـاکان داخراون/ چـرای باڕەکان کوژاونەتـەوە/ سەرخۆشـەکانیش، ئەوانـەی ماڵـەوە نادۆزنـەوە دەرناکـەون/

هەمـــوو شـــوێنێک تاریکـــە/ هەمـــوو ســـووچێک ســـاردە/ تەماشـــای شـــاخە دوورەکان دەکـــەم و ئـــاخ بـــۆ کێشـــانی جگەرەیـــەک هەڵدەکێشـــم و بیـــر لـــە دەســـتەکانی گـــەردەن زەردێ دەکەمـــەوە/ پاشـــان/ بـــۆ قـــژی کـــە بەیانییـــەک لەســـەر شـــانم بەجـێ مـا/ هەنگاوێـک قاچەکانم دەکشـێنمەوە و دەدەمـە پڕمـەی گریـان/

ئـــاااای گـــەردەن زەردێ، گـــەردەن زەردێ!/

ئاواتـــم خواســـت لـــە گوندێکـــی دوور/ کـــە نـــاوی هیـــچ نووســـەرێک دیـــار نەبێـت/ هیـچ پاسـێک بەوێـدا تێنەپەڕێـــت/ شـــەقامی نەبێـــت/ ئاســـمان ڕوون بێـــت/ مـــەل بفـــڕن/ دوو مریشـــک و کەڵەشـــێرێک و کەروێشـــکێکمان هەبـــن/ بەڵێنـــم پێـــی دا چـای بـۆ بخەمـە سـەر ئاگـری دار و نەهێڵـم دڵتەنـگ بێـت/ بـەڵام ئێسـتا مـــن ژانـــم و دوو ســـانتیم ســـەرووتری دڵـــم شـــەقە/ ئـــەم دیمەنـــەش/ ئـــازاری دەدات/

# پرسەنامەیەک لە ناوەندی ‹‹پێنی کورد››ـەوە بۆ کۆچی ناوەختی شاعیر و فۆتۆگرافەر (بەشدار سامی)

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ئەمڕۆ لە شاری هەولێر، هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر و فۆتۆگرافەری داهێنەر (بەشدار سامی) ئەندامی (پێنی کورد)مان پێ گەیشت، کە لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا و دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشی، ماڵئاوایی یەکجاری لێ کردین.

(بەشدار سامی) تەنیا ناوێک نەبوو لە دنیای ئەدەب و هونەردا، بەڵکو وزەیەکی گەنجانە و دیدگایەکی جیاواز بوو. ئەو کوڕەی مەخموور کە لە ساڵی ١٩٨٤ چاوی بە ژیان هەڵێنابوو، زوو تێکەڵ بە دنیای وشە و وێنە بوو. لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی هونەر و ئەدەبدا درەوشایەوە.

بەشدار، بە چاوێک سەیری دنیای دەکرد و بە پێنوسێک وێنەی دەکێشا؛ ئەو پێشەنگ بوو لە بوێریدا، کاتێک لە ساڵی ٢٠١٣ یەکەمین پێشانگەی تایبەتی فۆتۆی ئیرۆتیکی کردەوە و دەروازەیەکی نوێی لە هونەری فۆتۆگرافیدا کردەوە. لە دنیای شیعریشدا، خاوەنی خەیاڵێکی ورد بوو، هەر لە «ئێوارە سەرابییەکان»ـەوە تا دەگاتە «سبەی ڕۆژێکی دیکەیە»، خاوەنی دەنگ و سەدای تایبەت بە خۆی بوو.

جێگای داخە، ئەو شاعیرەی کە ساڵی ٢٠١٤ دیوانی «ڕۆیشتن بە ئاراستەی مردووە بەڕێزەکان»ی بڵاوکردەوە، ئەمڕۆ خۆی بەو ئاراستەیە هەنگاوی نا و چووە ڕیزی ئەو مردووە بەڕێزانەی کە هەرگیز لە یادەوەریماندا نامرن. ئەو بە بەدەستهێنانی دوو خەڵاتی یەکەمی ڤێستیڤاڵی گەلاوێژ و خەڵاتەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و یەکێتی نووسەران، سەلماندی کە قەڵەمەکەی جێگای ئومێد و شانازییە.

ئێمە وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەریی (ناوەندی پێنی کورد)، ئەم کۆچە ناوەختە بە خەسارەتێکی گەورە بۆ ناوەندی ئەدەبی و هونەریی کوردی دەزانین. پرسە و سەرەخۆشیی قووڵی خۆمان ئاراستەی هاوسەر و کچە ئازیزەکەی، بنەماڵە و کەسوکاری و سەرجەم نووسەران و هونەرمەندان دەکەین.

بەشدار سامی ئەندامی ناوەندی (پێنی کورد)ی نێونەتەوەیی بە جەستە جێی هێشتین، بەڵام لە ڕێگەی وشەکان و فۆتۆکانییەوە، لەلای ئێمە هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ناوەندی پێنی کورد
٢٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥

# ڕوونکردنەوە

لە ژمارە یەکی گۆڤاری  دنیای ئەدەب
چەنـد هەڵەیەکـی هونـەری ڕوویدابـوو ، وەک جێگۆڕکێـی وێنـەی نووسـەران و هەروەهـا  ناونیشـانی هەنـدێ بابـەت، کـە بەداخـەوە لەسـەر دەسـتەی نووسـەرانی ژمـارەی پێشـوو تێپەڕیبـوو، بۆیـە ئێمـە بـە نـاوی سـتافی نوێـی گۆڤارەکـە داوای لێبـووردن لـەو نووسـەرە بەڕێزانـە دەکەیـن، هیواداریـن لـە ئێسـتاو داهاتـووی گۆڤارەکـەدا، هەڵـەی هونـەری ئـاوا دووپاتـە نەبێتـەوە.

دنیای ئەدەب